# نما

ئازادی بیر

لێکۆڵینەوە

عەقڵانیەت

52 گۆڤـارێکی فیکریی‌و ئەدەبیی وەرزییە لە هەولـێر دەردەچێت

خاوەنی ئیمتیاز: ئیسماعیل کوردە

سەرنووسەر: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

دەستەی نوسەران

جەمال پیرە مەسعود بابایی

بەرپرسی کارگێڕی‌و دابەشکردن: ئومێد شێرکۆ مەجروم

هاوینی ٢٠٢١

ناونیشانی گۆڤار: کوردستان-هەولێر

Tel: 0750 4481577. 07504786489

## لەم ژمارەیەدا

*کلاورۆژنە.... ئایا سەدەی بیستو یەك، سەدەی رزگاربوونی کورد دەبێت؟....٣

### نمای فیکرو فەلسەفە

*دیسپلینو تەنگژەباری..................................شێرزاد حەسەن.........٦

*خوێندنەوەی ئەندیشەو بەرهەمەکانی جەواد تەباتەبایی..د.ئیسماعیل مەحمودی...١١

* رۆمی، رابردوو و ئێستا، خۆرهەلاتو خۆرئاوا.....و: ئاوات ئەحمەد سولتان.....٣٢

*دیاردەناسیو هێرمێنۆتیك...پۆل ریکۆر............و: مەسعود بابایی............٥٢

*شوناسی کراوە، گفتوگۆ لەگەل ئەمین مەعلوف.........و: جەمال پیرە...........٧٥

### دۆسیەی ژمارە: دەربارەی گایست، هۆش یان روح

* لە بارەی چەمکی گایست لەلای هێگل..........رێبین رەسول ئیسماعیل...... ٨٧

*چەند سەرنجێك دەربارەی چەمکی گایست.......ئیسماعیل حەمەئەمین.........١٠٣

*کێشەی توێژینەوەی فەلسەفەیی...................د.کاوە جەلال..............١٣٦

### نمای ئەدەبی- نسێی نما

* شەپۆلی روماننووسی، جیهانێك بەبێ خوێندنەوە.....ن: سمکو محەمەد.........١٥٠

*ئەزموونی تازەگەری، خوێندنەوەی "ئەزموون"ەکانی دلشاد عەبدوللا

لە روانگەی ستراکچرالێزمەوە"............................ن: چنور فەتحی..........١٦٦

*قەندیل.........................................د.ئەحمەدی مەلا........١٨٧

*گابرییێل ئۆکارا.....................................ئا: جەمال پیرە..........١٩٦

* مانگی شوومی من "حوزەیران".................... نیگار رەشید.........٢٠٠

*کچانی دووکەلو ئاگر بوونە هاورێم.....................کنێر عەبدوللا.........٢٠٢

*پانۆرامای ژانی گەلێك.................................مەجید هەرشەمی.... ٢٠٥

*جگە لەکلاورۆژنە، نووسینەکانی دیکە راو بۆچوونی نووسەرەکانیانن.

## کلاوڕۆژنە

### ئایا سەدەی بیست و یەك، سەدەی رزگاربوونی کورد دەبێت؟

لەناو عێراقدا، کێشەیەکی سەد ساڵەی لکاندنی نیشتیمانی کوردان بەو وڵاتەوە هەیەو تا ئێستاش دوای گۆڕانی چەندین رژێم لە بەغدا کێشەکە هەر بە ئاڵۆزیو چارسەر نەکراوی ماوەتەوە، بەشێکی زۆری ئۆباڵەکەشی بێگومان پەیوەندی بە بیرو تێڕوانینی شۆڤێنیەتی عەرەبیەوە هەیە لەو وڵاتەدا، بەداخەوەش رژێمەکانی عێراق نەیاتوانی بەدرێژایی ئەو سەد ساڵە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە. دوای ساڵی ۲۰۰۳و هاتنەسەرکاری حکومەتی ناوەندی بەناو دیموکراتیش هێشتا نەتوانراوە دۆزەکە بە کەناری ئارامی خۆی بگات، کە بێگومان بۆ کوردو بۆ عەرەبیش وا چاکترە بەیەکەوە بژینو وڵاتەکە هاوبەش بێتو سیستەمی فیدراڵیەکەش بەتەواوەتیو بەپێی دەستوور جێبەجێ بکرێت. بەڵام بە ڕەوا نەبینینی مافی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەش لە عێراق یەکێکە لەو تێڕوانینە سەقەتەی عەرەبی عێراقی کە تا ئێستاش پێیان وایە دەتوانن وەك نەتەوەی سەردەستو گەورەی وڵاتەکە نەتەوەکانی دیکە قوت بدەنو کەلتوورو شوناسو زمانو شارستانیەتیان لێ زەوت بکەن، ئەم سیاسەتەش هەر جارەی لەژێر ناوێکەوە جێبەجێدەکەن. جارێك بەناوی عروبەو جارێکی دیکە بەناوی ئاینو ئاینزاو دواجاریش لەرێگەی زەوتکردنی خاكو گۆڕینی دیموگرافیانەی ئەو شوێنانەی زێدی کوردو نەتەوەکانی دیکەن.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو هەرێمیش، بۆ یەکەمجار کوردستان لەساڵی ۱٥۱٤و رێك لەشەڕی چاڵدیرانەوە لەسەردەستی سەفەویو عوسمانیەکان لەتکراوەو دواتریش بەپێی پەیماننامەی سایکس بیکۆو لۆزان کراوەتە چوار لەتو وەك خێر بەسەر نەتەوە سەردەستەکانی وەك تورکو فارسو عەرەب بەشکراوە. کە بێگومان ئەو پەرتکردنەی کوردو نیشتیمانەکەی هەرگیز کارێکی ئاسایی نییەو جەبری زەمانەش هەموو ئەو پەیماننامانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە بەبێ حەزی کوردو دانیشتوانی کوردستان

جێبەجێکراون. ئەوەتا کورد تا ئەمڕۆش لە سەر خاکی خۆیەتیو ئەو وڵاتانەش وەك داگیرکەری کوردستان دەمێننەوەو هەر دەشبێت مافی ژیانو زمانو کەلتوورو شارستانیەت بۆ خاوەن ماف بگەڕێتەوە. پاش ساڵێکی تر پەیماننامەی لۆزان کۆتایی دێتو پێشهاتی زۆریش لە ناوچەکە چاوەڕوان دەکرێن. لەوانەش داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە کە بێگومان ئەو نەخشە کێشانەوەیەش بێ ئاڵۆزیو کێشە نابێت.

ئەوەی گرنگیشە ئەوەیە کورد لە هەنوکەڕا خۆی بۆ ئەو پێشهاتە ئامادەبکات. بەڵام ڕەچاوکردنی ئەو ئامادەکارییەی کورد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە بەپێی ئەوەی دیارە، جێگای ئومێدێکی زۆر نییەو پێویست دەکات بەزوترین کات هەم ناکۆکیەکانی کوردو کورد لە تەواوی بەشەکانو بەتایبەتیش لە باشوورو ڕۆژئاوا نەهێڵرێنو دواجاریش کار بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییو نیشتیمانی کوردستان بکرێتو تەواوی کوردانی چوارپارچەو تاراوگەو ئەو نەتەوانەش بەشداربن کە لە سەر زێدخۆیان لە کوردستان دەژین.

ئەگەر گوترابێتیش سەدەی بیستو یەك سەدەی کوردە، بێگومان پێویستی بە بقۆزتنەوەی دەرفەتەکە هەیەو دەبێ ئامادەکارییەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆو نێودەوڵەتی، بەو پەڕی لەخۆبوردەییەوە بخرێنەگەڕو برایەتیو یەکبوون جێگای ناکۆکیو دووبەرەکی بگرێتەوە. ئەوەی کە جێگای ئومێدیشە سیستەمی جیهانیو بابەتەکانی مافی مرۆڤو دیموکراسیەتو ئازادی گەلان ئێستا وێردی سەرزووبانی وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەوروپانو قۆناغی لەناوبردنو جینۆسایدکردنی نەتەوەیەکی پەنجا ملیۆنی وەك کوردیش بەسەرچووە. لەهەمان کاتدا تورکو فارسو عەرەبیش ئەبێ لەوە تێبگەن بەبێ چارەسەرییەکی دادپەروەرانەی دۆزی کورد لەو ناوچەیەدا، بە هیچ شێوەیەك ڕۆژهەڵاتی ناوین ئارامی بەخۆیەوە نابینێتو وڵاتەکانیشیان تا کۆتایی بە یەك گرتوویی نامێننەوە. لە دنیاشدا وڵاتی فرە نەتەوەو فرە ئاینو ئاینزا، بە پێنەدانی مافی کەمینەکان تەنها ڕوویان لە هەڵوەشانەوەو تێکچون دەبێت. بۆیە ئەو سەدەیەی کە دەبێ سەدەی ڕزگاری کورد بێت، جگە لە فاکتەرە دەرەکیەکان لایەنی زۆری پەیوەندی بە کورد خۆیەوە دەبێتو هەوڵو کۆششیشی پێویستە!.

نما

ئابی ٢٠٢١



## نمای فیکرو فەلسەفە


*دیسپلینو تەنگژەباری.................................شێرزاد حەسەن.......٦

*خوێندنەوەی ئەندیشەو بەرهەمەکانی جەواد تەباتەبایی..د.ئیسماعیل مەحمودی...١١

* ڕۆمی، ڕابردوو و ئێستا، خۆرهەڵاتو خۆرئاوا..و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان.........٣٢

*دیاردەناسیو هێرمێنۆتیك..پۆل ریکۆر.............و: مەسعود بابایی...........٥٢

*شوناسی کراوە، گفتوگۆ لەگەڵ ئەمین مەعلوف..........و: جەمال پیرە............٧٥


**دوسیەی ژمارە: دەربارەی گایست، هۆش یان روح**


* لە بارەی چەمکی گایست لەلای هێگل..........ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل...... ٨٧

*چەند سەرنجێك دەربارەی چەمکی  گایست.......ئیسماعیل حەمەئەمین........١٠٣

*کێشەی توێژینەوەی فەلسەفەیی....................د.کاوە جەلال.............١٣٦

# دیسپلین و تەنگژەباری



شێرزاد حەسەن

+ یەکێك لە پەندە سەنگینەکانی خودی "گاوتما بوودا"و ئایینی سەرزەمینی "بوودیزم" کە سەرنجی منی راکێشاوە دان-نانو سەلماندنی هەقیقەتێکی رەهایە کە گەرەکییەتی بڕوا بەوە بێنین کە خودی ژیان گەلێك قورسو پێچیدەو تەنگژەبارییە، زۆربەی فەیلەسووفو بیرمەندو دەروونناسەکانو کۆمەڵناسەکان هاوڕان سەبارەت بە هەمان پەندی "بوودا" کە خودی ژیان ئاسان نییەو زیندەگی پڕە لە تاڵیو سوێری، زۆرینەی ئەو زاتانەی کە سەرگەرمی پشکنینو هەڵکۆڵینو خوێندنەوەی مەردمگەلن" بڕوایان وایە کە وا چاکترە دان بەو راستییە دابنێین کە ئیدی زیندەگی بێ ئازارو

وەیشوومەو کارەسات نەبووە، بە واتا مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی گیرۆدەو سەوداسەرو مەینەتبارە.

## یەزدان غەزەبی خۆی دەبارێنێت

هەڵبەتە، بەڵام داننانو سەلماندنی ژیانی کولەمەرگی مایەی خۆبەدەستەوەدانو نوچدان نییە لە بەرامبەر هیچ کام لەو رووداوە جەرگبڕانەی کە دەستکردی خودی بنیادەمەکانن یان زادەی سروشتی کێوی‌و تووڕەو نابینا، ئەمڕۆکەش سەلمێندراوە کە خودی سروشت چەندە میهرەبانەو هێلانەی هەر هەموومان بووە، بەڵام تۆڵەو هەڕەشەی کوشندەی خۆی هەیە بەرامبەر ئێمەی بەدکار کە ئاوو هەواو خاکمان گەنیوو پیس کردووە، زۆرێك لە مەزهەبزەدکانیش بڕوایان وایە کە خودی "یەزدان" لە مرۆڤ زیزو داخدارەو زوو زوو غەزەبی خۆی بەسەریدا دەبارێنێت، گەرچی گوایە خودا مرۆڤی لەسەر شێوەو شەمایلی خۆی خوڵقاندووە، بگرە خەلیفەو جێگری خۆیەتی لەسەر زەمین کە بۆ من پڕە لە تەوس‌و پارادۆکس، هەر کامیان بێت، گرنگە ئەم دۆخە تەنگژەبارییەی لە باری رامیاری‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فیکرییەوە پێوەی دەتلێینەوە، لای هەموومان نەبێت بە دۆخێکی چارەنووسگەراو قەدەری ئیلاهی، کە گوایە لە ئاسمانەوە بەسەر زەویدا داباریوە، جۆرێك لە تەنگژەباری رەوانی‌و رۆحی لە لای رۆحانییەکان رەوایەتی پێدراوە کە دەکرێت سەر بە ئایین و ئایینزاو مەزهەبی جیاواز بن، بەڵام مەرج نییە ژنانو پیاوانی رۆحانیی روویان لە ئاسمان بێت، چونکە ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆحانی‌و سۆفییە گەورەکانیش بۆ گەیشتن بە تەجەللای خۆیان خەڵوەتنشینی هەڵدەبژێرن، نەك تەجەللای ئیلاهی، بەڵام پەنا نابەن بۆ نزاو نمازو پاڕانەوە بۆ هێزێکی دەرە سروشتی‌و گەردوون، بەڵکو خودی سروشت دەبێت بە کانگای تێڕامانو دۆزینەوەی هارمۆنیاو جوانی‌و پاکی.

## هۆشیاریی نەك رەشبینی

داننان بە کارەساتباری زیندەگی خۆمان لە هۆشیارییەکی زۆرو زاڵەوە دێت نەك رەشبینی، نیازمان بەوەیە کە چلۆن ئەم دۆخە تەنگژەبارییە تێبپەڕێنین، بێگومان خەڵکانی فامیدەو ئاوەزدارو عەقڵزەدە نەخشەو پلانی کۆنکرێتی دادەرێژێت بۆ خۆقورتارکردن لە دۆخێکی نالەبار لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانو ژیارو زیندەگی، هەن بڕوایان وایە کە قایلبوون بەوەی دونیا خراپەو مەردمگەل بەدکارن، بەسە بۆ ئەوەی

خۆیان رابێنن لەگەڵ ئەو دۆخە نالەبارەی هاتۆتە پێشێ، گوایە دەرککردن بە ژینی کارەساتباری بەسە بۆ ئەوەی چیدیکە وەك دۆخێکی دراماتیكو تراژیك چاوی لێنەکەین کە لە باری واقیعگەراییەوە دروست نییە، یانژی ژمارەیەکی دیکە لە حەشامات بڕوایان وایە کە خودا خۆی بیەوێت" چاکی دەکات، بە واتا مەزەندەی ئەوە دەکەن کە ئاسمان تۆلەیان لێدەکاتەوە یان خودی یەزدان تاقیمان دەکاتەوە، هەن خرقە دەپۆشنو دەبنە خەلوەتنشینی دوور لە خەڵكو ئاوایی بە کەمترین پێویستی لە پۆشاكو خۆراكو خواردنەوە قایل دەبنو پشت دەکەنە دونیا. هەن سکاڵا لە بەختی خۆیان دەکەنو لە کەشکەئەژنۆی خۆیان دەدەن.

## دیسپلینو خوێندنەوەی ژیرانە بۆ کێشەکان

وەڵامی دروستو پراکتیکی ئەوەیە کە ئاخۆ ئێمە بایی چەند لەسەر ئەوە پەروەردە کراوین کە لە رێگەی "دیسپلین"و خوێندنەوەیەکی عەقڵانی بۆ گرفتو کێشەکانمان پەنا بۆ چارەسەری تۆکمەو دامەزراو ببەین؟ دوور لە خورافاتو سیحرو نێونیگای چارەنووسگەرایی کە لە هەنووکەدا لای خۆمان لە برەودایە. "دیسپلین" نەخشە رێگایە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا کە مەرجە لە منداڵییەوە، بگرە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە، کچەکانو کورەکانمان فێر بکەین بە چ مەشقو راهێنانێك ببنە خاوەنی خۆیانو کۆی ئەو میکانیزمەی کە وا دەکات هێزی ئەوەیان ببێت بە ویستو رۆحێکی بوێرانەوە روو بەرووی کۆسپو تەگەرەکان ببنەوە.

دەگەڕێمەوە لای "بوودا" کە بڕوای وا بووە ژیان تلانەوەو ئازارچەشتنە، هەمووەمان دەزانین کە وایە، بەڵام گەر لەم راگەیاندنەی ئەم زاتە بڕوانین، دەگەینە ئەو راستییە تاڵەی کە خودی پرۆسەی چارەسەرکردنی گرفتو کیشەکان مایەی ئازارو ماندوێتیو دەردەدڵە، هەر کێشەو گرفتێك سروشتی خۆی هەیە کە لێمان دەخوازێت چارەسەری جیاوازی بۆ بدۆزینەوە، کە رەنگە نائومێدیو پەژارەو تۆرانو تەنیاکەوتنو هەستی گوناهباری لەگەڵ خۆی بێنێتو نەخۆش بکەوین.

## خوێندکارانو توانای رکابەری

بەڵام دەلوێت کە خودی پرۆسەی گەڕان بە دوای چارەسەرێکی بنەبڕ پەیامو مانایەك بە ئێمە ببەخشیت کە ئاوەدانمان بکاتەوە، لە میانەی ئەم هەوڵەدا ئەگەری شکستو

سەرکەوتن حاشا هەڵنەگرە، هاوکات رەنگە هەوڵی خۆ رزگارکردن لە گرفتو کێشە هەڵایساوەکان ئازایەتیو توانستو حیکەمەتێکمان پێببەخشێت، گەر بێ گرفتو کێشە بین لە باری رۆحیو فیزیکیو عەقڵییەوە گەشە ناکەین، دیارە لە قوتابخانە هاوچەرخەکاندا گرفتو کێشە زانستیو مرۆییەکان دەخەینە بەر دەستی قوتابیان تا هێزی ئاڵانگاریو رکابەری بخولقێنین بە نیازی هاندانی بەهرەو توانا شاراوەکانیان لە بواری عەقڵیدا، هەڵبەتە ماندوو دەبنو دەتلێنەوە، وەك بیرمەندی ئەمریکی (بنیامین فرانکلن:١٧٠٦-١٧٩٠) درکاندوویەتی، "ئەو شتانەی کە ماندوومان دەکەنو پێی دەتلێینەوە" دەمانخاتەوە سەر راستەرێ." بەو واتایەی ناکرێت خۆ بدزینەوە لە ئازاری گرفتەکانی فێربوون.

## خۆدزینەوەو خۆسڕکردن

خودی عیشق بۆ خۆی گرفتاریو ئازاربەخشە، چ بدۆڕێینو چ سەر بکەوین" پەندێکی تازەمان فێر دەکات، هەرچەندە گرفتەکانمان فەرامۆش بکەینو یان بە درۆ لە یادیان بکەین، یان بە مەی خواردنەوەو تلیاك کێشان خۆمانی لێ گێل بکەین، یان خۆمان بکوژین، بەم چەشنە خەمی خۆمان زیاتر دەکەینو خەڵکانی نزیك لە خۆمان ئازار دەدەین، چارەسەری راستەقینە ململانێو ڕکابەرییە نەك پاشەکشێ. خۆ دزینەوە لە ژانو دەردی کێشەکانی ژیانی سۆزداری بێت یان هەر ئاریشەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو رامیاری" بەوە دەشکێتەوە کە پتر نەخۆش بکەوینو بتلێینەوە، هەر لە سۆنگەی ئەو بەزینو خۆ هەڵخەڵەتاندنو چاوشارکێکردنەیە لەگەڵ خودی خۆماندا بە دەست سەدەها لە نەخۆشییە دەروونیو دەمارییەکان گیرۆدە دەبین، کە دەتوانین لە "نیرۆسس/عوساب"دا چڕی بکەینەوە کەوا کۆبەندی هەموو دەردە دەروونییەکانمانە.

مەرجە وا بڕوانینە خودی ئازارو تلانەوە کە دۆخێکی ئاساییەو مەرجە نەوەی نوێ فێر بکەین، تا بزانین خودی زیندەگی بێ گرفت و کێشە نییە لە سەر هەموو ئاستەکانی ژینو ژیاردا، ئەرکی ئێمەیە ئەو هێزو توانا شاراوانە لەواندا بخەینەگەڕ کە ئەگەر بیانەوێت لە باری دروونیو جەستەیی تەندروست بنو نەشونما بکەن، مەرجە خۆیان بۆ وەیشوومەو جۆرەها تەنگژەباری ئامادە بکەنو چارەسەری عەقڵانی بۆ بدۆزنەوە، چونکە خودی ژیان بێ هەورازو نشێو نییە، واتا زەمینەخۆشکردن بۆ ژیانێکی تەندروست هەم لە باری سایکۆلۆژیو هەمیش لە باری فیزیکی.

## گەڕان بە دوای هاوسەنگی و هارمۆنیا

لە بواری پەروەردەو دەروونناسیدا ئاسانە بزانین 'دیسپلین' چیمان بۆ دەکات وەك دابینکردنی کۆی ئەو ئامرازو میکانیزمەی کە پەیڕەوی لێبکەین، چ وەك کەسانی گەورەساڵو هەم بۆ نەوەی نوێ کە بە مەشقو ڕاهێنانێکەوە پەیوەست بکەین، بەو نیازەی کە چلۆن بەرگەی ئازارو تلانەوە بگرینو بیکەین بە هێزێك بۆ پێگەیشتنو تێگەیشتنو کامڵبوون بە دیوە مرۆییەکەی، زۆرینەی پەروەردەکارانی ئەم سەردەمە کۆکن لەسەر ئەوەی کە چوار ڕێنمایی هەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە: یەکەمیان قایل نەبوونە بەو دۆخەی کە بۆ چارەسەری دەردەکانی خۆمان پێیگەیشتووین، دووەمیان هەستکردنە بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر خۆمانو نەوەی داهاتوو، سێیەمیان، خۆ تەرخانکردنە بۆ جیاکردنەوەی هەقیقەتو ڕاستی لە ساختەکاری، چوارەمیان گەڕانە بە دوای هاوسەنگی و هارمۆنیا کە سەرچاوەکانی زۆرنو لەبەردستمانن گەر کەمێك فامیدە بین.

باشترین کارێك کە بیکەین ئەوەیە: مەرجە هەر لە سەرەتاوە دەست پێبکەین کە قۆناغی ساواییەتی منداڵەکانە، واتا بەر لە باخچەی ساوایان، ئامرازو میکانیزمەکان هەن، بەڵام چۆنییەتی بەکارهێنانی وا دەکات گرەوەکە ببەینەوە، بەڵام بەر لەوە جێگەی بایەخترە کە ویستو بڕیارمان دابێت کە ئەوەیان ژیانی ئێمە ڕەنگینتر دەکات، کە ڕەنگە دوا دەرمانی هەموو دەردەکان 'خۆشەویستی' بێت کە گومان دەکەم هەمانبێت!

# خوێندنەوەی ئەندیشەو
# بەرهەمەکانی جەواد تەباتەبایی
# لە بەناوبانگترین ڕۆشنبیرەکانی ئێستای ئێران



د.ئیسماعیل مەحموودی

بەشی یەکەم

بۆ کاک شۆڕش جوانرۆیی‌و هاندانی بەردەوامی بۆ ئەوەی بنووسم‌و نائومید نەبم

## بەرایی:

بێ گومان لە کەش و هەوای رۆشنبیریو ئاکادیمیو فیکری ئیستای ئێراندا کەم کەس هەیە بە ڕادەی تەباتەبایی، ناودار، ناسراوو خاوەن پرۆژەو دۆز-تەوەرو لە هەمان حاڵدا کێشەسازبێت، تەباتەبایی وەك تیۆردانەرو خاوەن دەستەواژەی «ئەندێشەی ئیرانشاری»، «هەلو مەرجی ئیمکانی مودێرنیتەی رۆژئاوا»، «هەلو مەرجی دوورەپەرێزی ئەندێشەی نوێگەریو تازەگەری لە ئێران»، «لۆژیکی شکست»و بەبەردبوونی سونەت»و هەروەها خاوەن دوو پرۆژەی سەرەکی خوێندنەوەی «ئاوابوونی ئەندێشەی سیاسی» و «دارمانی ئێران». نزیکی دوو دەیەیە لە پانتایی بیرو ئەندێشەدا بوەتە بەناوبانگترین بیرمەندی هاوچەرخی ئێرانو لێرەوە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت سەرەڕای ئەو ڕەخنە توندانەی لە بەشێکی زۆری بیرمەندانو نووسەرانی ئێرانی دەگرێت، هەر بەم بۆنەوە لە لایەن هەندێ کەسو لایەنەوە وەك «فەیلەسوفی سیاسەت»، «فەیلەسوفی ئێرانشار»و «مێژوونووسی ئەندێشە» پێناسە دەکرێت. بێ گومان «بەشێك لە گەشەو کرانەوەی ڕێژەیی کەشو هەوای فیکری ئێرانی پاش شۆڕشی (١٩٧٤) قەرزاری چالاکییە فیکرییەکانی تەباتەباییە».

بەم وەسفەوە لە ئیستادا کەم کەس هەیە لە مێژووی ئێرانو مێژووی ئەندێشەی ئێران بە ڕادەی تەباتەبایی شارەزا بێت، کەم کەس هەیە لە نێوان مامۆستایانی زانکۆدا وەك تەباتەبایی شارەزایی وردەکارییەکانی زمانەکانی هاوکات عەرەبی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزیو تەنانەت لاتینی هەبێت، کەم کەس هەیە تا ئەو ڕادەیەی شارەزای وردەکارییەکانی گوتاری ئەندێشەی سیاسی رۆژئاوا بێت، کەم کەس هەیە وەك تەباتەبایی زۆربەی دەقە کۆنەکانی فارسی بە شیعرو عیرفانو فەلسفەوە ئاوا بە وردی خوێندبێتەوەو شارەزایی لە سەریان هەبێتو قسەی لە سەر کردبێت، کەم کەس هەیە وەك تەباتەبایی شارەزایی لە دۆخی زانکۆو دەقەکانی مامۆستایانی زانکۆ بێتو وردبینانە خوێندنەوەو ڕەخنەیان لێ بگرێت.

سروش، شایگان، سەیید حەسەنی نەسر، عەنایەت، جەلالی ئال ئەحمەد، شەریعەتی، ئارامشی دوستدار، داریوشی ئاشووری، یووسف ئەبازەری، کەریم موجتەهدیو زیباکەلام لە ریزی بەناوبانگترین مامۆستایانو بیرمەندانو نووسەرانی هاوچەرخی ئێرانین کە لەم ماوەیەدا کەوتونەتە بەر ڕەخنەی توندی تەباتەباییو بە نەخوێندەواریو کەم خوێندەواریو ناشارەزایی لە دوخی ئەندێشەو ئێران تاوانبار کراونو هەر لەم ئاراستەیەدا

کەم نووسەرو رۆشنبیرو بیرمەندی چەپ، ئیسلامیو سونەتی هەیە لە لایەن تەباتەبایی تووشی توندترین ڕەخنە نەبووبێتەوەو کەم مامۆستای بەناوبانگی زانستە سیاسیەکان هەیە لە لایەن تەباتەباییەوە بە نەخوێندەوەرای تاوانبار نەکرابێت، کەم وەرگێری بەناوبانگی بواری زانستە سیاسیەکان هەیە تاوانبار بەوە نەکرابێت لە بنەڕتدا ئەو کتێبانەی وەری گێراوەتە سەر فارسی هیچ لە بابەتەکەو دەقەکە تێنەگەیشتووە، تەنانەت بەوەش تاوانبارکراوان زمانی دایکی خۆیان واتە فارسی نازانن‌و هەرلەم بوارەدا کتێبێکی بە نێوی «ڕامانێك لە وەرگێڕانی دەقەکانی ئەندیشەی سیاسی» بلاۆکردوەتەوە کە باس لە تێنگەیشتنی وەرگێرانی بواری زانستە سیاسیەکان لە ئێراندا دەکات‌و بە نموونە باس لە «شاریاری» ماکیاڤێلی لە وەرگێڕانی داریوشی ئاشووری، وەرگێری بەناوبانگی ئێرانی دەکات کە پێوایە لە بنەڕەتدا ئاشووری لە شاریارو ماکیاڤێلی تێنەگەیشتووە.

هەر لەم بوارەدا واتە ڕەخنە لە بازنەی رۆشبنیران، نووسەران، وەرگێڕان‌و مامۆستایانی بەناوبانگی زانکۆکانی ئێران، کەم مامۆستای بەناوبانگی زانستە سیاسیەکان هەیە بەر هێرشی نەکەوتبێت‌و تاوانبار بەوە نەکرابێت شیاوی کورسی مامۆستای زانکۆ نییەو تەنانەت خۆدی زانکۆی تاران‌و کۆلێژی زانستە سیاسیەکانیش وەك زانکۆی دایك لە ئێراندا لەم دواییانەدا کەوتە بەر هێرش‌و ڕەخنەی تەباتەبایی‌و لەمبارەشەوە کتێبی «تێبینیەکان سەبارەت بە زانکۆ»ی بلاوکردوە کە باس لەوە دەکات زانکۆ لە ئێراندا کە هاوتای یونیڤرستیە، قەت نەیتوانی بگاتە ئاستی یونیڤرسیتیەکانی رۆژئاواو بە بڕوای تەباتەبایی زانکۆ لە رۆژئاوا درێژەپێدەری ناوەندە زانستیە سونتەیەکانەو بەم بۆنەوە مێژوومەندو خاوەن سونەتی تایبەتی خۆییەتی، بەڵام زانکۆ لە ئیراندا درێژەپێدەری سوننەتی مەکتەب واتە ناوەندی خوێندنی سونەتی نەبووەو لە بنەڕەتدا دامەزراندنی زانکۆ لە ئێراندا لاساییکردنەوەی رۆژئاوا بوو، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەم مامۆستایانەی کە ئیستە خەریکی وانە وتنەوەن‌و شیاوی پێگەی مامۆستایی نین، بەرهەمی زانکۆش لە ئێراندا جگە لە لاساییکردنەوە، ساختەکاری، شێواندن، تێنگەیشتن، پەنابردنە بە خورافات‌و بەرهەم هێنانی خوێندکاری نەخوێندەوار لە بواری زانستە مرۆییەکاندا شتێکی دیکە نابێت.

بە گشتی دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت لە کەش‌و هەوای ئەندیشەو رۆشنبیری ئەم سەت ساڵەی مێژووی ئێران، سەرەڕای ڕەخنەگرو دژبەری زۆرو تاوانبارکردنی بە ناسۆنالیستی نزیك بە رەگەزپەرەستی، تەباتەبایی دیارترین‌و کاریگەرترین رۆشنبیرو

بیرمەندی ئەم سەدەیەی ئیرانەو ناشارێتەوەو بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە هەر چەشنێ بێت دەبێت «بە ناونابگ یان ناوزارِندن لە ئێران پارێزگاری بکرێت». واتە مەسەلەی تەباتەبایی ئێرانەو بە واتاییەك ئێران تەوەرەو پێوایە زانستە مرۆییەکان لە ئێراندا دەبێت پرس‌و مەسەلەی سەرەکییان ئێران بێت‌و لە خزمەتی ئێراندا بێت.

## ژیاننامەی تەباتەبایی:



تەباتەبایی لە ساڵی (١٩٤٥) لە تەورێزو لە بنەماڵەیەکی بازرگان لە دایك بووە، لە پاڵ کاروباری بازرگانی باب‌و مامی حەزیان لە خوێندەواری، زانست‌و کتێب‌و تەنانەت مامی شارەزای زمانەکانی فارسی‌و عەرەبی‌و فەرەنسی بووە. هەر لە منداڵییەوە لای هاورِێیەکی بابی خەریکی خوێندنی گوڵستان‌و بوستانی سەعدی‌و هاوکاتیش بە پێشنیاری مامی لە لایەن قەشەیەکی ئەرمەنییەوە، خەریکی فێربوونی زمانی فەرەنسی دەبێت‌و دواتر لای زانایەکی ئایینیش فیقەو ئوسول‌و فەلسەفەی ئیسلامی‌و بە تایبەت زمانی عەرەبی فێر دەبێت‌و لەمبارەوە دەڵێت:«شەس رۆژ لە هەفتەداو هەر رۆژ سێ سعات کتێبی مەنزوومەم دەخوێند هاوکات دەچووم بۆ کڵێسەو لە لای قەشە ئەرمەنییەکەش زمانی فەرەنسی فێر دەبووم».

تەباتەبایی خوێندنی فەرمی تا دواناوەندی لە تەورێز درێژە دەدات‌و بۆ درێژەی خوێندن لە زانکۆی تاراندا لە بەشی مافناسی وەردەگیرێت، گەرچی حەزی لە فەلسەفەیەو لەمبارە دەڵێت:« دواتر کە هاتم بۆ تاران‌و لە کولێژی ماف حەزم بە فەلسەفە کرد، بەڵام ماڵەوە وتیان گەر فەلسەفە دەخوێنێت لە تەورێز دەتوانی فەلسەفە بخوێنێ، بدەێت بۆیە بە بیانووی خوێندنی مافناسی هاتمە تاران پێم وابوو ئیتر تەورێز شتێکی بۆ من نیەو دەبێت کۆچ بکەمە تاران‌و ئەو کات سێ چوار کەس لە کولێژی ماف لە شارەکانی دیکەی ئێراندا قبوڵ دەکران‌و من یەك لەو کەسانە بووم بۆیە دەنگ‌و ناوم پەیا کرد».

تەباتەبایی لە زانکۆ تاران وەك خوێندکاری مافناسی خەریکی خوێندن دەبێت بەس ڕۆحی تینووی تێر ناکات، بۆیە کەمترین کات بە فیڕۆ نادات‌و حەز دەکات لە بەشەکانی دیکەی زانکۆی تاران بە تایبەت فەلسەفەی ئیسلامی‌و ئیلاهیات‌و ئەدەبیات بەشدار بێت‌و بۆ ئەم کارە ڕوو لە دکتۆر شەهابی سەرۆکی بەشی ئیلاهیات دەکات‌و بە دکتۆر شەهبابی دەڵێت:«حەز دەکەم لە پۆلەکانی دکتۆرای ئیلاهیات بەشدار بم لە مەنزوومەی سەبزەواری پرسیاری لێکردم وەڵامم دایەوە یەکڕاست تەلفۆنی بەرزکردوەو بە بەرپرسانی بەشەکان وتی: ڕێگەی پێ بدەن بەشداری بکات لە خوێندکارەکانی ئێمە زۆر زیرك ترە»و هەر ئەمە وای لێ کرد لە بەشەکانی دیکەش بەشداری بکات بە شێوازێك:«بەیانیان لە بەشی فەلسەفە، نیوەڕوان لە بەشی ئەدەبیات‌و ئێوارانیش لە بەشی ئیلاهیات ئامادە دەبێت‌و گەرچی تەمەنی بیست ساڵان بوو، ئەم کارە ماندووی دەکردو جەستە لاواز دەبوو، بەڵام هەر ڕۆحی تینووی فێربوون بوو».

تەباتەبایی سەرەڕای بەشداری لە بەشەکانی دیکەی زانکۆی تاران، بە خوێندنی فەرمی لە زانکۆ دڵی ئاوناخواتەوەو ڕوو لە ناوەندە سونەتییەکان‌و مامۆستایانی سونەتی بۆ فێربوونی فەلسەفەی ئیسلامی دەکات‌و جیا لە «ئەسفاری» مەلا سەدراو «شەفای» ئەبن سینا، هەندێ دەقی دیکەی فەلسەفەی ئیسلامی دەخوێنێت‌و پاش ماوەیەکیش بەشداری وانەکانی هانری کوربەن، پسپۆری فەلسەفەی ئیسلامی‌و سەهرەوردی ناسی بەناوبانگی فەرەنسی دەبێت‌و دواتر دوو کتێبی بەناوبانگی کوربەن، وەردەگێرێتەوە سەر زمانی فارسی کە لەم وەرگێرانەدا، خوێنەر لە ئاستی شارەزایی‌و زانیاری شیاوی تەباتەبایی لە زمانەکانی فەرەنسی‌و عەرەبی‌و هەروەها کوربەن ناسی‌و فەلسەفەی ئیسلامی تێدەگات.

پاش کۆتایی بکالوریس لە زانکۆی تاران، وەك ڕەسمی باوی ئەو سەردەمە دوو ساڵ دەچێتە عەسکەری‌و ساڵێکیان لە ژاندارمری تێپەردەکات‌و پاش ماوەیەك عەسکەری دەچێتە سپاه دانەش‌و هەوڵ ئەدات لە عەسکەریش کات بە فیڕۆ نەدات‌و لەمبارە دەڵێت «تێکڕای ساڵی یەکەم لە تاران مامەوەو زۆربەی کتێبە فەرەنسی‌و ئینگلیزییەکانی کتێبخانەی کولێژی ئەدەبیاتم خوێندەوەو لە خولی ئەفسەریش کە لە تەورێزدا بووم، سەرەڕای ئەوە ئەدەبیاتی فەرەنسەم دەخوێندەوە، تێکڕای کتێبەکانی خولی بکالوریس‌و ماستەری زانکۆی پاریسم خوێندنەوە بۆ ئەوەی ئامادە وەرگرتن بم».

پاش وەرگرتن لە زانکۆکانی فەرەنسە ڕوو لە پاریس دەکاتو لە بەشی فەلسەفەی سیاسی خەریکی خوێندن دەبێتو لەم ماوەیەدا بە تەواوەتی ڕوو لە هێگل دەکاتو هەڵبەت لەمبارە دەڵێت: «هێگل خوێندنم لە تارانەوە کە بە زمانی فەرەنسی دەست پێکرد بوو لەسەری بەردەوام بوومو لە فەرەنسە لای شاتلە خوێندکاری هیپولیت واتە هێگل ناسی بەناوبانگی فەرەنسی خەریکی خوێندنی هێگل بووم» ئەم گرنگیدانەی بە هێگل ئیستاش درێژەی هەیەو لە ئیستادا وەك یەکێ لەبەناوبانگترین هێگل ناسانی ئێران پێناسە دەکرێت کە کاریگەری تەواوی لە سەر ڕەوتی فیکری تەباتەبایی هەبووە.

بە گشتی لە پاریس دەرفەت ساز دەبێت لەگەڵ ئەندیشەی نووسەرانی وەك لۆکاچو ئاڵتۆسێرو کانت ئاشنا ببێتو بکەوێتە ژێر کاریگەری ئالتووسێرو لوکاچو هەروەها بەشداری بازنەی ڕوشنبیری ئاڵتووسێر بکاتو هەر لەم ماوەیەشدا کتێبی «لینینو فەلسەفە» وەردەگێڕێت . بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا، زۆرترین کاتی بۆ فێربوونی هێگل تەرخان دەکاتو نامەی دکتۆراکەشی لە سەر هێگل دەنووسێتو پاش وەرگرتنی دکتۆرا لە فەلسفەی سیاسی دەگرێتەوە بۆ ئێرانو لە زانکۆی تارانو بەشی زانستە سیاسیەکان دەبێتە مامۆستاو هەروەها جێگری سەرۆکی بەشی فەرهەنگی زانکۆی تاران، بەڵام ئەندیشەو بۆچوونەکانی تەباتەبایی لەگەڵ ئایدیولۆژیای ئیسلامی ئێرانی نوێ واتە ئێرانی پاش شۆڕشی ئیسلامی ناگونجێتو پاش ماوەیەکی کورت لە زانکۆی تاران دوور دەخرێتەوەو لەمبارەوە دەڵێت:«لە ناکاو کەسێك بە نێوی نەجەفقولی حەبیبی هاتو کرا بە سەرۆکی کولێژی مافناسیو زانستە سیاسیەکانی زانکۆی تارانو سیانزە کەسی لە زانکۆی تەربیەتی مودەرس لە گەڵ خۆی هێناو فەرمانی دەرکرد کە ئەمانە ببنە مامۆستاو فایلەکانی پێشوویان لابرد»و بەم شێوەیە لە زانکۆی تاران دەرکراوە. «کاتێ ئەمە ڕووی دا، دەرفەتێك بۆمن ساز بوو، توانیم تێکڕای کاتم بۆ نووسین تەرخان بکەمو وام بە باش زانی بکەومە شوێن ئەو پرۆژەیە کە ساڵانێکی پێشووتر دامڕشتبوو ئەم پرۆژەیەم بایەخی زۆری هەبوو، زانکۆ شوێنی نووسینی ئەو پرۆژەیەم نەبوو» .

کەواتە پاش دەرکردنی تەباتەبایی لە زانکۆی تاران، نائومید نابێتو ئەم دەرکردنو دوورخستنەوەیە دەکاتە دەرفەتو هەر لەم ڕووەوە ڕووی لە ناوەندە زانستیەکانی ئەورووپاو ئەمریکا کردو توانی بە یارمەتی مامۆستایانی ئێرانیو ناوەندەکانی ئێراننامسی، دەرفەتو یارمەتی ماڵی تایبەتو بەرچاو بۆ نووسینی پرۆژەکەی وەربگرێتو بە نووسینو بڵاوکردنەوەی چەندین بەرهەمی «وەك ئەندیشەی سیاسی لە

ئێران»، «ئیبن خەلدونو دەسپێکێك بۆ ڕامان لە داڕمانی ئێران»، ئیتر تەباتەبایی بوو بە دەنگێکی بەرزو دیاری بازنەی زانستیو ڕۆشنبیری ئێرانو بە واتاییەك پاش بڵاوکردنەوەی یەکەم بەرهەمی لە ژێر ناوونیشانی« دەسپێکێکی فەلسەفی سەبارەت بە مێژووی ئەندیشەی سیاسی ئێران» لە ساڵی (١٩٨٨) تا دوایین کتێبی بە نێوی «نەتەوە، دەوڵەت و دەسەڵاتی قانوون، توێژینەوەیەك لە سەر نەریتو سونەت» لە ساڵی (٢٠١٩) وەك یەك لە بەناوبانگترین کەسایەتیەکانی کەشو هەوای ڕۆشنبیریو زانستگایی ئێران بەناوبانگ بووەو پێدەچێت، شێوازی تایبەتی خوێندنەوەی دەقەکۆنەکان، شێوازی نوێی تەباتەبایی بۆ خوێندنەوەو ڕوانین بۆ مێژووی ئێران، تیۆرپردازیو ئێران تەوەریو گرنگیدانی تەواو بە قەیرانی ئێران، پێشوازی ناوەندە زانستیەکانی ئێران لە ئەندێشەو بەرهەمەکانی، پێشوازی ڕۆژنامەو گوڤارە بەناوبانگەکانی ئێران لە قەڵەمی تەباتەباییو دەرئجام ڕوانینی پەڕاوێزیی بۆ نەتەوەکانی ئێرانو ڕەخنەی توندو زمانی زبری لە بەرامبەر ڕۆشنبیران، نووسەرانو مامۆستایانی بەشی زانستەسیاسیو کۆمەڵناسیەکانی زانکۆی تاران لە ریزی ئەو هۆکارە سەرەکییانەبن کە ماوەی دوو دەیە جواد تەباتەبایی وەك بەرچاوترین و دیارترین نووسەرو بیرمەندی ئێرانی بەرزو زاڵ کردوە.

لە بیر نەکرێت قسەی سەرەکی تەباتەبایی گرنگی «هوشیاری»و «بیرکردنەوەیە»، هوشیاری لە ئاست قەیران و ئاوابوونو داڕمانو هاوکات بیرکردنەوە لە قەیرانو لەناوچوونو داڕمان، بیرکردنەوە لە سونەتو هۆکاری ئیمکانی نوێگەری لە ڕۆژئاواو گۆشەگیری یان دوورەپەرێزیو نەبوونی ئەگەری نوێگەری لە ئێرانو بیرکردنەوە لە سونەتو هۆکاری بە بەردبوونی سونەتو ڕوونکردنەوەی «لۆژیکی شکست»و بە واتاییەك بیرکردنەوەی لە شکستی بەردەوامی ئەندێشە لە ئێرانو بیرکردنەوە لە داڕمانی شارستانییەتی ئێرانو بۆ گەیشتن بە نەزەریەکانی تەباتەبایی، هەوڵ ئەدەین بە پێی دەرفەتو توانایی لە ڕێگەی ئاماژە بە بەرهەمەکانی تەباتەبایی دەست بخەینە سەر گرنگترین ڕاوبۆچووکانی تەباتەبایی کە پێدەچیت لە بیرمەندانو فەیلەسووفانی وەك فۆکو (بەشی خوێندنەوەی ئەندێشەی ئێران)، لیۆ شتراوس (بەشی خوێندنەوەی دەقە فیکرییەکانی بیرمەندان، بە تایبەت بیرمەندانی سەردەمی مەشرووتیەت)، کارل شمیتو هانس بلوومبرگو کارل لوویت (لە بەشی سونەتو مودێرنێتەو پێوەندی سونەتو مودێرنێتەو گرنگی ئەم بابەتە)، مەکتەبی کمبریج (لە بەشی ڕوانین بۆ مێژوو و پێوەندی

مێژوو و فەلسەفە)و بە تایبەت هێگل لە بەشی ڕوانین بۆ جیهانی ئێرانی کاریگەری بەرچاوی هەبوو.

بە گشتی خوێندنەوەو تێگەیشتن لە ئەندێشەو تیۆرەکانی تەباتەبایی بە هۆی بەرهەمی زۆرو پێداچوونەوەی بەردەوامی تا رادەیەك سەخڵەتو هەندێ جاریش ناومکین دەنوێنێت بەس دەکرێت لە ڕێگەی دابەشکردنی بەرهەمەکانیو هەروەها ئاماژە بە هەندێ روانیی لەبارەی ئەندێشەو شێوازی بیرکردنەوەو بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی تێبگەینو بۆ ئەم مەبەستەش باشترە بەرهەمەکانی بکەین بە چوار بەشەوەو بە واتاییەك لەو چواربەشەدا ئاور لە ئەندێشەو بەرهەمەکانی تەباتەبایی بدەینەوەو هەوڵ ئەدەین لە کۆتایشدا ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە ئاراستەی تیۆرەکانی نووسەر بکەین.

## یەکەم: ئاوابوونی ئەندێشە

لە دەیەی هەفتادو هەشتای ئێرانی تەباتەبایی چوار بەرهەمی لە ژێر ناوونیشانی یەکەم: دەسپێکێکی فەلسەفی سەبارەت بە مێژووی ئەندیشەی سیاسی ئێران (١٣٦٧). دووەم: ئاوابوونی ئەندێشەی سیاسی لە ئێراندا( ١٣٦٧). سێهەم: ئیبن خەلدونو زانستە کۆمەڵایەتییەکان(١٣٧٤)و چوارەم: خواجە نیزامولمولك( ١٣٧٥) بڵاوکردەوە.

لەم دوو دەیەیەدا سییانەی «دەسپێکێکی فەلسەفی مێژووی ئەندیشەی سیاسی ئێران (١٣٦٧)،» «ئاوابوونی ئەندێشەی سیاسی لە ئێران (١٣٦٧)»و «خواجە نیزامولمولك (١٣٧٥)» وەك یەکەم پرۆژەی تەباتەبایی بڵاودەکرێتەوە، هەڵبەت گەرچی کتێبی «ئیبنی خەلدونو زانستە کۆمەڵایەتییەکان (١٣٧٤)یش هەر لەم ماوەیەدا بڵاوکرایەوەو لە لایەن هەندێ ڕەخنەگرەوە وەك یەکێ لە باشترینو دەوڵەمەندترین بەرهەمەکانی تەباتەبایی پێناسە کراوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی لەم پرۆژەیەدا تا رادەیەك جیاوازەو سەربەخۆیە، لەم باسەدا بەلاوە دەخرێتو تەنیا ئەولەویەت ئەدرێت بە یەکەم پرۆژەی تەباتەبایی واتە پرۆژەی ئاوابوونی ئەندیشەی سیاسی لە ئێراندا.

پرۆژەی یەکەم بە کتێبی « دەسپێکێکی فەلسەفی سەبارەت بە مێژووی ئەندیشەی سیاسی ئێران » دەست پێدەکات کە لە ساڵی( ١٩٨٨)، بڵاو کرایەوەو دواتر لە ساڵی (٢٠٢٠) پێیداچووتەوەو دوو بەشی زێدە کردو بە وتەی تەباتەبایی ئەم بەرهەمە

«دەسپێکێکە بۆ ڕوونکردنەوەی لۆژیکی مانەوەی ئێران» . لەم کتێبەدا پاش پێناسەی ئەندیشەی سیاسیو شێوازەکانی بیرکردنەوەی سیاسی لە ئێراندا، باس لە ڕەوتو تایبەتمەندییەکانی ئەندیشەی سیاسی کەسانی وەك ئیبنی موقەفەع، غەزالی، فارابی، فەخری رازی، سەعدی، عوبەیدی زاکانی، روزبەهانی خونچیو هەروەها پێوەندی عیرفانو ئەندیشەی سیاسی دەکات.



لە کتێبی دووەم واتە«ئاوابوونی ئەندێشەی سیاسی لە ئێراندا» پاش باسکردنی سیاسەت لە ئەندیشەی یۆنانی کۆنارادا، سەرهەڵدانی ئەندێشەی سیاسی، ئەفلاتوونو دامەزراندنی فەلسەفەی سیاسی، ئەرستۆو کۆتایی فەلسەفەی سیاسی یۆنانی، ئاماژە بە پەرەپێدانی فەلسەفەی سیاسی لە سەردەمی ئیسلامیو لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا هێرشی مەغوولەکان دەکاتو دواتریش ئەندیشەی کەسانی وەك مسکوویەی رازی، ئەبولحەسەنی عامری تا ئەبوو عەلی سینا، خواجە نەسیری تووسی، قوتبەدین شیرازی، جەلالەدین دەوانیو سەدرەدینی شیرازیەوە تا مەلا هادی سەبزەواری دەخاتەبەر باس و شیکردنەوە.

لە کتێبی سێهەم واتە خواجە نیزمولولك، پاش باسکردن لە ژیان و بارودوخی سەردەمی خواجە، باس لە ئەندیشەی ئیرانشاریو بەردەوامی فەرهەنگی ئیرانی، پێگەی سیاسەتنامە نووسی لە مێژووی ئەندێشەی سیاسیو رۆڵی لە بەردەوامیو مانەوەو درێژەکێشانی فەرهەنگی ئێران دەکاتو بەم شێوەیە پرۆژەی یەکەمی کۆتایی دێت.

دەق تەوەرەیو بە واتای خوێندنەوەی دەقی نووسەران، عارفان، شاعیران، بیرمەندانو فەیلەسوفانی دیارو خاوەن تیۆری وەك فارابی، نیزامولولك، روزبەهان خونچی، سەعدیو.. بەکەڵك وەرگرتن لە شێوازی شیکاری دیسکۆرس بە کاریگەری لە «فۆکو» دوو تایبەتمەندی دیاری پرۆژەی یەکەمی تەباتەباییەو هەڵبەت لەوەش گرنگتر خستنە ڕووی دەستە واژەی «ئاوابوون»ە کە لە بنەڕەتدا کلیلی سەرەکی تێگەیشتنی ئەم

پرۆژەیەیە. دیارە «ئاوابوون» لەم پرۆژەیە باس لە ئەندێشەو کەش‌و هەوای ئەندیشەو شێوازی ئەندیشەو دەرنجام ئاوابوونی ئەندێشە لە ئێراندا دەکات.

تەباتەبایی لەم پرۆژەیەدا سەرەتا ئەندیشەی سیاسی پێناسە دەکات‌و لە فەلسەفەی سیاسی جیادەکاتەوەو دەنووسێت:«فەلسەفەی سیاسی، واتە ڕامان‌و بیرکردنەوەی تیۆرێك سەبارەت بە پێوەندییەکانی دەسەڵات لە سەر بنەمای سیستەمێکی فەلسەفیانە، بەڵام ئەندیشەی سیاسی تیۆردانانە سەبارەت بە پێوەندییەکانی دەسەڵات بێ ڕەچاو کردنی ڕوانگەیەکی فەلسەفیانە»و سەبارەت بە ناوەرۆك‌و بابەتی ئەندێشەی سیاسی بەردەوام دەبێت‌ودەنووسێت:« بابەتی ئەندیشەی سیاسی بە دەست هێنان‌و پاراستنی دەسەڵاتی سیاسیە»و بە واتاییەك ناوەندی ئەندێشەی سیاسی، دەسەڵات‌و باسکردنە لە دەسەڵات‌و پێوەندییەکانی دەسەڵات‌و چۆنیەتی پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی. تەباتەبایی هەروەها لە یەکەم کتێبی ئەم پرۆژەیەدا، ئاماژە بە سێ شێواز بیرکردنەوەی سیاسی دەدات‌و بە سێ گوتاری ئەندێشەی سیاسی باوو زاڵی ئێران‌و فەرهەنگی ئیران لە سەرەتای بە ئیسلام بوونی ئێران تا سەردەمی هێرشی مەغوولەکان‌و زاڵبوونی دیسکۆرسی عیرفانی ڕووکشانە و ئاوابوونی ئەندێشەی سیاسی باسی دەکات.

## ١- گوتاری شەریعەتنامە نووسی:

بە بڕوای تەباتەبایی، شەریعەتنامەنووسی تیۆردانانە سەبارەت بە خەلافەت‌و پاراستنی پێگەی خەلیفەو قبوولکردنی خەلیفە وەك ناوەندی دەسەڵاتی جیهانی ئیسلام‌و هەروەها دوورەپەرێزی لە دژایەتی خەلیفە، خاڵی گرنگ لە شەریعەتنامەنووسیدا ئەوەیە کە شەریعەتنامەنووسان لە سەر بنەمای شەریعەت‌و بە واتای شەریعەتی ڕووکشانە، پاساو بۆ خەلیفەو پاراستنی خەلیفەو کورسی خەلیفە وەك جێنشینی پێغمبەر دەهێننەوەو بەرێوەبردنی شەریعەت‌و پارێزگاری لە شەریعەت وەك ئەرکی سەرەکی خەلیفەو فەرمانڕوا پێناسە دەکەن.

بە ڕای تەباتەبایی شەریعەتنامەنووسی کە بە ماوردییەوە دەست پێدەکات، سەرهەڵدانی وەك گوتاری سیاسی ئەندیشەی ئەهلی سونەت، بەرهەمی قەیرانی نەبوونی تیۆرە لە پرسی جێنشینی خەلیفەی موسەڵمانان‌و هەروەها قەیرانی ئیدارەکردنی هەرێمی موسڵمانانە لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی کە بەناچاری بیرمەندان‌و بە تیۆردانەرانی خەلافەتی عەرەبی‌و سونە بە کاریگەری لە ئەندێشەی سیاسی ئێرانی پێش ئیسلام لە




ڕێگەی وەرگێرانی بەرهەمەکانی گوتاری ئێرانشاریو سیاسەتنامەنووسی لە سەر دەستی ئیبنی «موقەفەع»، پەنا بۆ شەریعەت دەبنو شەریعەتنامەنووسی سەر هەڵئەداتو دەبێتە گوتاری سەرەکی لە ئەندێشەی سیاسی ئیسلامی بۆ پاراستنی خەلیفەو پیرۆزی بەخشین بە خەلیفە. سەبارەت بە بوونی ئەندیشەی شەریعەتنامەنووسی لە فەرهەنگی ئێراندا، گەرچی سونەتی شەریعەتنامەنووسی تا سەردەمی سەفەوی لە ئێراندا کاریگەری دەبیندرێت، بەڵام بەگشتی بە ڕای تەباتەبایی شەریعەتنامەنووسی نەیتوانی ببێتە رەوتو سونەتی زاڵ لە ئێراندا، چونکە سەربەخۆیی ئێران پێویستی بە پشتوانەیەك هەبوو کە بە ژیانەوەی زمانی فارسی لە سەدەکانی ٥و ٦ کۆچی لە سیاسەتنامەنووسیدا گەیشتە ترۆپکی خۆیو بەم شێوازە شەریعەتنامەنووسی دواتر دەکەوێتە پەراوێزەوەو ڕەنگی ئێرانشاری دەگرێتو خەلیفە دەبێتە هەمان پادشای گوتاری ئێرانشاری هەڵبەت بە هەندێ جیاوازی جەوهەریەوە.

## ٢-گوتاری فەلسەفەی سیاسی

ئەم گوتارە بەرهەمی ئەندیشەی یۆنانو فەیلەسووفانی یۆنانە کە لە ڕێگەی وەرگێرانی بەرهەمەکانی ئەفلاتوونو ئەرستۆ، بیرمەندانی ئێرانیو ئیسلامی لە گەڵی ئاشنا دەبنو لەمبارەوە تەباتەبایی ئاماژە بە فارابی وەك بەرجەستەترین نوێنەری فەلسەفەی سیاسی لە فەرهەنگی ئێرانی دەکاتو پێوایە فەلسەفەی سیاسی، باس لە باشترین سیستەمە سیاسیەکان، باشترین شێوازی بەرێوەبردنی وڵاتو هەروەها ئەو دەستوورانەی دەکات کە سوودی گشتیان بۆ شار هەیەو چاکەی هاووڵاتیان دایە، بەواتایەك یاسامەندکردنی فەرمانڕەوایی، گرنگیدان بە بەرژەوەندی گشتی، سرینەوەی بەرژەوەندی تاکەکەسی فەرمانڕەوایان، پێوەندی سیاسەتو ئەخلاقو پێشەنگی شارو بەرژەوەندی گشتی لە گرنگترین دەسکەوتەکانی فەلسەفەی سیاسیەو فارابی وەك نموونەی سەرەکیو دیاری فەلسەفەی سیاسی پێناسە دەکاتو وەك یەکەم فەیلەسوفی سیاسی سەردەمی ئیسلامی نێوی دەبات کە بیری لە فەرمانی سیاسیو پێوەندییە

مەدەنیەکان دەکاتەوەو بە گشتی باس لە توانای گەیشتن بە بەختەوەری لە ڕیگەی کاری چاکەوە دەکاتو لەمبارە لە زمانی فارابییەوە دەڵێت:« چاکەکاری لە هەناوی مرۆڤ دایەو گەیشنیش بە بەختەوەری ڕاستەقینە تەنها لەرێگەی لە شاری چاکەکاریو لە ژێر سەرپەرشتی مرۆڤی چاکەکار دەبێتو بە پێچەوانەوە بوونی نییە.»

تەباتەبایی، سەبارەت بە چارەنووسی فەلسفەی سیاسی لە کەشو هەوای سیاسی ئێرانی سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەو دواتر فەرمانڕەوایانی تورکو مەغوول، پێوایە بە زاڵبوونی خوێندنەوەی شەرعییانە لە سیاسەتو دابڕان لە وەرگێرانی بەرهەمە فەلسەفییەکانی یۆنانو بە گوتارکردنی ئەم رەوتە، فەلسەفەی سیاسی لە نووسینی چەندین پەروایزو باسی بی ماناو بێ بایەخ کورت کرایەوەو ئیتر بەم هۆیەوە فەلسەفەی سیاسی هەر زوو تووشی ئاوابوون بوو.

## ٣-سیاسەتنامەنووسیو ئەندیشەی ئێرانشاری

فەرمانڕەوایی ئارمانیو خوازراو، شێوازی فەرمانڕەواییو باشترین شێوازی پاراستنی دەسەڵات، ناوەرۆکو بابەتی ئەندیشەی سیاسەتنامەنووسیەو لەم ڕووەوە سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەخرێنە خزمەت دەسەڵاتی سیاسیو تەنانەت ئایینش وەك ئامرازێکی گرنگ لە خزمەت سیاسەتدا دەبێت .

تەباتەبایی سیاسەتنامەی خواجە نیزامولمولك وەك یەکێ لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەندێشەی سیاسی سەردەمی ئیسلامیو هەروەها وەك نامەیەك سەبارەت بە ئەندێشەی ئیرانشاری پێناسە دەکاتو سەبارەت بە ئەندیشە خواجە دەڵێت:«لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەندیشەی سیاسی خواجە نیزامولملك، بایەخدانە بە تیۆری ئێرانشاری واتە پادشای ئارمانی ئێرانی کۆناراو هەولێکیشە بۆ کۆکردنەوەی لەگەڵ تیۆری پاشایەتی لە سەردەمی ئیسلامییدا» ئەندیشەی ئێرانشاری لە رێگەی هەوڵی کەسانی وەك «ئیبنی موقەفەع»و هەروەها وەرگێرانی «مووچیارینامە»و «شانامەکانی» سەردەمی ساسانیەکان بۆ ئێرانی سەردەمی ئیسلامی گوازرایەوەو لەم بوارەدا تەباتەبایی خولقێنەری شانامەکە فیردەوسیە، وەك بنەمادانەری بەهێزی «ئاوەزنامەی ئێرانی»و ئەندێشەی ئێرانشاری پێناسە دەکات کە لە رێگەی ئەوەوە فەرهەنگی ئێرانی ژیایەوەو مایەوەو درێژەی کێشاو دواتریش لە سەر دەستی کەسانی سیاسەتنامەنووسی وەك خواجە نیزامولملك ئەم ئەندێشەیە واتە ئەندێشەی ئێرانشاری بەردەوامی پێدرا.

لە ئەندێشەی ئێرانشاریدا، پادشا یان پادشای ئارمانیو خوازراو، گرنگترین توخمی ئەندێشەی سیاسی ئێرانشارییە، دادگەری، دابینکردنی ئاسایشو ئەمنیەت لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پادشای ئارمانی ئەندێشەی ئێرانشارین کە خاوەن «فەڕی» خوداییەو بوونی فەڕی خوایی بە مانای ئەوەیە کە پادشا بێ هیچ پاڵپشتیەك لە لایەن خوداوە وەك نوێنەری ئەو لە سەر زەوی دەستنیشانو دیاری کراوە. هەر لەم ڕووەوە، پادشای ئارمانی لە ناوەندی گۆڕانکارییەکانی جیهاندایەو هەمووشتێك لە سروشتی پادشا کاریگەری دەبێت. هەروەها پادشای ئارمانی لە جێگەی خاوەن شەریعەت دایەو تەنانەت وەك خۆدی شەریعەتەو خاوەن هوشیاری ئاینیە چونکە ئایینو پاشایەتی دووانەی لەیەك جیانەکراونو خاڵی دیکە لە ئەندێشەی ئێرانشاری ئەوەیە کە  موڵكو رەعییەت هی پادشای ئارمانین. هەڵبەت دادگەری مەرجی سەرەکیو پێویستی پادشایەو لە ڕوانگەی خواجە نیزامولولکەوە، دادوەری گەڕانەوەیە بۆ سیستەمی ئێرانشاریو خاڵی لەوەش گرنگتر ئەوەیە مسۆگرکردنی نەزمو سامانی نوێو دادگەرانە لە ئەندێشەی ئێرانشاری تەنها بە دەستی پادشای خاوەن ڕایەو بەبێ ئەو بوونی نییە.

تەباتەبایی لە باسی کاریگەری سیاسەتنامەنووسی لە سەر شەریعەتنامەنووسی دەنووسێت: «لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا چەمکی پادشای ئارمانیو خەیاڵی لە ناوەندی ئەندێشەی سیاسیدا جێگیر دەبێتو ئەندێشەی ئێرانشاری زیندوو دەبێتەوە، بە ژیانەوەی ئەندێشەی سیاسی ئێرانشاریو پیاچوونەوەو خوێندنەوەی لە سەردەمی ئیسلامیدا، سیاسەتنامەنووسی دەبێتە گرنگترینو بەرجەستەترین شێوازی بیرکردنەوەی سیاسیو هێدی هێدی بە زاڵبوونی تیۆری پاشاییەتی لە سەردەمی ئیسلامی، شێوازەکانی تری بیرکردنەوەی لە سیاسەتناموسیدا دەتوێنەوەو تا سەردەمی سەرکەوتنی بزاڤی مەشروتەخوازیش هەر تیۆرێکی سیاسی لە ئێراندا لە بازنەی دوو چەمکی شاە/ شوانو رەعییەت/ گەل دەنووسرێتەوە»٠

بە گشتی  بابەتی سەرەکی گوتاری سیاسەتنامەنووسی، دەسەڵاتی (پادشا)، فەرمانی سیاسیو پێوەندییەکانی دەسەڵاتە. لەبەشی فەرمانی سیاسی، ئەندێشەی سیاسەتنامەنووسی دەیەوێت بە بەرجەستەکردنەوەی «دژو دژبەر»و پێناسەی دژبەر وەك تێکدەر، ئارمیو ئاسایشو پێگەی پادشا وەك دابینکەری ئارامیو ئاسایشو دادگەری بپارێزێتو هەروەها بە کاریگەری لە ئەندێشەی ئێرانشاری، سیاستەتنامونووسی دەیوێت لە قەیرانی نەبوونی ئەندێشەی چۆنیەتی پێوەندە سیاسیەکان، پرسی جێنشینیو

ئەرکەکانی فەرمانڕەوا لە دیسکۆرسی ئیسلامیدا چارەسەر بکاتو بە بەخشینی ڕەنگی ئیسلامیو ڕەوایەتی بە فەرمانڕەوا، سوڵتان بکاتە پادشای ئەندێشەی ئێرانشاریو بە واتاییەك جلی پادشاییەتی لەبەر سوڵتان بکات بۆ ئەوەی سوڵتان لە باتی شەریعەت، پێشەنگی بە ئارامیو ئاسایشو مانەوەی دەسەڵات بداتو خۆی تەنها وەك بەڕێوەبەری شەریعەت نا، بەڵکو وەك بەڕێوەبەری دەسەڵاتو پارێزەری ئارامیو ئاسایش پێناسە بکات.




**ئاوابوونی ئەندیشەی سیاسی لە ئێراندا:**

بەڕای تەباتەبایی، ئەندیشەی سیاسی لە ئێراندا کە خاوەن سێ شێوازەو بە سێ گوتاری سەرەکی بەستراوەتەوە، دواتر ئەم سێ گوتارە بوونە بەشێك لە گوتاری سیاسەتنامەنووسی، بەڵام بە هۆی دەسەڵاتگرتنی تورکو فەرمانڕەوایی دەسەڵاتدارانی تورك و هێرشی مەغوولەکان لە سەدەی حەوتی کۆچیو زاڵبوونی عیرفانی ڕووکشانە، ئەندێشەی سیاسیو سیاسەتینامەنووسی تووشی ئاوابوون بوو.

لە ڕوانگەی تەباتەباییەوە ئاوابوون بە مانای مەرگو لە نێوچوونی ئەندێشە سیاسی لە ئێراندا نیەو هەر لەمبارەوە دەڵێت:« ئاوابوون بە مانای مەرگ، لە نێوچوونو نەبوون

نیە، بەڵکو درێژەی چەشنێ بیرکردنەوەە کە بە دابڕانی پێوەندییەکانی لە فەلسەفەی کاروباری مرۆیی لە متمانەو بڕوا بەتاڵ بۆتەوە» بە واتاییەك مەبەستی تەباتەبایی لە ئاوابوونی ئەندێشە، کەمڕەنگ بوونەوەو بەپەراوێزکەوتنی ئەندێشەی سیاسی لە ئێراندایەو لە بنەڕتدا مەسەلەی نائامادەیی ئەندێشە سەبارەت بە داڕمانو ئاوابوونی ئەندێشەو شارستانیەتی ئێرانی پرسی سەرەکی تەباتەباییە.

تەباتەبایی لە کتێبی ئاوابوونی ئەندێشەی سیاسی، پاش باسکردنو خوێندنەوەی چەندین دەقی بیرمەندانی ئێرانی، پێوایە بە هێرشی مەغوولەکان لە سەدەی حەوتەمی کۆچی/سیانزەی زایینیو سەرهەڵدانو گەشەسەندنی چەشنێك لە عیرفان هاتۆتەئاراوە کە بە عیرفانی ڕووکشانەو بەواتایەك بە عیرفانی پووچ پێناسەی دەکات، ئەندێشەی سیاسی لە ئێراندا تووشی زەواڵ و ئاوابوون دەبێتو لەمبارەوە واتە سەبارەت بە گوتاری عیرفانی ڕووکشانە دەڵێت:

«عارفەکان مەنزڵیان لە بازنەی حەیرەتدایەو بنەمای ژیانو تەمەنیان لە سەر "با"یە، بەڵام لە سیاسەتدا بنەما مانەوەیەو ئەندێشەی عیرفانی بە جەختکردنەوە لە سەر بێ سەقامیو هیچو پووچبوونی دونیاو گرنگیدان بە دەروێشیو بێ دەنگیو پەراوێزبوون، ئەمەش هەر لەسەرەتاوە بنەمای هەر هەوڵێك بۆ پەرەپێدانی ئەندیشەی سیاسی تووشی لەرزۆکی دەکات.. بەم بۆنەوە لە ئێراندا کاتێ سۆفیو شێخەکان دەبنە بیرمەندانی قەومو عیرفانی ڕووکەشانەش دەبێتە ئەندێشەی سەرەکی، تێکڕای کەشو هەوای ژیان دەچێتەژێر دەسەڵاتی مەعادو ئاخرەتێك کە ڕێك وەك ئایندارى ڕەسەنو سیاسەت پێناسە دەکرێت».

بەم وەسفەوە تەباتەبایی لەو بڕوایەدایە بە هاتنی مەغوولەکانو زاڵبوونی گوتاری عیرفانی ڕووکشانەو دژە دونیا، بیرگەی مێژوویی ئێرانیەکان تووشی کێشە دەبێتو هوشیاریان هەرێمی واقعییەت چۆڵ دەکاتو لە کونجەکانی سۆفییانە پەناگایەك دەست دەخەنو ئیتر هێدی هێدی پاشماوەی ئەندێشەی مێژوویی پاش هێرشی مەغوولەکان تووشی ئاوابوونێکی درێژخایەن دەبێتو مێژوونووسان دەبنە نووسەرانی دەرگانەی ئەو پادشایانەی کە بکوژی ئێرانیەکان بوونو بەم شێوازە بەرهەمە مێژووییەکانی ئەم دواییەی ئێرانیش دەبنە بەشێك لە گوتاری ئەفسانە لێدان بۆ دەسەڵاتدارانو سۆفییەکان وەك بیرمەندی نوێ قەومو درۆزنەکانی خاوەن عەبای شێخی خەریکی لەنێوبردنی ئەخلاق دەبن، ڕێك وەك ئەو پادشایانەی کە دەستیان بە لە نێوبردنی ئێران کردبوو، ئەوانیش بۆ

له نێوبردنی بنەمای وەشیاری نەتەوەییو یەکیتی کۆمەڵایەتی کەمترین وەستانیان نەبوو. بەم بۆنەوە ئاوابوونی بیرکردنەوە ئاوەزمەندانە گەیشتە شوێنێکی وا تا چەندین سەدەی دواتریش هیچ فەیلەسوفێك لە ئێراندا سەری هەڵنەدا)).

بە گشتی بە بڕوای تەباتەبایی بە زاڵ بوونی دیسکۆرسی شەریعەتو عیرفانی ڕووکشانە، عارفو شێخ دەبنە بیرمەندی کۆمەڵگاو گوتاری پشت کردنەوە لە دونیاو ژیانو دونیا دژی زاڵ دەبێتو بەم هۆیەوە ئیتر ئەندێشەی سیاسی لە ئێراندا تووشی ئاوابوونو بەپەراوێزکەوتنو بەپەراوێزخستن دەبێتو سەرهەڵدانی حکوومەتی سەفەوییش زۆرتر دەسەڵاتێکی دەرویشانە بوو، هاوکاتیش بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی بنەمای ئەندێشەیەکی نوێ لە ئەوروپا کە بە مودێرنیتە ناسراوە، ئێران بە هۆی ئاوابوونی ئەندێشە، تووشی داڕمان دەبێتو لەم دۆخەدا ئەوروپا زەمینەی تازەگەریو مودێرنێتە بە هۆی دروستبوونی بەستێنی گفتوگۆو دیالکتیکی سونەتو تازەگەری بۆ ساز دەبێت، لە ئێران بە هۆی چەندین سەدە ئاوابوونی ئەندێشەی سیاسیو بەردبوونو سفتبوونەوەی سونەت، توانای تازەگەری بەپێچەوانەی ئەوروپاوە ڕوو نادات‌و ئیران تووشی دوورەپەرێزی ئەندێشەی تازەگەریو چاکسازی دەبێت کە دەکرێت وەك داڕمانی ئێران پێناسە بکرێتو پرۆژەی دووەمی تەباتەبایی، تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی «لۆژیکی شکست»ی ئێران لە رووی نوێگەریو تازەگەری کە وەك داڕمانی ئێران پێناسەی دەکات.

لە بیر نەکرێت نوێگەری یان تازەگەری لە لایەن تەباتەبابییەوە بە مانای خولقاندن لە نەبوونو هیچەوە نییە، بەڵکو خولقاندنو تازەگەریو نوێگەری، کاتێ روو ئەدات کە سونەتی هەبووبێت کە شیاوو قابیلی دیالکتیكو گفتوگۆ هەبێتو لێرەوە کە سونەتی ئێرانی بە هۆی ئاوابوونی ئەندێشەوە تووشی (بەردبوونو سفتبوون) ببوو، توانای گفتوگۆی لەگەڵ سونەتی ئێرانیدا نەمابوو، بۆیە ئاسایی بوو کە ئیتر نوێگەریو تازەگەری لە ئێراندا ڕوو نەداتو زەمینە بۆ شکست ئامادە بێتو ئێران تووشی قەیرانی (داڕمان) ببێت.

## دووەم: دارمانی ئێران

پرۆژەی دووەمی تەباتەبایی بەم ڕستەیە واتە «ڕامانێك لە سەر ئێران»و بڵاوكردنەوە سێ كتێبی «ڕامانێك لە سەر ئێران، بەرگی یەكەم، سەرەتایەك بۆ باسی دارمان لە ئێراندا» لە ساڵی (٢٠٠١)، «ڕامانێك لە سەر ئێران، بەشی یەكەم لە بەرگی دووەم، دەسەڵاتی قانوون لە ئێراندا، مەكتەبی تەورێزو بنەماكانی نویگەری خوازی» لە ساڵی (٢٠٠٥) «ڕامانێك لە سەر ئێران، بەشی دووەم لە بەرگی دووەم، دەسەڵاتی قانوون لە ئێراندا، بنەماكانی مەشرووتەخوازی» (٢٠٠٧) دەست پێدەكاتو ئەم پرۆژەییە بۆ ڕامانێك لە سەر ئێرانو پرسی دارمان تەرخان كراوە. ئەركی تەباتەبایی وەك خۆی ئاماژەی پێ دەدات بیركردنەوەیە لە قەیرانی ئێران كە وەك دارمانی ئێران پێناسەی دەكاتو پێوایە بیرنەكردنەوە لە قەیران بە مانای نەبوونی قەیران نیەو تەناتەت ئەوەش واتە بیرنەكردنەوە لە قەیران، ئەسڵی قەیرانەو بەشێكە لەخودی قەیران. بۆیە بە ڕای تەباتەبایی یەكەم هەنگاو بۆ دەربازبوون لە قەیران، بیركردنەوەیە لە قەیرانو ئەم پرۆژەیە لە بەردەوامی پرۆژەی یەكەم واتە ئاوابوونی ئەندێشەی سیاسیە لە ئێران، كە بەستێنی دارمانی شارستانییەتی ئێرانی سازكردو تەباتەبایی بیركردنەوە لە ئاوابوونو دارمانو ڕوونكردنەوەی هۆیەكانی ئاوابوونو دارمانی ئەندێشەو شارستانیەتی ئێرانو






ڕوونکردنەوەی «لۆژیکی شکست»ی ئەندێشەو نوێگەرییە، بە ئەرکی سەرەکی بیرمەندانو فەیلەسووفانی ئێرانو هەروەها یەکەم هەنگاو بۆ پێناسەکردنی قەیرانو هەوڵ بۆ دەربازبوون لە قەیران پێناسە دەکاتو هەر دوو پرۆژەکەی لەم ئاراستەیەدایە.

بەرگی یەکەمی ڕامانێك لە سەر ئێران واتە «سەرەتایەك بۆ باسی داڕمان لە ئێراندا» لە شەش بەشو یەك کۆتایی پێك هاتووە، لە چالدێرانەوە بۆ تورکمانچای، گەڵاڵەیەك بۆ تیۆری دەوڵەت لە ئیراندا، ئێران لە باسی سەفەرنامەکانی بێگانەکاندا، سەفەرنامەکانی ئێرانی، ئەندێشەی سیاسی مێژوونووسان، ئەندێشەی سیاسی سەردەمی تێپەربوونو گەڵاڵەیەك بۆ تیۆری داڕمانی ئێران، بەشەکانی یەکەمی بەرهەمی پرۆژەی دووەمی تەباتەباین.

بەرگی دووەمو بەشی یەکەمیش کە باس لە بنەماکانی نوێگەریخوازی دەکات لە شەش بەشدا نووسراوە، ئاماژەیەکی ناوەخت بۆ مێژوونووسی ئێران، سونەتە کۆنەکانو تیۆری سونەت، دامو دەزگای کۆنەو گەڵاڵەیەکی نوێ، هوشیاری نوێ لە زمانی فارسیدا، باسکردنەوەی دووبارە سەبارەت بە بنەما تیۆرییەکانی مێژووی ئێران، قەیرانی نوێ لە زمانی فارسی، یەکەمین هوشیاری بابەتی پێویستی چاکسازی، بیرەوەرییەکانی حاجی سەییاحو مشتومڕی شێخو شۆخ سەبارەت بە سونەتو نوێگەری بەشەکانی ئەم کتێبە پێکدێنن.

کتێبی سێیەم واتە بەشی دووەمی بەرگی دووەمیش لە نۆ بەشدا نووسراوە، قەیرانی سەرەڕۆییو پەرەپێدانی هوشیاری نوێ، قەیرانی هوشیاریو سەرهەڵدانی چەمکە نوێیەکان، تیۆری چاکسازی ئایینی، یەکەم پەیامە لەبارەی چاکسازی سیستەمی مافناسی، ڕامانێك لە ڕوانگە نوێیەکانی ئەندێشەی ئابووری، تیۆری شەریعەتخوازی لایەنگرانی ئایین، تیۆری مەشرووتەخوازی لایەنگرانی ئاین، میرزای ئایینیو تیۆری مەشروتییەتی ئێرانو باسکردنەوەیەکی دووبارە سەبارەت بە سونەت، بەشەکانی کۆتا کتێبی پرۆژەی دووەمی تەباتەباین کە وەك پرۆژەی دووەمی تەباتەباییو لە ژێر ناوونیشانی ڕامانێك لە سەر ئێران خوێندنەوەی بۆ دەکەین.

## پاش نووسەکان:

١)کێشەساز بەو مانایەی دەمێکە تەباتەبایی بە توندترین شێواز دەستی کردەوە بە ڕەتکردنەوەو ڕەخنەگرتنە توندی لە زۆربەی بیرمەندانو ڕۆشنبیرانو مامۆستایان زانکۆو بەردەوام بە نەخوێندەواری تاوانباریان دەکاتو

له وەڵامیٚ پرسیارێك لەمبارە کە «بۆ کەست قبوڵ نیە» دەڵێت:«وانیە ئەوە قسەی چالاکانی سیاسیەو ڕەخنە لە فەزای گشتی مافی هەموو کەسەو هۆشی ئیمە زبڵدان نیە هەر نوسەرێکی نەخوێنەوار زبڵی تێخاتو پارە بگرێتو ئەم بەرهەم هێنانەو ئەم چەشنە نووسینە بە هۆی نەبوونی ڕەخنەی ڕژدەوە کە پەرەی سەندوە دەبێت فیکرێکی بنەڕەتی بۆ بکرێت» بە گشتی زمانی زبرو تاوانبارکردنی زۆربەی بیرمەندانی بەناوبابگی ئێرانیو زانکۆکانی ئێران لە لایەن تەباتەباییەوە دەمێکە بوەتە کێشەو بەردەوامیشە لەم چەشنە ڕخنەگرتنو ڕەتکردنەوەیە، بڕوانە: گفتگو با سید جواد طباطبايي، تسويه حساب با چريك ها، حامد زارع، منصور هاشمي و قوچان، مهرنامه، تابستان ۱۳۹۲

۲)بستانی (۱۳۹۵)، فیلسوف سیاست، جشن نامه جواد طباطبايي، سر،یراستار حامد زارع، تهران، فلات.۱۷۹

۳) فیلسوف سیاست، جشن نامه جواد طباطبايي، سر،یراستار حامد زارع،تهران، فلات.

٤) طباطبايي، جواد(۱۳۹۲) تاملی در متن های اندیشه سیاسی جدید، مورد شهریار ماکیاولی، تهران، مینوی خرد.

٤) طباطبايي، جواد(۱۳۹۸) ملاحظات درباره دانشگاه،تهران. مینوی خرد.

۷) بڕواننە سیاست نامە.

۸) گفتگو با سید جواد طباطبايي، تسويه حساب با چريك ها، حامد زارع، منصور هاشميو قوچان، مهرنامه، تابستان ۱۳۹۲.

۹) سەیر لەوە دایە لە باری فێربوونی زمانی فارسی لەمبارە دەنووسێت: زمانم تورکی بوو لە دواناوەندی فارسی بە باشی فێربوومو توانیم قسەی پێبکەم

۹) گفتگو با سید جواد طباطبايي، تسويه حساب با چريك ها، حامد زارع، منصور هاشمي و قوچان، مهرنامه، تابستان ۱۳۹۲

۱۰) هەمان، ۱۱) هەمان

۱۳) ئەو کتێبانەی کە تەباتەبایی لە کوربەنەوە وەری گێراوەتە سەر زمانی فارسی ئەمانەی خوارەوەن:

فلسفه ایرانی و فلسفەی تطبیقي (۱۳٦٥) هانری کوربن، تهران، توس،تاریخ فلسفه اسلام (۱۳٦٦)، هانری کوربن. تهران، مینوی خرد. تاریخ فلسفه اسلام(۱۳۸۷)، هانری کوربن. تهران، مینوی خرد و انجمن ایرانشناسی فرنسه، چ ششم.

١٤) لەو سەردەمە ئەو خویندکارانەی خوێندنی زانکۆیان تەواو دەکرد دەچوونە ناوەندێك بە نێوی «سپاه دانش» بۆ ئەوەی ئامادە بن بن بە مامۆستا، چونکە مامۆستا لەو سەردەمە کەم بوو.

۱٥) گفتگو با سید جواد طباطبايي، تسويه حساب با چريك ها، حامد زارع، منصور هاشميو قوچان، مهرنامه، تابستان ۱۳۹۲

۱٦) هەمان، ۱۷)هەمان، ۱۸)هەمان

۱۹) وشەی ئاگاهی بەکار دەهێنیٚ کە چەمکێکی هێگلیەو مەبەستی هوشیاری لە ڕوانگەی هێگلەوەیە

٢٠) مەبەستی لە تەسلوەبی سونەت ئەوەیە سونەت ئەوندە سفت بووەتەوە ئەگەری دواندنو دیالکتیکی سەخڵەت بوو.

٢١) پاش نزیکەی یەك سەدە کارو چالاکی رۆشنبیران، نوێخوازانو سیاسەتوانانی رۆژئاواخوازو دوای دوو کۆبوونەوەی جەماوەری بەرفراوان لەشاری تاران سەبارەت بەپشتیوانی لەحکومەتی یاسا، دەرنجام شای ئێران واتە موزەفەرەدین شای قاجار لەدوارۆژەکانی مەرگی خۆی لەئاست ویستو داخوازییەکانی خەڵكو رۆشنبیران بۆ دابینکردنی حکومەتی یاساو کردنەوەی پەرلەمان، چۆکیداو لەرێکەوتی٦ ئابی١٩٠٦، بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگی مێژوویی واژۆکرد کە بە"بەڵگەنامەی مەشروتییەت" ناسراوەو لەم بەڵگەنامەیدا موزەفەرەدین شا-بەراشکاوی فەرمانی کردنەوەی پەرلەمانو هەڵبژاردنو ئامادەکردنی دەستووری بنەرەتی ئێرانی راگەیاند، ئەم رووداوە لەمێژووی ئێراندا کە بەناوی شۆڕشی مەشرووتییەت ناسراوە، وەکو گرنگترین رووداوی مێژووی هاوچەرخی ئێران پێناسە دەکرێت. بەفەرمانی شای ئێرانو بەپێی بەڵگەنامەی مەشرووتییەت، یەکەم خولی پەرلەمانی ئێران بەئامادەبوونی پادشاهـ لەرۆژی٧ تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٠٦ بەفەرمی کرایەوەو چەندین کەسایەتی بەناوبانگی ئەو کاتەی ئێران، وەك موشیرودەولە، نووسەری بەناوبانگی مێژووی باستانی ئێرانو موئەتەنولمۆلکی برای بۆ ئامادەکرنی پێشنووسی یەکەم دەستووری بنەرەتی ئێران راسپێردرانو ئەوانیش بەکەڵك وەرگرتن لەدەستووری چەندین وڵاتی وەك فەرەنساو بەلجیکاو بولغارستان، یەکەم دەستووری ئێرانیان ئامادەی پەرلەمان کرد. شاـچەند مانگ پاش واژووکردنی فەرمانی مەشرووتییەت (بەڵگەی مەشروتییەت)و کردنەوەی یەکەم خولی پەرلەمانی، لە ١٢ مانگی کانوونی دووهەمی١٩٠٧، کۆچی دواییکرد.

٢٢) درآمدي بر تاريخ انديشه سياسى در ايران، تهران، انتشارات مينوى خرد، چاپ نخست ١٣٦٧، چاپ دهم ١٣٨٨.

٢٣) ئاوابوون (زەوال)ی ئەندێشەی سیاسی لە ئێران،١٦

٢٤) بەشەکانی ئەم کتێبە بریتییە لە : ئەندێشەی سیاسی، چەند تێبینی سەبارەت بە ئەندێشەی سیاسی لە ئێراندا، شێوازەکانی بیرکردنەوەی سیاسی لە ئێراندا، ئیبنی موقەفەعو تەجدودی ئەندێشەی سیاسی ئێرانشاری، رەوتی گۆرانکاری ئەندیشەی سیاسی غەزالی، ئیمتناعی دامەزاندنی ئەندێشەی سیاسی بە پێی ئەندیشەی ئێرانشاری، راڤەی عیرفانیی ئەندێشەی سیاسی ئێرانشاری، موچیاری نووسی سەعدی، چەندین تێبنیی سیاسی لە سەر ئەندێشەی ناسیاسیی عوبەیدی زاکانیو فەزلۆڵلا روزبەهانی خونچیو ژیانەوەی نەزەریەی خەلافەت.

٢٥) بەشەکانی ئەم کتێبەی بریتییە لە: سیاسەت لە ئەندێشەی یۆناندا، سەرهەڵدانی ئەندێشەی سیاسی، ئەفلاتوونو دامەزراندنی فەلسەفەی سیاسی، ئەرستۆو کۆتایی فەلسەفەی سیاسی یونانی، پەرەپێدانی فەلسفەی سیاسی لەسەردەمی ئیسلامیدا، لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تاهێرشی مەغوولەکان، فارابی دامەزرێنەری ئامانجەکانی فەیلەسووفانی یۆنانی، ئەخلاقی مەدەنی مسکویەی رازی، لە ئەبولحەسەنی عامری تا ئەبوو عەلی سینا، ئاوابوونی ئەندێشەی سیاسیو خواجە نەسیریو نووسینی سیستەمی حکیمەتی عەمەلی، زانستنامەی فەلسەفی قوتبەدین شیرازی، جەلالەدین دەوانیو کۆتایی حیکمەتی عەمەلی، لە سەدرەدینی شیرازیەوە تا مەلاهادی سەبزەواری، فەیلەسوفانی ئێرانیو باسێك سەبارەت بە بیرکردنەوەی سیاسی.

٢٦))طباطبايي، جواد( ١٣٩٩) تاريخ انديشه سياسى در ايران، تهران، انتشارات مينوى خرد،لا ٢٢
٢٧) هەمان، لا ٧٠
٢٨) نێوی روزبەی کوڕی دازوییەو پاش ئیسلام هێنان نێوی دەگۆرێتو خاوەن دوو ریسالّەی الادب الكبير وادب الصغير و هەروەها لە سەردەمی خەلیفەی دووەمی عەباسی دوو کتێبی کەلیلەو دمنەو نامەی تەنسەری لە زمانی پالەویەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێراوەو ئیبنی موقەفەع وەك یەکەم پیناسە دەکرێت کە ئەندیشەی ئێرانشاریو تایبەتمەندییەکانی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێراوەو گواستوەتەوە..بڕواننە: طباطبايي، جواد( ١٣٩٩) تاريخ انديشه سياسى در ايران، تهران، انتشارات مينوى خرد،١٣٨-٩١.
٢٩) طباطبايي، جواد( ١٣٩٩) تاريخ انديشه سياسى در ايران، تهران، مينوى خرد ، ٧١-٧٨.
٣٠) بۆ نموونە روزبهانی خونچی خاوەن کتێبی سلوکولملوکی نوێنەری دیاری ئەم سونەتەیە کە وەك پارێزگاری لە مەسەلەی جێنێشینی خەلافەت دژی سەفەوییە بەسوودی خەلیفەی عوسمانی دەوستێتەوە.
٣١) طباطبايي، جواد( ١٣٩٩) تاريخ انديشه سياسى در ايران، تهران، انتشارات مينوى خرد، ٥٦.
٣٢) طباطبايي، جواد( ١٣٨٥) زوال انديشه سياسى در ايران، ويراست دوم، تهران، انتشارات مينوى خرد، ٩٧-٩٨.
٣٣) طباطبايي، جواد( ١٣٩٩) تاريخ انديشه سياسى در ايران، تهران، انتشارات مينوى خرد ، ٧٠-٧٨.
٣٤) طباطبايي، جواد( ١٣٩٩) تاريخ انديشه سياسى در ايران، تهران، انتشارات مينوى خرد، ٧٦.
٣٥) طباطبايي، جواد( ١٣٩٩) تاريخ انديشه سياسى در ايران، تهران، انتشارات مينوى خرد ، ٨١.
٣٦) طباطبايي، جواد( ١٣٧٥) خواجه نظام الملك، تهران، انتشارات مينوى خرد ، ١٣٤-١٣٥.
٣٧) هەمان سەرچاوە: ٩٠
٣٨) طباطبايي،جواد( ١٣٨٥) زوال انديشه سياسى در ايران، ويراست دوم، تهران، انتشارات مينوى خرد، ٧١-٧٢.
٣٩) هەمان سەرچاوە: ٢٠٧-٢١٢
٤٠) طباطبايي، جواد( ١٣٨٥) زوال انديشه سياسى در ايران، ويراست دوم، تهران، انتشارات مينوى خرد، لا: ٥٦٢.
٤١)هەمان سەرچاوە.
٤٢) تأملى درباره ايران، جلد نخست، ديباچه‌اى بر نظريه انحطاط ايران، تهران، مؤسسه نگاه معاصر، چاپ نخست ١٣٨٠، چ. دوم ١٣٨١، چ. سوم ١٣٨٢، چ. هفتم ١٣٨٦. ويراست دوم : انتشارات مينوى خرد.
٤٣) تأملى درباره ايران، بخش نخست از جلد دوم، مكتب تبريزو مبانى تجددخواهى، تبريز، انتشارات ستوده، چاپ نخست ١٣٨٤، چاپ دوم ١٣٨٦. ويراست دوم: انتشارات مينوى خرد.
٤٤) تأملى درباره ايران، بخش دوم از جلد دوم، مبانى نظريه مشروطه خواهي، تبريز، انتشارات ستوده، چاپ نخست ١٣٨٦. ويراست دوم : انتشارات مينوى خرد.

# ڕۆمی

## ڕابردوو و ئێستا، خۆرهەڵات و خۆرئاوا
## ژیان و وانەو هۆنراوەی جەلالەدینی ڕۆمی



(بەشی دووەم)

فرانكلین دی. لویس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد سوڵتان

# نەسكی یەكەم

## باوانی ڕۆحیی ڕۆمی

هەرچییەك بێت، لەناو مەلاكاندا وا باو بوو ڕایەكانی خۆیان ببەنە لای مەلاكانی تر، هەوڵ بدەن ئیمزای ڕەزامەندییان بەدەست بهێنن. ڕێی تێدەچێت فەتواكانی بەهادین بە ئیمزای "سوڵتانی دانایان" ڕەوانەی لای قازی وەخش كرابێت. قازیش ئەو نازناوە بوێرەی سڕیبێتەوە تا ئاماژە بكات بۆ پلەی نزمی بەهادین لە پلەبەندیی داناكاندا. ئاشكراشە ئەگە كەسێك ڕێزی هەموو مەلاكان بباتەوە، بەهۆی شۆرەت یان شۆرەتی مامۆستایەكییەوە، پێویستیی بە خەونێك نیە تا ئەوانیتر قەناعەت بە پلەوپایەی بكەن. لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە. ئەمەش بۆمان ڕوون دەكاتەوە كە لە خەڵكانی ڕۆح وریا دركیان بە شایستەیی‌و پایەی بەهادین كردووە، ئەمە ئەو تەرزە مرۆڤەیە كە سۆفییەكان لەپێناوی هەستیاریی‌و میزاجی ئاینییاندا ڕێزی لێدەگرن، نەك لەپێناو كاری دنیایی‌و زانستییدا.

ئەمە بۆمان دەردەخات كە بەهادین لە وەخش نەیدەتوانی لافی ئەوە لێبدات كە خاوەنی شۆرەت یان پایەی مەزنە لەنێوان زاناكاندا. تەنانەت ڕۆمیش ئاماژە ناكات بۆ باوكی لە دیوان یان مەسنەویدا، گەرچی ئێمە تا ڕادەیەك ئەمە دەگێڕینەوە بۆ میانڕۆیی‌و ئارەزووی شانازیی نەكردن (هەرچییەك بێت، هەموو كەسێك لە ئەڵقەكەی ڕۆمیدا بە باشیی زانیویەتی كە باوكی كێیە). ڕۆمی لە كتێتی فیهی ما فییهیدا بە ناو ناوی بەهادین دێنێت (فیهی ١٢-١٣و ١٧٧) كە تۆماری چەند وانەیەكن بۆ موریدە ڕاستەوخۆكانی، كە بەهادین بەلایانەوە ئاشنا بووە، جا چ خۆیان ناسیبێت، یاخود لەتوێی گێڕانەوە زارەكییەكان پێی ئاشنا بووبن. لەمەشەوە دەتوانین دەرەنجام بكەین كە باوكی ئەوەندە نێودار نەبووە كە ناوی بڵاو بووبێتەوە. بڕێك ناڕوونیش لەبارەی وەزیفەكەیەوە هەیە كە لەكۆی (٥٥) وازعیزو مەلای وەخش، ئەوەی ئەم لە ئاستی ناوەند یان خوارتردایە، لەپاڵ بزربیی نوسراوو تۆمار دەربارەی بەهادین، چونكە فەرهەنگ‌و ژیاننامەی ناسراوان یان سەرچاوە هاوچەرخەكانی دیكەیە، باسی ناكەن، ئەمەش ناچارمان دەكات كە بڵێین ئەو ماوەیەی بەهادین لە خوراسان بووە، نازناوی

"سولّتانی زانایان" زۆر بەکارنەهاتووە. ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە ئەوەی پەیوەندیی بە میر یان فەرمانڕەواوە هەبێت، ئەو زیاتر دەناسرێت، بۆیە لەوانەیە خۆبەدوورگرتنی بەهادینیش لە خوارەزمشا هۆی پشتگوێخرانی بووبێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوە شتێکی سەیرە" بەهادین ئامادە نەبووە ببێت بە مەلایەکی سولّتانیی، کەچی ئەوەندەش ڕێزی هەبووە، بەتایبەتی لەناو ئەو بازنە سنوردارەدا کە یادەوەریی ئەوو سولّتانی زانایانی ئایین ناسیوە.

قازی وەخش ڕازی نەبوو سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی شارەکە بدرێتە بەهادین، گوایە لەو ئاستەی زانیندا نیە" بەهادینیش کێبڕکێی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە پرسە ئاینییەکاندا کرد، بەڵام قازی ڕازی نەبوو بەرەنگاری ببێتەوە، بەڵکو هەوڵیدا ئەو کەسانە بتۆقێنێت کە مەیلیان بەلای بەهادیندا بوو. بەهادین لە جێگایەکی دیکەدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن پەست بووە لەوەی قازی ئیبراهیم (ڕەنگە هەر هەمان قازی وەخش بێت) لەکاتی دواندنی کوڕەکەی بەهادیندا، هیچ نازناوێکی ڕێزگرتنی بۆ باوکی بەکارنەهێناوە، لەکاتێکدا کوڕەکەی بەهادین قازیی بە نازناوەکەی خۆی دوواندووە. بەهادین باسی حاجی سدیق‌و ناسیحی کوڕی دەکات گوایە زۆر دژایەتییان کردووە. وادیارە ڕقەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دیبەیتێك لەبارەی پرسێکی ئاینییەوە، کە ڕۆژێکی هەینی، ساڵی ١٢٠٨، دوای نوێژ ڕێکخرا، ئەوکاتە ڕۆمی شیرەخۆرە بووە. خاتونێکیش کە ناوی دایکی شوعەیب بوو، لە دیبەیتەکە ئامادە بوو، ئەویش هەر ڕقی لە بەهادین بوو. پیناچێت ئەمانە کەسانی بەدەسەڵاتی وەخش بووبن، بەڵام بەهادین بۆ ئەنجامدانی دیبەیت کێبڕکێی کردن.

ئەفلاکی، جگە لە قازی وەخش، باسی ژمارەیەکی زۆری زانایان وەك فەخری ڕازی‌و قازی زەینی فارازی، جەمالەدینی حەسیری، عەمیدی مەروزی، ئیبن قازی سدیق، شەمسەدینی خانی، ڕەشیدی قوباعی، دەکات. هەریەك لەمانە زانایەکی گەورە بوو، بۆیە چاوی بە پایەی بەهادیندا هەڵنەدەهات. دوای ئەوەی بەهادین شۆرەتی بڵاوبۆوە، ئیتر ئەوان زۆر بە ڕەقی‌و لە ئیرەییدا تێی بەربوون‌و هەوڵیاندا سووکایەتی‌و خراپەی لەگەڵ بکەن "ئیتر ڕەفتاری زانایانی سەردەمەکە وابوو، خوا بیانبەخشێت." ئەفلاکی کۆی ئەم ماوەیە بە ساڵی ١٢٠٨ دەستنیشدان دەکات. وادیارە بەهادین دوو ساڵی دیکەش لە وەخش ماوەتەوە.

## خێزانی وەلەد هەڵدەکەنرێت

بەهادین تا ئەیلولی ١٢١٠ لە وەخش مایەوە، دواتر لە ماوەی نێوان ١٢١٠و ١٢١٢ دا لە سەمەرقەند مایەوە، تا ئەو کاتەی خوارەزمشا دەستی بەسەردا گرت. دوای ئەوەش چەند ساڵێك هەر لە خوراسان مانەوە، دوای ئەوە ناوچەکەیان جێهێشتو هەرگیز نەگەڕانەوە. ڕۆمیش لە ساتەوەختێکی کۆتایی ژیانی خۆیدا، لە کۆتاییەکانی سەدەی سیازدەی زایینی، لە پرسی فەناو لەناوچوون ورد دەبێتەوەو لە مەسنەوییەکەیدا یادی منداڵیی خۆی لە وەخش دەکاتەوە:

**ئاوەزی سنوردار پرشنگی ڕووناکییە**
**ناتوانین بەم پرشنگەوە بچین بۆ وەخش**
**پرشنگی ڕووناکی ڕێنمای ڕێگا نیە**
**بەڵکو هەوری پڕ لە گرمەو هاڕەیە** ....... (مەسنەوی، ٤، ٣٣١٩-٢٠)

ڕێك دوای ڕەوکردنیان بۆ سەمەرقەند لە دەوروبەری ساڵی ١٢١٢دا، ئیتر یادەوەریی و ئاخاوتنەکانی ناو کتێبی (مەعاریف)ی بەهادین وەلەد کۆتاییان دێت، لێرەدا (ڕۆمی) تەمەنی پێنج ساڵانە. ڕۆمی کەم باسی مێژووی خێزانەکەی دەکات، سوڵتان وەلەدیش وردەکاریی زیاترمان پێنادات. جگە لەوەش سوڵتان وەلەد لەکاتی مردنی باپیریدا زۆر لەوە بچووکتر بوو کە ڕاستەوخۆ باسەکان لە دەمی بەهادینەوە ببیستێتو لە یادەوەرییدا هەڵی بگرێت، دواتر لە کتێبەکەی خۆیدا (ئیبتیدانامە) لە شێوەی شیعردا دەردەکەوێت. سوپاسالارو ئەفلاکی، هەردوکیان وردتر باسی ڕەوکردنی خێزانەکەی وەلەد دەکەن، لەوەی لای سوڵتان وەلەد هەیە. بەڵام ئەمان پشت بەو گێڕانەوە زارەکییە ئەفسانە ئامێزانە دەبەستن کە لەناو شوێنکەوتووە ڕۆمییەکاندا باو بووەو نزیکەی سەد ساڵێك دوای کۆتاییهاتنی گەڕانی خیزانەکە سەریانهەڵداوە. کتێبی (مەناقیب)ی ئەفلاکی وەسفێکی وردی هێڵی گەشتەکەمان بۆ دەکات، کە نزیکەی دە ساڵێکی خایاندووە تا دواجار لە قونیە نیشتەجێ بوون.

هەرچۆنێك بێت، ناتوانین متمانە بە هەر شتێك بکەین کە لەم سێ سەرچاوەیەدا دەیخوێنینەوە، ناتوانین بە دروستی دابنێین، تەنانەت ناتوانین بە شێوەیەکی گشتییش بە ڕاست لە قەڵەمی بدەین. چونکە ئەم گێڕانەوانە زیاتر گرنگیی بە پرسە سیمبولییەکان دەدەن، زۆر گوێ نادەنە هەقیقەتەکان. نوسەرانی مەناقیب هەموویان، بە سوڵتان وەلەدیشەوە، بەهادین وەلەدیان بردۆتەوە بۆ بەلخ، جا ئایا هۆیەکەی ئەوەیە کە زیدی

باپیرانیانە، یاخود گەورەترینو نێودارترین شاری ناوچەکەیە! کەچی خەڵکی ئەنادۆڵ، بەحاڵ ناوی وەخشیان وەك زیدی ڕاستەقینەی ئەوان بیستووە. هەربۆیە دەبێت گومانیشمان هەبێت لەو هۆیانەی سوپاسالارو ئەفلاکی لەبارەی ڕەوکردنیانەوە لە وەخش پێشکەشی دەکەن. نوسەرانی مەناقیب کۆمەڵێك شت دەڵێن، لە ترسی مەغۆل هەڵاتوون، یان مشتومڕکردنی لەگەڵ خوارەزمشاو کێشەی لەگەڵ فەخری ڕازیدا. ئێمە بە باشی نازانین بۆچی، یان تەنانەت کەی خێزانی وەلەد سەمەرقەندو خوراسانیان جێهێشتووە. سەرچاوەکانمان کۆکن کە پێش ئەوەی لە ساڵی (١٢٢١)دا بەڵخ بکەوێتە دەستی جەنگیزخانەوە ئەوان ڕۆیشتوون. ئەفلاکی شتی ناکۆك دەڵێت، ئەو زانیارییانەی ئەو تۆماری کردوون، پێمان دەڵێن کە چوارپێنج ساڵێك پێش ئەو بەرواره ڕۆیشتوون. کەواتە، با لەنزیکەوەو بە وردیی بڕوانینە ڕووداوەکان.

ئێمە دەزانین کاتێك خوارەزمشا گەمارۆی سەمەرقەندی دا، بەهادین وەلەد لە سەمەرقەند لەژێر سایەی عوسمانی فەرخانیدا بوو کە (ماوەی نێوان ١٢٠٤-١٢١١دا فەرمانڕەوا بووە). ڕۆمی خۆی لە ئاخاوتنی ژمارە (٤٥) ی کتێبی (فیهی ما فیهی-لا:١٧٣)دا باسی ئەو گەمارۆیەی خوارەزمشا دەکات، کە چۆن خاتونێکی خانەدانی زۆر قەشەنگ، کە دراوسێیان بوو، بەدەم دوعاوە خۆی دایە دەستی خودا، دەپاڕایەوە تا نەکەوێتە چنگی پەلامارەدەران (دەترسا لاقەی بکەن، یان دیلی بکەنو بیکەن بە کەنیزەك). کە داگیرکەران کەوتنە ڕاوڕووتکردن (٥٧) کەنیزەکی ئەم خاتوونەیان بردو ئازاری خۆیان نەداو وازیان لێهێنا "گەرچی زۆریش جوان بوو"، ڕۆمی ئەم ڕووداوە وەك بەڵگەیەك بۆ کاریگەریی نزاکردنو خۆ بەخودا سپاردن دەهێنێتەوە. بەپێی ئیبن ئەسیر، گەمارۆکەی خوارەزمشا بۆ شاری سەمەرقەند لە کاتێکی نزیکی ساڵی ١٢١١دا بووە، بەڵام جوەینی لە (تاریخی جهانگوشا)کەیدا ساڵی ١٢١٢ یان ١٢١٣ی بۆ دادەنێت، کە دەشێت ئەمیان وردتر بێت. ئەم ڕووداوە نەزکێکی بەهێزی لە دەرونی ڕۆمیدا دانا، کە لەو ماوەیەدا کوڕیژگەیەك بوو. وادیارە لە ئەزمونی تایبەتەوە باسی جوانیی ئەو ژنە دەکات. لە جێگایەکی دیکەی فیهی مافیهی (١٥٩)دا ئاماژە دەکات بۆ شاهیدان (ژنان)ی خوارەزمو ناوبانگی جوانییان، ڕەنگە لە سەمەرقەند هەندێکیانی بینیبێت. دەبێت لە کاتی گەمارۆکەدا کوڕێکی چوار تا شەش ساڵان بووبێت، ئەوەندە بچووك بووبێت کە بواری بدەن لە ژووری ژنان لەگەڵ دایکیو ژنانی دیکەدا بمێنێتەوە، لەکاتێکدا کە سەروقژیان ڕووت دەکەن.

## فەخری ڕازی

فەخری ڕازی (١١٤٨–١٢٠٩) کوڕی خەتیب بوو، باوکیشی واعیزێکی نایاب بوو. پیاوێکی دانا بوو، زیاتر وەك موتەکەلیمو فەیلەسوف یادی دەکرێتەوە. لە مەسایلی کەلامدا ئەشعەری بوو، لەگەڵ موعتەزیلەی خوارەزم لە زۆراندا بوو، لە کۆتاییدا ناچار بوو ناوچەکە جێبهێڵێت. عەلادین محەمەد خوارەزمشا، لە هیرات مەدرەسەیەکی بۆ دروست کردووە، زۆربەی ژیانی لەوێ ژیاوەو زۆرێك لە کیرامییەکانی بەرەو ئەهلی سوننە وەرچەرخاندووە. ڕەنگە ڕازی نێودارترین زانای خوراسانی سەدەمی خۆی بووبێت. لای هەمان ئوستاد خوێندوویەتی کە وانەی بە شەهابەدینی سوهرەوەردی فەیلەسوفی ڕۆشنگەرا وتووە، واتە مەجدەدینی گیلانی. ئەویش وەك سوهرەوەردی فەلسەفەی پیاسەکەرانی ئەرەستۆو ئیبن سینای ڕەتکردەوە. جارێکیان بە ڕێکەوت بنقودوەی سەرۆکی کیرامییەکان دەبینێت، بەوەش تۆمەتبار دەکرێت بە هەڵگەڕانەوەو ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

ڕازی پیاوێکی شکۆداری باڵا مامناوەندی بوو، لەشێکی پڕی هەبوو، ڕێکپۆش بوو، ڕدێنێکی پڕو دەنگێکی بەجۆشی هەبوو. کە سەفەری دەکرد نزیکەی سێسەد شاگرد دەوریان دەدا، ئەمەش بەر لە هەموو شت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نازەی دەسەڵاتی سوڵتانیی خوارەزمشا پێی دابوو، کردبووی بە موتەکەلیمو سەرکردەی ئاینیی دەسڕۆیشتوویی بێهاوتا لە خوراسان. ڕازی لە ساڵی ١٢٠٩دا لە هیرات مرد، پێشتر لە ڕۆژی ٢٦ی تەموزی هەمان ساڵدا وەسێتی خۆی نوسیبوو.

ڕازی زۆر لووتبەرز بوو. ڕەنگە ئەمەش وایکردبێت خەڵك ئیرەیی پێ ببەن، بەڵام شیهابەدینی مەقدیسی لە "تەراجیمی ڕیجالی قەرنەین"داو سبتی بنجەوزی لە "میرئاتی زەمان"دا دەڵێن ڕازی سوودی لە هاوشێوەیەی ناوی خۆیو ناوی پێغەمبەر وەردەگرت. ڕازیش ناوی محەمەد بوو، وەك ناوی پێغەمبەر. لە شاری ڕەی، نزیك تارانی ئێستاوە هاتبوو، بە دانیشتووی ئەو شارەش دەوترا ڕازی، ئەم پیاوە محەمەدی ڕازی بوو لەپێش ناوەکەیدا نازناوی تەشریف "فەخرەدین"ی پێوەبوو. لای فارسەکانیش محەمەدی پێغەمبەر بە ناوی "محەمەدی تازی"یەوە ناسرابوو. فەخرەدین دەیووت "محەمەدی تازی واو وای وت، وەلێ محەمەدی ڕازی واو وا دەڵێت...". ئەمەش زۆرێك لە بیستەرانی تووشی شۆك کردو بە لوتکەی ڕووقایی لە قەڵەمیان دا، ئاخر چۆن دەبێت کەسێك ناوی

خۆی لە یەك هەناسەدا لەگەڵ پێغەبەرو بەوجۆرە بەدفەڕە بهێنێت، کە وادەربکەوێت سوودی بەد لە پێغەمبەر وەردەگرێت.

ڕابەری ڕۆحیی ئاییندەیی ڕۆمی، شەمسی تەبریزی ئەمەی بەم دەستەواژانەی خوارەوە وتووە: ڕازی چۆن زات دەکات بڵێت: محەمەد تازی (عەرەب) واو وا دەڵێتو محەمەد ڕازیش واو وا دەڵێت. ئەمە هەڵگەڕاوەی زەمان نیە؟ ئەمە کافری موتڵەق نیە؟ مەگەر تۆبە بکات. بۆچی خراپە لەگەڵ خۆی دەکات؟ بە شمشێرێکی تیژ لە خۆی دەدات؟ چ شمشێرێکیش! بەندەی خودا بەزەیی پێیدادێتەوە، خۆی بەزەیی بۆخۆی نیە. (مەقالات ٢٨٨)

بەپێی ئەفلاکی، ڕۆمیش باسی ئەمەی کردووە. لە جێگایەکی دیکەدا، شەمسەدینی تەبریزی گاڵتە بەو قسەیە دەکات کە دەڵێت فەخری ڕازی لە جونەید یان بایەزید باشتر بووە، بگرە لەوانەیە لە یەك هەناسەدا لەپاڵ ئەو شێخانەی تەسەوفدا ناوی بهێنرێت، تەنانەت ئەگەر ڕازی پێنجسەد لاپەڕەو بگرە هەزاریشی لە لێکدانەوەی قورئاندا نوسیبێت.(مەقالات ١٢٨). شەمس ئەو بە فەیلەسوف یان شتێکی لەوجۆرە دادەنێت" کە خوارەزمشای بینیوەو خۆی تێهەڵسووە بۆ بەدەستهێنانی عەبای شەرەف (مەقالات ٦٥٨). شەمس وەها وێنای ڕازی دەکات کە شانازی بە کتێبەکانیو لێهاتووییەوە لە هەموو بوارەکانی زانستدا، بەتایبەتی فەلسەفە، دەکاتو لافی ئەوە لێدەدات هەموو کتێبێکی تێدا خوێندۆتەوە، هەر لەزەمانی ئەرەستۆوە تاسەدەمی خۆی (مەقالات٦٥٨-٩). ئەمە پێمان دەڵێت ڕازی دوای مردنیشی لە خۆراوای ئێران ناوبانگی هەبووە، وەك چۆن لە ژیانیدا لە خوراسان ناسراوە، بەڵام لای ئەوانەی مەیلیان بەرەو لەخواترسیو سۆفیگەریی بووە، نا.

وەك شەمسی تەبریزی وتی، دواجار فەخری ڕازی تۆبەی کرد. لە وەسێتەکەیدا، کە بە ئەبوبەکری ئەسفەهانی شاگردی نوسییەوە، تۆبەو ئیستیغفاری لە کەلامو فەلسەفە کرد کە بەشی زۆری ژیانیان داگیرکردبوو. ئەوەشی وت کە ڕەخنەگرتنی لە وتەی خەڵکانی نێودار، تەنها بۆ هەژاندنی هەستی خەڵکی زرنگ بووە. ئەگینا ئەم لقانەی زانست جگە لە هەراو هوریا هیچی تر نەبوون، وەك دەهۆڵێکی گەورە وان، ناویان بۆشە. ڕازی چامەیەکی عەرەبیشی نوسی، کە هەمان ئەم هزرانەی لەخۆ گرتووەو پێش وەسێتەکەی بۆی هاتووە:

**ژیانی مشتومڕ هیچی تیانەبوو**
**وتی وتیمان تیا کۆکردەوە**

شەمس یەکێك لەبەیتەکانی ئەم چامەیەی لە مەقالاتی خۆیدا وەرگرتووە، دەڵێت کە ڕازی لە سەرەمەرگیدا هەر دەیووتەوە:

**ڕووبەری ئەقڵ دەورەی گیراوە**
**ڕەنجی زانایان بە هیچ گەڕاوە**

بڕگەیەکی مەسنەوییەکەی ڕۆمی ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەم چامەیەی ڕازیو تۆبەی ناو وەسێتەکەی دەکات. بڕگەکە لەنیوان جەختکردن لەسەرئەوەی لە ژیانیدا کەسێکی لەخۆبایی بووەو لە کۆتاییشدا حیکمەتی دۆزیوەتەوەو داوای لێخۆشبوونی کردووە. (مەسنەوی، ٤، ٣٣٥٤ – ٧):



**زۆر دەکۆشی تا بەکەی کۆتایی حاڵ**
**خۆت دەڵێی ئەوجا کەوا عەقڵە عەقاڵ**
**وەك ئەو فەیلەسوفەی ئەو ڕۆژە کەمرد**
**خۆی کە بینی عەقڵەکەی هیچی نەکرد**
**ئەو ساتە خۆی پێ لێدەناو دەشیوت**
**بێ سەبەب وا ئەسپی عەقڵم دەئاژوت**
**ڕووم وەرگێڕا سەیری خەڵکم کرد بە حاڵ**
**کردم مەلە من لەناو بەحری خەیاڵ**
**دۆستی چی تۆ کەوتیتە بەحری ڕووح**
**نیە چارەت بێ بە غەیری کەشتیی نووح**

بڕگەیەکی دووهەمیش کە لەوانەیە هەر ئاماژە بێت بۆ ڕازی، کە باسی حاڵی شێر دەکات، کە هەر فەخرەدینە، بەهۆی لەخۆباییبوونی گەوجانەیەوە کەوتۆتە ناو داوی کەروێشکێکەوە (مەسنەوی ١، ١٣٥٠). ڕۆمی ڕاشکاوانە ئاماژە بە فەخری ڕازی دەکاتو جارێك ناوی دەهێنێتو وەك ئەو پیاوە وەسفی دەکات کە بە تەنها بە ڕێگای ئەقڵدا ڕۆیشت (مەسنەوی ٥، ٤١٤٤-٥):

**لەم گەڕانە گەر عەقڵ ڕێبین بووبێ**
**فەخری ڕازی ڕازدانی دین بووبێ**

**ئەوەی نەیچەشت تێنەگەشت و ڕێ نەزان**
**ئەقڵ و ئاوەز چوون و ئەویش ما حەیران**

بەهادینیش ڕازی بە گەورە نەدەبینی. بەهادین وەلەد دنیاگەرایی فەخری ڕازیی‌و هاوڕێیەتی کردنی فەرمانڕەواکانی بەلاوە قێزەون بوو. وەك ناڕەزایی ئەم وتانەی زەینی زەرویە دەربارەی ڕازی، دەخوازێتەوە:

لە جومعە مزگەوتی هیرات، مەجلیسەکەی فەخری ڕازی جێگەی کەسی دیکەی تێدا نابێتەوە. هەموو شەوێ مۆمیان بەدەستەوەیەو دێن، تا شوێنی خۆیان بگرن، ئەو شێخی ئیسلامە لە هیرات. خوارەزمشا کەسێکی خۆی، بە پشتێنە زێڕینەکەی‌و تەقیلە زیوکەفتەکەیەوە دانابوو، تا ڕووی کردە هەر کوێ‌و بۆ هەر جێگایەك چوو، ئەو لە خوار مینبەرەکەی ڕازییەوە دابنیشێت.

بگرە ئاماژەشی کرد بۆ ئەوەی کە فەخری ڕازی‌و خوارەزمشا بیدعەسازن، لادەرن لە کاری دین، بەڵام ڕووبەڕوو ئەم ناتۆرەیەی پێ نەوتوون. وێڕای ئەوەش، بەهادین دەڵێت جارێکیان لە خزمەتی خوارەزمشاو زەینیکیشی‌و فەخری ڕازی‌و ژمارەیەك لە بیدعەسازاندا، وەعزێکی داوە. واعیزو پیاوی دین بۆیان هەبوو لە چوارچێوەی وەعزەکەیاندا بڕێك لادان بکەن بە مەبەستی ئامۆژگاریی کردنی فەرمانڕەوا، ڕەنگە بەهادینیش لەم بۆنەیەدا شێکی وتبێت‌و سنوری بەزاندبێت‌و ئەوانی تووڕە کردبێت. ئەگەر مەسەلەکە وابێت، ئەوە لە ژیانی فەخری ڕازیدا ڕووداوێکی گرنگ نەبووە، چونکە ئەو لە کتێبی مونازەرەکانیدا ناوی بەهادین ناهێنێت، کە تێیدا ئەو مشتومڕانەی تۆمار کردووە کە لەگەڵ شافیعی‌و حەنەفی‌و ئەشعەری‌و ماتوریدییەکاندا کردوونی، یان کە کتێبی "پوختەی هزری پێشینان و پاشینان"دا هەر باسی ناکات، کە دانراوێکە لە هزری دینی‌و فەلسەفیە کۆن‌و هاوچەرخەکانی خۆیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، خێزانی وەلەد لەساڵی مردنی ڕازیی یان دوو ساڵ پێش مردنی ئەو، خێزانی وەخشیان جێهێشت، دەرچونیشیان لە خوراسان چەندین ساڵ دواتر بوو. بۆیە، ناکۆکی نێوان بەهادین‌و فەخری ڕازی هەرچی بووبێت، هۆی ڕاستەوخۆی ڕۆشتنی بەهادین نەبووە. بۆیە سەرچاوەکانمان جگە لە سوڵتان وەلەد، لەمەدا بەهەڵەدا چوون، ئەمیان ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی فەخری ڕازی بەهیچ جۆرێك بەهادینی نەبینیوە. ئەگەر

فەخری ڕازیی (یان لەم بارەیەوە ئیبن سینا یاخود ئەبو حەنیفە) بەهادینیان بینیبێت، ئەوە لە منداڵانی مەدرەسە دەچن، لانیکەم بەپێی سوڵتان وەلەد.

## خوارەزمشا

خوارەزم، مەملەکەتێك بوو لەسەر کەنارەکانی باشوری خۆرئاوای دەریای قەزوێن، لە چارەکی کۆتایی سەدەی دوازدەدا، لە سایەی فەرمانڕەوایی عەلادین تەکش (١١٧٢-١٢٠٠) کە سەلجوقییەکانی لە خۆرهەڵاتی ئێران وەدەرنا، زۆر گەشەی کرد. عەلادین محەمەدی کوڕی کە جێنشینیشی بوو، لە ساڵێ ١٢٠٠دا چووە سەر تەختو لە ساڵی (١٢٠٤) موعیزەدینی غوریی لە خوراسان دەرکرد. بۆیە سەرنجەکەی بەهادین سەبارەت بە بیدعەسازیی خوارەزمشا، دەبێت مەبەست لێی عەلادین محەمەدی بووبێت" ڕەنگە ئەو قسەیەشی لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠دا کردبێت" ڕەنگە دوای ئەوە بێت کە خوراسانی داگیر کرد، بەڵام پێش گەمارۆدانی سەمەرقەندە لە (١٢١١ یان ١٢١٣)، چونکە کۆمێنتەکانی بەهادین بۆنی ئەوەیان لێدێت کە فەخری ڕازی هێشتا زیندوو بووە. لە گۆشەنیگای ئەهلی سوننەوە، بەهادین باشی پێکاوە کە خوارەزمشا عەلادین محەمەدی بە بیدعەساز داناوە، چونکە لە دەوروبەری ساڵیی ١٢١٧ یان ١٢١٨دا، ڕەنگە دوای ئەوەی خێزانی وەلەد گەیشتبوونە ئەنادۆڵ، خوارەزمشا ڕایگەیاند کە خەلیفەی موسڵمانان بە کەڵکی فەرمانڕەوایی کردن نایەت، کەسێکی ئالی بەیتی عەلی وەك دژی ئەو بە خەلیفە بانگ کردو بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

سوپاسالارو ئەفلاکی دەرچوونی بەهادین لە خوراسان دەبەنەوە بۆ ململانێ لەگەڵ خوارەزمشادا (بە هەڵە ناوی دەنێن جەلالەدین خوارەزمشا). سوڵتان وەلەد دەڵێت بەهادین لە خوارەزمشا پەست بوو، بەڵام ئۆباڵی ڕەوکردنی دەخاتە ئەستۆی خەڵکی بەڵخ کە بەردەوام بێزاریان دەکرد. دوای ئەوەی خوا بەهادین وەلەدی والێکرد بڕوات، سزای دانیشتوانی بەڵخی دا. ئیتر، مادام سوڵتان وەلەد باپیری خۆی وەك قوتبی زەمان دەبینێت، ئەوا دەبێت سزای یەزدانی ئەوانە بگرێتەوە کە ئازاریان داوە، لە قورئاندا هاتووە ئەوانەی پەیامبەرەکانی خوا ڕەتەکەنەوە، ئەویش خراپیان بەسەر دێنێت، هەر لە سەردەمی لووتەوە شێوازی کارەکانی خوا ئاوا بووە. سروشت بۆشایی پەسەند ناکات، ڕێی تێدەچێت سوپاسالار کە دەستی گەیشتبوو بە کتێبی (مەعاریف)ی بەهادین، لەو بڕگەیەی باسی بیدعەسازیی خوارەزمشاو فەخری ڕازیی دەکات، دەرەنجامی ئەوەی

کردبێت کە پەیوەندیی هەیە بەوەوە کە خەڵکی بەڵخ تەنگیان بە بەهادین هەڵچنیبوو. دوای ئەوەی ئەفسانەکە وێنە ئاکارییەکەی خۆی وەرگرت، لە کێشمەکێشی موڵکی ڕۆحیی و دنیاییدا، کە چەندین جاری دیکەش لە بەرکەوتنی بەهادین لەگەڵ پادشایانی دیکەی خۆراوادا، دووبارە دەبێتەوە.

## پاڵنەری دیکە

کتێبی مەناقیبی ئەولیا بەهادین زۆر وەها وێنا دەکات کە زۆر حەزی لە لیاقەتی پێوەستبوون بە پادشاو میرانەوە نیە، ئەوانەی کە لە ڕووی دینییەوە بەشێوەیەکی حەرامکراو یان گوماناویی ڕەفتاریان دەکرد، یاخود نەیدەویست خزمەتو بەخششەکانیان وەربگرێت. ئەوەی لە مەعاریفدا دەیخوێنینەوە، ئەمە دەسەلمێنێت. ڕەنگە بەهادین هەستیکردبێت کە دوای ئەوەی خوارەزمشای تۆمەتبار کرد، ئیتر مانەوەی لە مەملەکەتەکەیدا لەخواترسی یان دانایی تێدا نیە. لەوانەشە دڵنیا بووبێت کە لەو خاکەدا، جەماوەرێکی بەرینی نابێت، چونکە هزری ڕازی باڵی بەسەردا کێشاوە. ڕەنگە بۆ ئەوە لە وەخش دەرچووبێت کە کەسێکی دیکە بدۆزێتەوە تا لە سایەیدا بژی، کە ئەهلی خواناسی بێتو بارودۆخی بۆ بڕەخسێنێت تا چالاکییە وەعزییەکانی فراوانتر بکات، چونکە بە بەختی خۆی لە وەخش ڕازی نەبوو، خەونی بە نیشتمانێکی جیهانییەوە دەبینی:

بە دڵمدا هات: چۆن لە وەخش بمێنمەوەو ئەوانیتر لە سەمەرقەندو بەغداو بەڵخو شارە جوانەکانن، من لەم گۆشەیەدا بێ پرشنگو بریقەو هەروا تەوەزەل ماومەتەوە؟ خودا سروشی ئەم هزرەی پێدام:

"ئەگەر لەگەڵ من بیت، من هاوەڵت دەبم، تۆ لە هیچ جێگایەك نابیت، نە وەخش، نە بەغدا یان سەمەرقەند. لەگەڵ هیچ کەس نابیت، بریقو باقت نابێت، نیکیو هونەرت نابێت. بەڵام ئەگەر لەگەڵ من نەبیت، بۆ هەرکوێ بچێت دڵت دەگوشرێتو وێڵو سەرگەردان دەبیت. هەرکەس هاوڕێیەتی منی پێبڕا، چیتر ناتوانێت زەلیلیی هاوڕێیەتی کەس بکات، جگە لە من."

بڕیاری دەسپێکردنی سەفەرەکە پێشتر درابوو، چونکە دەبینین بەهادین کە حاڵەتی دەرونیی خۆی وا وەسف دەکرد کە فشەڵە، وردە وردە خۆی بۆ زەحمەتی ڕێگای چاوەڕوانکراو ئامادە دەکات.

هاوکات، ڕەنگە گۆڕانکارییەکان، یان نیگەرانیی لە بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی وەخش، هۆیەکی دابێت بە بەهادین ترسی دوورخستنەوە یان بەندکردنی هەبێت. لە ساڵیَ ١٢١٣ دا، بگرە ڕەنگە سالی ١٢١٠ش بووبێت، خێزانەکە گوێزایانەوە بۆ شارێکی گەورەتر، شاری سەمەرقەند، کە لایەنگیرانی قەرەخانی کۆنترۆڵیان کردبوو، قەرەخانییە نامووسوڵمانەکان، ئەوانەی وشەی خەتای لە ئیمپراتۆرییەکەی ئەوانەوە دێتو بەسەر چیندا دەبڕێت. لەماوەی چوار ساڵی گەمارۆی سەمەرقەنددا، بەهادین بە یەکجاریی خوراسانی جێهێشت، گەرچی لەوانەیە لە سەرەتادا بۆ ماوەیەك گەڕابێتەوە بەڵخ. ڕاستە، لە ساڵی ١٢١١دا، کوچلوگ خان، خزمەتکارێکی لە مەغۆل هەڵاتوو بوو، کەوتە پەلاماردانی ناوچەی خوراسان، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت هۆی ئەوەی زوو درك بە هێزی مەغۆلەکان کرابێت. بەڵام کێشە ڕاستەقینەکانی خوارەزمشا لەگەڵ مەغۆل تا ساڵی ١٢١٨ دەستیان پێنەکرد، واتە ئەو کاتەی فەرمانیکرد ژمارەیەك بازرگانی مەغۆلەکان کە وەك نوێنەری جەنگیزخان کاریان دەکرد، لەناو ببات، وادیارە ڕۆمیش لە وتەی ژمارە ١٥ی فیهی ما فیهیدا باسی دەکات. ڕەنگە هەر پێشتریش، هەوڵی خورەزمشا بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ دژی خەلیفە، لای پیاوانی لەخواترسی وەك بەهادین، کارێکی زۆر دزێو بووبێت.

لە هەموو حاڵەتێکدا، ڕەنگە واگریمانە بکەین کە ڕەوشی سیاسیی هەرێمیی، لە نێوان قەرەخانیو گورییو خوارەزمشادا لە هاتوچۆدا بوو، بەرزو نزمی دەکرد، تەنانەت بەرلەوەی مەغۆلەکانیش بگەن. بەهادین سامی فەرمانڕەوای گورییەکان لە بامیان، لە ساڵی ١١٩٨دا دوای مردنی فەرمانڕەوا تورکەکەی بەڵخ، کە وەك پاشکۆی قەرەخەتانییەکان فەرمانڕەوایی دەکرد، هێرشی کردە سەریو داگیری کرد. یان ڕەنگە لە ساڵی ١٢٠٠دا بووبێت، کاتێك غیاسەدین گوری بەشی زۆری خوراسانی داگیرکرد. غیاسەدین لە ساڵی ١٢٠٣دا مرد. موعیزەدین چووە جێگایو خوراسانی زایەکرد، بەس هیراتی بەدەستەوە مایەوەو ئەویشی لە ساڵی (١٢٠٤)، ڕادەستی خوارەزمشا عەلادین مەحەمەد بنتەکش کرد. لە ساڵی ١٢٠٣دا وەخش لەژێر فەرمانڕەوایی کەسێکدا بوو ناوی چاپخان بوو، کە عیمادەدینی وەزیر چوو لەبری دانیشتووانەکەی قسەی لەگەڵ بکات. (جا ئایا چیرۆکەکەی ڕۆمی لە مەسنەویدا، دەربارەی کەسێك کە ناوی عیمادولملوك بوو (مەسنەوی، ٤، ٢٩٣٤و دواتر) کە ڕۆڵی نێوەندگیریی لەگەڵ پادشایەکی داگیرکەردا دەگێڕێت، لەکاتێکدا هیچ کەسێکی دیکە ناوێرێت ئەوە بکات، هیچ

یادکردنەوەی ئەم بڕگەیەی مەعاریفەکەی بەهادینە؟) بەهادین قسەی لەگەڵ پادشا گوربییەکە نەکردووە، گوایە قسەکردن لەگەڵ فەرمانڕەوایاندا دەربارەی ئاشتی، بێسوودە، چونکە مرۆڤ تەنها بە هێز مافی پادشایی وەردەگرێت، لاوازیی هەموو مافێکی فەرمانڕەواییکردن بەفیڕۆ دەدات. هەندێك لایەنی چاپخانیان گرتو بە فەرمانڕەوای شەرعییان دانا، هەندێکی دی پشتی پادشا گوربییەکەیان گرت، بەڵام بەهادین بە بێلایەنی مایەوە، چونکە نەیتوانی بە دڵنیایی بزانێت ئیرادەی خوای تەعالا چیە.

بەهادین پێمان دەڵێت کە وەك چۆن مرۆڤ ناتوانێت بەردەوام لە هەقیقەتی بنەما کەلامیو باوەڕیی پێڕەوە جیاجیاکان دڵنیا ببێت، ئاواش ناتوانین حوکم لەسەر شەرعییەتی فەرمانڕەوایەك بدەین. بەهادین فرەیی گریمانەکانی باوەڕ دەشوبهێنێت بە سوپا جیاوازەکانو بەندەکانی پادشا. لەوانەیە پارتێك پیلان دژی پارتێکی دیکە دابنێتو نەفرەت لە ئەندامەکانی بکاتو لافی ئەوە لێ بدات کە خیانەتیان لە پادشا کردووە. هەردەشبێت وا بکات، چونکە ئەگەر بە بێدەنگیی بەلای خیانەتدا تێبپەڕێت، ئەوە پادشا زۆر تووڕە دەبێت. دڵسۆزیی ئەوەیە مرۆڤ بەندەی خوا بێت، کە پادشای باڵایە، ئەمە دروستیی لافو نیازەکانی دەستنیشان دەکات.



بەهادین یادی ئەوە دەکاتەوە کە چۆن لەو ماوەیەدا بیری لە سیاسەتە گۆڕاوەکانی ناوچەکە دەکردەوە، درکی بەوە دەکرد کە لەوانەیە لەم پشێوییەدا تیابچێت، گومانی هەبوو دە ساڵی دیکە بژی. دەیزانی مرۆڤ ئەگەر خاوەنی شتێك بێت کە قابیلی لەدەستدان بێت، سامان، کتێب، ماڵ ومنداڵ، ئەوە لە مردن دەترسێت، بەڵام ئەگەر توانی بوونی خۆی ڕەشبکاتەوەو لە هەموو ئەوانە خۆی جیابکاتەوە، ئیتر ترسی نابێت. بەمجۆرە دەگەینە ئەوەی بەهادین هەوڵیداوە لە پرسە سیاسییەکاندا خۆی بداتە دەستی قەزاو قەدەری خوا، درکی بەوەش کردووە کە ژیان پڕێتی لە مەترسی. سەرباری ئەوەش، دوای چەند ساڵێك کە باسی وێرانکردنو لەناوبردنی هاوڵاتییانی خۆی لەسەر دەستی

مەغۆلەکان دەبیستێت، دەبێت تووشی شۆك بووبێتو شڵەژابێت. بەهادین نوقڵانەی کەوتنی ناوچەکەی، وەك سزایەك بۆ خراپەکارییەکانی خوارەزمشا لێدابوو، وەك چۆن کتێبی مەناقیبی ئەولیا، بە شادییەوە ئەوەمان پێدەڵێت، پێویست ناکات وەك ئەوان گریمانە بکەین، کە بەهادین هیچ زانینێکی پێشوەختی دەربارەی داگیرکارییە مەغۆلییەکە هەبووبێت.

## داگیرکاریی مەغۆل

دوو کەسایەتی مێژوویی دیکە، یاقووتی ڕۆمی جوگرافیناسو نەجمەدینی ڕازی سۆفی، لەو کاتەی بەهادین ڕۆیشت، ئەوانیش خوراسانیان جێهێشت، وەك دەڵێن لە ترسی نزیکبوونەوەی مەغۆلەکان بووە، کە بۆ حاڵەتی یاقووت زۆر ڕاستە. بەڵام ئەگەر بڕوا بە مێژووی زۆر درەنگ وەختی خێزانی وەلەد نەکەین، ئەوە زۆر ڕێی تێناچێت بەهادین لە ترسی هێرشی مەغۆلەکان ڕۆیشتبێت. سوڵتان وەلەد مێژووی گەیشتنی خێزانەکە بۆ قۆنییە بە ساڵی ١٢٢٩ دەستنیشان دەکات، واتە دوو ساڵ پێش مردنی بەهادین، گەرچی جەلالەدین هومایی، لێکۆڵەری مێژووی شیعریی سوڵتان وەلەد، ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی ئەگەر لە بری (دوو) بە (دە) بیخوێنینەوە، ئەوە مێژووی دەرچوونی خێزانی وەلەد لە بەڵخ، ڕێك لە ماوەی دوای هاتنی مەغۆلو داگیرکردنی بەڵخ بووە لە ساڵی (١٢٢١)، ئەمەش بوارمان دەدات بدەینە پاڵ کتێبی مەناقیبی ئەولیا لە لۆمەکردنی مەغۆلەکاندا بەوەی بوونەتە هۆی ڕۆیشتنی بەهادین. فروزانفەرو موەحیدیش مەیلیان لە تیۆرەکەی مەغۆلەو ساڵی دەرچوونی خێزانی وەلەد بە ١٢١٩ دیاریی دەکەن، دوای ئەوەی مەغۆلەکان ترمزیان داگیر کرد.

بە ڕەهایی، درەنگترین بەروار بۆ بارگەوبنە پێچانەوەو دەرچوونی خێزانی وەلەد لە خوراسان، ساڵی دەسگرتنی مەغۆلەکانە بەسەر بەڵخدا لە ساڵی ١٢٢١، بەمەش زۆر دوورە داگیرکارییەکەی مەغۆلەکان هۆی ڕەوکردنیان بێت. بێشك ئەم بۆچوونە لە نوسینێکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بە شێوەیەکی مەجازیی باس لە سزای یەزدانیی دەکات کە بەسەر حاکمێکی بەدکاردا دادەبارێت، ئەوەی ڕازی نەبووە گوێ لە پیاوێکی یەزدانیی بگرێت. وەك بینیمان، لە پرسی دەستنیشانکردنی بەرواره وردەکاندا، نوسەرانی مەناقیبی ئەولیا شایستەی متمانەپێکردن نین، بەڵام ئەفلاکی کە لەم بابەتەدا

زۆر توندوتۆڵتره، ژمارەیەك بەرواروو جێگا بۆ هێڵی ڕەوکردنەکەی خێزانی وەلەد دەستنیشان دەکات، کە هەموویان ماوەیەك پێش داگیرکارییەکەی مەغۆلن.

پێش هەموو شتێك، دەبێت پێشبینیکردنی ئەو وێرانکارییەی مەغۆلەکان لە بەلخ کردیان، زۆر زەحمەت بووە، بەڵام مانای ئەوە نیە کە خەڵکەکە، کە میرە تاڵانچیو ڕووتێنەرەوەکانو سوپاکانیان داخیان کردبوون، زانیبێتیان کە مەغۆلەکان پێکهاتەی کۆمەڵگاکەیان هەڵدەوەشێنن. زیاد لەوەش، ئەگەر بەهادین لە هێرشی مەغۆلەکان، کە خەریك بووە ڕوبدات، هەڵاتبێت، بۆچی کچەکەی و چەند کەسێکی خێزانەکەی بێ پشتو پەنا لەدواوە جێهێشت؟ خۆ تا دوو سێ ساڵ لە داگیرکارییەکان، پەیوەندیی نێوان خوارەزمشاو مەغۆلەکان لە پێکیا زۆر خۆش بووە" لە ساڵی ١٢١٨دا عەلادین پێشوازیی لە باڵیۆزەکانی جەنگیزخان کردو سیاسەتی پشتیوانیکردن لە پەیوەندییە بازرگانییەکان کارا بوو، شاندی بازرگانیی سەرکەوتوویان ئاڵوگۆڕ دەکرد. ئەم حاڵە دوای ڕووداوێك گۆڕا کە خزمێکی عەلادین تێوەی گلابوو" ئینالجوق ڕفێنراو چەند بازرگانێکی مەغۆل کوژران، ئەمەش بەهانەی بۆ داگیرکردن فەراهەم کرد.

بینیمان، پێش هاتنی مەغۆلەکان، بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە چۆن بوو، چۆن بەها خۆی تامەزرۆی وەزیفەیەك بوو لە شارێکی جیهانیتر. ئەوە زیاتر دەگونجێت کە پێش هەڕەشەی مەغۆل بۆ داگیرکردنی ناوچەکە خوراسانی جێهێشتبێت.

## لە خوراسانەوە بۆ قۆنیە.. دیمانە ئەفسانەییەکەی عەتار

کتێبی (تەزکیرەی شوعەرا)ی دەوڵەتشا حیکایەتێکی نێودارە دەربارەی لادانی بەهادین لە نەیسابور، لەوێ ڕۆمیی بچکۆلە، کە دەساڵان دەبوو، شاعیری سۆفی نێودار فەریدەدین عەتار دەبینێت (لەدەوروبەری ساڵی ١٢٢٠دا مردووە). دەڵێن عەتار کۆپییەکی کتێبی ئەسرانامەی پێداوەو پێشبینیی ئایندەیەکی مەزنی بۆ منداڵەکە کردووە. ژمارەیەك لە زانایان ئەم چیرۆکەیان پەسەند کردووە یان دیسان گێڕاویانەتەوە. بەڵام وەك دواتر هەوڵی بۆ دەدەم، دەبێت وەك ئەفسانەیەك ڕەتیبکەینەوە.

نەیسابور گوندێکی شاری مەشهەدی ئێستایە لە باکوری خۆرهەڵاتی ئێران، عەتار لەوێ ژیاوە، یەکێکە لە چوار شارە نێودارەکەی خوراسان، دەکەوێتە لای خۆرئاوای سەمەرقەندو بەلخەوە. هیچکام لە نوسەرانی سەربوردەی ڕۆمی، بە ئەفلاکیشەوە،

وردەکاریی زیاتر دەربارەی ئەو ڕێگایەی بەهادین وەلەد لە بەڵخەوە بۆ بەغدا گرتوویەتیە بەر، پێشکەش ناکەن. هێڵمۆت ڕیتەر هەوڵیدا بیسەلمێنێت کە بەهادین پێش ئەوەی بە یەکجاریی خوراسان جێبهێڵێت، چۆتە سەمەرقەند. ئەگەر دارودەستەی وەلەد لە ترسی نزیکبوونەوەی مەغۆل دەرچووبن، ئەوە ڕێی تێدەچێت لە مەرو ئەلرودەوەو پاشان بەرەو باشور بۆ هیرات ڕۆیشتبن، لەوێوە ڕوویان کردبێتە خۆرئاوا بەرەو بەغدا، چەند توانیبێتیان ئەوەندە لە داگیرکەران دوورکەوتوونەتەوە. خۆ ئەگەر بەهادین لە دەستدرێژییەکانی خوارەزمشا بێزار بووبێت، ئەوە ئەم ڕێگایە سەرنجڕاکێشترە. زۆرتریش ڕێی تێدەچێت، چونکە بەهادین‌و خێزانەکەی، ڕاستەوخۆ پێش هەڕەشەی مەغۆل بۆ سەر ناوچەکە دەرچوون، لە هیچ مەترسییەکی ڕاستەوخۆ هەڵنەدەهاتن. بەڵام ڕێگا کۆنینەکە لە خۆرهەڵاتی خوراسانەوە بۆ بەغدا بە نەیسابوردا دەڕوات، بۆیە ناتوانین تێپەڕینی بەهادین بە شارەکەدا بە تەواویی ڕەتبکەینەوە.

لەبەرئەوە بارودۆخ وادەکات شوێنی دیمانەی ڕۆمی‌و عەتار لە ڕووی تیۆرییەوە شیاو بێت، بەڵام ڕۆمی خۆی ئاماژەی بۆ دیمانەیەکی لەمجۆرە نەکردووە. کاتێك ڕەچاوی ئەوە دەکەین کە ڕۆمی بە ئاشکرا حەزی لە شیعری عەتارە، پێشبینی دەکەین ئاماژەیەك بۆ ئەم ڕووداوە سەرنجڕاکێش‌و گرنگەی ژیانی ڕۆمیی بچووك بدۆزینەوە، کە بە گەورە سۆفییانی ڕابردووەوە پێوەستی دەکات. ئەگەر ڕۆمی ئەم دیمانە گرنگانەییەی لەبیر بووایە، ئەگەر بەهادینی باوکی بۆی باس کردبێت، ئەوە بە دڵنیاییی وەك نەریتێکی خێزانەکە، چیرۆکەکەی بۆ سوڵتان وەلەد دەگێڕایەوە. هەرچۆنێك بێت، سوڵتان وەلەدیش کە وەسفی سەفەری خێزانەکە بەرەو خۆراوا دەکات باسی دیمانەیەکی لەمجۆرە لەگەڵ عەتاردا، ناکات. با بۆ ساتێك گرنگانە بکەین سوڵتان وەلەد بیری نەبووە باسی ئەم حیکایەتە بکات. گرنگ ئەم دیمانەیە لای مەولەوییەکانی نیو سەدە دوای مەرگی ڕۆمی زانراوە، خۆ نوسەرانی ژیاننامەی ڕۆمی، کە بەمجۆرە چیرۆکانە شاگەشکە دەبن، پشتگوێیان نەدەخست.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچکام لەوانەی پێوەستی بەتینیان لەگەڵ ڕۆمی‌و خێزانەکەی هەیە، هەرگیز باسی دیمانەیەکی وایان نەکردووە، نەبەهادین، نە ڕۆمی، نە شەمسەدین، نە سوڵتان وەلەد، نە سوپاسالار، نە ئەفلاکی. یەکەم کەس باسی ئەم دیمانە ئەفسانەییەی کردبێت، دوو سەدەیەك دوای مردنی ڕۆمی دەردەکەوێت، ئەویش کتێبی ژیانی شاعیرانە کە کەسێك نوسیوێتی هیچ ئاشناییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ

مەولەوییەکاندا نیە. خوێنەرە دەرەنگوەختەکانی ڕۆمی سەرنجی ئەو خواستنەوە زۆرانەیان داوە کە لە شیعری عەتار کردوویەتی، تێبینیشیان کردووە کە ڕۆمیی مەسنەوییەکەی خۆی لەسەر شێوەی (ئیلاهینامە) هۆنیوەتەوە، ڕۆمی وەك نوێنەری سەرەکیی شیعری سۆفییانەی چیرۆکئامێز، عەباکەی عەتاری داوە بە شانیدا. ئەو نوسەرە دەرەنگوەختانە، هەروا بە سادەیی ئەندێشەی ئەو دیمانەیەیان کردووەو باشی بە سەر ئەو خوازەیەدا دەبێت کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن چراوگی سۆفیزم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەك دەگوێزرێتەوە. هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینەمان لا نیە لەسەر ئەوەی ڕۆمی عەتاری بینیبیت، جگە لە حیکایەتێك کە دەوڵەتشا لە سەدەی پازدەهەمی زاینییدا گێڕاویەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕێك بەڵگەی بچووکی ناکۆکمان هەیە، بۆ ئەوەی لە بێدەنگی بەهادینو بورهانەدینو شەمسەدین و سوڵتان وەلەدو سوپاسالارو ئەفلاکی تێبگەین، کە چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکردن، کە لانیکەم یەکێکیان لەم بەشە گرنگەی سەرگوزەشتەکەیدا بەشداریی بکات.

## بەرەو بەغداد

ئەفلاکی باسی هێڵی ڕەوتەکەی خێزانی وەلەد دەکات، لە خوراسانەوە بێئەوەی باسی ئەو جێگایانە بکات کە پێش گەیشتنیان بۆ بەغدا، لایانداوە. پێمان دەڵێت کە بەهادین لەسەر پشتی وشترێکو وەك پێشەنگی گروپێکی گەورەی زانایان سەفەرەکەی کردووە. کاتێکیش لە شاری بەغدای عەباسی نزیك بوونەتەوە، وەك دەڵێن، خەلیفە ڕاویژکارە ڕۆحییەکەی خۆی، شەهابەدین عومەری سوهرەوەردی (١٢٣٤ مردووە) بانگ کردووە تا شوناسی ئەو میوانانەی بۆ ڕوون بکاتەوە. سوهرەوەردی هەر لە قسەکانی خەلیفەوە تێدەگات کە ئەوە بەهادینە هاتووە، بۆیە لەگەڵ گەورە پیاوانی ئۆمەتدا چوونە لای بۆ ئەوەی سڵاوی لێ بکەن. ئەفلاکی بەردەوام دەبێتو دەڵێت ئەگەرچی بەهادین خەلیفەی زۆر تووڕە کرد، بەڵام بانگهێشتی کرد تا لە ڕۆژی هەینیدا، لە جومعەمزگەوتەکە وەعزێك بدات (وەعزێك نەك خوتبەیەك). لێرەدا جومعە مزگەوت دەڵێت گەرچی بەغدا جومعەمزگەوتی زۆر تێدا بووە. بەهادین دیسانەوە لە پێچ و پەنای وەعزەکەیدا ڕەخنە لە خەلیفە دەگرێتەوە، تاوانباری دەکات بە گەندەڵیو لادان لە ڕێچکەی شەرع، بە شێوەیەکی هێمایی دینییانەش هەڕەشەی نزیکبوونەوەی داگیرکارییەکانی مەغۆلی لێکرد.

سوپاسالار لەبارەی گەیشتنی خێزانی وەلەد بۆ بەغدا، چیرۆکێکی کەمتر ئالۆو والاّ دەگێڕێتەوە، هەموو وەزیرەکانو نوێنەرەکانو قازیو گەورەپیاوان دەچنە دەرەوە بۆ بەخێرهێنانی بەهادین. هەمووشیان هەموو ڕۆژەکان ئامادەی وانەکانی بوون، ئەو وانانەی پێشتر تێیاندا شتی وا نەبیسترابوون. ئەو وەسفانەی ئەفلاکیو سوپاسالار پێشکەشی دەکەن، مایەی پێکەنینن" ئەگەر ڕاستییەك پەرچ بکەنەوە، ڕەنگە ئەوە بێت کە بەهادین سوهرەوەردیی نێودار یان مەلایەکی دیکەی لەخۆی نزیك کردۆتەوە، هەروەها هەندێك لە زانا حەنەفییەکان پێشوازییەکی باشیان لێکردووە. بە شێوەیەکی کەمێك لەوە پەسەندتر، سوپاسالار ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی عەلادین کەیقوبادی سوڵتانی سەلجوقییەکان لە ئەنادۆڵ، کە لەو کاتەدا لە بەغدا بووە، گوێی لە قسەی بەهادین بووە" دوای گەڕانەوەشی چەندین چیرۆکی دڵگیری لەبارەیەوە بیستووە.

سوپاسالار ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی خێزانی وەلەد نزیکەی مانگێك لە بەغدا ماونەتەوە. دەشڵێن کە خێزانەکە لە مەدرەسەی موستەنسریە ماونەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم قوتابخانەیە لەسەر داروپەردووی کۆشکێکی پێشوو دروستکرابوو، هەتا ساڵی ١٢٣٤ وەقف نەکراوە، واتە چەند ساڵێك دوای مردنی بەهادین، بۆیە دەشێت ئەم گێڕانەوەیە ڕەتبکەینەوە. لەبەر ئەم هۆیە، ئەگەر هۆی دیکەش نەبێت، ڕەنگە ئەو گێڕانەوەیەش ڕەتبکەینەوە کە دەڵێت ڕۆمی شەوانە بە جلی خەوەوە دەچووە دەرەوە بۆ ئەوەی لە ڕووباری دیجلە ئاو بۆ باوکی بهێنێتو بە جۆرە کەرامەتێك دەرگا داخراوەکانی مەدرەسەکە بە بێ کلیل بکاتەوە.

هەرچۆنێك بێت، مەدرەسەی نیزامیی نێودار، لەو ماوەیەدا لە حاڵێکی باشدا بووە. ئەگەر بەهادین مانگێك لە بەغدا مابێتەوە، ئەوە ڕەنگە لەگەڵ ڕۆمیی بچووکدا سەردانیان کردبێت. ئاخر مەلایەکی حەنەفی سەردانی بەغدای کردووە، خۆ دەبێ، ئەگەر بارودۆخ ڕێگە بدات، ئەوا سەردانێکی مەزاری ئەبو حەنیفەو مەدرەسەکەی بکات. بەڵام ئەگەر ئەو بەڕاستی لە ساڵی ١٢١٧دا گەیشتبێتە بەغدا، وەك پێشتر وتم، ئەوە ئەو ساڵە ڕووباری دیجلە هەستاوەو زیانێکی زۆری بە شارەکە گەیاندووە. گەرچی ئەمە ڕێگر نەبووە لە هاتوچۆیان بە شارەکەدا. زۆر ڕێی تێدەچێت سەردانی مەزاری مەعروفی کەرخییان کردبێت، سۆفییە نێودارەکە، کە لە ساڵی ١٢١٤دا دوای مردنی کوڕەبچووکی خەلیفە ناسر مردو لە نزیکی ئەوەوە ئەسپەردە کرا، شوێنەکەش سەرلەنوێ بنیاتنرایەوە.

ئەفلاکی ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی بەهادین لە ئەسڵدا پلانی هەبوو لە بەغدا بمێنێتەوە، بەڵام بڕیاری دا بچێت بۆ حەجو وادیارە هەموو خێزانەکەشی لەگەڵ خۆی بردووە. سوپاسالار هیچمان پێ ناڵێت ئەوەندە نەبێت کە لە حەجەوە بە سەریادا بۆ ئەرزەنجان گەڕاونەتەوە. ئەفلاکی وردتر هێڵی سەفەرەکەیان دیاریی دەکات: لە حیجازەوە ڕۆیشتن بۆ دیمەشق لەوێوە بۆ میلاتیێ، کە لەوێ ئەفلاکی سەفەری خێزانەکە لە ساڵی ٦١٤ ك دا، دیار دەکات، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، واتە لە کاتێکی نێوان بەهاری ١٢١٧و بەهاری ١٢١٨دا بە دیمەشقدا تێپەڕیون.

ئەوکاتە میلاتیێ قەڵەمڕەوی سەلجوقییەکان بووە، بەڵام شام کۆمەڵێك ئیمارەتی هاوپەیمانی فشەڵ بووە لەژێر حوکمی ئەیوبییەکاندا. ئەفلاکی دەڵێت کاتێك خێزانەکە گەیشتە دیمەشق، شارەکە لەژێر فەرمانی ئەشرەفدا بوو، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ شا ئەشرەف موسای ئەیوبی (١٢٣٧ مردووە). باوکی ئەشرەف، سوڵتان عادلی یەکەمی ئەیوبییەکان، کوڕەکانی خۆی لە دیمەشق دانا تا لەبری ئەو فەرمانڕەوای بەشە جیاجیاکانی هەرێمە ئەیوبییەکان بن. لەساڵی (١٢٠١)دا ئەشرەف لەسەر ناوچەی دەوروبەری ڕوهاو حەڕان حوکمدار بوو، خۆشی لە ساڵی (١٢١١)دا ئەخلاتو وانی خستە سەری سوڵتان عادل لە ١٢١٨دا لە شەڕی فەڕەنگەکاندا، کە سەر بە هەڵمەتی پێنجەمی خاچهەڵگران بوون لەمیسر مرد (خاچهەڵگران بەرەو عەکای فەلەستینیش دەجووڵانو بەرەو لوبنان سەردەکەوتن). عادل ماوەیەکی زۆر پێش ئەوە دەسبەرداری زۆرێك لە کاروباری فەرمانڕەوایی ڕۆژانەی دیمەشق بۆ یەکێك لە کوڕەکانی بوو، کە عیسای موعەزەم بوو، نەخشی سەر باڵەخانە گشتییەکانی ئەو قۆناغە وامان پێ دەڵێن. لە پایزی ١٢١٨دا، هەواڵی مەرگی عادل بڵاوبۆوە موعەزەم فەرمانڕەوای دیمەشقی بۆ خۆی پچڕی، دەسەڵاتی خۆی بەسەر سوریاو ئوردنو فەلەستیندا بڵاوکردەوە، گەرچی موسەبەتی برای کە لەمیسر بوو، لەلایەن سوڵتانی ئەیوبییەوە بۆ ئەو دانرابوو.

لەو ماوەیەدا، کاتێك عادل بە یاریدەی موعەزەمو کامیل، لە فەلەستینو میسر شەڕی خاچهەڵگرانی دەکرد، سوڵتانی سەلجوقەکان، کەیکاوس لەگەڵ ئەفزەڵی کوڕی سەڵاحەدیندا پەیمانیان بەست تا پەلاماری حەڵەب بدەن. زاهیر غازی، کە ئەویش کوڕی سەلاحەدین بوو، لە ساڵی ١١٨٦وە فەرمانڕەوای حەڵەب بوو، لە سەرەتای پایزی ١٢١٦دا مرد. لەم قۆناغەدا حەڵەب کەوتە ژێر فەرمانی ئەیوبییەکانەوەو ئەتابەك

شەهابەدین توغرول بەناوی نەوەی عادلی منداڵی عەزیزەوە فەرمانڕەوایی دەکرد. هێرشە سەلجوقییەکە لە حوزەریرانی ۱۲۱۸دا ڕوویدا، بەڵام عادل ئەشرەفی کوڕی نارد بۆ بەرگریکردن لە شارەکە، ئەشرەف هێزەکانی سەلجوقییەکانی زۆر بە خراپی بەزاند، بەناو ئەنادۆڵدا ڕاوەدووی نان تا هەواڵی مردنی باوکی خۆی پێگەیشت. لەم بارودۆخەدا، ئەتابوکی حەڵەب ناچاربوو ئەگەر وەك فەرمانڕەوایەکی فەرمییش نەبێت، وەك ڕزگارکەرێکی سەربازیی ئەشەرەف پەسەند بکات.

وەك ئەفلاکی دەڵێت بەمجۆرە قسەکردن لە بارەی ئەشرەفەوە وەك فەرمانڕەوای حەڵەب نەك دیمەشق، دوای ساڵی ۱۲۱۸ شتێکی شیاو بوو. نەك ساڵی پێشووتر. ئەشرەف هات بۆ ئەوەی لە دیمەشق بژی و فەرمانڕەوایی بکات. ئەمەش کاتێك ڕوویدا کە خێزانی وەلەد بە یەکجارەکی لە قۆنیە نیشتەجێ بوون. ڕەنگە ئەوە شیاو بێت کە ڕۆمی لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەشرەفدا، لە دیمەشق خوێندبێتی، بەڵام کاتێك خێزانی وەلەد بە شارەکەدا بەرەو ئەنادۆڵ تێپەڕین، ئەوە بە دڵنیایی موعەزەم حاکم بوو. پاشان گریمان ئەفلاکی لەنێوان دیمەشقو حەڵەبدا لێی تێکچووە، خۆ بەرواری ساڵیَ ۱۲۱۷ ماوە، کە ساڵێك پێش فەرمانڕەوایی ئەشرەفە بۆ شارەکە.

# دیاردەناسی و هێرمێنۆتیک(١)




پۆل ریکۆر

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: مەسعود بابایی

بەشی دووەم

## ٢- لە پێناو جۆرێك لە دیاردەناسیی هێرمێنۆتیکیدا

ڕەخنەی هێرمێنۆتیکی ئایدیالیزمی هۆسرێلی، بە بۆچوونی من دیوێکی نەرێنیی دیکەی توێژینەوەیەك نییە کە ئاراستەیەکی ئەرێنی دەگرێتەبەر، من لێرەدا ئەوە بە ناونیشانی بەرنامەیەك‌و کەندوکۆلێك لە "دیاردەناسیی هێرمێنۆتیکی" ناودێر دەکەم. ئەم تاقیکاری‌و تاوتوێیەی کە لەبەر دەستتاندایە، بانگەشەی ئەوە ناکات کە ئەم

دیاردەناسییە هێرمینۆتیکییە وەگەڕ بخاتو وەك دەگوترێ "دروستی بکات"و بەوەش بەسندە دەکات کە ئەگەری دروستبوونەکەی نیشان بداتو لەو دیوی ڕەخنەی ئایدیالیزمی هۆسرێل، لە لایەکەوە بیسەلمێنێت کە دیاردەناسی دیسان پێشگریمانی نەبەزێنراوی هێرمینۆتیکەو لە لایەکی دیکەوە دەبێ ئەوەش بسەلمێنێت کە دیاردەناسی ناتوانێ بەرنامەی سەقامگیربوونو بونیادی خۆی بەبێ پاوەجێکردن لە شێوەی ڕاڤەی ژیانی ویژدان (من)، بخاتە قۆناخی جێبەجێکردنەوە.

## ١- پێشگریمانی دیاردەناسانەی هێرمینۆتیك

**أ**. بونیادیترین پێشگریمانی دیاردەناسانەی فەلسەفە ئەمەیە کە هەر مەسەلەیەکی پێوەندیدار بە هەر "بوونەوەر"ێك، مەسەلەیەکە لەمەڕ ماناو چەمکی "بوونەوەر".هەر ڕێچکەیە، ئێمە هەر لە یەکەمین لاپەڕەکانی کتێبی بوونو کات دەخوێنینەوە کە مەسەلەی لەیادچوو، هەمان مەسەلەی مانای بوونە. لەم دیدەوە مەسەلەی بوونناسانە مەسەلەیەکی دیاردەناسانەیە. هەروەها مەسەلەیەکی هێرمینۆتیکییە، بە ڕادەی مانایەك کە داپۆشراوە - حاشاهەڵنەگرە نەك خۆبەخۆ ـ بەڵکو لە هەندێ ڕووەوە گەیشتن پێی قەدەخە کراوە. بەڵام بۆ ئەوەی ببێ بە مەسەلەیەکی هێرمینۆتیکی-مەسەلەیەك کە لەبارەی ماناوە بە داپۆشراوی ماوەتەوە-دەبێ مەسەلەی نێوەندیی دیاردەناسی وەك مەسەلەیەك، لەبارەی ماناوە بێت.

دەلوێ هەندێ کەس سووچمان لێبگرن کە ڕاڤە لە دیاردەناسی کۆنترە. تەنانەت پێش ئەوەی هێرمینۆتیك لە سەدەی هەژدە جارێکی دیکە وەبەر سەرنج بکەوێتەوە، باسوخواسو ڕاڤەی کتێبە پیرۆزەکان کە وەك جۆرە زمانناسییەکی مێژوویی (فیلۆلۆژی)ی کلاسیكو باو هەر لە کۆنەوە هەبووە کە لایەنگریی جۆرێك لە مانای کردووە. ئەم بابەتە بەتەواوەتی دروستە. بەڵام هێرمینۆتیك وەك فەلسەفەیەك ڕاڤە ناکرێتو لە قەڵەم نادرێت- تەنیاوتەنیا بە جۆرە مێتۆدۆلۆژییەکی شیتەڵکردنو ڕوونکاریو زمانناسییەك لە قەڵەم نادرێت، کە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بە هەلومەرجی لوانی شیتەڵکردنو زمانناسیی مێژوویی، لەو دیوی تیۆریی دەق بگەین، بە مەرجی زمانی، واتە بە شکۆی زمانی (Sprachlichkeit) هەر جۆرە ئەزموونێك بۆ ڕاڤەی هێرمینۆتیکی دەگەڕێنێتەوە[١٧].

که وایه، هەر ئەم مەرجە زمانییە خۆی خاوەنی پێشمەرجێکە کە هەمان تیۆریی هەمەکیی مانایە. دەبێ گریمانی ئەوە بکەیت ئەزموون بەپێی فراوانی ڕووبەرەکەی خۆی (بەو شێوەیەی کە هێگل لێی تێدەگەیشتو لە دەقە ناسراوەکەی هایدگەر لەمەڕ "چەمکی ئەزموون لای هێگل" دەبینرێت[١٨]) توانستی دەربڕینی ڕەسەنی هەیە. ئەزموون دەشێ گوترابێتو پەنەوازی ئەوەیە کە بگوترێت. پەلکێشی ئەزموون بۆ قەڵەمڕەوی زمان، بە مانای گۆڕینی بۆ شتێکی دیکە نییە، بەڵکو بە دەربڕین ڕوونو بەرینکردنەوەی، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەزموونەکە ببێتە ئەو شتەی کە هەیە.

پێشگریمانی "مانا" کە شیتەڵکردنو دەربڕینو زمانناسیی مێژوویی، لە ئاستی گوتەزاکانی دەق جێبەجێی دەکەن، وەهایەو ئەم گوتەزایانە لە نەریتی مێژووییدا پشکێکیان تەرخان کردووە. شیتەڵکردنو دەربڕینو زمانناسیی مێژوویی بەتەواوەتی دەتوانن لە دیدی مێژووییەوە پێش ئاگایی دیاردەناسانە بکەونو ئەم ئاگاییەش لە ڕووی بونیادەوە پێشەنگیانە.

لە ڕاستیدا، لێکدانەوەو دەربڕینی ئەم پێشگریمانەیە بە زمانی نائایدیالیستی دژوارە. هەروەك پەیوەندی بە پچڕانی پێوەندیی دۆخو تەرزی دیاردەناسانەو مێتۆدی سروشتگەرایانەیان هەیە، کە بەو جۆرەی دەڵێن، هەڵبژاردن بە قازانجی مانایە. لە ڕاستیشدا بە قازانجی ژیرییە، کە مانا تێیدا فرچك دەگرێو یەکسان دەبێت. ئایا بە گنخاندنی هەر چەشنە باوەڕدار بە بوون نییە کە دەتوانی دەستت بە ڕەهەندی مانا ڕابگات؟ ئیدی لەم دەمەدا ئایا ڕاگرتنی هەر چەشنە وەڕاستگەڕاندنو وەدرۆخستنەوەیەکی "بوونی خۆبەخۆ"، کاتێك دەپەڕژێینە سەر قازانجی مانا، نیشاندەری پێشگریمان نییە؟ ئایا هەر چەشنە فەلسەفەیەك بەم مانایە ئایدیالیستی نییە؟

ئەم دەروەستییانە بە هیچ جۆرێك دەروەستییەك وەبار ناهێنێت، نە بەکردەوەو نە بە جەخت. لە ڕاستیدا، بە بۆچوونی من لەباری مێژووییەوە، کاتێك سەرێك لە "ڕامانو تێهزرینە دیکارتییەکان"ی هۆسرێل، لە پەرتووکی توێژینەوە لۆژیکییەکان بدەین، ئەو دەروەستییانە بەکردەوە وەها نینو شێوە دۆخێکی دیاردەناسی دەبینینەوە کە تێیدا چەمکەکانی دەربڕینو مانا، ژیریو مەبەست، نێواخندۆزیی ئاوەزەکی بەرهەڤ کراون، بەبێ ئەوەی کە "گەڕانەوە" لەنێو مانا ئایدیالیستییەکەی هیچ دەستوەردانێکی هەبێت.




بەپێچەوانەوە، تیۆریی باری بەرتەمایی بە ڕاشکاوی وەها دەڵێ کە ئەگەر مانا لەپێناو ناسینێکدایە، پێش ئەوەی کە ژێری شتێك بێت کە ناسین ڕووی تێدەکات، یان بەو چەشنەی سارتەر لە وتارێکی جێی سەرنج لەساڵی ١٩٣٧[19] دەیگوت، شتێك بێت کە ناسین بەرەو لای دەگوازرێتەوە، هیچ ناسینێك، ناسینو ئاگاییی تەشك بێنگیری نابێت. ئایا ئەمە کە ژێری شتێك لە دەرەوەی "لەخۆدابوون" بێتو بە ئاقاری مانادا بکەوێت، پێش ئەوەی کە مانا بۆ خۆی هەبێت، بەتایبەتی پێش ئەوەی ژێری بۆ خۆبەخۆبوون بێت، هەمان شت نییە کە دەستەبەری دۆزینەوەی نێوەندیی دیاردەناسییە؟ بەمجۆرە، گەیشتن بەمانای نائایدیالیستیی گەڕانەوە، واتە وەفاداری بە پەیبردنە گەورەکەی توێژینەوە لۆژیکییەکان، بەو مانایەیە کە چەمکی لۆژیکیی ئاماژە -ئەو چەشنەی کە "فرێگە" ڕەواجی پێدابوو- لە چەمکی فراوانی ئاماژە بترازێو بەو بارتەقایەش باری بەرتەمایی پەرە بگرێت. بەم چۆنایەتییەوە مافی باسکردن لەبارەی مانای پەیبردنی هەستەکیو "مانا"، خەیاڵگەریو مانای ویستو...تاد، ڕێپێدراوە. ئەم پەیڕەویکردنەی چەمکی دەرهەستیو لۆژیکی ئاماژە لە وێنای دەرهەستی هەمەکیی مانا، بە چاوساخیی تیۆریی باری

بەرتەمایی، بە هیچ شێوەیەك دەستەبەری ئەوە نییە کە دەرهەستێتی بڵند هەڵکشاوانە بەسەر مانایەکدا زاڵ بێت کە خۆی بەرەو لای هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە. بەپێچەوانەوە، دەکرێ دیاردەناسی بە ئاقاری پێچەوانەدا ڕابنێت، واتە بە ئاقاری پێشەنگیی مانا بەسەر ویژدانو تەشكو خۆناسین بڕوات.

**ب**. هێرمێنۆتیك بەشێوەیەکی دیکە ئێمە بۆ دیاردەناسی دەگەڕێنێتەوە، واتە شێوەی هانابردنی بۆ مەودا، لە هەمان کاتی پێوەبەندبووندا. لە ڕاستیدا، مەودا، لە سای هێرمێنۆتیکەوە لەتەك بنەواشەی هەڵپەسێران لەسەر بنەمای دیاردەناسی پێوەندیی نەپچڕاوە، بەڵکو لەتەك جۆرێك لە هەڵپەسێران سەروکاریی نییە کە بە مانای نائایدیالیستیو چەشنی ڕوویەك لە ڕووەکانی بزاوتی مەبەستەکیی ژێری بەرەو مانا، ڕاڤە کرابێت. بۆ هەر ژێرییەك، مانا لە ڕاستیدا قۆناخێکی مەوداو لە دوورەدەستدانانی بابەتی هەستپێکراو یان جیهانی کەتوارە، بەم جۆرە کە ئێمە تەنیاو تەنیا تێیدا دەگیرسێینەوە. دیاردەناسی لەو دەمەدا دەست پێدەکات کە ئیمە بەرگەی "ژینکردن"-یان " ژیانەوە" ناگرینو هەرامەی هەستپێکراوو جیهانی کەتوار بە ناتەواوی دەهێڵینەوە تا مانای بکەینەوە. هەر لەم ڕێڕەوەدایە کە هەڵپەسێرانو ئامانجو لێڕوانینی مانا پێکەوە پێوەندییان هەیە.

لەمەڕ زمانەوە بەئاسانی دەتوانین ئەم پێوەندییە لێکهەڵاوێر بکەین. نیشانەی زمانناسانە، ئەگەر لە ڕاستیدا بابەت نەبێت، بایەخێکی ئەوتۆی نابێت. نیشانە، بەجۆرە دەستەبەری جۆرێك تایبەتمەندیی نەرێنییە. ڕەوتی کاروبارەکان بەو جۆرەیە کە وەك بڵێی بۆ تێخزان لە جیهانی سیمبۆلی، بکەری ئاخێوەر دەبێ "قوتوویەکی بەتاڵ"ی لەبەردەستدا بێت تاوەکو بەکارهێنانی نیشانەکان لەسەر بنەماکەی دەست پێبکات. هەڵپەسێران، بابەتێکی پەنگراو (بالقوە)ە، کردەیەکی خەیاڵگەرانەیە کە دەست بە سەرلەبەری کاروکاردانەوەیەك دەکات کە لە لایەن نیشانەکانەوە لەبەرانبەر شمەکانی دیکە ئاڵوگۆڕیان دەکەینو سەرڕێژی نیشانەکان لەبەرانبەر وەرگرتنیان دەگۆڕینەوە. دیاردەناسی لە وەرچەرخانو گەڕانەوەی ڕاشکاوی ئەم مژارە پەنگراوەدایە کە بۆ پایەو پێگەی کردەو کۆدی فەلسەفی هەڵیدەکشێنێ. هەرچییەك کە تەنیاوتەنیا لایەنی کردەی هەبووە، دیاردەناسی دەکاتە مژارێکی بابەتی. ئیدی لەم ڕێگەوە مانا وەك مانا دەردەخات. هەر ئەم کۆدە فەلسەفییەیە کە هێرمێنۆتیك لە ناوچەیەکدا کە تایبەت بە خۆیەتی، دانەدووی دەکات، واتە لە ناوچەی زانستە مێژووییەکانو بە شێوەیەکی

گشتیتر، له زانسته مرۆییەکاندا دەیخاتەڕوو. ئەمەش "مژارێکی هەستپێکراوە"و هێرمێنۆتیك تێدەکۆشێ تا له جیهانی زماندا بیگێرسێنێتەوەو بۆ پایەی مانا هەڵیبکشێنێ، پێوەندییەکی دووسەرەی مێژوویی که گواستنەوەی قەواڵەو بەڵگە نووسراوەکان، نووسینەکانو دامەزراوەکانو بەرهەمە یادگارییەکانن که ڕابردووی مێژوویی بۆ ئێمە دەرەخسێنێو نێوەندگیرو بژیوانیەتی. ئەو شتەی ناوی "پێوەبەندبوون"مان لێنا، بێجگە له پابەندبوون بەم مژارە هەستیارو مێژووییە ئاڵۆزە شتێکی دیکە نییە، واتە هەر ئەو شتەیە که هیگڵ بە "گەوهەر"ی داب‌و ڕەوشت ناودێری کرد. له لایەن هێرمێنۆتیکەوە، ناسینێك که وەبەر کاریگەریی مێژوویی دەکەوێت، لەتەك هەرامەی هەستکردنو پەیپێبراوی دیاردەناسیدا پەیکاڵو هاوشێوەیە. هەر لەبەر ئەم هۆیە، ئەو نزیکایەتیەی که مەودای هێرمێنۆتیکی لەتەك پێوەبەندبوون هەیەتی، وەکو خزمایەتیی دیاردەناسی لەتەك هەڵپەسێرانو لەپاڵ هەرامەی هەستکردنو پەیپێبراوە. هێرمێنۆتیکیش ئەو کاتە دەست پێدەکات که ئێمە بە هاوبەندی بە نەریتی گوازراوە ڕازی نینو پێوەندیی پێوەبەندبوون بە نیوەناچڵ دەهێڵینەوەو ڕوو له واتادارکردنی دەکەین.

ئەم هاوتەریبییە گرنگییەکی جێی سەرنجی هەیەو ئەمە لەو دەمەدایە که هێرمێنۆتیك دەبێ قۆناخێکی گرنگ بگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەوە هەمان قۆناخی گومانە که لەسەر بنەماکەی ڕەخنە ئایدیۆلۆژییەکانو جۆرە شیکارییەکی دەروونیو...تاد پێکدێت. ئەم قۆناخە قەیراناوییە ناتوانێ بەشێك له پێوەندیی پێوەبەندبوون بێت، مەگەر ئەوەی که مەوداو پێوەبەندبوون، میناکێکی هاوبەشیان هەبێت. له کاتێکدا ئەگەر وەها شتێك لواو بێت، بەوەوە بەندە که دیاردەناسی، مژاری پەنگراوی سەقامگیرکردنی "ماڵی چۆڵ" بۆ پایەی بڕیارێکی فەلسەفی هەڵبکشێنێو هەر ئەم بابەتە هەلی ئەوە بۆ بکەر دەرەخسێنێ که هەست‌و درکی بە هەرچییەك کردووەو هەروەها هۆگریی خۆی بە نەریتێکی مێژوویی‌و بەشێوەیەکی گشتی ئەزموونی خۆی، مانا بکاتەوە.

**ج**. وێڕای ئەمەش هێرمێنۆتیك لەگەڵ دیاردەناسیدا له داڕشتنی ماناکانی پێوەندیدار بە ڕێچکەی زماننناسانە بەشداریی دەکات.

لەم بارەوە، بەئاسانی دەتوانی تیۆرییە ئێجگار ناودارەکانی هێرمێنۆتیك بە ڕەگی دیاردەناسانەیان بگەیەنیت. دەتوانی تاودانەوەی ئەمە له نوێترین تیۆرییەکانی گادامێر،

تەنانەت لە هەقیقەتو میتۆددا، لە گەواهیی تایبەتمەندیی دووەمینە (پانوی)ی مەتەڵی زماندا ببینیت. تەنانەت ئەگەر دروست بێت، هەر ئەزموونێك خودان ڕەهەندی زمانییەو ئەم "تایبەتمەندیی زمانی" (Sprachlichkeit)یە لەسەر هەموو ئەزموونێك نیشانو کاریگەری دادەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بە تایبەتمەندیی زمانی دەست بە فەلسەفەی هێرمێنۆتیکی بکەیو سەرەتا لەبارەیەوە شتێك بێژی کە شیاوی زمانە. هەر لەبەر ئەمەشە فەلسەفە بە ئەزموونی هونەر دەست پێدەکاتو ئەم ئەزموونە بە چاری ناچاری لایەنی زمانناسانەی نییە. بەڵکو گەلێ لەوە بەرزترە، لەم ئەزموونەدا، بووناسانەترین ئاراستەکانی ئەزموونی کایە بە مانای شانۆیی وشەکە، قانو دەسەرێکی سەرتری هەیە[٢٠]. لە ڕاستیدا بەشداریی کایەکاران لە کایەدایە کە یەکەمین ئەزموونی پێوەبەندبوون دەبینینو دەلویَ لە لایەن فەیلەسووفەوە وەبەر پرسیار بکەوێت. لە کایەدایە کە پێکهێنانی کارکردی نیار (شانۆ) یان نواندن (Darstellung) دەبینین کە بەبێ دڕدۆنگی خوازیاری بژیوانێکی زمانناسانەیە، بەڵام ڕاستەوخۆ پێشەنگی ئاخێوەو دەیگرێتە خۆی. هەروەها لە هەقیقەتو میتۆددا ئاخێو شتێك نییە کە لە گرۆی دووەمی ئەزموونی ڕاڤە کراودا، پلەی یەکەمی هەبێت. ئاگایی بە بوونیش وەبەر کاریگەرییە مێژووییەکان[٢١] کەوتووە کە تێهزرینی تیۆرتەسەل لەمەڕ پێشداوەرییەکان نەلواو دەکاتو وەپێش هەرچەشنە بەرهەستەکی کردنێکی ڕابردوو لەلایەن مێژوونووسەوە دەکەوێتو بۆ ئەدگارە زمانییە تایبەتەکانی گواستنەوەی ڕابردوو دانالەنگێنرێت. دەقەکان، قەواڵەو بەڵگەنامەکان، بەرهەمە یادگارییەکان تەنیا بژیوانێك لەنێو بژیوانێکی دیکە دەخەنەڕوو کە لەبەر هۆگەلی باسکراوی پێشوو بەشێك لەم نموونانە کایەی مەوداو نزیکایەتین کە پێکهێنەری پێوەندیی مێژووییە، هەر ئەو شتەیە کە زیاتر لەتەك زماندا لە پێوەندیدایەو کەمتر زادەی زمانە.

ئەم شێوەیەی پەیڕەوکردنی تایبەتمەندیی زمانی بە ئەزموون کە گرێدراوی زمانە، بەتەواوی ئەمەکی بۆ ڕەفتاری هایدگەر لە کتێبی بوونو کاتدا هەیە. لە بیرمانە کە چۆن پاژاندنو شرۆڤەی دازاین، گەلاڵەی دەربڕین (Aussage) کە ئەویش خۆی هەمان گەلاڵەو ئاماژەی لۆژیکییە، واتە ئاماژەگەلی بە مانای زۆر تایبەت (Bedeutungen) بە پەیڕەوی گەلاڵەی ئاخێو (Rede) دەکات، واتە، هەمان گەلاڵە بە گوتەی ئەو لەتەك شیرازەی دۆخو پێگە (Befindlichkeit)و پەیبردن (Verstehen)، کە ئەمە خۆی پەیبردن بە گەلاڵەیە، چاوگەی هاوبەشیان هەیە[٢٢]. بەگوێرەی ئەم چۆنیەتییەش، شیرازەو

پایەی لۆژیكی پاشەوپاشگەڕاوی"گوتن"ە كە هاوپێناوو پێكبەستراوی "پەیدابوون"و "تێگەیشتن"ە. لە بەرەنجامدا هیچ جۆرە سەرپشكییەك ناتوانێ جێی بانگەشەی شیرازەی گوتراوەكان بێت. ئەم شیرازەیەی ئێمە حەواڵەی پێكهاتە بوونەكییەكان دەكات كە لە جیهاندان پێكهێنەری بوونن. بە بۆچوونی من هەر ئەم حەواڵەكردنو گەڕانەوەیەی پایەی زماننانسانە بۆ پێكهاتەی ئەزموون (كە لە دەربڕینو ئاخێوێك دایەو دێتە گۆ)، پێشگریمانی دیاردەناسانەی هێرمێنۆتیك پێكدەهێنێت.

لە ڕاستیدا، دەتوانی لە دەسپێكی چاخی سەرهەڵدانی توێژینەوە لۆژیكییەكاندا گەواهیدەری بزووتنەوەیەك بیت كە سنووردارکردنی ئاماژەی لۆژیكی لە پەنای ڕێكەوەندە لۆژیكییەكانی زمان لە تیۆریی هەمەكیی باری بەرتەماییدا بە ڕەوا دەزانێ. ئەم بزووتنەوەیە وا دەخوازێ كە شوێنگۆڕكێ بە نموونەو باشقەی پێوەندیی باری بەرتەمایی لە پایەی لۆژیكییەوە بۆ پایەی پەیبەرانە بكات، واتە لەو شوێنەی كە یەكەمین پێوەندیی ئاماژە بە شتان لە دیدی ئێمەوە بیچم دەگرێت. دیاردەناسی، هەر بەم كارە، بە ئاستی پێشگۆیی ئاماژە دەگات كە دیسان توێژینەوە لۆژیكییەكان، تێیدا بە ئاستی پێش پێشگۆیی بە مانای تایبەتەوە بەندە بە جێیەك، كە بە پاژاندنو شرۆڤەی



پێوەندیدار بە پەیدۆزیو پێشەنگی پاژاندن بە زماننناسییەوە گرێدراوە. بەم جۆرە، هۆسرێل لە بیرۆكەكاندا هەندە پێشڤە دەچێ كە دەڵێ پێستی دەربڕین پێستێكی بەسروشت بێفەڕە.[٢٣] خۆ لە ڕاستیشدا، پاژاندنو شرۆڤەی پێوەبەند بوونە دووسەرەكانی هزرو تێهزراوی زانستی، دەلوێ پەلكێشی شوێنە ئێجگار دوورەكان بكرێن، بە بێ ئەوەی كە ڕایەڵە زمانناسانەكان بەو چەشنەی كە هەن بەر سەرنج بكەون.

ئاستی ستراتیژیكی تایبەت بە دیاردەناسی، لەو دەمەدا تێهزراو (noéme)ە لەتەك گۆڕانكارییەكانی ( ئارایی، بەئاراییكردن، بیرەوەرییەكان، خەیاڵەكانو..تاد)، ڕێگەكانی بڕواهێنانی (ئەرخەیانی، گومان، مەزندەو..تاد)و پلەكانی كاروبارە بەرنهێم (بالفعل)و پەنگراوەكانن. هەر ئەم تەدارەكە تێهزراوە تەسەلیە (noéme complet) كە دەكەوێتە

پێش پایەی زمانناسانە بە مانا تایبەتەکەی کە لەوێدا کارکردەکانی ناولێنانو پێشگۆیی، پێوەندییە گەردانەکی (صرفی)و سینتاکسیو...تاد، بە ڕوونی دێنە دەربڕین.

ئەم شێوە پەیڕەوەندکردنەی پایەی زمانناسانە بۆ پایەی پێش زمانناسیی شرۆڤەی ڕاو ڕایەڵکراو، وا دیارە نموونەیەکە بۆ هێرمێنۆتیك. کاتێك هێرمێنۆتیك ئەزموونی زمان دەکاتە پەیڕەوی تێکڕای ئەزموونی جوانیناسانەو مێژوویی ئێمە لە پایەی زانستە مرۆییەکاندا، بزووتنەوەی وەگەڕنەخراوی هۆسرێل، لە پایەی ئەزموونی پەیبەرانەدا وەگەڕ دەخات. نزیکایەتیی نێوان بارکراوی پێشەنگی دیاردەناسیو هێرمێنۆتیك بە بارتەقای بۆچوونی هۆسرێل لەبارەی دیاردەناسییەوە نزیکە. هۆسرێل پێیوایە دیاردەناسی خۆی دەستی بە پەرەدان بە دیاردەناسیی پەیبردن لە ڕاستەڕێی هێرمێنۆتیکی ئەزموونی مێژوویی کردووە و دیارە کە چۆن پەرژاوەتە سەر ئەم کارە.

لە لایەکەوە، هۆسرێل بە بەردەوامی دەروەستە تایبەتە کاتەکییەکانی ئەزموونی پەیبەرانەی فراوان کردووەتەوەو بەم جۆرە بە پاژەو پاژکردنو شرۆڤە تایبەتەکانی خۆی، لە ڕێگەی مێژوویی بوونی ئەزموونی مرۆیی لە گشتکۆی خۆیدا گیرساوەتەوە. بەتایبەتی، بە بەردەوامی حاشاهەڵنەگرترو ڕۆشنتر بووەتەوە کە تایبەتمەندیی گریمانو گومانێکی ناهاوڕێژەو ناتەواو کە لە ئەزموونی پەیبەرانە لەمەڕ پێکهاتەی کاتەکی (زمانی، نێوکۆ)یەوە دێتە بەرهەم، دەیتوانی تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی مێژوویی لە گشتکۆی خۆیدا بێت. بەم جۆرە باشقە(مۆدێل)ی نوێی ڕاستی، گەلێ جار دەیتوانی دیاردەناسیی پەیبردن بۆ قەڵەمڕەوی زانستە مێژوویی-هێرمێنۆتیکییەکان ڕابگوێزێ. ئەمەش هەر ئەو بەرەنجامەیە کە مێرلۆپۆنتی لەدیاردەناسیی هۆسرێلی وەدەستی هێناوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەزموونی پەیبەرانە ڕۆژبەڕۆژ لە شێوەیەکی کەرتەکێکدا دەردەکەوت کە بەشێوەیەکی دەستکرد لە پێوەندی لەتەك "جیهانی ژیان" جیایەو بێ بژیوان هەڵگری تایبەتمەندیی مێژووییو فەرهەنگییە. من لێرەدا جەخت لەسەر فەلسەفەی جیهانی ژیانو سەردەمی قەیرانەکان ناکەم کە وێڕای ئەم پاژەوپاژکردنو شرۆڤەیە، هاوچەرخی دازاینی هایدگەرە. بۆ من هەر ئەوەندە بەسە کە بێژم گەڕانەوە بۆ سروشتی بەرجەستەبووی بە ماتماتیکیکراوی ژیان لە ڕێگەی زانستی گالیلۆو نیوتن، دەقاو دەق بنەواشەی گەڕانەوەیەکە کە هێرمێنۆتیك تێدەکۆشێ تا لە شوێنێکی دیکەدا لە سیستمی زانستە مرۆییەکاندا ڕاپەڕێنێو ئەم کارە کاتێك ڕایی دەکرێت کە

هێرمێنۆتیك مەبەستیەتی لە بەرهەستەكی كردنی ڕوونكردنەوەكانی زانستی مێژوو و كۆمەڵناسییەوە بە ئەزموونی هونەریو مێژوویيو زمانی بگات كە پێش ئەم بەرهەستەكیكردنانەو ئەم ڕوونكردنەوانە كەوتووەو لە هەناویدا هەڵیگرتوون. گەڕانەوە بۆ جیهانی ژیان هەر بەو بارتەقایە دەتوانێ ئەم دەوری سەرباشقەیە بۆ هێرمێنۆتیك بگێڕێت -خۆ ئەگەر جیهانی ژیان بە هەموو چەشنە بێ بژیوانییەكی نەپساوە پێك نەگیرابێتو لەتەك توێكڵی ڕواڵەتی ژیانەكیو سۆزەكیی ئەزموونی مرۆیی لێك نەگیرابێت- لە هەمان كاتدا لەم پاشەكەوتەی هەستەكانو لەوەش زێدەتر هەستی ئەزموونی زیندوو بدوێ كە مێتۆدی بەرهەستەكیو ڕوونكارانە دەرەخسێنێ.

بەڵام ئەم وەبیرهێنانەوانەی دوایی، ئیدی لەمێژە ئێمەی بۆ خاڵێك پەلكێش كردووە كە تێیدا دیاردەناسی ناتوانێ پێشگریمانی هێرمێنۆتیك بێت، مەگەر بە ڕادەیەك كە، لە بەرانبەردا، خۆی هەڵگری پێشگریمانی هێرمێنۆتیك بێت.

## ٢- پێشگریمانی هێرمێنۆتیكیی دیاردەناسی

مەبەستی من لە پێشگریمانی هێرمێنۆتیكی بۆ دیاردەناسی هەر لە بنەڕەتەوە، هەرەپێویستیی درككردن بە مێتۆدەكەی وەك جۆرێك لە شیتەڵو ڕاڤە، ڕوونكردنەوەو ڕاڤەیە. ئەگەر ئێمە بۆ دەقەكانی سەردەمی ڕەخنەكان كە ئێستە باس كرا، نەگەڕێینەوە، بەڵكو بۆ دەقەكانی سەردەمی لۆژیكیو سەردەمی ئایدیالیستی بگەڕێینەوە، بەڵگەهێنانەوەكە گەلێك سەرنجڕاكێشە.

### أ-هانابردن بۆ شیتەڵو ڕاڤە لە توێژینەوە فەلسەفییەكاندا

قۆناخی شیتەڵو ڕاڤە لە یەكەمین توێژینەوەی لۆژیكیدا، بە تێكۆشان بۆ گەیاندنی "كردەوە بەخشەرە ئاماژەییەكان" بە پایەی ونبینی (شهود) هاوكاتە. ئەم توێژینەوەیە بە دەربڕینێكی ئێجگار لێبڕاو دەست پێدەكات كە بە ئاراستەی دژەئاوێتەیی وێناكان لە پەیبردنی دەربڕینو ڕێكەوەند (العبارە) (بە مانای لۆژیكی ئەم وشەیە)یە. بە گوتەی هۆسرێل، دركردنی ڕێكەوەندێك بەدەر لە پەیداكردنەوەی ئەو وێنایانەیە كە بەوانەوە بەندە. وێناكان دەلوێ هاوپێناوی "ئاوەزگەرێتی" بنو وەدیاری بخەن، بەڵام پێكی ناهێننو هەمیشە لەگەڵیدا ناهاوڕێژەن.

ئەم بونیادگەراییەی ئاوەزگەریتی بەبێ وێناکان گەلێ بەناوبانگەو کاتێك پەی بە کەموکوورپییەکان دەبەین، زیاتر سەرنجمان ڕادەکێشێ.

مژاری ئاماژە بگۆڕەکان کە دواتر هۆسرێل تاوتوێیان دەکات، وەلا دەنێین [٢٤]. ئەمە پشکێکی گرنگ لە پشکنین‌و توێژینەوەی ئێمە لەمەڕ قۆناخە بەراییەکانی هێرمێنۆتیکی دیاردەناسی بەرهەڤ دەکات. هۆسرێل ئاماژەگەلی گاڤەکی، ئەو ئاماژانە دێنێتەگۆڕێ کە پێوەندییان بە جێناوە کەسییەکان‌و جێناوەکانی نیشانەو ئەو وەسفانەوە هەیە کە بە دەستەواژی نیشانەی پێناسەیی ناسیاوی‌و..تاد، لەڕیزی یەکەمدا ئاماژە بە بگۆڕو ناپاوەجێکان دەکەن. ئەم ئاماژانە تەنیا لە تیرۆژی بەستێنی ڕێکەوەنددا دەتوانێ دیارو دەستنیشان بکرێت‌و بەرنهێمێتی پەیدا بکات. بۆ درکی ڕێکەوەندێکی لەم چەشنە، پێویستە "هەموو جارێك ئاماژەیەکی کرداری‌و بەردەستی ئەو ئاماژەیە بەگوێرەی پێگەو بەگوێرەی کەسێك کە دەئاخفێ، ئاراستەدۆزی بکەین." تەنیا بە سەرنجدان لە بارودۆخ‌و حاڵوباری هەنووکەیی‌و بەرنهێمی دەربڕینە کە بەشێوەیەکی گشتی، لێرەدا دەتوانی بۆ بەربێژ ئاماژەیەکی تایەنکراو لەنێو ئاماژەگەلی پێکبەستراو پێکبهێنی.[٢٥]. ڕاستییەکە ئەمەیە کە هۆسرێل لەم کاتەدا لە ڕاڤەکان نادوێ، بەڵکو تایەنکاریی بەرنهێمی ئاماژەگەلی گاڤەکی وەك خاڵێك درك دەکات کە ئاوێزانبوونێکی نێوان ئەرکگەلی هێمایی‌و ئاماژەییە. بەڵام شێوەی کارکردنی ئەم جۆرە ئاماژانە، تا ڕادەیەك، لەپاڵ ئەو شتە لێکنزیکی‌و بەرکەوت پەیدا دەکات کە لەوەوپێش وەك یەکەمین دەستوەردانی ڕاڤە لە ئاستی زمانی باودا دەرکەوت‌و لەتەك فرەمانایی‌و فرەبایەخیی وشەکان‌و لەتەك بەکارهێنانی بەستێنەکانی ڕێکەوەند لە گفتوگۆدا پێوەندیی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، نیشاندانی پایەی ڕاڤە لە شێوەی کاری ئاماژەگەلی ناگاڤەکی کە هۆسرێل پێیوایە تێکڕای ئەدگارەکانی ئاماژەکان بۆ ئەوانە دەگەڕێنێتەوە، باشتر مەبەستەکەی ئێمە دەسەلمێنێ.

لەڕاستیدا ئەمە وەدیارخستنی ئەو ئاماژانەیە کە هیچ جۆرە لایەنێکی گاڤەکییان نییەو بە سەرنجڕاکێشترین شێوە پەنا بۆ شیتەڵ‌و ڕاڤە دەبات. لە ڕاستیدا ئەم ئاماژانە هەر بەگوێرەی بنەواشە دەتوانن مانایەکی تاقانەو بێ تەمتومانیان هەبێت، چونکە یەکجێ مانایەك ئاشکرا ناکەن. بەگوێرەی دەربڕینی هۆسرێل، دەبێ ئەوانە وەبەر کاری ڕۆشنگەری‌و ڕوونکاری بدەیت. بەڵێ، ئەم ڕۆشنگەرییە تەنیا لەو دەمەدا دەتوانێ بە مەنزڵگە بگات لانیکەم لە لایەن چولاییەکەوە پشتیوانی بکرێت، بەتایبەت خۆ ئەگەر

ئێمە بۆ خۆمان جۆرە ونبینییەکی "پەیکاڵ لەگەڵیدا" لەبەرچاو نەگرین. ئەم خاڵە بریتییە لەو ئاماژانەی کە پێکەوە تێکتەنرا بن‌و پێوەندییەکی نزیکیان هەبێت. هۆسرێل خۆی سەری لەمە دەسوڕمێت‌و پاژەوپاژکردن‌و شرۆڤە لەسەر بنەمای ئەم شێوە پرسیارو وەڵامە دەکاتە باو:

" دەتوانی مەسەلەکە بەم شێوەیەی خوارەوە باس بکەیت: ئەگەر ئاماژەی ڕێکەوەند کە تەنیاو تەنیا بەشێوەیەکی ڕەمزی‌و سیمبۆلیك وەگەڕ دەکەوێت، لە تایبەتمەندیی کردەیەکدا وەشێرابێت کە درکی نیشانەی کردار لە درکی نیشانەی بەدەر لە مانا جیاو لێکهەڵاوێر بکاتەوە، چۆن دەکرێ ئێمە بە سەلماندنی نەسازانەکانی ئاماژە، بەوپەڕی ڕاشکاوی لە دەرخستنی تەمتومان یان وەلانانی گۆڕانکارییەکانی مەبەستی ئاماژەدانەکە، بە ونبینیی‌و دیناو بگەین؟". کە وایە، لێرەدا مەسەلەکە ڕێکەوەندو دەربڕینێکە کە لە تیۆرژی ونبینیدا ڕۆشن بوویێتەوەو باس کرابێت. بۆیە دەبینین کە لەناکاوڕا سنووری نێوان ڕێکەوەندە هەرۆڵ‌و بگۆڕو ڕێکەوەندانی نەگۆڕ بنکۆڵ دەبێت. "بۆ ناسینەوەی نەسازانەکانی ئاماژە، هاوشێوەی نەسازانی نێوان مێش‌و فیل، پێویستیمان بە هەندێ دەزگای تایبەتە.




بەڵام لەو جێیەدا کە ئاماژەکان، لە شێوەی ڕەوتێکی بەردەوام درك بکرێن‌و کارلێك بکەن‌و لەو شوێنەدا کە گۆڕانکارییە لە تێگەیشتن بەدەرەکانیان، کەوشەنێك لەنێو ببات کە دروستیی داوەری وا دەخوازێ بپارێزرێت، هانابردن بۆ ونبینیی‌و دیناو شێوەی ڕۆشنگەری پێکدەهێنێت. ئیدی لەو دەمەدا، نیازی ئاماژەی دەربڕین بە دەساوێژی ونبینییە هەمەچەشنەکان ئەنجام دەدرێ‌و لە یەك چەمکەوە وەبار نایەت، بەڵکو بەڕاشکاوی پەیتاپەیتا بە ئاراستەدۆزی لەوانەوە وەبار دێت، کە بەڕاشکاوی لەتەك ڕاپەڕاندنی کردەدا جیاوازەو جۆرە جیاوازییەکی نیازی ئاماژەیە". لەسەر ئەم ڕێچکەیە ڕۆشنگەری (یان ڕوونکردنەوە) پەنەوازی کاری ڕاستەقینە لەسەر ئاماژەیەکە کە لەودا

خستنەڕوو و بەئاراییکردنی پێشهاتەکان دەورێکی ئێجگار کەمتر لە دەوری سادەی "هاوپێناوی" دەگێڕێت کە هەر لە بنەڕەتەوە تاکە دەورێکە کە جێی پەسندی تیۆریی ئاماژە بێت.

دەتوانی بێژیت ئەم ڕۆشنگەرییە زۆر لەگەڵ ئەو شتەی هێرمێنۆتیك بە ڕاڤە ناودێری دەکات جیاوازی هەیە. بە بێ دڕدۆنگی، نموونەکان و باشقەکانی هۆسرێل لە ڕاستیدا لە بەستێنێکی ئێجگار تەریککەوتە لە زانستەمێژوویی-هێرمێنۆتیکییەکان هەڵبژێردراوە. بەڵام کاتێك لە پێچو لۆچی پاژەو پاژکردنو شرۆڤەی توێژینەوە لۆژیکییەکاندا، ئەم چەمکەی شیتەڵو ڕاڤە (Deutung) کە بەدروستی جۆرە ڕاڤەو لێکدانەوەیەکە، لەناکاو بۆمان دەردەکەوێت کە بەراوردو نزیککردنەوەیان سەرنجڕاکێشتر دەبێت. بەڵێ، ئەم ڕێکەوەندە کتومت بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی قۆناخێك لە کاری ڕۆشنگەری یان ڕوونکردنەوەی ئاماژەگەلی لۆژیکی دەردەکەوێت کە هەنووکە گەڵاڵە بەراییەکەیمان نیشاندا. لە یەکەمین توێژینەوە لۆژیکییەکان لەژێر ناوی: "پەیبردنی ڕاڤەیی (Auffassung) لە دەربڕینو پەیبردنی ڕاڤەیی لە وێنای ونبینانە (شهودی)" بەم وەبیرهێنانەوەیەی خوارەوە دەست پێدەکات: "پەیبردنی ڕاڤەییە کە لە هەندێ بارەوە، کردەی درککردن یان ڕاڤەکردن (Deuten)، پەیبردنە بەرهەستەکیکەرەکان (کە بە فۆرمگەلی هەمەچەشنە ڕایی دەکرێت)و لەواندا وێنای ونبینانە (پەیبردنی هەستەکی، خەیاڵگەری، ڕەنێوهێنانی سەرلەنوێی وێناو..تاد)ی شمەکێك (هەر بۆ نموونە شمەکێکی "دەرەکی") بۆ ئێمە بە دەساوێژی هەستە تێکچڕژاوەکان بیچم دەگرێ. بەم چەشنە، جۆرێك نزیکیو خزمایەتی ڕاشکاوو گرێدراوی ڕاڤەیەکە کە لە پێشان لە پەیبردنی هەستەکیی پەتیدا لە کاردایەو ئەوە لە پێدراوە سادەکانی هەستکردن لێکهەڵاوێر دەکات. ئەم خزمایەتییە لە چالاکییەکی ئاماژەکەرانەدا جێی خۆش کردووە کە ئەگەری ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێ تا پەیبردنی ڕاڤەیی بە هەڵمەتی هەستەکی ناودێر بکەین. دەتوانی وەها تێبهزریت کە ئەرکی ڕۆشنگەری ناتوانێ هانا وەبەر ونبینییەکی پەیکاڵ ببەیت، مەگەر لەسەر بنەمای ئەم خزمایەتییەی نێوان هەردووك خاڵی نەسازی پەیبردنی ڕاڤەیی بێت.

جۆرێك خزمایەتی لە تەرازێکی تاقانەدا بووەتە مایەی ئەوەی هۆسرێل زاراوەی وێنا (Vorstellung) گل بداتەوە کە ئاگایی لەمەڕ هەمەکێتیو پاژێتی دەگرێتە خۆیو توێژینەوەی لۆژیکیی دووەم بۆ هاوێرکردنیان تێدەکۆشێ. ئەم دوو سیمایەی ئاگایی هەر

بە ڕیز بۆ "وێناگەلی تایبەت"و "وێناگەلی پاژەکیو ناسروشتی" دەگەڕێنەوە. لە هەردووك خاڵەکەدا، لە ڕاستیدا سەروکاریمان لەتەك هزر (meinen) هەیە کە لە سایەیەوە شتێکی "لە پێشەوە هەڵگرتووە" ("حاشاهەڵنەگرە هەرامەی هەمەکی، هەردەم لێی دەدوێین، بوونێکە کە ئێمە گەڵاڵەمان کردووە)". هەر لەبەر ئەم هۆیە هۆسرێل لایەنگریی فرێگەی نەدەکرد کە پێوەندییەکانی نێوان هزر (sinn)و وێنا دەپسێنیو ناوی یەکەم بۆ لۆژیك گل دەداتەوەو ناوی دووەم بۆ دەروونناسی ڕادەست دەکات. هۆسرێل هەر وا زاراوەی وێنا بۆ گوتنی مەبەستی بابەتی تایبەتو هەروەها دەربڕینی مەبەستی بابەتی تاکەکەسی بەکار دەهێنێت.

بەڵام بەتایبەتی دەستبردنەنێو هەرامەی چەشنەکیو دەستبردنە نێو هەرامەی تاکەکەسی لە یەك کرۆکەوە وەبار دێن کە هەمان هەستکردنی ڕاڤە کراوە: "هەستکردنەکان، پەیبردنە پێوەندیدارە شمەکییەکان لەسەر بنەمای ڕاڤەگەلێك دەخەنەڕوو کە ڕۆحیان پێدەبەخشنو تایەنکارییە بەرهەستەکییەکان نیشان دەدەن، بەڵام هەرگیز خۆیان ئەم تایەنکارییانە نین. بابەتی دیاردەیی، بەو جۆرەی کە دەردەکەوێت، لە دەرکەوتن وەك دیاردەیەکی بڵندهەڵکشاوانەو لە پایەی دیاردەیی سەرترە". کە وایە هۆسرێل نەك تەنیا لەنێوان مەبەستی هەرامەی تایبەتو هەرامەی تاکەکەسی بەشێوەیەکی نەپساوە جیاوازی دەکا، بەڵکو ئەو شتەی خۆی ناوی "ئەدگاری دیاردەیی هاوبەش"ی لێدەنێ، بە ڕەسەنو چاوگەی ئەم لێکترازانو دووفلیقانەییە دادەنێت.

" بە ئەرخەیانییەوە، لە دوو لایەنەوە، جۆرە ئەدگارێکی دیاردەیی هاوبەشیش لە گۆڕێدایە. لە هەردووك لاوە، بەڕاشکاوی کەتوارێکی کەرتكو بەرهەستەکی یەکتا دەردەکەوێتو لەو دەمەی کە ئەم کەتوارە ئاشکرا دەبێت، نێوەرۆکە هەستەکییە یەکتاکان لە هەردووك لاوە بۆ ئێمە دەخرێنە ڕوو، لە شێوەی پەیبردنێکی یەکتا، واتە گشتکۆی نێوەرۆکە هەستەکیو خەیاڵگەرییە یەکتاکان [بەشێوەیەکی] بەرنهێمو بە کردەکیانە بۆ ئێمە خراوەتەڕوو و وەبەر"پەیبردن یان ڕاڤە"یەکی یەکتا کەوتوونو تێیدا دیاردەی شمەك بە تایبەتمەندییە دەرخراوەکان لە سایەی نێوەرۆکەکانەوە، بۆ ئێمە پێکدێت. بەڵام هەر ئەم دیاردەیە لە هەردوو لاوە وەبەر کاروکردەی هەمەچەشنە دەکەوێت". ئەم بابەتە دەرخەری ئەوەیە کە پێدراوێکی ونبینیانە (شهودی)ی تاقانە دەتوانێ "جاروبار وەك دەقاودەقی ئەم پێدراوە تێبینی بکرێت و هەندێ جار بە پاڵپشتی هەرامەیەکی هەمەکی لەقەڵەم بدرێت". " لە تێکڕای ئەم دۆخانەدا، پەیبردنی ڕاڤەیی

ونبینییەکی هەستەکیی یەکتا دەتوانێ-ئەگەر بارودۆخو حاڵوبارەکان ڕەخسابن-بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەربکەوێت". هەر ئەم کرۆکە ڕاڤەکارەیە کە هاوبەشێتیی "هەمدیسوێنەکی"ی دوو مەبەستو گواستنەوەی یەك "پەیبردنی ڕاڤەیی" بۆ پەیبردنێکی دیکە دابین دەکات. کەوایە، بە هۆی ئەوەی کە ئەم پەیبردنە هەستەکییە لە پێشان بنکەی کاری ڕاڤەیەکە کە "دەیخاتە ڕوو"و بە هۆی ئەوەی دەینوێنێ، ئەم پەیبردنە هەستەکییە سەرەڕای ئاقاری تاکەکەسییانەی خۆی، دەتوانێ "پاڵپشت"ێکی هەمدیسوێنەکی تایبەت بێت.

یەکەمین شێوەیەك کە دیاردەناسی لەتەك چەمکی ڕاڤە بەرەوڕوو دەبێت، وەهایە. ئەم شێوەیە لە پرۆسەیەکدا وەشێراوە کە لە تیرۆژیدا ئەوپەڕی خوازراوی لایەنی لۆژیکیو یەکبوونی مانا خۆی پەیدا دەکات، هەر هەمان ئەوپەڕی خوازراو کە لە توێژینەوە لۆژیکییەکاندا بەسەر تیۆریی ئاماژەدا فەرمانڕەوایە. هۆسرێل ئەم ئەوپەڕی خوازراوە بەم ڕێکەواندانەی خوارەوە لە سەردەمی توێژینەوە لۆژیکییەکاندا دەردەبڕێو دەڵێ: "دیارە کە کاتێك ئێمە وەڕاستی دەگەڕێنین ڕێکەوەندێکی دەرهەستی دەتوانێ جێی خۆی بە دەربڕینێکی بەرهەستەکی بسپێرێت، لە ڕاستیدا، بەم دەساوێژە تەنیا نەبوونی سنووری بەڵگەی بەرهەستەکی دەردەبڕین. هەرچییەك کە هەیە، ناسینی خۆبەخۆیەو بوونەکەی لە دیدی نێوەرۆکەوە بوونێکی تایەنکراوە، بوونێك کە پشتی بەم یان بەو ڕاستییە "خۆبەخۆ"یانە بەستووە. ئەو شتەی بەڕاشکاوی خۆبەخۆ تایەن کراوە، دەبێ بتوانێ بەشێوەیەکی بەرهەستەکی تایەن ببێو هەرچییەك بتوانێ بەشێوەیەکی بەرهەستەکی تایەن بکرێت، دەتوانێ لە دیدی ئایدیالییەوە، بەئاماژەگەلێ کە بەڕاشکاوی تایەن کراوە، دەربرڕدرێ. ڕاستییە خۆبەخۆکان لەتەك بوونی خۆبەخۆدا پەیکاڵنو ئەم ڕاستییانە بە سەرەی خۆیان، لەتەك گوتراوە نەگۆڕو بێ تەمومژەکان پەیکاڵن. بینرا کە بە چ هۆیەك دەبێ یەکە ئاماژەییە نەگۆڕەکانو نێوەرۆکەکانی دەربڕینە پاوەجێو سەقامەکان بخەیتە جێی ئاماژەگەلی بگۆڕو هەرۆڵو ڕێکەوەندە دەرهەستیەکان. ئەوپەڕی خوازراوی یەکبوونی زانستو یەکبوونی مانا، ئەرکی ڕۆشنگەریی ئێمەی لە چارەماندا نووسیوەو بنەواشەی باوی نەبوونی سنوور، بەڵگەی بەرهەستەکیە بۆ ڕەوایی داوەری. کەواتە، بەڕاشکاوی ئەمە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆشنگەرییە کە جیایی ئاماژەگەلی گاڤەکیو ئاماژەگەلی بێ تەمتومانو پاشان کارکردی هاوپێناویی ونبینییە زوڵاڵکەرەکانو دواجار دەوری پاڵپشتیی ڕاڤەگەلی وەبارهاتوو لەپەیبردنە هەستەکییەکان بەشێوەیەکی یەك

لەدوای یەك، ئاشكرا دەكات. وردە وردە، ئەو شتەی وەگەڕ دەكەوێت، بەپێچەوانەی تیۆریی ونبینیو تیۆریی ڕاڤەیە.

### ب-هانابردن بۆ ڕاڤەو شیتەڵ لە ڕامانە دیكارتییەكاندا

بەڵام توێژینەوە لۆژیكییەكان لەبەر هەمان گەڵاڵەی لۆژیكی دیاردەناسی لەو سەردەمەدا، نەیدەتوانی ئەم قۆناخە بەراییانەی هێرمێنۆتیك پێشڤە بەرنو فراوانی بكەنەوە، هەر بۆیە تەنیا كاتێك توانی لێی بدوێت كە وەك بڵێی باس لە تڵتو بنكرێك دەكرێ كە ڕۆنراوی هەرەپێویستیی نەبوونی تەمتومانە كە بەسەر پاژەوپاژو شرۆڤەكاندا زاڵە.

دۆخی ڕامانە دیكارتییەكان سەرلەبەر بەجۆرێكی دیكەیە، لێرەدا ئامانجی دیاردەناسی تەنیا ڕۆشنكردنەوە مانای ئایدیالی چەند دەستەواژەیەك نییە كە بە باشی دروست كراون، بەڵكو مەبەست مانای ئەزموون بەشێوەیەكی گشتییە. كە وایە دەبێ شیتەڵو ڕاڤە پایەیەكیان هەبێت، ئیدی ڕادەكەی سنووردار نییە (بە ڕادەیەك كە ئەزموونی هەستەكی دەبێ وا ڕاڤە بكرێت ببێتە پایەی ڕاڤەیەكی "چەشنەكی"). بەڵكو بە ڕادەی مەسەلەكانی پێكهێنانو ڕەخساندنی ڕێكەوەندەكان بەشێوەیەكی هەمەكیو لە گشتكۆی خۆیدایە.

دۆخەكەی بەدروستی وەهایە. چەمكی شیتەڵو ڕاڤە -ڕەنگە بەگوێرەی پێویست سەرنجمان لێی نەدابێ- بەشێوەیەكی لێبڕاو كاتێك دێتە پێش كە گرێكوێرەكە بە بەرزترین گرنگیی خۆی گەیشتووە. ئەم پنتەی گرنگایەتی هەر ئەو شتەیە كە تێیدا خۆناسی لە شێوەی سەرترین قۆناخی دادگایی بۆ مانا، بەرپا كراوە، واتە: جیهانی بەرهەستەكی بۆ من (Für mich) هەیە، بۆ من هەبووەو دەبێت، هەر ئەم جیهانە بەرهەستەكییە بە تێكڕای شمەكەكانی لە مندا كە تێكڕای مانای خۆیو تێكڕای ئەو بایەخو هورمە بوونەكییەی كە بۆ من هەیەتی لە خودی من (aus mir selbst)ی دەردەهێنێت (ڕامانە دیكارتییەكان)[٢٦]. ئەم گونجاندنەی سەرتاسەری هورمی بوونەكی لە ویژداندا كە لە وەرگۆڕانی من بۆ خودی من باشتر دێتە دەربڕین، سەرەنجام خۆی لەڕامانی دیكارتی چوارەمدا دەبینێتەوە. سەرەنجامەكەی واتە: هەم كۆتاییو ئاكامەكەیو هەم قەیرانەكەی.

کۆتاییو ئاکامەکەی: تەنیا بەم مانایە دێت کە ڕەخسانی یەکبوونی نێوان دیاردەناسیو مننناسیەوە، وەرگۆڕانی تەسەلی مانای جیهان بۆ جێناوی من، دابین دەکات. تەنیا خۆناسی ئەم هەرەپێویستییە تێر دەکات کە شمەکەکان بۆ من، تەنیا لەو دەمەدا هەن، کە هەموو ماناو هەموو هورمی بوونەکی خۆیان لە منەوە دەربهێنن.

قەیرانەکەی: بەم مانایەیە کە دەرخستنی منێکی دیکە (autre ego)و لە میانی ئەوە، ئەویدیبوونی جیهان، پڕ بە پێستی مانا دەبێتە مەسەلەیەکی ئالۆزکاو.

هەر لەم قۆناخەی کۆتاییو قەیراندایە کە پاڵنەری شیتەڵو ڕاڤە دێتە پێشەوە. لە بەندی (سیو سێ)دا وەهای دەخوێنینەوە: " لەو سۆنگەوە کە خودی گەوهەری تاکی بەرهەستەکیو وەدیهاتوو، گشتکۆی ژیانی وشیارانە دەگرێتە خۆی، واتە ژیانی کەتوارەکیو پەنگراو لە خۆ دەگرێت، دیارە کە مەسەلەی ڕۆشنگەریو ڕوونکردنەوە (شیتەڵو ڕاڤە)ی دیاردەناسانەیە، واتە هەر ئەم منەی گەوهەری تاکانە (مەسەلەی پاوەجێیی خۆلەخۆی) دەبێ تا هەموو مەسەلەی پێکهێنەری میناك بەشێوەیەکی گشتی بگرێتە خۆ. بەکورتی، دیاردەناسیی ئەم بونیادو پاوەجێیی خودی خۆلەخۆ، خۆی لەپاڵ دیاردەناسی بەشێوەیەکی گشتی لێکنزیکیو بەرکەوتی هەیە".

لێرەدا هۆسرێل لە ڕێکەوەندی شیتەڵو ڕاڤە چ سوودێکی بەر دەکەوێت؟ چ چاوەڕوانییەکی لێی هەیە؟ بۆ درککردنی، دەبێ لە ڕامانی چوارەم واوەتر بچینو لە چەقی ڕامانی پێنجەمو گرێکوێرەیەکدا بگیرسێینەوە کە بەبێ هانابردنی ڕاڤە بۆ شیتەڵ زۆر وێدەچی لە چارەبەدەر بمێنێتەوە. پاشان، با بگەڕێینەوە دواوەو تێبکۆشین کە لە دەوری ستراتیژیکی ڕاڤە لەخاڵی چەمانەوەی ڕامانی چوارەم بۆ ڕامانی پێنجەم تێبگەین.

گرێکوێرەیەك کە بە ڕواڵەت بە چارەنەکراوی ماوەتەوە، وەهایە: لە لایەکەوە، وەرگۆڕانی هەر چەشنە مانایەك بۆ ژیان، نیشاندەری مەبەستو نیازی خۆیو منی هاوپێچەکی پەنەوازی ئەوەیە کە ئەویدی لەسەر منو "لەسەر بنەمای من" پێکدێت. لەلایەکی دیکەوە، دیاردەناسی دەبێ سەرنج لە ڕەسەنایەتی ئەزموونێکی دیکە بکات، کتومت بەم ناونیشانە کە ئەزموونێکی دیکە بەدەر لە منە. تێکرای ڕامانی پێنجەم لەژێر ڕکێفی تەنگژەیەکدایە کە لەنێوان دوو هەرەپێویستێتیدا هەیە: هەرەپێویستێتی ڕۆژژمێرو دامەزرانی ئەویدی لەسەر منو دامەزراندنی وەك ئەویدی. ئەم گرێکوێرە سەمەرەخوڵقێنە لە چوار ڕامانەکەی دیکەدا وەشێرا بوو: "شمەك" هەر لەو دەمەدا لە ژیانی من جیا دەبووەوە، وەك هاوشێوەیەکی دیکەی من کە بەدەر لە منە، بە شێوەیەك

که وەك بڵێی لەبەر دەمدا قوت بووبێتەوە، ئەگەرچی تەنیا وێکهێنە سێنتزیەکی ڕۆنراو لەسەر مەبەستەو بەس، یەکەیەکی گریمانەکیو قەرسەکییە، بەڵام دواین ململانێی نێوان هەرەپێویستێتی گەڕانەوە بۆ هەرە پێویستێتیی پەسنەکی، بوو بە ململانێیەکی ئاشکراو ئەمە هەر لەو دەمەوە بوو کە ئەویدی، چیدی شمەکێك نەبوو، بەڵکو منێکی دیکە بوو، ئەوێکی دیکەی بەدەر لە من. لەکاتێکدا کە ئەگەر بێ کۆتو مەرج بدوێین، تەنیا من، بابەتی ناسێنەر، ئەویدی تەنیاو تەنیا لە شێوەی بابەتێکی دەروونی ـ فیزیکی ناخرێتە ڕوو کە لە سروشتدا هەڵکەوتبێ" ئەم ئەویدییە -وەك "من"- بابەتی ئەزموونەو ئیدی بەم شێوەیە درك بە من دەکات، بە جۆرێك وەك بڵێی هاوپەیوەستی جیهانی ئەزموونی خۆی بێت. گەلێ لەمە سەرتر، لەسەر بنەمای هەر ئەم پێوەندییە دووسەرەیەی دەرهەستدایە کە سروشتێکی "هاوبەش"ی دیکەو جیهانێکی فەرهەنگیی"هاوبەش" پێکدێت. لەم بارەوە، گەڕانەوەی بیاڤی پێوەبەندبوون -گەڕانەوەی ڕاستەقینە لە گەڕانەوەدا- دەتوانێ وەك زاڵبوونی گرێکوێرە لەو ڕووەوە کە گرێکوێرەیە- بێت. ئەم تایبەتمەندییەی باری بەرتەمایی بەشێوەیەکی گەلێ تایبەت، ماناو چەمکێکی بوونەکی نوێ تەدارەك دەدرێ کە لە هەبوونی خودی "من" کە لایەنی گەوهەری تاکی هەیە، سەرپێچی دەکات (überschrutet). ئیدی لەو دەمەدا، منێك تەدارەك دەدرێ کە وەك خۆی- من نییە. بەڵام وەك بڵێی لە تەشکی مندا، لە گەوهەری تاکی مندا تاودانەوە (spiegelnden)ی هەیە.[٢٧] گرێکوێرەی داڕنرانی بوونی ئەویدی لەبوونی من، هەر لەو قۆناخەی کە ئەم بوونە وەك تاقانە بوون گەڵاڵە دەکەم، وەهایە.

هانابردن بۆ وێنای دەرهەستی" دەستوەردان لەسەر بنەمای نەزیلە"و "جووتسازی" (paarung) بە هیچ شێوەیەك تا ئەو کاتەی کە تێیدا لە سای شیتەڵو ڕاڤە -کە لە ڕامانی پێنجەم باس کراوە- لێکهاوێر نەکرێت، گرێکوێرەکە شل ناکاتو لە توندیو ڕەقییەکەی کەم ناکاتەوە. گوتنی ئەمە کە ئەویدی"بانگهێشت کراوە"و هەرگیز بە مانا ڕاستەقینەکەی "ئامادە نەبووە" وا دیارە زیاتر شێوەیەکی دیکەی گوتنەوەی گرێکوێرەکەیەو ئەمەش بە مانای چارەی ئەم ئاریشەیە نییە. لە ڕاستیدا، گوتنی ئەمە کە تێوەربوون نیشاندەری نەزیلەی بەڵگەهێنانەوە لەسەر بنەمای نەزیلە نییە، بەڵکو گواستنەوەیەکی بێ بژیوانی ڕۆنراو لەسەر جووتکردنو گرێدانی دووبەدووی تەنی من لێرەداو [گرێدانی بە] تەنێکی دیکە لەوێدایە، بەمانای دەستنیشانکردنی خاڵی پێکچزانی هەرەپێویستیی پەسنکردنو پێویستی ڕەخسانو نرخاندن، لەڕێگەی دانەپاڵی

ناوێك لە تێکەڵەیەکە کە تێیدا گرێکوێرە دەبێ بکرێتەوە. بەڵام جێگۆڕکێکردنی پەیبردنی ڕاڤەیی، واتە پەیبردنی ڕاڤەیی نەزیلەیی (ئەلیگۆریك) چ مانایەك دەدات؟ ئەگەر ئەم ڕۆنانە جووتەی ویژدان (من)و ناویژدان (بەدەر لە من)ە یەکەمینە نەبێت هەرگیز(پەیبردن) ڕوو نادات. ئەم جووتسازییە، لە ڕاستیدا دەبێتە مایەی ئەوەی کە مانای سەرلەبەری ئەزموونی من بۆ مانایەکی ئەزموونیی دیکە حەواڵە بکرێت. بەڵام ئەگەر ئەم جووتسازییە سەر بە ئاخێزگەو چاوگەی تەدارەکی منی خۆلەخۆ نەبێت، ئەزموونی من (ویژدان) لەبەرگرەوەی هیچ جۆرە گەڕانەوەیەك بۆ ئەزموونێکی دیکە نابێتو ئیدی لە ڕاستیدا هەرچییەك لە ڕامانی پێنجەمدا زیاتر لەوانیدی جێی سەرنجە، بەڕاستی تێکڕای ئەو وەسفانەی کە ئایدیالیزم دەیخاتەڕوو" چ لەو جێیەی گرێدراوی سیماگەلی هاوپێچەکیی جووتسازییە یان بە لێکهاوێری ژیانی دەروونیی نامۆ لەسەر بنەمای پەیکاڵێتیو هەماهەنگی نێوان نیشانەکان، ڕێکەوەندەکانو ڕەمزەکانو ئەو بارودۆخانەی کە گریمان ڕەسیو (کامڵ) دەکەن، واتە چاوەڕوانیی هەرامەی هەستپێکراوی نامۆ، یان ئەو شتەی گرێدراوی دەوری خەیاڵگەری لە پەیبردنی ڕاڤەیی نەزیلەییە. لەوێ، ئەو جێیەیە کە دەتوانم هەبم، ئەگەر بۆی بگوازرێمەوە.

کە وایە دەبێ بۆ دواوە بگەڕێینەوە، بۆ هەمان قۆناخ کە ڕامانی دیکارتی پێنجەم، کاری دیاردەناسانەی تەسەل، چەشنی شیتەڵو ڕاڤە پێناسە دەکات. ڕێکەوەندی چلو یەکەم کە کۆتایی ڕامانی چوارەمە، بەڕاشکاوی ئایدیالیزمی بلندهەڵکشاوانە وەك "ڕۆشنگەریو ڕوونکردنەوەی دیاردەناسانەی خودی من پێناسە دەکات کە لە ویژدانی مندا چووەتە قۆناخی وەگەڕکەوتنەوە". ئەو شتەی کە تایبەتمەندیی "شێواز"ی ڕاڤەیە، هەمان سیفەتی"کاری بێ بنەتا"یە کە بە پەرەگرتنی ئاسۆگەلی ئەزموونە بەرنهێمەکان پێبەندە. دیاردەناسی، تێهزرینێکە کە دانەدووی بێ بێکۆتا دەکات، چونکە تاوتوێی بۆچوون، سنووربەزاندنی ئاماژە پەنگراوەکانی هەرامەی هەستپێکراو تایبەت بە خۆیەتی. دەقاودەق هاوشێوەی ئەم تەوەرەیە کە لە کۆتایی ڕامانی پێنجەمدا سەرلەنوێ خراوەتە بەرباس. ئەمە سەردێڕی بەندی پەنجاونۆیە: "ڕوونکردنەوەو جەختی ڕاشکاوانەی بووnناسانەو پایەکەی لە گشتکۆ دیاردەناسیی بنیاتنەری بلندهەڵکشاوانەدا". ئەو شتەی کە هۆسرێل بی ڕوونکردنەوەی بوونناسانە ناودێری دەکات، بەندە بە پەرەگرتنی توێژەکانی مانای (سروشت، ئاژەڵێتی، ژیانی دەروونی، فەرهەنگ، کەسایەتی) پۆلێن بەندییەکەی جیهان وەك مانا پێك دەهێنێت. بەم جۆرە ڕوونکردنەوەو شیتەڵکردن لە

نیوەڕێگەی فەلسەفەی ڕەخسانو فەلسەفەی وەسفکردندا هەڵکەوتووە. هۆسرێل، لە بەرانبەر فەلسەفەی هیگڵو بەرهەمەکانو لێکەوتەکانی، لە بەرانبەر هەر چەشنە "ڕەخسانو سازدانی میتافیزیکی" لەو باوەڕەدایە کە دیاردەناسی "هیچ شتێك نائافرێنێت"، بەڵکو شتێك "پەیدا دەکات" سیمای بان ئەزموونی دیاردەناسی هەر ئەمەیە. ڕوونکردنەوە جۆرێك بەڕاشکاوکردنی ئەزموونە: "بەڕاشکاوکردنی دیاردەناسانە کارێکی دیکە ناکات-و هەرگیز ناتوانی لە ڕادەبەدەر بەزەقی نیشانی بدەیت- تەنیا ئەو مانایە بەڕاشکاو دەکات کە جیهان پێش هەر فەلسەفەیەك بۆ هەموو ئێمە هەیبووەو بەئاشکرا ئەزموونی ئێمەی وەپاڵ دەدات. ئەم مانایە بەڕاستی لە سایەی فەلسەفەوە هەڵدەهێنجێرێتو دەردەهێنرێت (enthült)، بەڵام هەرگیز ناتوانیٚ بەهۆیەوە بگۆڕدرێت (geändert). لە هەر ئەزموونێکی بەرنهێمیشدا-لەبەر بەڵگە میناکییەکان، نەك بە هۆی لاوازیی ئێمە- گەمارۆدراوی ئەو ئاسۆیانەیە کە پێویستییان بە ڕۆشنگەریو پەنامەك (klärung) هەیە". بەڵام، لە لایەکی دیکەوە، دیاردەناسی بە پەیوەستبوونی ڕوونکردنەوە بە ڕۆشنگەریی ئاسۆکان، دەیەوێت لە کەوشەنی وەسفکردنی بیٚ جووڵە پێشڤەتر بچیٚ کە زۆر وێدەچیٚ تەنیا جوگرافیای توێژەکانی مانا، بیکات بە جۆرە توێژناسییەکی وەسفکارانەی ئەزموون. کاروکردەی گواستنەوە کە ئێمە لە خۆمانەوە بۆ ئەویدیو پاشان بەرەو سروشتی بەرهەستەکیو هەتا دوایی بەرەو مێژوو پەسنمان کرد، جۆرە پێکهێنانێکی بەرەبەرە، جۆرێك ئاوێتەکردنی پلە بە پلەو سەرەنجام جۆرە گوراندنێکی هەمەکی وەدی دەهێنێت، ئەو گوورانە هەر ئەو شتەیە کە بەوەوە بەشێوەیەکی وارسکەیی چەشنی جیهانی ژیان لێی دەڕوانین.

هەر ئەم ڕوونکردنەوەیە ڕۆنراوی دوو نیازی لەبەرگرەوەی دوو هەرەپێویستییە کە لە دیدی ئێمەوە بەدرێژایی ڕامانی پێنجەم دژی یەکدی دەجەنگن: لە لایەکەوە ڕەچاوو تێبینیی ئەویدیبوونی ئەویدی، لە لایەکی دیکەوە ڕەگداکوتانی ئەم ئەزموونە بڵندهەڵکشاوانەیە لە ئەزموونی بەراییدا. شیتەڵو ڕاڤە، لە ڕاستیدا کارێکی دیکە ناکات، بێجگە لەوەی تەواوکەرو هاوپێچی مانا بەرین بکاتەوە کە لە ئەزموونی مندا دەرخەری شوێنی چۆڵی ئەوی دیکەیە.

بەم جۆرە خۆێندنەوەی کەمتر لێکترازێنی دووبەدووی سەرلەبەری ڕامانی پێنجەم لواو دەبێت. ڕاڤە هەر لەپێشان دەگەڕێتەوە بۆ بیاڤی پێوەبەندبوون. چونکە ئەمە پێدراوێکی حاشاهەڵنەگر نییە کە لەسەر بنەماکەی بتوانین بەرەو لای پێدراوێکی دیکە

پێشڤە بچین کە هەمان "ئەویدی" بێت. ئەزموونی گەڕێنراوە بۆ تەنی تایبەت، بەروبوومی سڕینەوەی داڕنراوەکیە کە ڕوو لە هەموو شتێکی نامۆ دەکات. لە ڕێگەی ئەم گەڕانەوە داڕنراوانەیە، بە گوتەی هۆسرێل "من تەنی خۆم کە بۆ پێوەبەندبوونی من گەڕێنرابووەوە، وەدەست دەهێنمەوە". بەڕای من هەر ئەم وەدەستهێنانە (Herausstellung)، بەم مانایەیە کە ئەم بابەتە هەمیشە لەسەر بنەمای "پرسیار بە ئاراستەی پێچەوانە"یەو لە سایەی ئەمەوە دیسان پرسیار(Rückrage) تێهزرین، لەنێو کەڵەکەی ئەزموونو لەمیانی توێژە بەدوایەکدا اهاتووەکانی پێکهێنانو ڕەخساندا، شتێك دەبینێ کە هۆسرێل بە "بونیادی سەرەکی" (Urstiftung) ناودێری کردبوو، ئەم توێژانەش ئێمە بۆ ئەو بونیادە سەرەکییە دەگەڕێننەوە. هەرامەی یەکەمین، خۆبەخۆ لە خۆیدا خاوەنی شتێکە کە ئەم گەڕانەوەیەی هەیە. کە وایە نابێ لەژێر ناونیشانی "بیاڤو چەرخۆلکەی پێوەبەندبوون"(٢٨)، پەیجۆری ئەزموونێکی نادیارو سرك بکەیت کە زۆر وێدەچێ لە جەرگەی ئەزموونی مندا، پریشکی فەرهەنگی بەر نەکەوتبێ، بەڵام هەرامەیەکی پێشینو پێشەنگ بێت کە هەرگیز دەستنیشان نەکراوە. کە وایە هەر لەبەر ئەم هۆیە، سەرەڕای کرۆکی ونبینانەی خۆی، ئەم ئەزموونە لە شێوەی ڕاڤەیەکدا دەمێنێتەوە". هەرچییەك تایبەت بە منە، ئەوەش، لە تیرۆژی ڕوونکردنەوەدا دەردەکەوێتو بەکردەوە هەر ئەم ڕوونکردنەوەیەو بە دەساوێژی ڕوونکردنەوەشە کە مانای ڕەسەنی خۆی وەردەگرێت. هەرامەی تایبەت، تەنیا بەسەرنجدان لە "ئەزموونی ڕۆشنگەرو ڕوونکەرەوە"ش ئاشکرا دەبێت. خۆ لەوەش باشتر ناگوترێ: بەهۆی ڕاڤەکەشەوە هەرامەی تایبەتو هەرامەی نامۆ، چەشنی دوو جەمسەری نەیار دەرەخسێن.

لە ڕاستیدا، ئەوەی کە ئەویدی لە هەمان کاتدا لە منو وەك ئەویدی دەرەخسێت، ئەمە بەرەنجامی شیتەڵو ڕاڤەیە. بەگوێرەی ئەمە ئەرکی ئەزموون بەشێوەیەکی گشتیە کە بابەت خۆی "لە ڕێگەی ڕاڤەی خۆی و بە دەستی خۆی دیاری دەکات. کە وایە ئەزموون وەك ڕوونکردنەوەی پەتی ڕایی دەکرێ"و هەر جۆرە دیاریکردنێك ڕوونکردنەوەیە. "ئەم نێوەرۆکە بنەڕەتیو تایبەتە هێشتا تەنیا بابەتێکی جێی چاوەڕوانی لە یەك شێوەی هەمەکیو بەشێوەی ئاسۆیەك نییەو تەنیا لە ڕێگەی جەختی ڕاشکاوانەوە پێکدێت (ماخۆی نیشانی ئاخنەکی، تایبەت، میناکیو بەتایبەتی خاوەنی تایبەتمەندیی وەسفەکانە)".(٢٩)

بابەتی پامالّی کۆدەنگی تەدارەکدان کە هەم پاوەجێی"لە مندا"و هەم "ئەویدی"یە، ئەگەر لەتیرۆژی دەوری "بەڕاشکاوکردن" وەدیاری بخەن، مانایەکی تەواوجیاواز لە خۆ دەگرێ. ئەویدی، لە بوونی مندا وەك ویستێکی پێدراوو هەرامەی حاشاهەڵنەگر، وەشێراو نییە، بەڵکو بەم ناونیشانە کە "بوونی من" لەبەرگرەوەی ئاسۆیەکی کراوەیە بەرەو بێ بنەتایی"، ئەوە تێگوبجانی پەنگراوی مانایە کە نیگای من بەسەریدا ناڕوانێ. کە وایە، بەتەواوەتی دەتوانم وەڕاستی بگەڕێنم کە ئەزموونی ئەویدی تەنیا "بوونی تایبەتی بەرهەستەکی من بەرین ناکاتەوە، بەڵکو ئەوەی فراوانی دەکاتەوە هەر لەپێشان لە مندا هەبووە، بەم ناونیشانە کە هەرچییەك لێرەدا بە بوونی تایبەتو بەرهەستەکی ناوی لێدەنێم، لایەنی پەنگراوی مانایەکە کە لە بیاڤی بۆچوونو تێهزرین سەرترە. ئەگەر سنووربەزاندنی من لەم ئاستەو بەرەو ئەویدی بەم پێکهاتە ئاسۆییە دەورە دراوە کە پەنەوازی جۆرێك "جەختی ڕاشکاوانە"یە. سەرتاسەری دیاردەناسی جۆرێك جەختی ڕاشکاوانەیە لە هەمان کاتی ڕوونیو بەڵگەنەویستیو جۆرێك ڕوونیو جەختکردنەوەی ڕاشکاوانەیە. بەڵگەنەویستییەك کە ڕووناك دەبێتەوە، جەختێك کە ڕوونیو بەڵگەنەویستێتی دەخاتەڕوو، هەمان ئەزموونی دیاردەناسانەیە. لەم دیدەوە، دیاردەناسی ناتوانێ بێجگە لە شێوەی هێرمێنۆتیك- بەشێوەیەکی دیکە- ڕایی بکرێت. بەڵام ڕاستیی ئەم گوزارەیە تەنیا لەکاتێکدا شیانی پەیبردنە کە لە هەمان کاتدا، ئەرکی ڕەخنەی ئایدیالیزم لەڕێگەی هێرمێنۆتیکەوە، بەگوێرەی بڕوای هۆسرێل بەشێوەیەکی تەسەل، وەئەستۆ بگیردرێت. لێرەدایە کە "بەشی دووەم" ئەم وتارە تۆژەرانەیەی ئێمە ڕادەستی بەشی یەکەم دەکات: دیاردەناسی و هێرمێنۆتیك تەنیا لەو دەمەی بەشێوەیەکی دووسەرە پەنەوازی گریمانی پێشینی یەکدین تا ئایدیالیزمو دیاردەناسیی هۆسرێل بە بەردەوامی بە شوێنکەوتەی ڕەخنەی هێرمێنۆتیك بمێنێتەوە.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

(*****) مەبەست لە کەوانەکە هەبوونی مەودایە، ولاّمدانەوە بە مەودایە، جا ئەو مەودایە هەر ژانرێك بێت. ڕەنگە مەبەست لەم مەودایە هەمان کەلێنی پڕنەکراوەی نێوان "زمان ـ دیاردە ـ هەقیقەت " بێت کە بە "مەودا" ناودێر دەکرێت.

(17). M. Heidegger, Sein und Zeit p. 150; tr. fr., p 187.
(18). H. G. Gadamer., op. cit., p. 367 suiv.
(19). Heidegger, ʿHegels begriff der Erfabrungʾ Holzwege, pp. 105 - 192; tr, fr. ʿHegel et son concept dʾexpérienceʾ, Chemins qui ne ménent nulle part, pp. 101 sq.
(20). J. - P. Sartre, ʿUne idée fondamentale de la phénomenologie de Husserl: Iʾ Intentionnalité, Situations, I, 1947.
(21). H. G. Gadamer, op. cit., p 97 sq.
(22). Par cette expression je propose un equivalent franÇais pour le concept de Wikungsgeschicht – liches Bewusstsein éuoqué, ci-deddus, p. 11, n. 17.
(23).M. Heidegger, Sein und Zeit. § 34.
(24). Husserl, Ideen I § 124.
(25). Husserl, Logishe Untersuchungen, I. chap. II, § 17 sq.
(26). Ibid., chap. III. § 24 sq.
(27). Le premier chiffre renvoie á lʾéd. Allemande orginale, le second á la tr. fr. (P.U. F., 1962).
(28). Le premier chiffre renvoie á Husserliana, t. II; tr. fr. (Vrin, 1947).

**سەرچاوە: پاول ریکور، پدیدارشناسی و هرمنوتیك، ترجمەی: سید زیائودین دهشیری، در: نامەی فلسفه، پرتال جامع علوم انسانی .**

# شوناسی کراوە
# گفتوگۆ لەگەڵ ئەمین مەعلوف



وەرگێرانی لەعەرەبیەوە: جەمال پیرە

نووسەری لوبنانی ئەمین مەعلوفی تەمەن (٧٢ ساڵ)، ئەوانە هاندەدات کە گرنگی بە بۆچوونەکانی دەدەنو پێیان دەڵێ لە هەڵوێستو سیاسەتەکاندا دەست بە حیکمەتو شەفافیەتەوە بگرن، بەتایبەت لەبەر ئەوەی بابەتەکە ئێستا بووە بە بابەتێکی وردو یەکلاکەرەوە، هۆشداریش دەدات لەوەی مرۆڤایەتی لەم ساتەوەختەی ئێستاماندا بە ئاراستەی نغرۆبوون هەنگاودەنێت. داوادەکات نەتەوەو کەلتوورەکان بەرپرسیارییەتی

بەکۆمەڵ لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەر هەڵگرن، بۆ ئەوەی چارەنووس خراپ نەبێت. مەعلوف لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩ لە شاری مەدرید ئەم پرسەی لە دوا سیمیناری خۆیدا لەبارەی کتێبە نوێیەکەی بە ناوی "نغرۆبوونی شارستانیەکان"خستەڕوو.

شوێنێك بۆ هەموو ئەوانە نەبوو کە لە ئیڤێنتێکدا بەشداربوونو شوێنپەنجەی بەسەر رامانەکانی نووسەرێکدا بەجێهێشت کە بە هزری رۆشنگەریانەو مەعریفەیەکی قووڵ دەربارەی واقیعی وڵاتانی عەرەبی جیادەکرێتەوە. ئەویش ناوی ئەمین مەعلوفەو لە مێژووی رۆشنبیریی فڕانکۆفۆنیدا هەڵکەنراوە، ئەو لە جیهانی عەرەبیدا لە رێگای کۆمەڵێك بەرهەمی توێژینەوە ئامێزی وەك "جەنگە خاچپەرستییەکان لە روانگەی عەرەب"و "شوناسە بکوژەکان"و ژمارەیەك رۆمانی وەك "لیۆنی ئەفەریقاو "سەمەرقەند"و "رووناکی باخچەکان"و "تاوێری تانیۆس"و "پەیژەکانی خۆرهەلات"و...تاد، بە یەکێك لە کاریگەرترین دەنگەکانی بواری رۆشنبیری دادەنرێت.

لەسەر ئاستی جیهانیدا وەك رۆماننووس ناسراوەو بە رۆمانی "تاوێری تانیۆس" لە ساڵی ١٩٩٣دا خەڵاتی گۆنکۆری وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠١٠ بەهۆی ژیانی دوورودرێژی پیشەکەیەوە خەڵاتی شاژن ئەستۆریاسی پێبەخشراوە. مەعلوف چەند کاتژمێرێك بەر لە خستنەڕووی کتێبە نوێیەکەی لە شاری مەدرید، بۆ ئەنجامدانی وتوێژێ دەربارەی ئەو هۆکارانەی کە دەشێ کەشتی مرۆڤایەتی بەئاراستەی نغرۆبوون بەرن، پێشوازی لە تیمی ماڵپەڕی "ئەتلیار"کرد.

### پ- ئایا لەنێوان ئێستاو ئەوەی کە ناوی دەنێین ئایندەمان گەشبینیت؟

**ئەمین مەعلوف:** ناتوانم بڵێم رەشبینم، پێموایە گرفتی مەترسیدار هەن، پێویستە هەستی پێبکەینو پێویستیشمان بە چارەسەرکردنیان هەیە. ناتوانین بڵێین چارەسەر نییە، چونکە بەرپرسیارییەتی ئێمە لەم جیهانەدا بریتییە لە چاکسازی. پێویستە لەسەر ئێمە بەیەکەوە بژین، پێویستە ژیانی هاوبەشمان لەسەر زەوی رەقدا بونیاد بنێین، ئێمە پێویستیمان بە دۆزینەوەی چارەسەرە، پێموانییە نائومێدیی‌و رەشبینی یەکێك بن لەم چارەسەرانە.

## زیاتر له شوناسێك

**پ- تۆ عەرەبو مەسیحیو شامیو لوبنانیو فرانكۆفۆنیتو له ئەوروپا دەژی، كه یەك شوناسه، بەڵام به چەند جیاوازییەكەوه، راتان دەربارەی یەكێتی ئەوروپا چییه، كه ٢٧ شوناسی له یەك ئەندامێتیدا كۆكردۆتەوه؟**

**ئەمین مەعلوف:** پێموایه چەمكی "ئەوڕوپی" پێویستی بەوه نییه بەتەنها بێت. لەو بڕوایەدام پڕ حیكمەتترینو واقیعیترینو دادپەروەرترین هەڵوێست ئەوەیه هەر كەسێك دەتوانێت ئەم سیفەته بەدەستبێنێت. من، هەروەك دەڵێن، له لوبنان لەدایك بووم، بەڵام ٤٠ ساڵه له فەڕەنسا دەژیم. هێشتا لوبنانیم، وەلی هاوكات بووم به فەڕەنسیش، ئینتیمام بۆ هەردوو شوناسەكه هەیەو نامەوێ له هیچ كامێكیان جیا ببمەوه. زۆر كەس له ئەوڕوپا هەیه خاوەنی چەند شوناسێكن، لەوانەی كه وەكو من له شوێنێكەوه بۆ شوێنێكی تر كۆچیان كردووەو هەمان ئەو ڕێگایه بەو وڵاته دەیانبەستێتەوه كه میوانداری كردوون، به وڵاتی ئەسڵی خۆیان بەستراونەتەوه، هەندێكیشیان لەم وڵاتەدا پەیوەندییەكی گەورەی هەرێمی یان زمانەوانییان هەیه. به بۆچوونی خۆم، تاكه هەڵوێستی ئاقڵانه ئەوەیه، هەموو كەسێك هانبدرێت زیاتر له شوناسێكی هەبێتو فره شوناسی قبوڵ بێتو لەگەڵ یەكتردا هاوئاهەنگو تەبا بن. ئەمه ئەو ڕێگایەیه كه ئەوڕوپا بەهۆیەوه دەیباتەوەو یارمەتیدەری دەبێت بۆ گەشەكردنی یەكێتیەكی كۆكەكەرەوەی هەموو شوناسەكان. لەگەڵ ئەمەشدا، گەڕان بەدوای كەمترین دەرچەی هاوبەشی نێوان وڵاتانی ئەوڕوپی، دیدگایەكی زۆر سنووردارە، گرنگ ئەوەیه هەموو ئەم شوناسانه ببینین بەرەو كوێ دەڕۆن، چونكه به هەموویان ئەوڕوپایان پێكهێناوه، وەك دەبینم ئەوەیه ئەوروپا لەگەڵ تەواوی جیهاندا یەكگرتوو دەبێت.



## ترس لە ئەوانی دی

**پ- بەردەوام بەرگریت لەوە کردووە لەنێو کەلتورەکاندا پرد هەبێت، بەتایبەت لەنێوان هەردوو کەنارەکەی دەریای سپی ناوەڕاستدا. ئایا پێتوایە ئەمە لەم سەردەمەدا بێتەدی کە تێیدا نەتەوەپەرستیو زینۆفۆبیاو نەژادپەرستیو تاکگەرایی لەگەشەکردندایە؟ ئایا ئەمە دەکرێت؟**

**ئەمین مەعلوف:** پێموایە کاتێك کە پۆپۆلیزمو زینۆفۆبیاو نەژادپەرستی دەردەکەوێت، زۆربەی جار هۆکارێك هەیەو بە پێویست دەزانرێت ئەم پرسە چارەسەر بکرێت. کاتێك کەسێك رەفتارێکی زینۆفۆبیایانەو نەژادپەرستانەی هەیە، حەتمەن ترسی لە شتێك هەیە. پێویست نییە هەروا بە سادەیی بلێیت "مەترسە"، بەڵکو پێویستە هەوڵبدەیت لە هۆکاری ترسەکەیان تێبگەیت تا بتوانیت ئەم پرسە چارەسەر بکەیت.

ئێمە لەم جیهانە سەختو ئاڵۆزەداین، تێیدا هەمووان رووداوەکان دەبینینو هەر کەسێك ترسێکی لە هەر شتێك هەیە رووبدات. لەبەرئەوە، رۆڵی سەرکردەکان دێت، هەروەها رۆڵی ئەو کەسانەی لەگەڵ ئامرازەکانی لەپەیوەندیدا بوون، یان لەگەڵ نووسیندا مامەڵە دەکەن، ئەویش بواردانە بە خەڵك تا لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگ بنو بە ئاشتییانە بژین، یارمەتیدانیانە لەزاڵبوون بەسەر ئەو گرفتو رووداوانەی هەیانە.

## خەڵك یەکسانە

**پ- تۆ کە لە چەندین وڵاتی جیاوازی زۆرینە موسڵماندا ژیاویت، پێتوایە وڵاتانی ئیسلامی بەڕاستی لە پێویستی رووبەڕووبوونەوەی مۆدێرنێتە گەیشتوون؟ ئایا راستە تا ئێستا سیستمی سیاسی گونجاو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، دانەمەزراوە، کە وامان لێدەکات پێمانوابێت ئیسلام لەگەڵ عەقڵانیەتی عەلمانی کەلتووری نوێدا ناکۆکەو ناگونجێت؟**

**ئەمین مەعلوف:** گرنگیدانەکانی خەڵك لە بەیروت بێت، یان لە جەزائیر یاخود لە مەدرید یان لە بۆگۆتا وەك یەك وان. خەڵك پرسیاری هەمان شت دەکەن، هەمان خواستو خولیای قووڵیان هەیە، دەیانوێ ژیانێکی باشتریان هەبێتو کەرامەتیان زیاتر بێت، لە ژینگەیەکدا بن بواریان هەبێت توانا کەسییەکانیان بەرەوپێشەوە ببەن. لەو بڕوایەدام جیاوازی زۆر لە نێوان خواستو پێویستیەکانی جیهانی عەرەبیو جیهانی

ڕۆژئاوادا نییە. هیچ ناکۆکییەك لەئارادا نییە، وێڕای ئەوەی لە مێژوودا سەردەمی وا هەبووە تێیدا شارستانیەتەکان لە یەکتر باشتر بوون، لەگەڵ ئەمەشدا، جیهانی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی تێبینیکراو دەگۆڕێت، بەڵام دوایین ئامانج بریتییە لە ویستی خەڵكو مەیلیان بۆ باشترکردنی ژیانیان.

## پرسی نا یەکسانی

**پ: تێبینیمان کردووە ئێمە وێڕای ئەوەی سەرجەم ئامرازە بەردەستەکانمان هەیە بۆ ئەوەی بەدروستی ڕەفتار بکەین، بەڵام سوورین لەسەر ئەوەی بە ڕێگایەکی هەڵەدا ڕەفتار بکەین. لەگەڵ ئەمەشدا، بەگوێرەی چەندین سەرچاوەی دوا توێژینەوەی خۆت، دەکرێ بگەینە دەرەنجامی ئەوەی ئێمە لە داپەروەرانەترین کاتدا دەژین لە مێژوودا. ئەو داتایانەی کە بڕانکۆ میلانۆڤیچ لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی"جیهانگەرایی نا یەکسانی"دا دەیانخاتەڕوو، ئاماژەیان پێدەداتو دەڵێت: نا یەکسانی کۆمەڵایەتی لە جیهاندا تا ئاستێکی زۆر دابەزیوە. ئایا ئەم داتایانە هێماو هۆکارێکی ڕازیکەرن بۆ گەشبینی؟**

**ئەمین مەعلوف:** ئەم بابەتە سەرەتا بە دوو پرسەوە پەیوەستە، یەکەم بیرۆکەکە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەرەو پێشەوەبراوە، ئەوەیە کە لە سەردەمێکی کەمتر توندوتیژدا دەژین، ئەمەشیان ڕاستەو پشت بە چەندین توێژینەوە دەبەستێت کە دەربارەی سەردەمەکانی بەر لە مێژوو ئەنجامدراونو تێیاندا هاتووە تێکڕای مردن بەهۆکاری توندوتیژیی زۆرترە لەوەی کە لە کاتی ئێستادا هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، ناکرێ بۆ ڕازیکردنی خۆمان بەوەی کە هەموو شتێك باشە، بە هەڵە هەست بە ئارامی بکەین، چونکە ئەمڕۆکە هەمان پێداویستیمان نییە، ناتوانین پشت بە دابەزینی ژمارەی ئەو کەسانە ببەستین کە بەهۆی توندوتیژییەوە گیان لەدەست دەدەن. بابەتەکە لێرەدا پەیوەستە بە زانینی ئەوەی ئاخۆ ئەو هێزەی هەمان بووە بەشێوەیەکی باش بەکارمانهێناوە؟ هەروەها لەوەی بەشێوەیەکی دروست بەئاراستەی مۆدێلە پێشکەوتووەکان کەوتووینەتە جووڵە، زۆر بەسادەیی ناکرێ ویژدانمان بێدەنگ بکەین.

دووهەم، پرسی نایەکسانی هەیەو بەگوێرەی چەند توێژینەوەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، من لەگەڵ ئەوەدام جیاکاریی بۆ ماوەیەك لە مێژوودا کەمبووەتەوە. لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە سەردەمی سەرۆکی ئەمریکا فرانکلین ڕۆزفێلت تێکڕای جیاکاریو نایەکسانی دابەزیو تا ساڵانی حەفتاکانو سەرەتای

هەشتاکان بەردەوام بوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا، بابەتەکە جیاواز دەرکەوت‌و جارێکی دیکە تێکرای نایەکسانی‌و نابەرابەری بەرزبووەوە. وەلی هەروەك پێشتر باسمکرد، ناکرێ خۆمان بە سەردەمەکانی رابردوو بەراورد بکەین. بۆیە پێویستە بەئاگا بین. ئێمە تووشی ئاڵۆزیی پرەنسیپەکانی نایەکسانی بووین‌و ئەمەش بووە بە پرەنسیپی یەکسانی، کە بۆ چەندین ساڵ پیرۆز بووە، ئێستا ئەوەی جێی پرسیارە، ئەمڕۆکە چەندین کەسایەتی گشتی دەبینین‌و رۆژانە بەشێوەیەکی جیاواز لەجاران بارودۆخە ئابوورییەکەیان گەشە دەکات.

## خۆپیشاندانەکانی لوبنان

**پ: توڕەیی‌و ناڕەزایەتی باڵی بەسەر شەقامەکانی لوبناندا کێشاوە کە وڵاتی ئەسڵی خۆتە، دەتوانی دەربارەی دۆخی ئێستای ئەم وڵاتە چیمان پێ بڵێیت؟**

خۆپیشاندانەکان ماوەیەکی زۆرە بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختەی ژیان کە روبەڕووی لوبنانییەکان بووەتەوە دەستیان پێکردووە، چەندین ساڵ دەبێت، تەزووی کارەبا بەبەردەوام دەبڕێت، هەندێکجار پێداویستیە سەرەکییەکانی وەك نان‌و داوو دەرمان کەمن‌و بەش ناکەن، تەنانەت ئاوی خواردنەوەش بە ئەستەم دەستدەکەوێت.

لە لوبنان خەڵك زۆر بەدەست ئەم دۆخەوە دەناڵێنن، لەم چەند هەفتەیەی دواییدا، سەپاندنی باجی نوێ بەسەر بەکارهێنانی ئەپڵیکەشنی "واتسئاپ" ناڕەزایەتیەکی جەماوەری لێکەوتەوەو وایکرد بۆ دەربڕینی ئەو ناڕەزایەتییە خەڵك بڕژێنە سەر شەقامەکان، نازانم ئەم خۆپیشاندانە بۆ کوێ دەڕۆن، یان تا کەی بەردەوام دەبێت، چونکە رژێمی سیاسی لە لوبنان هەرچەندە کردەوەی گەندەڵکارانەی هەیە، بەڵام زۆر بەهێزەو رەگی داکوتاوە، بەجۆرێك لابردن‌و دوورخستنەوەی ئەستەمە، نازانم خۆپیشاندەران دەتوانن چی بکەن، بەڵام بەدڵنیاییەوە نیازیان زۆر پاك‌و رەوایە.

## سودان، جەزائیر، عێراق

**پ: بارودۆخێکی دیکەی هاوشێوە لە جەزائیردا هەیە، لەوەی کە ناوی بزاڤی میللییە، پێتوایە گەلی جەزائیر لە کۆتاییدا بە دامەزراندنی دیموکراسیەتێکی ئازاد خواستەکەی بەدیدەهێنێت؟**

**ئەمین مەعلوف:** بە تەنها جەزائیر تاکە وڵات نییە بەم شێوەیە بژیت، لەم چەند مانگەی دواییدا چەندین هەڵوێستی جێی سەرنج لە وڵاتانی دیکەدا روویداوە، وەك سودان، کە ناڕەزایەتییەکانی بوونە هۆی هاتنەکایەی گۆڕانکارییەکی راستەقینە. نازانم لە ئایندەدا چی روودەدات، بەڵام لە ئێستادا، حکومەتێك پێکهێنراوە پێدەچێت لەلایەن گەلی سودانەوە قبولّکراوە، کە تێڕوانینێکی نوێی بۆ ئایندە هەیە، بۆیە پێویستە چاوەڕێ بکەین.




بە هەمان شێوە، هەمان راستی لە عێراق روودەدات، هەرچەندە ناڕەزایەتییەکان لەم وڵاتەدا توندوتیژتر بوون، کە بووەتە هۆی ئەوەی سیستمی سیاسی متمانەی نەمێنێت. دۆخی عێراق تارادەیەك هاوشێوەی دۆخی لوبنانە، وێڕای ئەوەی سیستمی سیاسی لە عێراقدا وەك پێویست بەهێز نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕینی ئەستەمە، چونکە لەسەر بنەمای هاوسەنگی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان هاتۆتەسەرپێ. گۆڕینی سیستمی لەم شێوەیە زۆر ئەستەمەو تا ئێستایش هیچ گۆڕانکارییەکی ریشەیی روونەداوە.

بەڵام سەبارەت بە جەزائیر، دۆخەکە تۆزێك نامۆ دەردەکەوێت. وێڕای ئەوەی خەڵك چەند مانگێکە لەسەر شەقامە، بەڵام خۆپیشاندانەکە ئارام‌و بەرپرسیارانەیە. ئەوەی لەم بابەتەدا نامۆیە خەڵك هێشتا ئاڵتەرناتیڤی پێشکەش نەکردووەو دەڵێن ئەم سیستمە سیاسییە پڕ لە مافیاو گەندەڵییەمان ناوێت. وێڕای سەرکەوتنیان لە لەکارلادانی هەندێك لە دەسەڵاتداران، بەڵام سەرکردەی سیاسی وایان نییە بتوانن بەرپرسیارییەتی لەئەستۆ بگرن‌و خۆیان گۆڕانکارییەکە ئەنجامبدەن.

خۆپیشاندەران ئەنجامدانی هەڵبژاردن رەتدەکەنەوە، چونکە لەو بڕوایەدان ئەو کاندیدانەی دێنە ناو هەڵبژاردنەکەوە سەر بە رژێمی کۆنن، لەبەرئەوە، لەسەر نارازییەکان پێویستە کاندیدی خۆیان هەبێت. نازانم لە کۆتاییدا ئەم رێگایە بەرەو کوێیان دەبات، بەڵام لەو بڕوایەدام زۆر تەندروستە کاردانەوەی لەو شێوەیە ببینین.

## دوو شتی جیاواز

**پ: کەواتە، دەشێ نموونەکە لێرەدا تونس بێت. بەڵام ئایا ئەگەری بەیەکەوەژیان لە نێوان دیموکراسیو ئیسلامدا هەیە؟**

**ئەمین مەعلوف:** ئێمە دەربارەی دوو شتی جیاواز دەدوێین. پێموانییە پێویست بێت هیچ بزاڤێکی ئایینی رۆڵی پشتگیری، یان دژایەتیکردنی دیموکراسی بگێڕێت. لەو بڕوایەدام گەلان دەتوانن دیموکرات بنو کۆمەڵگا سیستمێکی هەبێت لەسەر بنەمای هەڵبژاردن هاتبێتەئاراوە، لەهەمان کاتدا دەکرێ خاوەنی ئەو بیروباوەڕە ئایینییە بن کە خۆیان دەیانەوێت. باوەڕم بەهیچ جۆرە سازان یان دژیەکییەکی نێوان ئایینو سیستمی سیاسیی نییە، چونکە دوو قەوارەی سەربەخۆن.

لەبەر ئەم هۆکارە ئەوەی کە ئەمڕۆکە لە تونس روودەدات جێی سەرسوڕمانە، تەنانەت تونسییەکان خۆیشیان سەریان سوڕماوە. سەرۆکی نوێ قەیس سەعید بەم جیهانە نامۆیە. خەڵك بەباشی نازانن ئەو بڕیارانە چین کە وەك سەرۆك دەریان دەکات. پێموایە بارودۆخی تونس تەندروستە، باشترە بۆ ئەوان هەڵبژاردن ئەنجامبدەنو ئەو کاندیدانە هەڵبژێرن کە سیاسەتکاری پرۆفیشناڵ نین، هیوای باشتر بۆ ئەم وڵاتە دەخوازین.

## عەرەبو ئێران

**پ: لەپێناو بەتەواوەتی نیشاندانی وێنەی ناوچەکە، پێویستە گرژییەکانی ناوچەی کەنداو لەبەرچاو بگیرێن، کاریگەری ناکۆکیو دەرگیرییەکانی ناوچەکە چین بەسەر گەلان لە عەرەبستانی سعودییەو ئیماراتو ئێرانو سوریاو..تاد..؟**

**ئەمین مەعلوف:** هەمووان لەسەر ئەو بڕوایە راهاتوون کە پێیوایە ئەوەی لە ناوچەی کەنداودا روودەدات کاریگەری بەسەر بەشەکەی تری جیهاندا دەبێت، چونکە ئەم ناوچەیە بە دڵی ئەمباری نەوتی جیهانی دادەنرێت. بەم دواییانەش رووداوی هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانمان بینی، لەدەرەنجامی ئەمەدا نیوەی بەرهەمهێنانی سعودییە وەك گەورەترین وڵاتی هەناردەکاری نەوت لە جیهاندا وەستا، هیچیش رووینەدا، قەیرانی گەورە رووینەدا، تەنانەت نرخی نەوتیش بەشێوەیەکی دوورمەودا بەرزبوونەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە نەبینی، بەڵکو تەنها لە چەند رۆژی دوای رووداوەکەدا نرخەکان ناجێگیر بوون.

لەویّ شتێك ڕوودەدات، بەڵام ڕوونە، قەیران لە کەنداو وەك پێمانوابوو کاریگەری بەسەر جیهاندا نابێت.

ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات ململانێیە لە نێوان وڵاتانی جیاواز. بێگومان ئێران هێزێکی هەرێمییە کاریگەری زۆری بەسەر وڵاتانی دراوسێی-عێراقو سوریاو لوبنانو فەڵەستینو یەمەن- هەیەو کێبڕکێکارانی لەهەمان ئاستدا نین. سعودییە وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام هەمان کاریگەریی نییەو ئاستی سوپاکەی هاوشێوەی ئێران نییە.

ئێران لایەنێکی گرنگی کلاسیکیە، لەبەرئەوەی ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا بکشێتەوە، کە پێدەچێت ڕۆژێك ئەمە ڕووبدات، ئەوا ڕەنگە ئێرانییەکان لەناوچەکەدا هەژموونیان زیاتر بێت، لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا ئابوورییەکەیان خاڵی لاوازییانە، چونکە قەدەغەو سزای لەسەرە، ئەمەشیان بەم دواییانە کاریگەریی نەرێنی بۆ ئەم وڵاتە هەبووە.

## عەرەبو گۆڕان

**پ: لەسایەی ئەوەی کە ئەمڕۆ بەهۆی پەرگیری ئیسلامیو توندوتیژییدا ڕوودەدات، زۆر کەس بە ئەستەم باوەڕ دەکەن، سەردەمێکی وا هەبووە وەك ئەوەی کە لوبنان پێی وەسفدەکرا، سەردەمی بەیەکەوە ژیانی نێوان ئاینو کەلتوورە جیاوازەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە، ئەو بارودۆخە چییە لەو کاتەدا کەبواری بەیەکەوەژیانی لەو شێوەیەی ڕەخساند، بەڵام ئەمڕۆکە ناکرێت؟**

**ئەمین مەعلوف:** پرسیارێکی جوانەو وەڵامدانەوەی ئاسان نییە، بەپیروت ئەوەندەی من بیناسم تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەوە جیادەکرایەوە تێیدا بەیەکەوەژیانێکی هارمۆنیکی لە نێوان خەڵكو لایەنی بیروباوەڕ جیاوازدا هەیە، پێموایە دەکرێ ڕێگای لەم شێوەیەی ژیان بگەڕێتەوە، هەروەها پێموایە ناکرێت دەستبەرداری ئەم بیرۆکەیە بین، بەڵێ، دەشێ بە ساتەوەختێکی سەختدا تێپەڕین، بەڵام هیچ پێویست نییە ئەم ماوەیە تا هەتایە بەردەوام بێت. ڕەنگە جیهانی عەرەبی ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکان ببێتەوە، پێویستە هەوڵبدەین شتەکان بۆ ڕێگایەك بگۆڕین کە بواری بەیەکەوەژیانمان پێبدات.

**پ: مەترسیدارە بیر لە کەوتنی جیهانی عەرەبی بکەینەوە، ئایا متمانەت بە لاوان هەیە هەڵەکانی رابردوو راستبکەنەوە، ئایا گۆڕانێك لە ئاسۆدا دەبینیت؟**

**ئەمین مەعلوف:** لاوان پێویستە درك بە پێوستی گۆڕانکاریی بکەن. جیاوازی لە نێوان نەوەی ئێمەو نەوەی نوێ ئەوەیە لاوان بۆ جێبەجێکردنی ئەم گۆڕانکارییانە توانای گەیشتن بە سەرجەم ئامرازەکانیان هەیە. من لەبەرامبەر ئەمەدا گەشبینم. بەڵێ دەشێ گۆڕانکارییەکان رووبدەن.

**پ: دوا پرسیارم کە بیرۆکەکەیم لەوەوە بۆهات ئێستا لە مەدرید لەگەڵماندایت: ئیسپانیا دەتوانێت چ رۆڵێك لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا ببینێت؟**

**ئەمین مەعلوف:** ئیسپانیا بەوە دەناسرێت کە پەیوەندییەکی کۆنو قووڵی لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا هەیە، لەهەمانکاتدا ململانێیەکی راستەقینەی نییە، وەك ئەوەی لەگەڵ هێزە کۆلۆنیالە کۆنەکاندا هەبوو. ئیسپانیا وەك هێزێکی کۆلۆنیالێست نەهاتووەتە ناوچەکە، بۆیە زۆر ئاسانە بۆ وڵاتانی نا کۆلۆنیالیستی وەك ئیسپانیا رۆڵی نێوەندگیر لە نێوان جیهانی عەرەبیو ئەوروپادا بگێرێت.

بێگومان، چونکە ئەو گرفتە راستەقینانەی کە وڵاتان بەدەستییەوە دەناڵێنن، لە بنچینەدا، گرفتی ئابووریو کۆمەڵایەتین، پرسی ئابووریو کۆمەڵایەتی گرنگن، بەڵام پرسی دیکەش هەن کاریگەریان بەسەر شکۆو شوناسدا هەیە، لە راستیدا ناتوانی ئەم پرسە جیاجیایانە، کە کۆمەڵێك پرسی لە ئاران لەیەکتر جیابکەیتەوە.

**ئەم وتووێژە لە مەدرید لەلایەن:**
**خافیر هێرناندز ئەرییاس، هینار هێرناندز، نور عمار لعمرتی، ئەنجامدراوە.**
***سەرچاوە: گۆڤاری الجدید- ژمارە ٥٨- نۆڤێمبەری ٢٠١٩**



# دۆسیەی ژمارە: دەربارەی گایست، هۆش یان ڕوح

* لەبارەی چەمکی گایست لەلای هێگل
ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

*چەند سەرنجێک دەربارەی چەمکی گایست
ئیسماعیل حەمەئەمین

*کێشەی توێژینەوەی فەلسەفەیی
د.کاوە جەلال

# لە بارەی چەمکی گایست- Geist
# لەلای هیێگل



ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

(١)

**ویکیپیدیای** ئینگلیزی لەبارەی چەمکی گایست دەنووسێت:"گایست Geist ناوێکی ئەڵمانییە، لەنێو فەلسەفەی ئەڵمانیدا بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە. بوارە دەلالییەکەی ئەم چەمکە لەگەڵ تارمایی ghost، ڕوح spirit، عەقڵ mind، بیرکردنەوەی intellect ـــ ئینگلیزیدا دەگونجێت. هەندێك لەوەرگێڕە ئینگلیزەکان تاوەکو بتوانن مانای ئەم تێرمە بگەیەنن بۆ مانای چەمکی گایست ڕوح ـــ عەقڵ mind/spirit، یا "ڕوح (عەقڵ) spirit (mind)" بەکاردێنن. چەمکی گایست Geist لەنێو کتێبی

(فینۆمینۆلۆژیای گایست-The Phenomenology of Spirit) گرنگییەکی سێنتەری هەیە".[(١)]

دیارە لێرەدا ئێمە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین چۆن کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای گایست)ی هێگل، کە بەئەڵمانی دەبێتە (Phänomenologie des Geistes) لەلایەن بەشێك لەوەرگێڕە ئینگلیزەکان وەها وەرگێڕدراوەو کراوەتە (فینۆمینۆلۆژیای ڕوح The Phenomenology of Spirit).

لێرەدا پێویست دەکات ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە چەمك یا تێرمی گایست لەنێو زمانی ئەڵمانی بەکۆمەڵێك وشەی تریش نووساوەو مانای پێبەخشیون، چەمکی وەکو: گایستی جیهان weltgeist، کە بەئینگلیزی کراوەتە World spitit، گایستی خەڵك-میللەت Volksgeist، کە بەئینگلیزی کراوەتە national spirit، گایستی کات Zeitgeist، کە بەئینگلیزی کراوەتە spirit of the age.

ئەگەر بەوردی تەماشای وەرگێڕانی ئینگلیزی ئەم چەمکانە بکەین، بەراوردییان بکەینەوە بەمانا ئەڵمانییەکەی، دەبینین جیاوازی زۆر لەگەڵ مانا ئەڵمانییەکە بەدی دەکەین، ئەوەش یەکێکە لەکێشەکانی وەرگێڕانی تێرم یا چەمك بەگشتی بۆ سەر هەموو زمانە جیهانییەکان.

(٢)

چەمكو تێرمی گایست Geist لەنێو زمانی ئەڵمانی کۆن هەیە، لە چەمکی گایستی لاتینییەوە هاتووە کە بەمانای ڕوح بەکارهاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی خۆی سەر بەخێزانی زمانە جێرمانییەکانە، لەمیانەی گەشەکردنی خۆیدا لەبری گایستی لاتینیو ئەڵمانی، هاتووە ڕوحی جێگیرکردووە، ڕوحیش لێرەدا لەنێو زمانی ئینگلیزی زیاتر بەلایەنی مانای تارمایی بەکارهاتووە.

ئەم تێرمە خۆی هەڵهێنجراوی ڕیشەی وشەی PIE root ĝheis لاتینییەو بەمانای "هەیەجانت هەبێتو بترسێیت" بەکارهاتبوو. بەو مانایەی وشەی PIE root ĝheis لەبنەچەدا بۆ بینینو دەرکەوتنی تارماییە ترسناكو تۆقێنەرەکان بەکارهاتبوو، بەڵام بێگومان مانای تریشی هەبووە وەکو "وروژان، تووڕەبوون"ی پەیوەست بەپەرستنە ئەڵمانییە کۆنەکانی هەسارەی عوتارد-مێرکوری Mercury.

دیارە ڕیشەی وشەی PIE root ĝheis لەنێو زمانی ئینگلیزیدا بۆ fghastly کە نزیکە لەمانای گایستی ئەڵمانی، بەڵام بەهەمان ئەو تێگەیشتنو چەمکەی گایستی ئەلمانی بەکارناهێنرێت، بەلایەنی کەم لەنێو نووسینو توێژینەوەو وەرگێڕانە فەلسەفییەکاندا.

وشە کۆنە لاتینییەکەی ڕوحیش Spiritus لەنێو زمانی گریکی کۆن altgriechisch ئەوها نووسراوە πνεῦμα ، هەندێکجاریش بەمانای نۆس nous νοῦς بەکارهاتووە، یا بەمانای دەروون psyche ψυχή بەکارهاتووەو لەنێو زمانی لاتینیش لەگەڵ پێشکەوتنی ئەو زمانەدا بۆتە spiritus، دواتریش لەنێو زمانی ئینگلیزی بۆتە "ڕوح spirit، هەناسە breath".

بەڵام، وشە ئەلمانییەکە هەر زوو لەگەڵ سەردەمی یەکەمی بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت بەنێو ئەوروپادا، مانایەکی ڕوحییانەی وەرگرتووەو بۆتە ئاماژەیەك لەسەر ڕوحی پیرۆز "der Heilige Geist "، یان بەمانای ئینگلیزی کۆن کە بەم شێوەیە " sē hālga gāst" یا "the Holy Ghost " نووسراوەتەوە.

(٣)

لێرەدا دەرفەت وەردەگرمو چەمکی هەناسە breath لەدەرەوەی مانا باوە تێگەیشتراوەکەی دەخەمە ڕوو، تاوەکو بزانین چۆن هەناسەدان، هەناسەهەڵکێشان، هەواهەڵکێشان، هەناسەدانەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەستبووە بەیەکێك لەماناکانی گایست Geist.

ئەم تێکەڵاوییە لەنێوان هەناسە breathو گایست Geist بەتەواوی بزر بووە، بەڵام ڕیشەیەکی میتافیزیکانەو ئایینی زۆر کۆنی هەیە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەڕوح، بەژیان، بەگایست Geist. ژیان بەبێ هەناسەدانو هەناسەهەڵکێشانو هەناسەدانەوە ئەستەمە، "گایست-گیان" ناتوانێت بەبێ هەوا بژییێت، دەخنکێتو دەمرێت. بۆیە هەناسە بەشێکە لەهەبوونی گایست بەشدارێکی گرنگو سەرەکییە بۆ هەبوون، سەرهەڵدان، دروستبوونو مانەوەی گایست Geist.

هەناسە لێرەدا گوزارشتە لە زیندەداری، لەزیندوویی ڕوح، ڕوح بەزیندوویی گرنگە، ئەگەر هەناسە نەبێت دەمرێتو زیندەداری خۆی لەدەست دەدات. لێرەوە هێزی

میتافیزیکی لاهووتی ئایینی دێت هەناسە دەکاتە مەرجێکی سەرەکی بۆ هەبوونی گایست Geist.

لەنێو وەرگێڕانێکی لۆتەر بۆ کتێبی پیرۆز der Bibel، دەبینین دەنووسێت:" ئاسمان بەیەك وشەی خوا دروستبوو، هەموو سوپاکەیشی لەمیانەی فووێکی دەمییەوە گیانی بەبەرهات". لێرەدا سپیریتوس spiritus ی لاتینی جگە لەوەی هەمان مانای گایست Geist دەبەخشێت، لە هەمان کاتیشدا سەرهەڵدانی مرۆڤ پەیوەست دەکات بە هەناسەیەك لەدەمی ڕوحی پیرۆزەوە. کەواتە، ئەوە پرۆسەی هەناسەهەڵکێشانو هەناسەدانەوەیە وەکو پرۆسەیەك بۆ زیندەداریو زیندوویێتی مرۆڤ.

کەواتە، ئەگەر تێرمە ئەڵمانییەکە نزیکیش بێت لەمانا ئینگلیزییەکان، بەڵام هەمان مانا نابەخشێت، بۆیە ڕەنگە وەرگێڕانی چەمکی گایست Geist بۆ سەر زمانێکی تر، کارێکی دروست نەبێت، ئەگەرچی وەرگێڕ لەهەر زمانێکدا بێت، هەوڵدەدات تێرمو چەمکەکان وەربگێڕێتە سەر زمانی خۆی، ئەمەش مافێکی ڕەوای هەموو وەرگێڕێکە.

(٣)

کێشەکە لەوەدایە ئەم تێرمە وەرناگێڕدرێت، هیچ مانایەکی تەواوو یەکاویەکیش، نە لەنێو زمانی ئینگلیزی، نە لەنێو زمانەکانی تردا نییە، چونکە تێرمو چەمکێکی داهێنراوی ئەڵمانییە، بۆیە لەباری ئەوهادا، ڕەنگە باشتر بێت ئەگەر وەرگێڕ ئەم چەمکە وەرنەگێڕێت، ئەگەرچی من خۆیشم لەوەرگێڕانەکاندا، بەپێی ئەو چەمکەی وەرگێڕە عەرەبەکان دایانناوە، پێشتر ئەم چەمکەم وەردەگێڕاوە، ئینجا وەرگێڕی عەرەبیش هەر وەکو وەرگێڕی ئینگلیزی هەمان کێشەی وەرگێڕانی ئەو چەمکەی هەبووە.

لەکاتی وەرنەگێڕانی ئەم چەمکەو هێشتنەوەو بەکارهێنانی چەمکی گایست Geistی ئەلمانی وەکو خۆی، باشترین کار ئەگەر وەرگێڕ بتوانێت بیکات، بریتییە لەشرۆڤەکردنی ئەم چەمکەو خستنەڕووی هەموو مانا پەیوەستەکانی، ئینجا ڕێگا بەخوێنەر بدات بەپێی تێگەیشتنی خۆی، دوور لەهەموو کلێشەبەندییەکی وەرگێڕ مانایەك لەمانا بەردەستەکان بەم چەمکە ببەخشێت. لەبارێکی ئەوهادا، ئێمە وا لەخوێنەر دەکەین ئەویش وەکو خوێنەرێکی چالاك لەگەڵ ئێمەی وەرگێر لەداڕشتنەوەی ئەم چەمکەدا بەشدار بێت. ڕاستە چەمکی گایست Geistی ئەڵمانی تا ڕادەیەکی زۆر نزیکە لەچەمکی ڕوحی ئینگلیزی spirit وەکو جۆرێك لەدەرکەوتنو بەرجەستەبوونی تارمایی،

یا تارماییو ڕوحی مردووان، بۆیە گایست Geistی ئەڵمانی گوزارشتە لە فیگەرێکی نەبینراو، فیگەرێك ناتوانرێت ببینرێت، بەڵام دەتوانرێت هەستی پێبکرێتو هەیە، ئەوەش زیاتر لەماناو چەمکی هۆش نزیك دەکەوێتەوە، بەڵام مانایەکی پڕبەپێست نییە.

**(٤)**

ئەم هەڵهێنجانە زمانەوانییەی بەرەو بەکارهێنانی چەمکی ڕوح یا دەروون چووە، ئەوەندەی هەڵهێنجانو تێگەیشتنێکی ڕوحیو ئایینی بووە، ئەوەندە هەڵهێنجانو تێگەیشتنێکی ئەبستراکت نەبووە بۆ ئەو چەمکە، ئەوەش وای کردووە وەرگێڕانی چەمکی گایست Geist بۆ چەمکی ڕوح، کێشەی لێبکەوێتەوەو مانای تەواوی خۆی بەدەستەوە نەدات.

بەڵام، بەشێکی زۆر لەو شرۆڤەیەی لەبارەی چەمکی گایست کراون، جەخت لەوە دەکەنەوە ئەم چەمکە، بەپێی بەکارهێنانی لەنێو بوارە مەعریفییەکان، بەمانای جیاواز بەکاردێتو بەکارهاتووە، بەکارهێنانی لەنێو بواری فەلسەفە، جیاوازە لەبەکارهێنانی لەنێو بواری لاهووت، یا لەنێو بواری سایکۆلۆژیاو زمانی ڕۆژانە. بۆیە پێم وایە باشترە وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕاندا، مانایەکی دیاریکراوی دوور لەو هەموو مانا دەوڵەمەندە باوەی خۆی پێ نەداتو لەقاڵبی نەدات.

ئەو مانا تایبەتەی چەمکی گایست Geistی ئەڵمانی، بەلایەنی کەم لە ئێستادا، هەرگیز بەمانای تارماییو ڕوحی مردووان، بەمانا ئینگلیزییەکەی نایەت، ئەگەرچی ڕەنگە بەهۆی پێوەندیو یەك خێزانی زمانیو بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی خۆی سەر بەزمانە جێرمانییەکانە، لەکۆندا بەهۆی ڕەگوڕیشەی هاوبەشی زمانییەوە، هەمان مانایشی نەبووبێت، بەڵام مانایەکی لەمە نزیکی هەبووە.

ئەم لایەنە نزیکییە زیاتر لەمیانەی چەمكو تێگەیشتنی ئایینی مەسیحییەوە دروستبووە، وەکو ئایینێك کە پێشتر لەسەردەمانی پێش سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەییدا، ویژدانێکی هاوبەشی لەنێوان گەلانی جێرمانی زمانو لاتینی زمان دروستکردووە. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە ناتوانین کاریگەری تێگەیشتنو شرۆڤەو ڕاڤەکردنی ئایینی لەپرسی ئەم چەمکەدا بەدوور بگرین. ئەوەش باسێکی ترە ئێمە لێرەدا ناچینە ناوی.

(٥)

بڕوا وایە ئەو تێگەیشتنە تازەیە بۆ چەمکی گایست Geistی ئەڵمانی، لە دەرەوەی مانا باوەکانی ئەو چەمکەیە لەنێو زمانی ئینگلیزیو لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەمو سەدەی هەژدەیەمدا جێگیربووە. لەو قۆناغەدا ئەم چەمکە لەنێو فەلسەفەی ئەڵمانی مانای تایبەتی خۆی پێدراوەو بەو مانایەش بەکارهێنراوە، بۆیە لێرەدا لەمانا باوەکەی نێو زمانی ئینگلیزی دادەبڕێتو جیا دەبێتەوە، هەر تەنیا وەکو مانای وەرگێڕدراو نا، بەڵکو وەکو چەمكو تێرمو تێگەیشتنو شرۆڤەش.

لێرە لەو قۆناغەدا گایست Geist لە مانا ڕوحییە-ئایینییەکە دادەبڕێتو لەنێو فەلسەفەی ئەڵمانیدا جێگای درەوشانەوەی هزریو زیرەکیو بلیمەتیو داهێنانو فرەزانیاریو زۆر ماناو چەمکی تر دەگرێتەوە. هەر لەو سەردەمەش جیاکاری لەنێوان لایەنی ڕوحی وەکو سیفەت "گایستلیش geistlich" لەبەرانبەر لایەنی هزری وەکو سیفەت "گایستیگ geistig" جێگیرکرا. بەو مانایەی لەو کاتە بەدواوە ئەو چەمکە بەتەواوی لەلایەنی ڕوحی داماڵراو، وەکو چەمکێکی ئەبستراکت لەنێو لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان بەکارهێنرا. دوای ئەو جێگیرکردنە ئەبستراکتە، تارماییو ڕوحی مردوان لەنێو زمانی ئەڵمانی بەمانای "گایستێرهافت geisterhaft" بەکارهات.[٢]

ئەگەر بمانەوێت بەو شێوەیەی لەنێو سیاقی زمانی ئەلمانی بەکاردێت، لە مانا جیاوازەکانی چەمکی گایست Geist تێبگەین، پێویست دەکات لێرەدا هەموو ئەو مانایانە بخەینە ڕوو، کە بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەو چەمکە بەپێی بوارو کایەی جیاواز دەیبەخشنو لەبارەی توانا مەعریفییەکانی مرۆڤیشەوە ئاماژە بۆ وشەی گایست Geist دەکرێت.

(٦)

دەشێت تێرمی گایست هەموو ئەو مانا جیاوازانەی خوارەوە لەخۆی بگرێت: عەقڵ، ڕوح، درککردن، دەروون، فێربوون، بیرکەوتنەوە، خەیاڵکردن، هەموو شێوەو فۆرمەکانی بیرکردنەوە، هەڵبژاردنو بژاردەی ژیانی ڕۆژانە، بڕیاردان، مەبەست، پلاندانان، بەدواداچوونی ستراتیژییەتەکان، پێشبینیکردن، هەڵسەنگاندن، کۆنترۆڵکردن، چاودێریکردن، وریاییو هۆشیاری...تاد. هەموو ئەو حاڵەتانە بەشێکن لەتوانا مەعریفییەکانی مرۆڤ.

وشەی گایست لەزمانی ئەڵمانی لەسەدەکانی ناوەڕاستی باڵادەستی مەسیحییەتو لاهووتی مەسیحی، کەوتۆتە ژێر کاریگەری وشە لاتینییەکەی Spiritusو وشە یۆنانییەکەی pneuma کە بەمانای هەوا، هەناسەدانو ڕوح هاتووە. ئەوە لەپاڵ کەوتنە ژێر کاریگەری وشەو چەمکی نۆس Nous کە بەمانای زەین یا عەقڵ بەکارهاتووەو دواتر لەبەشەکانی داهاتوودا، بەوردی ئیشی لەسەر دەکەینەوە.

میخائیل ئەنوود لەنێو کتێبی (فەرهەنگی زاراوەکانی هێگل)، لەبارەی چەمکی گایست دەنووسێت:" وشەی گایست زنجیرەیەك مانای هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.ڕوحی پیرۆز[٣] کەسی سێیەم لەنێو سێیانەی پیرۆز.

٢-لایەنی ڕوحی یا نامادییانەی نێو مرۆڤ، لەبەرانبەر جەستەدا.

٣-ڕوح بەمانای ڕوحی پارێزەر، ئیبلیس، جنۆکە.

٤-زیندەداری، چالاکی.

٥-لەبەکارهێنانی کۆدا دەڵێین ڕوحەکان، وەکو ڕوحە باڵاو بەرزەکانی سەرەوە، مرۆڤ ڕوحی بەبەردا هاتەوە ... تاد.

٦-ڕوح لەنێو کیمیا بەمانای گۆڕانی چییەتی دێت، کاتێك دەڵێین ڕوحی کافوور، یا ڕوحی کحوول، بۆیە لێرەدا ڕوح دەبێتە کحوول. هێگل تاڕادەیەك ئەمە شرۆڤە دەکاتو دەڵێت حەقیقەت جۆرێك لەنەشوەو مەستی لەخۆدەگرێت، بۆیە حەق یا ڕاستی بریتییە لەنەشوەیەکی باخۆسییانەو هەموو ئۆرگانەکان تێیدا مەست دەبن.[٤]

٧-زەین، عەقڵ، بەمانای گشتیو تاکیانە. لەو حاڵەتەدا وشەی دەرهەست لەوشەی عەقڵ گونجاوترە، ئەگەرچی زۆرجار سیفەت ڕوحییانە دەبێت، زیاتر لەوەی دەرهەستیانە بێت.

٨-هەڵوێستی عەقڵی، ڕوح، بلیمەتی، بۆچوون و مۆرکی سەردەم، ڕوحی گەل، ڕوحی مەسیحییەت ... تاد.[٥]

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، دەڵێین چەمکی گایست Geist لەنێو زمانی ئەڵمانی، جگە لەو مانایانە، بەمانای تریش بەکارهێنراوە وەکو: عەقڵ، دەرهەست، خەیاڵ، هزر، چییەتی، تارمایی، دەروون، ڕوحی پیرۆز، نیاز...تاد. بۆیە تاوەکو ئێمە جوانتر لەنووسینەکانی هێگل تێبگەین، دەبێت هەوڵبدەین بزانین لەهەر شوێنێك بەچ مانایەك بەکارهێنراوە، نەوەکو بەردەوام یەك چەمكو مانای پێبدەین.

(٧)

لەلایەنی ئایینیو لاهووتی مرۆڤەوە، ئەم چەمکە بەمانای ڕوحی مرۆڤ بەکاردێت، ڕوحی مرۆڤیش کۆمەڵێك گریمانە لەخۆ دەگرێتو کۆمەڵێك گریمانەی لاهووتیو میتافیزیکانەی قووڵو دوورمەودای لەپشتەوەیە. بۆیە دەشێت تێرمی گایست هەموو ئەو مانا جیاوازانەی خوارەوە لەخۆی بگرێت: لایەنی ڕوحی مرۆڤ، لایەنی دەروونی مرۆڤ، بێگەردی، ڕەهایی، بالآیی، پاکی دەروون...تاد.

هەموو ئەو تێگەیشتنانە هەڵنهێنجراوی بڕوای ئایینی مەسیحین، لەوێوە هەڵدەقووڵێنو سەرچاوە دەگرن، بەتایبەتیش گرنگترین چەمكو تێگەیشتنی نێو مەسیحییەت کە "ڕوحی پیرۆز Heiliger Geist" وەکو "ڕوحی خوا Geist Gottes" لەخۆدەگرێت. لێرەوە پرسی سروشتو پێکهاتەی گایست Geist، خۆی بابەتی سەرەکیو سێنتەری نێو میتافیزیکایە. ئەگەرچی لەنێو نەریتی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا، ئەو تێرمە ئاماژەیە بۆ بونیادێکی سەروو تاکگەرایانە überindividuelle Strukturen، ئەم تێگەیشتنە لەنێو فەلسەفەی هێگلیشدا ڕەنگیداوەتەوە.



کەواتە، گایست Geist لەدوو ڕەگوڕیشەوە هەڵدەقووڵێت، یەکێکیان ڕەگوڕیشەی ئایینییە لەنێو هەردوو کتێبی ئایینی چاخی کۆنو چاخی نوێ der Bibel، ئەویتریان ڕەگوڕیشەی زمانەوانی کۆنی لاتینییە کە بەمانای سپیریتۆس spiritus بەکارهاتووە.

ئێمە گوتمان سپیریت هەمان مانای دەقاودەقی چەمکی گایست نابەخشێت، بۆیە ئەگەر کۆنتر بەنێو ڕیشەی زمانی هیندۆ- جێرمان indogermanischenیدا شۆڕببینەوەو بچینە خوارێ، دەبینین گایست Geist لەوشەی gheis هەڵهێنجراوە کە پێشتر گوتمان بەمانای شڵەژانو ترسو حەماسەت بەکارهاتووە.

دواتر بەهۆی پێشکەوتنی زمانو دابەشبوونی بنەماڵەی زمانی جێرمانی بەسەر لقی زمانە جێرمانییە خۆرهەلآتییەکانو لقی زمانە جێرمانییە خۆرئاواییەکان، دەبینین لەنێو

لقی زمانە جێرمانییە خۆرئاواییەکاندا بەمانای ghoizdo-z واتا بوونەوەری سەروو سروشت، یا بوونەوەری میتافیزیکی بەکارهاتووە. ئەو تێگەیشتنو چەمکەی-ghoizdo z لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مەسیحییەتو بەمەسیحی بوونی ئەڵمانییەکان، سەرلەنوێ ڕاڤەکراوەتەوەو داڕێژراوەتەوە.(٦)

ڕەنگە لێرەدا شیاوی باس بێت ئەگەر بڵێین ئەو کارەی هێردەر Johann Gottfried Herder لەبارەی ڕوحی مەسیحییەت کردی، کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەپاندنی چەمکی گایست Geistو بەکارهێنانی وەکو چەمکێکی تایبەتو جیاواز بەکولتووری ئەلمانی هەبوو. بەڵام، جێگیرکردنو ماناداركردنی ئەم چەمکە لەنێو جەرگەی کولتووری ئەلمانی، لەگەڵ هێگل دەستی پێکردووەو تا ئێستاش درێژەی هەیە.

(٨)

لەکۆتایی ئەم شرۆڤەیەدا، پێویست دەکات ئاماژەیەکی وردتر بۆ ناوی کتێبەکەی هێگل بکەین (فینۆمیتۆلۆژیای گایست)، تاوەکو بزانین ناوی ئەم کتێبەی خۆی لەکوێوە هاتووەو بەچ مانایەکیش بەکارهاتووە. وشە یا چەمکی فینۆمینۆلۆژیا Phenomenology-دیاردەگەرایی خۆی لەبنەچەدا لەوشەیەکی گریکی کۆن وەرگیراوە بەمانای لۆگۆس Logos، ئەم وشەیە وەکو چەمکێك لەنێو کولتووری یۆنانی کۆنو شارتانییەتی ئەوروپی دواتردا، کاریگەریی زۆری هەبووەو بەمانای جیاوازیش بەکارهاتووە. دواتر لەبەشێکی تایبەت ئەم پرسەی لۆگۆس، بەدرێژی دەخەینە ڕوو، لێرەدا تەنیا ئیش لەسەر مانای چەمکەکە دەکەین.

وشەی لۆگۆس دەکاتە: وشە، عەقڵ، تیۆر، بیروڕا... تاد. بەڵام وشەی فاینۆمینۆن Phainomenon بەمانای (دیار) بەکاردێتو لەسەدەی حەڤدەیەم هاتۆتە ناو زمانی ئەلمانی. وشەی فاینۆمینۆن Phainomenon بەمانای (دیار)و کرداری فاینێستای Phainesthai بەمانای (دیار دەبێت)، دوو وشەی ئاڵۆزنو بەچەند مانایەکی جیاوازیش بەکاردەهێنرێن. (دیار) یا (دیار دەبێت) بۆ ڕەوشو بارودۆخی ئێستاو کاتییە. (ئەوەی دیار دەبێت)، (دەبێت، دەبینرێتو دیارە) بەهەردوو مانای ڕاستەوخۆی وشەکەو مانا خوازەییەکەی ئەم وشەیە.(٧) لێرەوە چەمكو وشەی Phenomenology- دیاردەگەرایی بریتییە لەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە دیاردەو شتە دیارو بینراوەکان.

ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لەلای (ج. هـ. لامبێرت) لەنێو کتێبێکدا بەناوی (ئۆرگانۆنی نوێ، یا چەند ئایدیایەك لەبارەی لێکۆڵینەوەو دەلالەتی حەقیقەتو جیاکردنەوەی لەهەڵەو گومڕابوون) بەکارهێنراوە کە لەساڵی (١٧٦٤) نووسیویەتی و بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە لەچوار بەش پێکهاتبوو، کە بریتی بوون لە:

١) تیۆرێك لەبارەی یاسای بیرکردنەوە.

٢) تیۆرێك لەبارەی حەقیقەت وەکو ئەوەی دژی هەڵەیە.

٣) تیۆرێك لەبارەی دەلالەتی ئایدیاو شتەکان.

٤) دیاردەگەرایی یا تیۆرێك لەبارەی دیار.(٨)

***

## لەبارەی بەکارهێنانی چەمك لەلای هێگل، گایست وەك نموونەیەك.

(٩)

ئەگەر تەماشای کۆی کتێبەکانی هێگل بکەین، بەڕوونی بەر زمانێکی وشكو ئاڵۆز دەکەوین، ئەوە قسەی ئێمە نییە وەکو کوردێك کە هێگل بەزمانی تر دەخوێنینەوە، بەڵکو قسەی بەشێك لەنووسەرو بیریارە ئەڵمانییەکان خۆشیانە. بەشێك لەو ئاڵۆزییەی نێو زمانی فەلسەفی هێگل، پێوەندی بەشێوازی بەکارهێنانی چەمكو دەستەواژەو زاراوەکان هەیە.

بەشێکی زۆری ئەو چەمکانەی هێگل ئیشیان لەسەر دەکات، بۆ نموونە چەمکی وەك گایست، هەرگیزاو هەرگیز بەیەك مانا بەکاریناهێنێت، بەڵکو ئەو چەمکە هەڵگری هەموو ئەو مانایانەی پێشووتری خۆیەتی، هەڵگری هەموو مانا کۆنەکانی خۆیەتی، هەر لەگەڵ گریکەکانەوە تا دەگاتە سەردەمی هێگل خۆی. لەو حاڵەتەشدا ئێمە دووچاری کێشەی ئاڵۆزی تێگەیشتن لە چەمكو زاراوەکانی دێین.

ئەو کارە لەلای هێگل، پێوەندی بەکۆمەڵێك پرنسیپی تایبەت بەخۆی هەیە. لەلایەك، چونکە ئەو بەردەوام بایەخی زۆر بەمێژوو دەدات، بەتایبەتیش بەمێژووی فەلسەفە، بۆیە لەمیانەی هەڵهێنجانو ئیشکردنی لەسەر فەلسەفەی کۆنی گریکیو قۆناغەکانی دواتر فەلسەفە تا دەگاتە دیکارتو کانتو یاکۆبیو فیشتەو شلینگی

هاوڕێی، پێی وایە ئەو چەمکەی پێشتر لەلایەن فەلسەفەکارانەوە بەکارهاتووە، ئەگەر ئەویش بەکاری بێنێتەوەو مانایەکی تازەیشی پێبدات، بەڵام دەبێت لەهەمان کاتدا دەبێ بتوانێت وەکو چەمکێك هەڵگری ماناکانی پێشووتری خۆی بێت.



لێرەدا هێگل ئەگەرچی دێت مانایەکی تایبەتی خۆی بە هەندێك لەو چەمکانە داوە، بۆ نموونە بەچەمکی گایست، بەڵام دیسان گایست هێشتا هەڵگری هەموو ماناکانی خۆیەتی لەنێو کولتووری زمانی ئەڵمانیدا. بێگومان کاری لەم شێوەیە، دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەو ئالۆزی لەلای خوێنەرو لێکۆڵەران.

دەستنیشانکردنی مانایەکی تازە بۆ زاراوەو وشەیەك، داتاشینی چەمکێکی تازەو کارێکی ئاسان نییە، چونکە جیل دیلوز لەکاتی پێناسەکردنی فەلسەفەکاریدا، جەخت لەوە دەکاتەوەو دەڵێت کە بریتییە لەچەمکسازیو داتاشینو داهێنانو دروستکردنی چەمك. لێرەدا کاتێك هێگل چەمکە کۆنەکان بەکاردێنێتەوە، مانای تازەیان پێدەبەخشێتو بەتێگەیشتنی تازەو مانای تازە بەکاریان دێنێت، چونکە لەو باوەڕەدایە فەلسەفەکار دەبێت بەقووڵی ڕۆبچێتە ناو ئیشەکەی خۆی، بەقووڵی ڕابمێنێتو فەلسەفەکاری بکات.

خۆ ئەگەر ئەمەی بۆ نەچووە سەرو نەیتوانی بەو شێوە قووڵە لەنێو خۆی ڕابمێنێت، پێویست دەکات چاودێری وشەو چەمکەکان بکات، مێژووی وشەو چەمکەکان بزانێتو بناسێت، باکگراوندەکەیان شارەزا بێت، بزانێت چۆنو کەیو لەکوێو لەسەردەستی کێ گەشەیان کردووەو مانای تازەیان وەرگرتووەو گۆڕاون، فێربێت لەکوێ بەکاریان دێنێت.

(١٠)

لەبەرئەوەی هێگل پێی وایە فەلسەفە جێگای هیچ جۆرە گریمانەیەکی پێشوەختەو پێشینەی تێدا نابێتەوە، بۆیە پێویست ناکات ئەو چەمکانە لەلای بیریارو فەلسەفەکارانەوە بەشێوەیەکی ڕوونو دیاریکراو دەستنیشان بکرێن، نابێت فەلسەفەکار بێت لەسایەی گریمانەیەکی پێشوەختەوە بەخوێنەری خۆی بڵێت لێرەدا ئەو چەمە بەو مانایە بەکاردێنێت، یان لەوێدا چەمکێکی تر بەمانایەکی تر بەکاردێنێت.

لێرەوە هێگل پێی وایە بەهۆی نەبوونی هیچ گریمانەیەکی پێشینەو پێشوەختە، بۆیە هەر وشەو چەمکێکیش لەمیانەی ئیشکردن لەنێو فەلسەفە، مانایەکی تایبەت بەخۆی وەردەگرێتو بەپێی ڕوانینو ڕوانگەی فەلسەفەکارو خودی نووسەرەکەی دەبێت. ئەو چەمكو وشەیە لێرەدا دەبێتە بەشێك لە فەلسەفەو جێگای خۆی دەکاتەوە، بەڵام هەڵگری مۆرکی ئەو بیریارو فەلسەفەکارەیە کە دایدەهێنێت، یا گەشەی پێدەدات.

هێگل لەمیانەی بەکارهێنانی چەمکی گایستەوە، بەشێوەیەك ئیشی کردووە کە دەتوانین ئەوها وەسفی بکەینو بڵێین وەکو ئەوەیە پرۆسەیەکی فەلسەفی- مێژوویی لەسەر ئەو چەمکە دامەزراندبێت. لەلایەك ئەو چەمکە بە مانا باوەکەی خۆی بەکاردێنێت، ئینجا دێت لەمیانەی پرۆسەیەکی بیرکردنەوەو لەمیانەی پشت بەستن بە باکگراوندێکی قووڵی مێژووی فەلسەفە، مانای ئەو چەمکە گەشە پێدەداتو مانای جیاوازی پێدەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە ئەو چەمکە تازەیە، بەشێوەیەکی شاراوە، هەڵگری هەموو مانا تایبەتییە کۆنەکانی خۆیەتی. چەمکی تازە داتاشراوو بەرهەمهاتوو، یا بەقسەی دۆلوز چەمکی داهێنراو، پارێزگاری لەو ڕێڕەوە دەکات کە لەڕابردوو هاتووەو لەئێستادا پێی گەیشتووە. ئەو جووڵەیە، یەکێکە لەو هۆکارانەی وا لە چەمكو وشەی تازە دەکات، هەر چەندە داتاشرابێت، هەرچەندە ئیشی لەسەر کرابێتو هەموارکرابێت، بەڵام هەمیشە دەتوانرێت بەمانا کۆنەکەی خۆی بەکاربهێنرێتەوە.

ئینجا یەکێکی تر لەتەکنیکە زمانەوانییەکانی هێگل، بریتییە لەوەی ئەو چەمکە تازەیەی، تەنیا پشت بەتێگەیشتنی تازەو زاراوەو وشە تازەکە نابەستێت، بەڵکو شێوازی بەکارهێنانی لەنێو سیستەمی وشەکان، گرنگیەکی زۆری هەیە. ئەو حاڵەتە بەتایبەتی لەکاتی ئیشکردن لەسەر چەمکە هاوشێوەو لێکچووەکان بایەخێکی زۆری هەیە. ئێمە

لەمیانەی تێگەیشتن‌و خوێندنەوەمان بۆ سیستەمی دیالیکتیکی لەلای هێگل، دەتوانین باشتر لەداتاشینی چەمك‌و وشەسازی نێو زمانی هێگل تێبگەین، چونکە شێوازی ئیشکردنیشی لەبارەی زمان، تەرزێکی دیالیکتیکیانەی هەڵگرتووە. ئەو فۆڕمە دیالیکتیکیە هێگلی وا لێکردبوو لەنێو چەمك‌و وشەکاندا ئیش لەسەر مانای جیاواز بکات، بگرە هەندێکجار بەشێك لەو مانا جیاوازانە، خۆیان لەگەڵ یەکتریدا ناکۆك‌و ناتەبان‌و دژکاری دروست دەکەن. ئێمە هەر تەنیا لەمیانەی خوێندنەوەو سیاقی دەقەوە، دەتوانین یەکێك لە ماناکان بەوشەیەك یا چەمکێکی لەم شێوەیە بدەین.

ئەو جیاوازییە لەمانای وشەو چەمکەکان، خۆی لەخۆیدا ڕەنگدانەوەی ڕەگوڕیشەی کۆن، مانای ئەسڵی، چینێك لەچینە کۆنەکانی مانا، یا هەر ڕوخسارێکی تر لە ڕوخسارەکانی گۆڕانی وشەو چەمك بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هێگل بڕوای بەوە نەبوو ئەو چەمك‌و وشەو زاراوەیەی لەکۆندا هەبووەو بەکارهاتووە، هەرگیز ڕەسەنترو گرنگتر نین، لەو وشەو چەمکەی ئەم خۆی دایدەهێنێت.[9] هێگل بیر لەپرۆسەیەکی مێژوویی دەکاتەوە، پرۆسەیەك لەسەر بنەمای گەشەکردنی مێژوویی دامەزراوەو فینۆمینۆلۆژیایەکی فرە ڕوخسارو فرە ماسکە.

لەبارەی تێگەیشتنی هێگلیش بۆ چەمك‌و وشەی فینۆمینۆلۆژیا کە پێشتر بەکورتی ئاماژەمان پێکرد، لێرەدا هەوڵدەدەین وردتر بچینەوە سەری‌و ئیشی لەسەر بکەین، چونکە پێمان وایە لەوێدا تەنیا سەردێڕێکمان خستۆتە ڕوو، پێویستی بەڕوونکردنەوەی زۆرتر هەیە لەباری زمانەوانی‌و مانای چەمك‌و وشەکە.

هێگل خۆی لەنێو بەشی شەشەمی کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای گایست) بەم شێوەیە پێناسەی خۆی لەبارەی گایست باس دەکات‌و دەڵێت:"عەقڵ گایستەو بەدڵنیاییەوە ڕیالیستییەو لەخودی خۆیدا بەرەو حەقیقەت باڵا دەکا، هەروەها لە جیهانی خۆیدا وشیارە. بە بوونکردەیی گایست ئەو جووڵە لە پێشینەمان نیشاندەدات کە چۆن هۆشمەندی وەك کاتیگۆرییەکی پاك‌و ڕەوان بەرەو ئاستی چەمکی عەقڵ بەرز دەبێتەوە". کەواتە، لەپێناسەی هێگل خۆیەوە دەتوانین وشەی ڕوح بەکاربهێنین بەوەی ڕوح لەپرۆسە گشتگیرییە هۆشمەندی‌و ئاگامەندییەکەیدا لەجووڵەدایەو بەرەو عەقڵ باڵابووە. لێرەوە گایست پرۆسەی هۆش‌و جووڵەی هۆشمەندییە کە بەرەو عەقڵانییەت دەجووڵێت".[10]

(١١)

گوتمان فینۆمینۆلۆژیا بەمانای دیاردەناسی یا دیاردەزانی دێت، بەڵام ئەو مانایە مانایەکی ڕوخسارەکییە، یا خۆی واپیشاندەدات کە ئەو مانایە دەبەخشێت، بۆیە کەمێك سەرمان لێ دەشێوێنێتو گومڕامان دەکاتو بەلایەکی ترماندا دەبات. فینۆمینۆلۆژیا بەپێی بەکارهێنانی لامبێرت لەنێو کتێبی (ئۆرگانۆنی نوێ) بریتییە لەخۆلادانو خۆبەدوورگرتن لەدیار، دیار وەکو جۆرێك لەوەهمو گومڕایی، ئەوەش لەپێناو گەیشتن بە حەقیقەتە. لەگەڵ ئەوەشدا، دیار خۆی ساختەییەکی ڕوونو ئاشکرا نییە، بەڵکو دەکەوێتە نێوان حەقیقەتو ساختەیی.[١١]

لێرەوە دیاردەگەرایی هەوڵدەدات ئەو یاسایانە بدۆزێتەوەو لێیان بکۆڵێتەوە کە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەمیانەی ڕوخساری دیارو بینراوییەوە، سروشتی ڕاستەقینەی شتێك لە شتەکان، دەستنیشان بکاتو لێی تێبگات. کەواتە، هەموو شتێك دەکرێت وەکو دیاردەیەك تەماشابکرێتو لێی بکۆڵرێتەوە، لەیاساکانی تێبگەین، هەموو ئەمانەش لەمیانەی لایەنی دیارو بەرجەستەبووی شتەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

بۆیە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوی شتێکەوە، لایەنی سروشتی شتەکە دەستنیشان بکات. ئەوەی دەستنیشان دەکرێت، هەر تەنیا پشت بەلایەنی دیارو بینراوی شتەکە دەبەستێت، بۆیە نە حەقیقەتێکی تەواو دەبێت، نە ساختەیەکی تەواویش، بەڵکو حاڵەتێك دەبێت لەنێوان هەردوو باردا.

هێگل هات لەبری ئەوەی فینۆمینۆلۆژیا بەوەهمو گایست ببەستێتەوە، هات بەدیارو بەرجەستەبوو بەستەوە. بۆیە کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای گایست) دەکرێت ناونیشانێکی تری وەکو (تیۆرێك لەبارەی فینۆمینۆلۆژیای گایست) یشی هەبێت. بەڵام، لێرەدا هێگل ئەم گوزارشتە بەزیاتر لەمانایەك بەکاردێنێت:

١-گایست بەو ڕادەیە دیارەو دەردەکەوێت کە وشیارە بەبابەتێکی تر، نەوەکو بابەتی خودی خۆی. بەو مانایەش بێت، فینۆمینۆلۆژیا هاوشانی مانای ئەنترۆپۆلۆژیا دەبێت وەکو توێژینەوەیەك لەبارەی ئەو گیانەی بەسەر خۆیدا داخراوەو هێشتا وشیار نییە بە بابەتە دەرەکییەکان. هەروەها بەمانای سایکۆلۆژیاش دێت وەکو توێژینەوەیەك بۆ ڕوح وەکو ئەوەی خۆی لەخۆیدا هەیە، بێ ڕەچاوکردنی پەیوەندی ئەو ڕوحە بە بابەتەکان.

٢-دەرکەوتنی روح-گایست بەو سیفەتەی وشیارییە یا هۆشە، فۆڕمێك نییە لە فۆڕمەکانی گایست، شێوازێك نییە بۆ ئەوەی لەسایەیەوە تەماشای گایستی پێبکرێت.

بەڵکو ئەوە زیاتر وەهمێك لەخۆی دەگرێت، وەهمی ئەوەی گایست پرۆسەی تایبەتی خۆی بەسەر بابەتەکاندا دەسەپێنێت. بۆیە لەلای هێگل وشیاربوون بە بابەتەکان شێوازێکی باڵا نییە بۆ تەماشاکردنی گایست، تەنانەت فۆرمو شێوازێکی باڵاتری گایستیش نییە، بەڵکو قۆناغ و تەرزێکە، فۆرمێکە، پێویستە کۆپی بکرێتو پووچ بکرێتەوە.

٣-کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای گایست) ی هێگل هەر تەنیا بایەخ بەوەهمی گشتی نێو وشیاری نادات، بەڵکو بایەخ بەو توانستەش دەدات کە ڕەنگە بچێتە سەر فۆرمو وێنەیەك لەوێنەکانی وشیاریو ببێتە وەهم، چونکە ئەو بابەتانەی مەبەستییەتی، ئەو بابەتانەی وێنایان دەکات، ڕەنگە خۆیان لەگەڵ بابەتە ڕەسەنەکان هاوشێوەو لێکچوو نەبن.

٤-بەم شێوەیە دەبینین لایەنی دیاری گایست لەنێو وشیاریدا تایبەت نییە بە قۆناغێکی دیاریکراو، بەڵکو لایەنی دیاری بریتییە لەو لایەنەی کە لەدیارو بەرچاوە، لەسەر تەختەی شانۆدایە، یا لەکاتی هەڵقووڵانیەتی لە سەرەتاکانی نێو یەقینی هەستیدا.

میخائیل ئەنوود لە کتێبی (فەرهەنگی زاراوەکانی هێگل) لەبارەی مانای گایست دەنووسێت:" گایست خۆی چەند مانایەکی هەیە: مانا فراوانەکەی بریتییە لە وێنە بەراییەکانی هوشیاری، وەکو یەقینی هەستی، بەو مانایەش گایست هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی بابەتی کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای گایست)ە. بەمانای سنووردار، گایست لەسەر شانۆ دەرناکەوێت، بەڵکو تەنیا لەمیانەی ژیانی ئەخلاقییانەی هاوبەشی نێوان کەسەکان دایە. هێشتا گایست بەمانا سنووردارەکەی بەتەواوی بەدی نایەت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە وەك مەعریفەی ڕەها- بەدەردەکەوێت. بۆیە ئەوەی ئێمە ناوی دەنێین گایست بەمانا فراوانو گەورەکەی، هەر تەنیا بریتییە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گایست بەمانا سنووردارەکەی. هێگل هەر تەنیا لەنێو کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای گایست) لەگایست ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لەنێو کتێبی (ئینسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکان)یش لەبەشی سێیەمدا لێی دەکۆڵێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سنووردارتر لەکتێبی (فینۆمینۆلۆژیای گایست)".[١٢]

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

1) https://en.wikipedia.org/wiki/Geist

2) https://en.wikipedia.org/wiki/Geist

٣) هەر تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە ئیمام عەبدلوفەتاح ئیمام خۆی ئەو چەمکەی بەمانای ڕوح وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەنێو ئەم کتێبەی میخائیل ئەنوودیشدا کە ئێمە کردوومانەتە سەرچاوە، دیسان هەموو گایستەکانی بەمانای ڕوح وەرگێڕاوە. ئێمە بۆ پاراستنی ئەمانەتی وەرگێڕانەکە، وشەی گایستمان بەڕوح داناوەتەوە، بەڵام پێویستی دەکرد ئەو پەراوێزەی لەبارەیەوە بنووسین.

٤) ئەو بۆچوونەی هێگل لەنێو پێشەکی کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای گایست) هاتووە.

٥) معجم مصطلحات هيجل، ميخائيل انوود، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، منشورات المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، ص٥١٣.

6) https://de.wikipedia.org/wiki/Geist

٧) معجم مصطلحات هيجل، ميخائيل انوود، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، منشورات المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، ص٤٠٢.

٨) معجم مصطلحات هيجل، ميخائيل انوود، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، منشورات المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، ص٤٠٢.

٩) معجم مصطلحات هيجل، ميخائيل انوود، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، منشورات المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، ص٤٠.

١٠) چەند سەرنجێك دەربارەی چەمکی گایست: هۆش یان ڕوح، ئیسماعیل حەمەئەمین، کولتوور مەگەزین، (٣٠) ئایار ٢٠٢١.

١١) معجم مصطلحات هيجل، ميخائيل انوود، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، منشورات المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، ص٤٠٢.

١٢) معجم مصطلحات هيجل، ميخائيل انوود، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، منشورات المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، ص٤٠٥.

# چەند سەرنجێک
# دەربارەی چەمکی گایست" هۆش یان ڕۆح



ئیسماعیل حەمەئەمین

چەمکی گایست Geist چەمکێکی ئالۆزو فرە ڕەهەندە، چەمکێکە وەرگێڕانی بۆ کوردیو زمانەکانی دیکە هەمیشە پڕ گرفتە، لەبەر هۆکارێکی سادە، چونکە ئەم وشەیە تەنها قووڵاییەکەی لەزمانی ئەڵمانیدا بەرجەستە دەبێتو وشەیەکی ئەڵمانیەو هیچ وشەیەك نییە لە زمانێکی دەرەوەی ئەڵمانی جێگەی بگرێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا لە هەموو زمانە فەلسەفیەکانی دونیادا بەکوردیشەوە هەوڵیانداوە ئەم تێرمە ئەڵمانیە نێزیك بکرێتەوە لەزمانی وەرگێڕدراو، هەربۆیە مەبەستی ئەم گوتارە هەندێك ڕوونکردنەوەی هەژارانەیە لە پەراوێزی چەمکی گایستداو هیچیتر.

هەر وەك ئاشكراشە كتێبی (فینۆمۆلۆژیای گایست)ی بەناوی (فینۆمۆلۆژیای هۆش) وەرگێڕدراوەتە سەر كوردی. مامۆستای ئەزیزمان "د.موحەمەد كەمال" ئەم كارە گەورەیەی گرتە ئەستۆی خۆی، بەهۆی مامۆستای ئازیزمان كتێبخانەی فەلسەفی كوردیی لەم كارە گەورەیە بێ بەش نەبوو. لەم كتێبەوە ئیدی ئێمە بەرامبەر هێگڵ دەبینەوە، بەڵام بە كوردی، د.موحەمەد كەمال هێگڵێكمان دەخاتە بەردەم كە بە كوردی دەدوێتو چەمكو دەستەواژەو گەمە زمانەوانیەكانی كوردین، بەمەش زمانی كوردیی لە ئاستێكی فەلسەفەیی باڵاو ترانسێندێنتاڵدا گفتوگۆ فەلسەفیو فینۆمۆلۆژیەكانی خۆی دەست پێدەكات. لێرەوە هێگل لە بیركردنەوەی ئەڵمانییەوە باز دەداتە ناو سیستەمی بیركردنەوەی فەلسەفیانەی كوردییەوە. بەمانای، لەم كتێبە گرنگەوە د.موحەمەد كەمال هێگێلێكی كوردیی دەخاتەناو كایەی بیركردنەوەی كوردییەوە، بۆ هیچ نا، تەنها بۆ ئەوەی زمانی كوردی لەناو سیستمی بیركردنەوەی هێگیلیدا سنوورەكانی لۆكاڵیەت بۆ گفتوگۆ گەورەكانی جیهان ببەزێنێتو بەرەو ڕۆحی جیهانو هۆشو ئاگامەندیی دیاردەناسی بچێت. ئەم گوتارەش هیچیتر نییە جگە لە پەراوێزێكی بچوك نەبێت، لە تەنیشت هێگڵە كوردییەكەدا بۆڵەبۆڵی فەلسیەفیانەی خۆی دەكات. لەم بۆڵەبۆڵە فەلسەفییەدا هەوڵ دەدەم دەربارەی چەمكی (گایست- Geist) بدوێمو حەزدەكەم چەند سەرنجێكی دیكە بخەمەروو كە دەشێت بەرچاو ڕوونییەك بێت بۆ خوێنەری ئازیزی ئاشقی مەسەلە هزرییو فەلسەفیەكان، هەروەها بەرچاو ڕوونیەك بێت بۆ تێگەیشتنی خۆشم دەربارەی گایست.

ئینگلیزەكان چەمكی گایست der Geist نێزكدەخەنەوە لە وشەی (Mind) كە (هۆش) دەگرێتەوە. مامۆستای ئازیزمان د.موحەمەد كەمال لە وەرگێڕانەكەی هێگلی بە (فینۆمۆلۆژیای هۆش) وەرگێڕاوە. بێگومان هیچ قسەیەك لەسەر ئەوە نییە كە دكتۆر حەمە كەمال بە وەرگێڕانی دوو كتێبی گرنگی جیهانی فەلسەفە (بوونو كات)ی مارتین هایدگەرو پاشان كتێبی (فینۆمۆلۆژیای ڕۆح) گەورەترین دامەزراندنی لە زمانی كوردیدا دەستپێكردووەو توانیویەتی فەلسەفە لەبواری ئاوتۆدیكتاتەوە (خۆفێركاران) بگوازێتەوە بۆ زمانێكی دەزگایی فەلسەفیانەو بەمەش كۆتایی بەو وەهمە هات، كە دەیانگووت" زمانی كوردی زمانێكی دیاریكراوەو زانستیو فەلسەفی نییە، جگە لە چوارخشتەكیو كلاسیكیاتی شیعریو كورتە چیرۆك نەبێت، زمانی فەلسەفەو زانستو ڕۆمانی گەورە نییە. بێگومان قسە لەسەر ئەوە نییە كە ئەم بیروڕایە ئەقڵیەتی داگیركەرانی كوردستانە

که دەیانەوێت مرۆڤی کورد بخەنە دەرەوەی زمانو فەلسەفەو فیکرو مێژووەو هەر خۆیان باڵا دەست نمایشبکەن، ئێمەش تەنها لە ڕیزی دواوەی هزرو ڕەخنەو فەلسەفەدا وەرگرو وەرگێڕی کارە گەورەکان بین لە زمانی ئەوانەوە، نەك لەسەرچاوە ئۆرجینالەکەیەوە، کە ئێستا خۆشبەختانە زمانی کوردی بۆ وەرگێڕانی کارە گەورە فەلسەفیەکانی خۆرئاوا چیتر پشت بە عەرەبیو تورکیو فارسی نابەستێت. سوپاسو خۆشەویستیمان بۆ هەموو ئەوانەی وەك سەربازی ون ئەم ئەرکەیان لە خۆگرتووە، بەتایبەت مامۆستای ئەزیزمان د.موحەمەد کەمال. خۆشبەختانە ئێستا کتێبخانەی کوردیو زمانی کوردی بەهۆی بەرهەمەکانی ئەم بیست ساڵەی دواییی، لە باکوورو باشوور، بۆتە یەکێك لەزمانە دەوڵەمەندو پڕ فەرهەنگەکانی دونیاو کوردۆلۆژی بۆتە زانستێکی گەورە لە زانکۆکانی دونیا دەخوێنرێت. بەڵێ ئازیزانم، د.کەمال هاتو بە وەرگێڕانی مارتین هایدگەرو هێگل دوو کارە گەورەی سەلماندی کە زمانی کوردی زمانێکی فەلسەفی قووڵەو کارە گەورەکانی جیهانی لەناو ئەم زمانەدا جێگەیان دەبێتەوە. بێگومان هەوڵەکانی هاوڕیانی نوسەریش لەم بوارەدا هەمان ئەرکی بەجێگەیاندووەو دەستی هەموویان دەگووشم.

لەم سەرنجەوە دەستپێدەکەمو دێمە سەر چەمكو واتاو وشەی گایست Geistو لەو بڕوایەدام دەشێت بەرامبەر وشەی (Mind)و (Spirit) بوەستینو بیڵێن" ئەم وشە ئینگلیزییە کە مامۆستای ئازیزمان (د.موحەمەد کەمال) بە (هۆش) وەریگێڕاوە دەمانخاتە بەردەم چەندەها بیروڕای دژبەیەكو گفتوگۆیەکی هەمەلایانەوە.

**یەکەمیان:** وشەی گایست لە ئینگلیزیدا بە Mind وەرگێڕدرێت، بەڵام ئەگەر لەبەردەم مایند Mind بوەستین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەرگیز مانا پڕواپڕەکەی Geist گایست بەرجەستە ناکات، چونکە مایند– هۆش هەمیشە تاکەو ناکرێت بە کەسی سێهەمو هەمیشە کەسی یەکەمەو سوبێکتیڤە. بەڵام Geist بۆ کەسی سێهەمو هەروەها بۆ کەسی یەکەمو بۆ شتەکانیش (ئۆبجێکتو ئۆبجێکتیڤەیشن) بەکاردێت وەك گایستی جیهان" Weltgeist - لێرەدا ئینگلیز هاتوون بۆ ڕەگە لاتینیە قووڵو دێرینەکە گەڕاونەتەوە Mind، یان واز لێ هێناوەو بەرەو (مانا ڕۆحییەکەی) ڕۆیشتوون، بۆ هیچ نا، تەنها بۆ ئەوەی خوێنەری ئینگلیز لە چەمکی گایست نێزیك بکەنەوەو هاتوون وشەی سپیریت ڕۆح-Spiritیان بەکارهێناوە. لێرەوە سپیریت هەم مانا ڕۆحییەکەی دەگەیەنێتو هەم ئیلهامبەخشییە لە شتێكو هەم دوور دەکەوێتەوە لە مانا ئاینییە میتافیزیکیەکەی

سەدەی ناوەڕاست، کە گیانە، یان زێلەیە بە ئەڵمانی die Seeleو سۆڵە Soul بە ئینگلیزی، لێرەوە هەموو مەسەلە دەروونیو عیرفانیەکان، مەسەلەی گیانین نەك ڕۆحی.

لە زمانی ئەڵمانیایدا خەمی گیانی Seelsorge مانایەکی ئاینی قووڵی هەیە کە کڵێسای کاتولیکیو ئێفانگیلومو قەشەکانی، وەك ئەرکی خۆیان بەرامبەر ئیمانداران‌و تەنانەت بێ ئیمانەکانیش پێی هەڵدەستن. ئەویش گوێگرتن‌و ڕاوێژو گفتوگۆیە لەگەڵ مرۆڤەکان کاتێك بەدەست گرفتێکی دەروونییەوە دەناڵێنن. لێرەوە ڕۆح گایست—سپیریت Spirit جودا دەبێتەوە لەمانا گیانیەکەی، چونکە ڕۆح، گایست، هەم مانای ئەقڵیەکەش دەگەیەنێت— کە فێرشتاندە بە ئەڵمانی Verstandو لەم بارەدا Spirit نێزیکترە لە Geist کە ئەقڵ‌و دەروونیش، هەناسە دەگەیەنێت. بەڵام کاتێك بە (هۆش) وەریدەگێڕین ئەوا نێزیك دەبینەوە لە مایند Mind ئەمەش وەك گوتم تاکە کەسییەو سەبژێکتە، ناتوانێت ئۆبژێکتیش لەخۆی بگرێت. جگە لەوە وشەی (هۆش)و (ئاگامەندی) لە (کردار) دان‌و زیاترو بۆ کەسی یەکەمن، بۆ من‌و منێتین نەك بۆ ئەوو شتەکان. هۆش بە سوبژێکت، سوژەو کەسەکەوە پابەندە، کە مرۆڤ لە هۆش خۆی چوو، چیدی هۆشی نامێنێت، بەڵام ڕۆحی دەمێنێت.

ڕاستە هۆش وشەیەکە لە چەمکی (گایست) نێزیکمان دەخەنەوە، بەڵام بە نیوە ناچڵی، بەڵام ڕۆح زیاتر هەم ناوەو هەم ئۆبژێکتەو هەم کەسی سێهەمە. هۆش زیاتر سەبژێکتەو لە خودەوە نێزیکەو بە زەحمەت دەچێتە ناو ئۆبژێکتەوە وەك (ڕۆحی جیهان) زیاتر ڕۆحی شت‌و هەبوومان پێدەڵێت وەك لەوەی بڵێین (هۆشی جیهان) چونکە لە کوردیداو تەنانەت وەك Mind کە (هۆش)ەو زیاتر بۆ کەسی یەکەمەو چوونی بۆ ناو زۆنی کەسی سێهەم زەحمەتەو هەنگەشەلییە.

**دووەم:** لە کوردیشدا هەروایە، هۆش زیاتر بۆ کەسەو بۆ سوژەیە، بۆ سوبژێکتە، بۆ خودە، کورد دەڵێت" هۆشی وەبەردا هاتەوە... یان دەڵێت" بێ هۆش بوو... هۆش هەمیشە پابەندە بە سوبژێکت— یان بڵێین سوژەوەو خودی کەسەکەوە، هەمیشە لەم چوارچێوە زمانەوانیەداو هەم لەچوارچێوەی ئۆبژێکتیڤبوون‌و بەشتبووندا کورت دەهێنێت، بۆ نموونە" گرانە بڵێین (هۆشی جیهان)و چونکە لە زمانی کوردیدا هۆش هەمیشە پابەندە بە کەس‌و سوبژێکت‌و خودەوەو ناچێتە ناو سنووری کەسی سێهەم‌و شتەوە. هەربۆیە لێرەدا کورد بەگەڕانەوە بۆ ڕۆحی شتەکان‌و ئۆبژێکت دەڵێت" ڕۆحی کردووە بە بەردا. ڕۆحی تێدا نەماوە یان دەڵێن" دەقێکی بێ ڕۆحە، موزیکێکی بێ

ڕۆحه...تاد. لێرەدا کورد نالێت (هۆشی تێدا نەماوە یان هۆشی کردووە بەبەردا) یاخود لە نموونەیەکی تردا کاتێك شەربەتێك دەخۆینەوەو وەسفی دەکەین دەڵێین" ڕۆحی هەنارەکە خۆیەتی...تاد. کەواتە لێرەدا ڕۆح هەم زیندەگییەو هەم ئۆرژینالیتیەو هەموو زیندەگیەکیش هۆشێکی خۆی هەیە، بەڵام هۆش زیاتر خودی کەس دەگرێتەوە کە مرۆڤە. هەر بۆیە دەشێت لە زۆربەی شوێندا بێ ترس (ڕۆح) بەرامبەر گایست Geist، بەکاربهێنین، بەتایبەت لە تێرمەکانی وەك (ڕۆحی جیهان)و ڕۆحی شتەکانو زۆریتر.

**سێهەم**: ناکرێت گایست (ڕۆح) لەدەرەوەی زانست بمێنێتەوە، یاخود ناکرێت تەنها بەمانا ئاینیە-تیۆلۆگییەکەی ڕاڤە بکرێت. چونکە ئێمە لەبەردەم مانایەکی گەورەتریداین کە گایست هەم ڕەگی لەناو ئەقڵدایەو هەم لەناو تاك (ئیندڤیدیوم)و هەم وەك لە ئەنتیکادا (گریکی کۆن) هاتووە کە گایست بەرامبەرە بە لۆگۆس Logos کە لەهەمان کاتیشدا مانای ئەقڵ دەگەیەنێت. یاخود بەرامبەرە بە نوس Nus یاخود تیمۆس Thymus کە لە دراماکانی هۆمیرۆس بە" ئارەزوو، دەروون، سۆز، هەناسە، بەکارهێنراوە. لای پلاتۆن لە دیالۆگی (کۆمار)و لە (فایدرۆس) بە (دەروون) یاخود بە لۆگۆس وەسفکراوە، کە مرۆڤ بەرەو ئیرۆسو زاڵکردنو خۆشلکردن بۆ ئیرۆس ڕاپێچدەکات. لێرەوە لای پلاتۆن (ئەفلاتون) لۆگۆس بەکارهاتووە. هەموو ئەم چەمکانەی وەك لۆگۆس Logos، تیمۆس Thymus، نوس Nusو دایمۆن Dymonو هەناسەدانو ڕۆحو دەروون، لە یۆنانیدا دەچێتە ناو چوارچێوەی پێناسەی فراوانی گایست لە ئەڵمانیدا.

**چوارەم**: لە فەرهەنگی فەلسەفی ئەڵمانیدا دەربارەی وشەو چەمکی گایست باس لەوە کراوە" کە وشەی Geist لەزمانی ئەڵمانیشدا ناتوانرێت تەواو یەك پێناسە وەربگرێت، چونکە ئەم چەمکە خۆی بەسەر چەندەها چەمکی دیکەی وەك هۆشمەندی، ئەقڵ، ڕۆشنبیریو پرنسیبی نێوەکی مرۆڤ و زۆریتر پەرشدەکاتەوە. بەمانای گایست لەهەر کاتیگۆریو چوارچێوەی دیکە مانایەکی جیاوازتری وەردەگرێت وەك لەوی دیکە.(١)

لێرەوە دەبینین وشەی گایست لەخودی زمانی ئەڵمانیشدا کێشەبەندیی خۆی هەیەو پرۆبلماتیکەو ناتوانرێت کە ئەڵمان زمانێك کە پرسیاری گایستت لێ دەکات یەك ماناو وەڵامی پێ ببەخشیت. لێرەدا (گایست) دەشێت هۆش بێت لە مانا ئاگامەندییەکەیو دەشێت ڕۆح بێت لەمانا گەورەکەیداو تەواو نێزیکە لە تێرمە ئینگیلزیەکە کە Spirit

سپیریتە. لەم خاڵەوە کاتێك هۆش وەك وشەیەکی خودیی‌و سوژەیی بێت، ئەوا ناتوانێت بچێتە ناو ئۆبجێکتەوە، بەڵام دەتوانین (ڕۆح) بۆ تێگەیشتن لە ڕۆحی شتەکان بەکاربهێنین، بۆ نموونە" (ڕۆحێکی ئازاد) کە ئەبستراکتە، یان وەك (ڕۆحی جیهان)، کە بێگومان ئەمە لە (جیهانی ڕۆح) جودا دەبێتەوە کە مانا ئاینی‌و ڕۆحانیەکەی دەگرێتەوە. بەمجۆرە بە گەڕانەوە بۆ کێشەبەندی وشەی گایست لە زمانی ئەڵمانیداو بە پشت بەستن بە گرفتە ئەکادیمیەکانی بازنەی فەلسەفی ئەڵمانی، مانابەخشی‌و واتابەخشی گایست Geist جەخت لەوە دەکرێتەوە" کە ئەم وشەیە بە پاپەندبوونی بە وشەی دیکەوە مانای دیکە وەردەگرێت‌و دەچێتە کاتیگۆری دیکەوە. هەر لەم بیروڕا زانستیەوە دەتوانین" هۆش بەکاربهێنین‌و لە کرداردا ئاگامەندی‌و لە شتەکاندا ڕۆح بەکار بهێنین وەك" ڕۆحی ئەم چەرخەو ڕۆحی شتەکان‌و...تاد.

**پێنجەم:** گرفتی گایست Geist لە خودی فەلسەفەدا. وەك لە سێ خاڵەکەی سەرەوە ئاماژەمان پێدا گرفتێکە لە ڕووی چەمکسازییەوە (تێرمینۆلۆگی— Terminologie) بەیەك ڕستە یان یەك واتا شرۆڤە ناکرێت، بەڵکو ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پێناسەو بەکاربردنی ئەم تێرمە لەلایەن هەر فەیلەسوفێکەوە لە ئەویتر. بۆ نموونە ئیمانۆیل کانت دەڵێت "من نازانم گایست هەیە یان نا؟ من نازانم گایست مانای چییە؟ نازانم ئایا گایست بوونی هەیە؟". [٢] لێرەوە گایست هیچ مانایەکی دیاریکراوی نییەو لەتاریکیدایە، چونکە لە بیرکردنەوەی ئەقڵی پەتی کانتیدا، شتەکان (لە خودی خۆیاندا Ding an sich) بوونیان هەیەو ئێمە لە ڕێگەی بەریەکەوتنی ئەقڵی‌و مەشقی ئەقڵانیەوە بەر توخمەکانیان دەکەوین. لە درکپێکردنەوە بە پرۆسەیەکی مەعریفانەدا شۆڕدەبینەوەو لە شتەکانی چواردەوربەرمان تێدەگەین، لەدوای ئەو ئەزموونە، بە پرۆسەیەکی ئەقڵانیدا تێدەپەڕین بۆ بڕیاردان، ئەمەش (ئەقڵانیەتی بڕیاردەرە) کە لەسەر بنەمای درکپێکردن‌و لەناو ئەو ئەزموونە مەعریفیەدا کاری خۆی دەکات. لێرەوە گایست لای کانت ونە، خێویەکەو لە مێشکی خۆماندا بوونی هەیە، بەڵام لەڕێگەی مەشقە ئەقڵیەکانمان بۆ گەیشتن بە شتەکان‌و چواردەوروبەرمان دەمانگەیەنێتە بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی، تا تێیدا بتوانین ڕەش‌و سپی لە یەکتر جودا بکەینەوە. لەو کاتەدا لە ناو شوێندا، لە جەستەدا، لە ناو چێوەیەکدا، هەست بە گایست دەکەین.

لێرەدا من وشەی (چێوە) بە وشەیەکی نێزیکی (ڕاوم Raum) تێدەگەم، چونکە چێوە ئەو فەزایەیە کە بوونێکی دیاریکراوی هەیە هەم بۆ دیاریکردن وەك لە چوارچێوەدا،



یاخود بۆ دیاریکردنی بازنەیەك کە چێوەکەی دیاری دەکەین، یاخود وەك کورد دەڵێت" چێوەی زەویەکەمان شوورا کردووە، پەرژین کردووە. لێرەوە چێوە ئەو بۆشاییەیە کە شوێن دیاری دەکاتو شوێنو مانا ڕەمزیەکانی بوونی شتێك، دروستدەکات. بەبێ چێوە شوێن دروست نابێت کە بتوانین تێدا لە زەمەنێك تێبگەین. لێرەوە چێوە-ڕاوم لەناوخۆیدا مانا قووڵو سمبولیەکانیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کە ئیدی دەشێت ئەمە چێوەیەکی ژینگەیی بێت، یاخود چێوەسازییەکی کۆمەڵایەتی بێت، یان مۆڕاڵی بێت. بەڵام شوێن ڕاوم نییە بەمانا قووڵو فەلسەفیەکەی تەنها سنوورێکی دیاریکراوی فیزیکیە، بەڵام کاتێك شوێن لەگەڵ زەمەنو کاتێکی دیاریکراوو سوژەدا لێکدەدرێت بەرەو مانا قووڵەکەی دەڕوات کە دەبێتە ژوورێك، شوێنێك، ژینگەیەك، چوارچێوەیەکی مۆڕاڵی یان سیاسی یان ئاینی، لە دواجاردا لە چێوەکاندا" ئایدیاکان، سوژەکان، خودەکان، ڕۆحەکان کۆدەبنەوەو کار لە یەکتری دەکەن.

بەگەڕانەوە بۆ تێگەیشتن لە گایست لەناو چێوەدا، کانت پێشنیازی ئەوەمان بۆ دەکات کە" چێوەیەك بهێنینە بەرچاومان، دەشێت مەرکانەیەك بێت، ئەو ماتریاڵانەی دەخرێنە ناو ئەو مەرکانەو کووپەکەوە دژی بۆشایی ناو مەرکانەکەنو (خۆخزێنەرن) بۆ ناو چێوەی مەرکانەکە، کە سەرەتا بۆشایی بووەو پڕبۆتەوە. لەو چرکە ساتەوە کە ماتریاڵە نوێیەکە، توخمە نوێیەکان، مەرکانەکەی پڕکردۆتەوە، ئەوا خۆی فرواندەکات تاوەکو خۆی دەدات لە لێواری چێوەی مەرکانەکە. کانت دەڵێت:"چێوەیەك بهێنن (بۆ نموونە مەرکانەیەك) پڕی بکەن لە شتێك کە چێوەکەی پڕ بکاتەوە، بە مانای شتەکە خۆخزێنە بۆ ناو شتێکی ترو ئەم دژەکاری ئەویترە، هەربۆیە کەس نایەت ئەو بونەوەرەی ناو چێوەکە بە گایست (ڕۆح) ناوببات، بێگومان ئەمە بە ماتریاڵ ناودەبات".

لێرەوە، لە چێوەیەکی پڕکراوەی وەك مەرکانەیەك، کوپەیەك، کە دەشێت پڕی بکەین لە ئاو، نیسك، یان هەرشتێك. دەشێت وێنای جەستەی مرۆڤمان بیردەکەوێتەوە کە پڕە لە ئۆرگانو ئەو شتانەی ڕۆژانە دێنە ناومانەوەو بەرگری دەکات لەگەڵ چێوەی لەشماندا، بۆ نموونە: کاتێك زۆر دەخۆینو ورگمان لە فۆرمی جەستەمان دێتە دەرەوەو دەبینە هەڵگری ورگ، ئەوا مەرکانە کانتییەکە دەهێنینە بەرچاومان کە ماتریاڵەکانی دیکە پاڵ بەدیواری چێوەکانیەوە دەنێن. لێرەوە کانت ئەم بونەوەرەی ناو چێوەکان، ناو جەستە، وەك لە ئایندا هاتووە، ڕۆح یان گایست نییە، کە خۆی خزاندبێتە ناو جەستە مەرکانەی مرۆڤ و جەستەی مرۆڤ پڕ بووبێت لە ڕۆح. کانت لەمبارەیەوە دەڵێت:" ئێوە دەتوانن وشەی گایست بۆ خۆتان هەڵبگرن، گەر بیر لەوەبکەنەوە کە ئەو بونەرەوەی چێوەکانی بە ماتریاڵ پڕکردۆتەوەو لە ئێستادا ئامادەگی هەیە" لێرەوە لە پەراوێزدا، کانت ئاماژە دەدا کە "گایست لەم کۆنتێکستەدا لە چوارچێوەدا بەشێکە لە کۆی جیهان، نەك ڕۆحو گایستی ئەبەدیی"، کەواتە تێگەیشتنی ئیمانۆیل کانت بۆ گایست لە کۆنتێکستە ئاینیەکەدا نییە، کە خوا ڕۆحێکی ئەبەدییە، نەخێر، ئەو خۆی لەقەرەی بە ماتریاڵکردنی گایستی ئەبەدی نادات بە تێگەیشتنە میتافیزیەکەی کە لێرەدا خوایە. نەخێر، بەڵکو لە چوارچێوەی ماتریاڵو ڕاوم، یان بڵێین" لە چێوەدا، مامەڵە لەگەڵ گایستێکدا دەکات کە ڕۆژانە بەریدەکەوین. بەمانای کانت، گایست لە ئاسمانەوە دەهێنێتە سەر زەوی ڕیاڵو مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەویتر کە پابەندە بە ڕۆحی ئەبەدیو تیۆلۆژیایەوە جێگەی گفتوگۆی کانت نییە.

بەمجۆرە ئیمانۆیل کانت لە کتێبی (خەونەکانی گایست بینێك) جەخت لەوە دەکاتەوە کە وشەی گایست لای کانت نادیارەو هەم خێوەو هەم نایناسێت. چەمکی گایست، ڕۆح بەپەیوەند بە دوو پێکهاتەوە ڕاڤە دەکات" یەکەمیان چێوە (ڕوام- Raum) وەك شوێنێك کە زەمەنو سوبژێکتی تێدا کۆدەبێتەوەو دووهەمیان ئەقڵ (فێرنونفت Vernunft). هەربۆیە لە یەکەم بەشی کتێبەکەیدا دەڵێت: "گایست مانای بونەوەرێکە کە خاوەنی ئەقڵەو پەرجویکی ڕۆحی نییە، ئەوەی مرۆڤێك دەبینێت دەزانێت کە بونەوەرێکە خاوەنی ئەقڵە" . بەمەش کانت ئەقڵو گایست لەیەکتر نێزیك دەخاتەوە، لە هەمان کاتیشدا لەیەکتریان دووردەخاتەوە.

بۆئەوەی بیرمان نەچێت دەڵێین: هێگل دوای چەندەها ساڵ لەژێر کاریگەری کانت لەبارەی پێناسەی گایست دەڵێت:"ئەقڵ گایستەو بە دڵنیاییەوە ڕیالستیەو لەخودی

خۆیدا بەرەو هەقیقەت باڵا دەبێت." لێرەدا بەهەمان ڕێچکەی کانت دا دەڕواتو هێگل لە ئەقڵەوە پێناسەی (گایست—ڕۆح- Geist) دەکات، بەڵام قووڵتر لەکانت دەچێتە ناو ماناو ڕەهەندەکانی گایستەوە.

وەك گوتمان ئێمانوێل کانت بەشێوازە بیرکردنەوە ئەقڵانییە پەتیو ئارگومێنتسازییەکانی بەر شتەکان دەکەوێتو دەیەوێت دیاردەکان لە چوارچێوەی ئەقڵدا پێناسەبکات، بڕوای وایە کە ناتوانین لە گایست تێبگەین تاوەکو لە کاریگەرییەکانی تێنەگەین، کاریگەرییەکانی ئەوانەن کە خۆیان نیشاندەدەنو دەیبینینو هەستیان پێ دەکەینو دیارنو بەریدەکەوین. کانت ئەمە ناو دەنێت کاریگەرییە دەرکییەکان (dieäußerliche Wirksamkeit) کە پەیوەندی کارو بەکاربەرە ناوەکییەکانی نێوخۆی die innere Tätigkeit هەیە کەواتە ئێمە گایست لە کاتێکدا دەناسین کە کاریگەرییەکانی دەرەوەی دەبینینو کاریگەرییەکانی دەرەوەش پابەندە بە شێوازی کارکردنی ناو گایست خۆی، بەمەش کانت (گایست—ڕۆح) لە سیفەتە میتافیزیکیەکەی دەردەکاتو دەیخاتە چوارچێوەی ماتێرییەوە کە ماددەیە. هەموو مادەیەك، هەموو توخمێك، سوبستانسێك، بەڕای کانت هەم بەکاربەری ناوەکی هەیەو هەمیش کاریگەری بۆ سەر دەوروبەر هەیە، کە ئەو بە کاریگەری دەرەکی ناوی دەبات.

کانت وەك باوکی ڕۆحی ئایدیالزمی باڵاییو فەلسەفەیی ترانسێندێنتال، لەگەڵ (گۆتفرید لایبنتیز) یەکدەگرێتەوە، بەوەی گایست بە ڕیالێتەوە پابەند دەکات، بەو مانایەی ڕۆح لە ڕێگەی بوونی ڕاستەقینەی بەرچاوو کاریگەریەکانییەوە تێدەگات، نەك لە ڕێگەی ئەوەی کە چێوە ڕیالیتیو واقیعیەکەی پڕکردۆتەوە، کەواتە لەنێوان جەستەو مێشکدا بوونێکی تر هەیە کە پڕنسیبو شتە ئەبستراکتەکانن، کە مرۆڤی پێ دەناسرێتەوە لەوانەش، "بیروڕاکان، هەڵسوکەت، مامەڵە، پڕنسیبەکان، ئایدیاکان، بەهرەمەندیەکان...تاد. لێرەوە گایست ئەو (جوڵە)یەیە کە لە ناو شوێنداو لەناو چێوەدا دەرکەوتنێکی هەیەو وەك هەموو ماتریاڵێك کاریگەری دەرەکی هەیە کە پابەندە بەکاربەری ناوەکییەوە. گەر شتێك ئەم هاوکێشەیە سادەبکەینەوە دەڵێین" هەستکردن بە خودی خۆمان کە مەسەلەیەکی گیانیو دەروونییە لە شوێندایە، لە چێوەو ڕاومدایە، لە ناو جەستەماندایە کە لە هەڵسوکەتیدا دەبینین. هەربۆیە ئێمانوێل کانت ناتوانێت مەسەلە ڕۆحییەکانی مرۆڤ لە دەرەوەی ماتریاڵ مەزندە بکات بکات، بۆیە دەڵێت:" لە کوێدا هەست بکەم لەوێدا هەم"، لێرەوە کانت جیاوزی لەنێوان گیان (زێلە— Seele)و

ڕۆح (گایست- Geist) دەکاتو دەڵێت:" لەدواجاردا من دەرك بە خەسڵەتە ڕۆحیەکانی گیانی خۆم دەکەم"، کانت لەو بڕوایەدایە" لەوە دەچێت ڕۆحێك لەناو ماتریاڵدا ئامادەگی هەبێتو پێوەی پابەند بێت، بەڵام کاریگەری لەسەر هێزی پێکهاتەکان نییە کە لەگەڵ یەکتریدا مامەڵە دەکەن، بەڵکو کاریگەری لەسەر پرنسیبی نێوخۆیو باری هەبوو هەیە. لەدواجاردا هەموو توخمێك پێکهاتەیەکی سادەی ماتریاڵەو دەبێت بەکاربردنێکیو کارێکی نێوەکی، وەك بنەمایەك بۆ کاریگەری دەرەکی هەبێت، بەمجۆرە ڕۆح تەنها ئەقڵ نییە، بەڵام لەناو چێوەدا، لەناو شوێندا، لەناو جەستەدا، کاریگەرییە دەرکیەکانی دەبینینو مەزندەی دەکەین.

لەهەمانکاتدا لەم کتێبەدا (خەونەکانی گایست بینی) کانت بۆ گایست، بۆ ڕۆح، لەجوڵەیدا، لەنێوان مێشكو جەستەدا لە پرنسیبو ئەبستراکتدا خۆی دەبینێت کە هەم لەناو ماتریاڵەوە هاتوونو هەم بوونێکی کاریگەرو ئەبستراکتو ڕەمزیو زمانەوانیو ئەقڵیان هەیە. هەر بۆیە گایست لەناو ڕاوەمدایە، یان بابڵێین:"ڕۆح لەناو شوێندا بوونی هەیە.

بێگومان پاشان هێگڵ ئەم بیرکردنەوە کانتیە لە فینۆمۆلۆژیاکەیدا بۆ دامەزراندنی سیستەمو مێژووگەرایی پەرەپێدەداتو بێگومان لەچوارچێوەی (ئایدیالزمی ئەڵمانی) باس لە ڕۆحی جیهان Weltgeist دەکات کە تێگەیشتنە لە تۆتالیتێتو مێژووگەرایی ڕاستەقینە. بیرمان نەچێت، کاتێك هێگل لەشاری (یێنا)، ناپۆلیۆن دەبینێت وەك سەرکەوتوویەك بەسەر ئەڵماندا، وەك داگیرکەرێك خۆی دەکات بەشارداو لەسەر ئەسپەکەیەتی، هێگڵ لە ناپلیۆن بۆناپارتدا ڕۆحی ڕۆشنگەری دەبینێت کە دژی ئۆرستۆکراتیەتی ئەورووپی شەڕدەکاتو حوکمی گەلو پرنسیبەکانی ڕۆشنگەریو شۆڕشی فەرەنسی (برایەتیو یەکسانیو دادپەروەری) لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئەو چرکە ساتە هێگل بە ناپۆلیۆن دەڵێت:"گیانی جیهان لەسەر ئەسپە" "Weltseele zu Pferde,, بەڵام لەدوایدا وشەی گیان (زێلە) دەگۆڕێت بە ڕۆح (گایست) و دەڵێت:"ڕۆحی جیهان لەسەر ئەسپە "Weltgeist zu Pferde,,. بەمجۆرە هێگل مانایەکی گەورە بە ڕۆحو گایست دەدات، لە گیان یان زێلە، جوادایان دەکاتەوە، چونکە ڕۆح، گایست، جوڵەی بۆناو مێژووەو بۆ ناو ڕاستەقینەیی دونیایە.

بەمجۆرە وەك بینیمان سەرەڕای ئەم هەموو گفتوگۆ ئارگومێنتسازیو حونجەکارییە ئەقڵانیەیە دەربارەی چێوە، گیان، گەردوون، ماتریاڵ، توخم، پێکهاتە، کاریگەری،

بەکاربەری...تاد. لای کانت هێشتا گایست لەم جوڵە بەردەوایدا بەناو ماتریاڵو توخمو جەستەو مێشکدا، هەر چەمکێکی نادیارو تاریکەو نهێنیەکی سروشتە.



بەدیوێکی تردا کانت، (ڕۆح-گایست—Geist) نێزیك دەخاتەوە لە وشەی گینالیتێت Genialität کە مانای (بەهرەمەندی) دەگرێتەوە. چونکە (بەهرەمەندی) مانای چەشەو سەلیقەیەکی تایبەتەو لای کانت بەرهەمی ئەقڵە، بەڵام ناتوانین بە پێوانەی ئەقڵی دارِنراو پێوانکاری بۆ بکەین، بەڵکو دەبێت لە ڕۆحەوە، لە گایستەوە، لێی بڕوانین، باتۆزێك لەم پەرەگرافەی کانت لە کتێبی (ڕەخنەی ئەقڵی بڕیاردەر) ڕابمێنین:

"کەسانێك چاوەڕانیان لە هەندێك بەرهەم هەیە، کە چ نەبێت وەك بەشێك لە هونەرە جوانەکان نمایشبکرێت، بەڵام ئەمانە بێ ڕۆحن، بێ گایستن. هەرچەندە لە زۆر لاوە وەك چەشەی گشتی گرفتی تێدا نییە، بەڵام هەر بێ ڕۆحن. بۆ نموونە، شیعرێك لە هەموو ڕوویەکەوە تەواوەو جوانە، بەڵام بێ ڕۆحە (بێ گایستە). یاخود چیرۆکێك لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو ڕێکە، بەڵام بێ ڕۆحە. گوتارێك دەکرێت لە بنەماسازییو ئاهەنگسازییەوە تەواو بێت، بەڵام بێ ڕۆحە. هەندێك قسەکردنو گفتوگۆ دەکرێت درێژەبکێشێت، بەڵام بێ ڕۆحە. تەنانەت دەکرێت ژنێك جوان بێت، قسەزانو خاوەن ئەتەکێت بێت، بەڵام بێ ڕۆح بێت. کەواتە ڕۆح چییەو دەبێت چۆن لە ڕۆح -گایست تێبگەین؟ گایست لە مانا ئیستاتیکیەکەیدا، پڕنسیبێکی جوانی دڵئارامییە".

لێرەدا کانت وشەی (Gemüt) بەکاردێنێت، کە وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی زۆر سەختە، (چارلس دیکنز)ی ڕۆماننوسی ئینگلیزی ئەو وشەیەی بە comfort وەرگێڕاوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە لە مانا قووڵەکەی نێزێك نەبۆتەوە، کە مانای پشوودانو خۆشبەختیو شادی دەگەیەنێت لە پەیوەندی بە شتێکی دیاریکراو هەیە، بۆ نموونە گۆرانیەك، پارچە موزیکێك، دیمەنێکی سروشتی...تاد. خۆشبەختانە ئەم وشەیە بەئاسانی لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە کە ڕێك بەرامبەر وشەی (گیموت Gemüt) دەبێتەوە کە ئەویش (دڵئارامی)یە. کە هەستکردنە بە دڵئارامی لەگەڵ کەسێکدا،

شیعرێکدا، چیرۆكو شانۆگەرییەکدا..تاد. لێرەوە لەرێگەی دڵئارامییەوە، لە ڕۆحو گایست تێدەگەین، گەر کانتیانە بدوێین، لەکاریگەری دەرەکیو بەکاربەری ناوەکی ناو چێوەکە تێدەگەین. بە مانای ئیدی دەزانین ئەوەی بەرامبەریان بەهرەمەندەو ئەم کارە ڕۆحێکی بەهرەمەند بەرهەمیهێناوە، هەربۆیە لای کانت، گایست مانای بەهرەمەندیو گینالیتێتە، بەهرەمەندیش خاسیەتێکی تایبەتی کەسێکە لە کاری داهێنانداو سیفەتێکی گشتی هەموو مرۆڤێك نییە. لای ئیمانۆیل کانت لەرێگەی بەهرەمەندی بەرهەمەکەیەوە لەرێگەی ئیستاتکاو خەیاڵی بۆ ئایدیەکانەوەیەو چوونە بۆ ئەو دیوو سنوورەکانی ئەقڵو دۆزینەوەی ڕەهەندێکی سروشتەو لە ناو خەیاڵو مەزندەکردندا ڕۆحی کارەکان دەناسینەوە. لێرەوە، ڕۆح گایست لای کانت شوێنێکی تایبەتی لە ئەرکێکی بەهرەی تایبەتی ئەقڵیدا هەیەو سیفەتێکی گشتگیری ناداتێ، بەڵکو لە ئەرکە ئیستاتیکیو بەهرەمەندییەکەیدا، لە چێوەدا، کە بەرهەم خۆی چێوەیەکە بۆ ڕۆح، تێدا کاریگەریەکانی هەستپێدەکەینو دڵئارامیمان پێ دەبەخشێتو هەست بە ئایدیا تایبەتیو پنتە ئیستاتیکیەکانی دەکەین، کە هەرچەندە لەناو سروشتەوە هاتووە، بەڵام لەدواجاردا لە سەرووی هاوکێشە ئەقڵیو سروشتییەوە یاساو ڕێسای نوێ دەدۆزێتەوە، پەیوەندی نوێ دەدۆزێتەوەو دڵئارامییەکی سایکۆلۆژیو مەعریفیمان پێ دەبەخشێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی دۆزینەوەی بەهرەمەندانەی ڕۆحی شتەکان لە ناو چێوەدا، لەناو ڕاوەو شوێنو ماتریاڵدا دەتوانیت بڵێین، گەر ئالبرێت ئاینیشتاین نەهاتبا ڕەهەندێکی دیکەی بۆ فیزیاو ڕووناکیو خێرایی نەدۆزیابەیەتەوە، یاساکانی فیزیا وەك خۆیان دەمانەوە. گەر ڕۆحی بەهرمەندانەی ئیزاك نیوتن نەبوایەو لە پەیوەندی سێوە بەربۆوەکەو درەختە بەرزەکە ڕامبایە درەختو سێو هەر وەك خۆی دەبوو، زانستیش نەدەگەیشتە ئەو خاڵەی ئێستاو مرۆڤ دژە هێزی ڕاکێشانو کێشانی نەدەدۆزیەوە. کەواتە لێرەوە لەناو چێوەدا، لەناو ماتریاڵدا، بیرکردنەوەیەك هەیە کە تەنها ئەقڵ نییە، بەڵکو لەنێوان ئەقڵو ئەزموونداو وەستاوەو ئایدیاکان بەرهەمدێنێتو بەهرەمەندەو دڵئارام بەخشی جیهانە.

لەم گفتوگۆیەوە دەبینین گفتوگۆی گایست ڕەهەندێکی فراوانی هەیە و تەنها ڕەهەندەکی (هۆشمەندی)و (ئاگامەندی) نییەو ناتوانرێت لەناو (هۆش)دا بە سادەیی پێناسە بکرێت. بە پێچەوانەوە گایست ڕۆحە، چونکە دەچێتەناو کەسی سێهەمو ماتریاڵەو بەسەرێك لەناو چێوەدایەو بەسەرێکی تر لە ئەرکی بەهرەمەندیو کاری

داهێناندا شیتەڵ دەکرێتەوەو پێناسەی دەکرێت. هەربۆیە لەدواجاردا ئەم چەمکە هێشتا جێگەی سەرنجە لای کانت، بەڵام پێناسەی تەواو گشتگیری لا نییە، خۆ ئەگەر گایست Geist ئەو مانا گشتگیرو سەراپاگیریەی هەبوایە لای کانت، وەك چۆن لای هێگل هەیەتی، ئەوا کانت لەجیاتی ناونیشانی (ڕەخنەی ئەقڵی پەتی) دەهات (ڕەخنەی ڕۆحی پەتی) بەکاردێنا، بەڵام کانت ئەمەی نەکردووەو گایست لای ئەو بە پابەند بە بەهرەمەندیی پێناسە دەکات، کە ئەمەش هێگلی گەنج دوای کانت پەرەی پێدەداتو گایست دەکاتە چەمکی بیرکردنەوە فینۆمۆلۆژییەکەی.

**شەشەم:** دوای ئەم پێنج سەرنجە، چارمان نییە دەبێت بگەڕێینەوە سەر گرفتە سەرەکیەکە، کە لە دوای کانت، هێگل دێتو ئەم گرفتە گەورەی چەمکی گایست لە کتێبە گرنگەکەیدا کە لەساڵی ١٨٠٧دا بڵاوکردەوە ( Phänomenologie des Geistes) کە هەندێکمان پێمانباشە وەك خۆی بڵێین (فینۆمۆلۆژیای گایست)و مامۆستای ئەزیزمان (د. موحەمەد کەمال) لە وەرگێڕانە دانسقەکەیدا بە (فینۆمۆلۆژی هۆش) کردویەتی بەکوردی. لەم کتێبەدا هێگل بەوردی سیستەمی بیرکردنەوەی زانستیانە دەخاتە ڕوو، کە بێگومان هەموویان لە مەداری (بیرکردنەوە- داس دێنکن— Das Denken)دا دەخولێنەوەو چەمکەکانی وەك (هۆشمەندی—بیڤوست زاین Bewusstsein) یان ڕۆحی جیهان (ڤێلتگایست-Weltgeist) یاخود دەسەڵاتخوازییو کۆیلەگەری Herrschaft und Knechtschaft یان زانینی ڕەهاو ئەبسلوت Absolutes Wissenو گایست der Geistو دیالەکتیكو پرۆسێسو زۆریتر... هەموو ئەمانە لە چوادەروری دیاردەناسی گایست دەسوڕێنەوە.

تێگەیشتن لەم کتێبە (فینۆمۆلۆژیای گایست) هەموو جارێك دەمانخاتە بەردەم گرفتەوە، هەربۆیە ئەوانەی کە خەریکی خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەبن دەبێت پارچە لەدوای پارچە بیخوێننەوەو دووبارە پێیدا بچنەوەو پاشان بەگشتگیری لەیەك پرۆسەدا بیخوێننەوە. خوێنەری هێگل دەبێت وەك فەلسەفەکەی بیربکاتەوە هەر وەك چۆن لە یاسای دیالیکیتکدا باسی ڕەتکردنەوەی ڕەتکردن (نیگاتسیۆن دێر نیگاتسۆن— Negation der Negation) دەکاو باسی دەنکە تۆوێك دەکات کە دەبێتە لاسكو پاشان دەپشکوێتو دەبێت خونچەو پاشان دەبێتە گوڵ. ئەوا دەبێت لەم بارەدا سەیرکردن بۆ شتەکانو چرکەساتی ئێمە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان لەناو پرۆسەکەدا بێت، بۆ کۆی پرۆسەکە بێت بەرچاوکردنی پێگەیشتنەی لەسەرخۆو ڕەتکردنەوەی ئەم بۆ ئەویتر، بەڵام

ئەم سەیرکردنە، ئەم ڕوانینە دەبێت زنجیرەیی بێتو لەباری (کردەییدا) بێت. بەمانای پڕۆسەیەکی دیاردەیی زنجیرەییە، کاتێك لەو دیاردەیە دەڕوانینو لە وردەکاری نەفیکردنی لاسك بۆ تۆ وردەبینەوەو دەبینین کە چیتر تۆو نەماوەو بووە بەلاسك پاشان لاسکیش تاسەر نەماوەو هەر بەلاسکی نەماوەتەوەو پشکوتووەو بۆتە بەر یان گوڵو لە ژێرەوەش بۆتە ڕەگو لەناوەڕاستدا لاسكو قەد. بەمجۆرە گەر هایدیگەریانە قسەبکەین، هەموو هەبوویەك ( زایندە -Seinde ) لە مرۆڤەوە تا دەگاتە درەختو شتەکان لەناو خۆیاندا، بەپڕۆسەیەكو کردەیەکی دیالکەتیکیدا تێپەڕدەبن، چۆن چیمەنتۆو بلۆكو لم شێلمانو گەچو ماتریاڵەکان لەگەڵ هێزی ئەقڵیو ماسولکەیی مرۆڤدا، لەدواجاردا دەبێتە باڵاخانەو خانوو. ئەواش هەموو شتێك وەك دیاردە، وەك فێنۆمین، لە پڕۆسەدایەو دەبێت لە پڕۆسەو لەکردەییدا تێیبگەین.

لێرەوە چرکەساتی مەعریفیو زانینی ئێمە بۆ دیاردەکان دەستپێدەکات کە چرکەساتێکی تێگەیشتنی ئەقڵانییە، چرکەساتی تێگەیشتنە (فێرشتێندنیس-Verständnis) لە یاسا ناوەکییەکانی ئەم پڕۆسەیەو پابەندکردنی دژەکانە لەڕێگەی بیرکردنەوەیەکی دیالەکتیکیانەوە بەیەکترییەوە، بەمجۆرە ئێمە ڕووبەڕووی تێگەیشتێکی کۆی پڕۆسەی (گایست—ڕۆح) دەبینەوە کە کۆی ئەم بەریەکەوتنو چرکەساتانەیە. لەم بارەیەوە هێگڵ لەبەشی شەشەمی کتێبی (فینۆمۆلۆژیای گایست) بەمجۆرە (گایست — Geist) پێناسەدەکاتو دەڵێ " ئەقڵ گایستەو بە دڵنیاییەوە ڕیالستیەو لەخودی خۆیدا بەرەو هەقیقەت باڵا دەبێت، هەروەها لە جیهانی خۆیدا هۆشیارە. بە بوونکردەیی گایست ئەو جوڵە لەپێشینەمان نیشاندەدات کە چۆن هۆشمەندیی وەك کاتیگۆریەکی پاكو ڕەوان بەرەو ئاستی چەمکی ئەقڵ بەرزدەبێتەوە".

کەواتە لە پێناسەی هێگڵ خۆیەوە دەتوانین وشەی (ڕۆح) بەکاربهێنین بەوەی (ڕۆح) لە پڕۆسە گشتگیرییە هۆشمەندییو ئاگامەندییەکەیدا لە (جوڵە)دایەو بەرەو ئەقڵ باڵابووە. لێرەوە گایست پڕۆسەی هۆشو جوڵەی هۆشمەندییە کە بەرەو ئەقڵانیەت دەجوڵێت. تێبینی ئەوە بکەن کە هێگل وشەی جوڵە (بێڤێگون—Bewegung) بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان (فێنومینەکان) بەکاردێنێت. لێرەوە کە دەڵێت ئەقڵ گایستە، ئەوا تەواو لەگەڵ جوڵەدا پابەندی دەکات، ڕەگی ئەم جوڵەیەش لە ڕۆحدا هەیە، نەك لە (گیان-زێلە—Seele)، کەواتە ڕۆح هەم لە کوردیو عەرەبیو هەمیش چەمکە تیۆلۆژیە ئاینسازیەکەیدا پابەندە بە جوڵەوە.

**حەوتەم:** لە ئاینیشدا وشەی ڕۆح تەواو نێزیکە لە گایستی ئەڵمانی. بۆ نموونە لە گێڕانەوەکانی پەیامبەردا هاتووە، ئیمام ئەحمەد، لەزاری (ئیبن مەسعود)وە دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ پێغمبەردا لە شاری مەدینە بەرێگەدا دەڕۆن، پەیامبەر گۆچانێکی بۆ ڕۆیشتن پێیە. جولەکەکانی مەدینە دەیانەوێت بەپرسیارێکی قورسی فەلسەفیو میتافیزیکی پەیامبەر سەرقاڵ بکەنو لێی دەپرسن، ئەی موحەمەد ڕۆح چییە؟ ئەویش هێشتا خۆی بە گۆچانەکی ڕاگیرکردووەو دەڵێت: پرسیاری ڕۆحت لێدەکەنو تۆش وەڵام بدەرەوە کە ڕۆح تەنها خوا دەیزانێتو مرۆڤ زانستی دیاریکراوە". بێگومان وەك دەڵێن دوای ئەم ڕووداوە (سورەتی ئیسرا) دادەبەزێت کە لە ئایەتە مەدینییەکانەو لە بەشی ٨٥دا هاتووە:" وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ ۖ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا"، پرسیاری ڕۆحت لێدەکەن بلێ ڕۆح فەرمانو کاری خودای منەو زانستی ئێوە دیاریکراوەو کەمە.

گەر بەپێی وشەی ڕۆح بێت لە زمانی قورئاندا وەك دەقێکی تیۆلۆژی، ئەوا هەمان ئەوکێشەبەندیە گەوریەی هەیە کە لەزمانی ئەڵمانیدا هەیەتی، بەوەی گایست دیاری ناکرێتو یەکێکە لە چەمکە گشتگیرو گشتیەکەی دیاردەکان وەك چۆن لە قورئانو حەدیسدا هاتووەو یەکێکە لە وشەو چەمکە قووڵەکان کە ماناکانی لەلای خودایە، وەك ئەقڵێکی گەورەی میتافیزیکی. لێرەوە دەکرێتو دەشێت، وشەی (ڕۆح) بەرامبەر (گایست-Geist)ی ئەڵمانیو (سپیریت Spirit)ی ئینگلیزی دابنرێت، نەك تەنها لەبەر مانا تیۆلۆژییەکەی (ئاینیەکەی)، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەناو ئاینیشدا ڕۆح وەك وشەو تێرم هەمان قورسایی گایستی لە ئەڵمانیدا هەیە، کە لە ئایندا وەك وشەی ڕۆح بوونی هەیە، بەڵام لەئاینی کریستیانیشدا چەندە ڕۆح نێزیکە لە ڕۆحی خواو میتافیزیك دە ئەوەندەش نێزیکە لە دەروونو گیان Seeleو تێڕامانی ئەقڵی.

**هەشتەم:** بەگەڕانەوەش بۆ هێگڵو چەمکی گایست کە ئێمە هەوڵدەدەین لە وشەی (ڕۆح) نێزیکی بکەینەوە نەك (هۆش) دەگەڕێینەوە بۆ چەمکی جوڵە کە مەرجی سەرەکی گایستە وەك چۆن لە پێناسەکەی هێگڵدا دەڵێت:"ئەقڵ گایستەو بە دڵنیاییەوە ڕیالستیەو لەخودی خۆیدا بەرەو هەقیقەت باڵا دەبێت، هەروەها لە جیهانی خۆیدا هۆشیارە. بە بوونکردەیی گایست ئەو جوڵە لەپێشینەمان نیشاندەدات کە چۆن هۆشمەندیی وەك کاتیگۆریەکی پاكو ڕەوان بەرەو ئاستی چەمکی ئەقڵ بەرزدەبێتەوە".

ئێمە هاتووین (بوونکردەیی)مان بەرامبەر وشەی ڤێردن Werden بەکارهێناوە کە بەیەك وشە لە کوردییدا لە کرداری (دەبێت)وە نێزیکە، ئەم بوونەش کاتێکە لە کرداردایە لەزمانی ئەڵمانیداو بوونی دۆخێك دەگۆڕێت بۆ ئەویتر. لەم بارەدا لەزمانی ئەڵمانیدا werden-wird بەکاردێنن، بۆ نموونە کاتێك دەڵێین، هەموو شتێك باش دەبێت Es wird alles gut sein



لەم خاڵەوە بوونی شتێك، دۆخێك دەگۆڕێت لە بارێکەوە بۆ ئەویترو لەپڕۆسەی گۆڕاندایە، کە لەزمانی عەرەبیدا بە سەیرورە وەریانگێڕاوە، وەك کردەیەکی بەردەوامی گۆڕانکاری. لەم خاڵەوە گەر سەرنجی پەرەگرافە گرنگەکەی پێناسەی گایست بدەین بەسەر دوو ڕستەی گرنگی ئارگومێنتکاریدا دابەشدەبێت لە یەکەمیان هێگڵ دەڵێت:"ئەقڵ گایستەو بە دڵنیاییەوە ڕیالستیەو لەخودی خۆیدا بەرەو هەقیقەت باڵا دەبێت، هەروەها لە جیهانی خۆیدا هۆشیارە". لە دووهەمیاندا بۆ شیکردنەوەی ئەم ڕستەیە دەڵێت:"بە بوونکردەیی گایستDas Werden des Geistes ئەو جوڵە لەپێشینەمان نیشاندەدات کە چۆن هۆشمەندیی وەك کاتیگۆریەکی پاكو ڕەوان بەرەو ئاستی چەمکی ئەقڵ بەرزدەبێتەوە". لێرەدا دەبینین چۆن گایست دەچێتە دۆخی ئەقڵییەوەو بەرەو چەمکی ئەقڵ بەرزدەبێتەوە، بە جوڵەی پێشینە لە دۆخی هۆشمەندیەکی پاکەوە بەرەو ئەقڵ بەرزدەبێتەوە. کەواتە گایست جوڵەیەکی دۆخی هۆشمەندیی‌و هۆشیارییە بەرەو ئەقڵ، بەڵام ئەقڵی ڕووت‌و پەتی نییە، بەڵکو کۆی پڕۆسەکە لە (جوڵەدا-Bewegung) لە دۆخێکەوە بۆ ئەویتر دەجوڵێت‌و بەرز دەبێتەوە بەرەو ئەقڵ. لێرەدا ئەقڵ بەشێکە لەو پڕۆسە گشتییە دیالەکتیکیە هێگڵیەکە "کە لە نموونەی تۆو لاسك‌و گوڵدا باسمان کرد"و کۆی پڕۆسەکە جومگەی داینامیکی ڕوانینی فینۆمۆلۆژیی هێگلیانەیە. کۆی ڕوانینەکە، کۆی گایست، کردەیەکی هۆشمەندییە بەرزدەبێتەوە بەرەو ڕیاڵیتی ئەقڵانی. بەو مانای لە ڕۆحدا، لە جوڵەی گایستدا پڕۆسەکە دەبینین‌و ڕۆح کۆی پڕۆسەکەیە.

دەبێت ئەوەش بڵێین کە (هۆش) کردەیەکی سوژەییە، بەشێکە، لەتێکە، لە کۆیی گشتی پرۆسەکە کە گایستە. هۆش لەم بەشەدا بەرامبەر کۆی پرۆسەی گایست دەبێتەوە، کە ئەم جوڵەیە لە چەمکە تیۆلۆژیەکەیداو چەمکە بوونگەراییە ئۆنتۆلۆژیەکەیی‌و هێگێلیەکەیدا تەنها ڕۆح Spirit وەرگێڕانی وشەی بەرامبەرەتی، چ وەك وشەو چ وەك چەمك، لە ڕۆح نێزیکتر دەبێتەوە وەك لە هۆش.

**نۆیەم:** لە سەرنجی پێنجەم‌و شەشەم‌و هەشتەمدا ئاماژەمان بە دوو چەمکی دیکە کرد کە پەیوەندیان بە گایستەوە هەیەو زیاتر وامان لێدەکەن بەرەو دینامیەکیەت‌و شێوازی کارکردنی چەمکی (ڕۆح-گایست- Geist) هەنگاو بنێین، کە ئەویش، جوڵەیە. وەك گوتمان هێگل لە پێناسەی گایستدا وشەی (جوڵە) بەکاردێنێت‌و لای هایدگەریش (جوڵە) سێنتەری سەرەکی بیرکردنەوەی ئەنتۆلۆژییە...

مارتین هایدگەر لە کتێبی (بوون‌و زەمەن– Sein und Zeit) باس لە جوڵەی دازاین Dasein دەکات‌و لە ئاسۆگەو لەو ناو پرسە ئەنتۆلۆژیەکەیدا گفتوگۆی دەکات، بە جۆرێك، فەیلەسوفێکی وەك پیتەر سلۆتەردایك لە کتێبە ناوازەکەیدا دەربارەی هایدگەر (هیچ قوتاری ناکات، هەوڵدانێك بەپێی هایدگەر)دا دەڵێت:" هایدگەر بیرمەندی جوڵەی بەردەوامە" هەروەها دەڵێت:"دازاین هەمیشە لەجوڵەدایە" سلۆتەردایك لە هزری هایدگەردا سێ جوڵەی بوونگەرایی، سێ گەشتی گرنگی بوونگەرایی مرۆڤ دیاریدەکات کە بەناو زەمەندا Zeit ڕێدەکات، سلۆتەردایك دەڵێت:"ئەو گەشتانەی لێردا ناویان دەبەم، یەکەمیان (داڕمان)ەو دووهەمیان (شارەزایی)و سێهەمیان پێچکردنەوەیە".

ئەم سێ جوڵەیەی دازاین‌و بوونگەرایی لەناو زەمەندا کە سلۆتەردایك بە "ڕووخان، شارەزایی، پێچکردنەوە" پێناسەی دەکات، فۆرمالی جوڵەی هایدگەریانەیە لە هەڵگەڕانەوەی هاوکێشەی کۆجیتۆی دیکارتیدا "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم" ئەوا سلۆتەردایك پێیوایە "من بوونم هەیە کەواتە جوڵە بەرەو من دێت، من ناوەستم کەواتە من فڕێدراوم" ئەم درامتۆلۆگیەی بوون کاتێکە کە دەجوڵێین، کە دەکەوینە ناو جوڵەی ژیان‌و بڕیاردان‌و مێژووەوە، کاتێك دازاین ناوەستێت لە پرسی مانای بوون، چونکە وەك هایدگەر دەڵێت:"جەوهەری دازاین لە بوونیدایە". لەم جوڵەیەوە دازاین ناوەستێت‌و (فڕێدان بۆ ناو جیهان) ئەو خەم (Sorge)و کەڵکەڵەیە سێنتراڵیەیە کە لە جوڵەدایەو ئەو بەریەکەوتنە (کاتیەی) دەداتێ کە لەناو بوون‌و مانای بووندا بەر پرسی

خۆی بکەوێت. کاتیبوون وەك ئەو تێگەیشتنە بازاڕیی‌و سەرەتایەیە بە بەریەکەوتن لەگەڵ کاتداو لە قۆناغێکی ترانسێندێنتاڵی‌و باڵابوونە بەرەو هەستکردن بە گرفتی بوون (زاین- Sein)ە لە ناو زەمەندا (تسایت- Zeit)و بینینی زەمەنە وەك ئاسمانێکی گەورە، وەك تێپەڕبوونێك بەنێویدا کە لەگەڵ کۆتایی زەمەندا بوونیش ماڵئاوایی بەرەو نەبوون دەکات.

لێرەوە تێگەیشتنی سەرەتایی بۆ کات، ئەو خەمەی لێرەبوونە (دازاین- Dasein) کە بوونی ئێمە لەگەڵ کۆتایی زەمەندا فڕێدەدرێتەوە دەرەوەو کۆتایی دێت، ئەوا "تێگەیشتنی بازاڕیانەو سادەمان دەربارەی کات" Das vulgäre Zeitverständnis لەلا دروست دەبێت، ئەمەش لای هایدگەر بە کاتێتی (زایتلیشکایت Zeitlichkeit) پێناسەی کراوە، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە سەرەتایانەو سادەو ساکارانە هەستدەکەین"لەناو کاتداین" ئەمەش وەك هایدگەر ئاماژەی بۆ دەکات "بەشی خۆی تاریکە". لەم هەستە بازاڕیی‌و سەرەتاییە بە کات‌و کاتیبوون، هەبوو (زایندە Seinde) بازهەڵدەداتە ناو خولگە گەورەکانی بوون (زاین-Sein)و لە کاتیشەوە بۆ زەمەن Zeitو پاشان بۆ خەمە گەورەکەی بوون‌و زەمەن دەڕوات. ئیدی لێرەوە ئەو هەبووەو خەمی مانای بوون هەڵدەگرێت. هایدگەر گوتەنی :"ئەو هەبووەیە پرسیاری پێشەنگی مانای بوون دەکات‌و خەسڵەتی دازاینی هەیە". بەجۆرە لە نێو دازاین (لێرەبوون- Dasein) بەدووی مانای بووندا، مانای زاین دادەگەڕێ‌و هەستکردنیش بە خەم (زۆرگە- Sorge) پێدەگات، کە خەمێکی دەروونی نییەو پابەند نییە بە خەفەت‌و خەمەوە، بەڵکو لە ئەڵمانیدا دیوێکی تری ئەم وشەیە هەیە کە دەبێتە کەڵکەڵەو بیرکردنەوەو نیگەرانیەکی ئەقڵانی، بەهۆیەوە دازاین هەستدەکات فڕێدراوەتە جیهانەوە، لێرەوە گەشتی ئێمە لەگەڵ زەمەن‌و جیهاندا دەستپێدەکات. تەنها تێبینیەك بۆ خوێنەری ئازیز، کە مارتین هایدگەر لە لاپەڕە پەنجاو یەکی کتێبەکەیدا (بوون‌و زەمەن) ئەو خەم‌و خەفەتە لە خەمی دەروونی‌و کەسی جودا دەکاتەوە، بۆ خەمی دازاین لە ناو هاوکێشەی ئەنتۆلۆژی دەگەڕێتەوە، بەمەش هایدگەر تێرمینۆلۆژی خۆی بۆ خەم لە زانستی سایکۆلۆژیا جودا دەکاتەوە.

لێرەوە بەگەڕانەوە بۆ تێزەکەی سلۆتەردایك لەمەڕ (جوڵە)ی هایدگەریی، سلۆتەردایك باس لە "هێرشی جوڵە" دەکات کە دازاین لەناو جیهاندا لە جوڵەیدایەو لە کەوتنیدا بۆ ناو جیهان‌و لە کاتێتیەوە کە سەرەتا تێگەیشتنێکی ڤەلگەرانەو بازاڕیانەیە بۆ کات،

هەنگاو بۆ تێگەیشتنی قووڵی زەمەن لەناو بووندا دەنێت. لێرەوە ئەم پرۆسەیە لە (ڕووخان)ەوە، لە (فڕێدانەوە بۆ ناو جیهان) بەرەو کەڵەکەبوونی ئەزموونو (شارەزایی)و بەرەو (پێچکردنەوە)و هەڵگەڕانەوەو خودگۆڕین ڕاپێچی دەکات. ئەم سێ مۆدێلی جوڵەی هایدگەرییە لەم سێ جوڵەیەیدا، درامای دازاینو زاین، بابڵێین (بوونو لێرەبوون)مان پێدەڵێت کاتێك هەڵدەستێتەوە، کاتێك لە منێتیو منبوونی خۆیدا ڕەسەنێتی Eigentlichkeit هەڵدەبژێرێت، یاخود نارەسەن دەبێت Uneigentlichkeit یان کاتێك دەچێتە ئەزموونەوەو شارەزایی پەیدا دەکاتو کاتێك لێی دێتە دەرەوە، یان دووبارە بەرەو گۆڕانێکی دیکە هەڵدەگەڕێتەوە.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەم، کە سلۆتەردایك لەم تێزەیدا دەیەوێت بەرگری لەوە بکات کە هایدگەر وەك دازاینێك لە جوڵەی هزرمەندی خۆیدا، لە پرسیاری بوونی خۆیدا، لەناو مێژوویی کەسی خۆیدا ڕووخانێکی بەخۆوە دی، کە من لێرەدا بە (نارەسەنی هایدیگەر) die heideggerische Uneigentlichkeit ناویدەبەم، ئەویش ئەو ڕووخانە یەك ساڵەیە کە هایدگەر وەهای هەستدەکرد نازیەکان (ناسیونال سۆسیالیزم) دەتوانن بەها گەورەکانی کولتوری خۆرئاوایی بەرەو ئاستێکی باڵا بەرن. بەڵام دوایی هایدگەر پەشیمان دەبێتەوەو دوای جەنگی جیهانی دووهەمیش وەك نازیەك سزادەدرێتو ئاماوەیەکی زۆر بۆی نابێت وانە فەلسەفیەکانی بڵێتەوە. هایدگەر دوای ئەم شکستە (ڕووخانە) هیچ ڕوونکردنەوەیەك نادات، تابزانین بۆچی بوو بەنازیی، بەڵام بەگشتی لە فەلەسەفەکەیدا خاڵی جوڵەو جوڵاندن سێنتەری بیرکردنەوەو پرۆسەی بیرکردنەوەیەتی. هایدگەر بە پراکتیکی بۆ خاڵێکی دیکەی فەلسەفیو بێ ئاوڕدانەوە لە چەقینە ناسیونال سۆسیالیزمەکەی دەجوڵێت.

بێگومان من پێموایە، مارتین هایدگەر بەنێو نازیەتدا زۆر کورت تێپەڕیو دەشێت تێگەیشتنەکی ڤەڵگەریانەو بازاڕیی فینۆمینۆلۆژیانەی بۆ فینۆمێنی نازیەت هەبوو بێت، هەربۆیە تەنها ساڵێك بەناو نازیەتدا تێپەڕی، بەڵام لە نازیزمدا نەچەقیو دووبارە جوڵایەوەو لێوەی هاتە دەرەوە بەرەو فەلسەفەکەی پێچیکردەوە. دوایی جەنگیش لە جولەدا دووبارە هەڵگەڕایەوەو بەم پێچکردنەوەیەی گۆڕانی گەورەی لە هزری بوونگەرایی جیهاندا بەدیهێنا، بەتایبەت، بە ڕای من، لەساڵی ١٩٥٥دا لە کۆڕێکدا لەشارۆچکەکەی (میس کیرخ) لێکۆڵینەوە گرنگەکەی بەناوی (ئارامی Gelassenheit) خوێندەوە، تێدا ئاماژە بە مرۆڤی مۆدێرنو بێ ئۆقرەیی زەمەنی مۆدێرن دەکات، کە مرۆڤی ئەم زەمەنە

زەوی ژێرپێیەکانی‌و جێگیریی Bodenständigkeit ونکردووە. هایدگەر لەم کتێبەدا دەڵێت:"ونکردنی جێگیری لە ڕۆحی ئەو زەمەنەوە دێت کە تێدا لەدایکبوون"مرۆڤی مۆدێرن دەرئەنجام‌و لە دایکبوونی ئەقڵێکی ماتماتیکی بێ ئۆقرەیە کە تەنها بیر لە سەرکەوتنی داهێنانەکانی دەکاتەوەو لە خاڵێکەوە بۆ ئەویتر باز هەڵدەدات بەبێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجامە مرۆیی‌و ژینگەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و جیهانگیرییەکەی بکاتەوە. بەو مانایەی وەك هایدگەر دەڵێت:"مرۆڤی ئەم چەرخە بەردەوام لەبیرکردنەوە ڕادەکات" ئەم ڕاکردن لە بیرکردنەوەیەش کارەساتی گەورەی ژینگەیی‌و مرۆیی بەدووی خۆیدا دێنێت. لێرەوە ڕۆحی ئەم سەدەیە، ڕۆحی ئەم چەرخەی تێدا لەدایکبوون بێ ئۆقرەیی‌و جێگیرنەبوون‌و ڕاکەڕاکەی بۆ بەدەستهێنان لە دوای بەدەستهێنانی کردۆتە ستایلی ژیان. بەدیوێکی تردا ئەقڵی ژمێریاری Das rechnende Denken زانستی لە بیرکردنەوەی دەرئەنجامەکانی کارەکەی ڕادەکات‌و بیر لە دەرئەنجامەکان ناکاتەوە، هەر وەك چۆن کە لە ئاوی قورس بۆمبی ئەتۆمی بەرهەمهێنا، ئاوەها بیریان لەوە نەکردەوە کە بەم داهێنانە دونیا لەسەر ئەم زەویە بە ئاقارێکی ترسناکدا دەبات. هەر بۆ وەبیرهێنانەوەی خوێنەران پرۆفیسۆرێکی تیۆرەی فیزیا بەناوی ڕۆبەرت ئۆپنهایمەر J. Robert Oppenheimer دوای ئەوەی بۆمبی ئەتۆمی لەجەنگی جیهانیدا داهێناو دوای ئەوەی هەزارەها مرۆڤو باڵندەو درەخت‌و گژوگیای لە هیرۆشیماو ناکازاکی لەناوبرد، وەك پەشیمانیەك لەوەی دەرگایەکی کردەوە بۆ سەدەی ئەتۆمی‌و پێشبڕکێی چەکی ئەتۆمی، گوتی" من ئێستا بووم بەمردن، بووم بە وێرانکەری جیهان".

ئاوا هایدگەر لە ساڵی ١٩٥٥داو لە گوتارو وانە بەناوبانگەکەی بەناوی (ئارامی) پرسیاری ئەوە دەکات کە چۆن ئەم بیرکردنەوە ژمێریارییەو ماتماتیکیە بیری لە دەرئەنجامەکانی ئەم داهێنانە نەکردۆتەوە؟ لەم وانە گرنگەیدا لە ساڵی ١٩٥٥ داوا لە ئەقڵی مۆدێرن دەکات لەسەر شتەکان بوەستێت‌و (ئارامی و هێوریی) پراکتیزە بکات. لەم وانە گرنگەیدا هایدگەر داوای ئیستکردن‌و وەستان‌و هێوربوونەوە دەکات‌و دەیەوێت ئەم (ئارامیە) بخاتە ناو ئەقڵە ژمێریارییە ماتماتیکیەکەیەوە کە ئەگەر بەم خێراییە کاربکات‌و هێورنەبێتەوەو لەسەر دەرئەنجامەکان نەوەستێت، ئەوا زیندەگیبوون لەسەر ئەم هەسارەیە دەخاتە ژێر مەترسی لەناوچوون‌و ژەهراوی بوونەوە. بێگومان دوای زیاتر لەحەفتا ساڵ بەسەر ئەم وانە گرنگەی دەربارەی (ئارامی)، ژەهراویبوونی ئەم هەسارەیەو

کەڵەکەبوونی خۆڵی ئەتۆمیو ژینگە پیس بوون، بۆتە خەسڵەتو کاراکتەری ئەم سەدەی بیست و یەکە.

دەبێت ئەوەش بڵێین" هایدگەر ئەقڵی زانستیو تەکنەلۆژیا ڕەتناکەتەوە، بەڵام پێشنیازی (ئارامی) بۆ دەکات، بەوەی لە ڕێگەی ئارامیو هێورییەوە مانای بوونی داهێنانە زانستیەکانو تەکنۆلۆژیا شرۆڤە بکات، تا پێشئەوەی بیخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە هێوریی بیری لێ بکرێتەوە. هایدگەر پێشنیازی "هێوری بیرکردنەوە لە دەرئەنجامەکان" دەخاتەڕوو، تا بیر لەوەبکاتەوە کە زەویەك بۆ ئۆقرەگرتن بێت، زەویەك بێت پێیەکان لەسەری جێگیربن، زەوی ئێمە دروستبوونی ماڵ بێت بۆ بوونی مرۆڤ، نەك تێکشانی ماڵو جێگیریی فیزیکیو ڕۆحی بێتو پنتێك بێت بۆ ڕاکردن بەرەو هەسارەیەکی دیکە.

هایدگەر لەم موحازەرەیەدا (ئارامی Gelassenheit)، بە ڕای هەژارانەی من، بێئەوەی ئاماژە بەخۆی بکات، باس لەو هزرە (بێ ئۆقرەیەی) خۆی دەکات کە ویستی لە بازنەی شارە بچوکەکەی خۆی (میس کیرخ)و (توبینگن) بەرەو شارەکانی ڕایخی سێهەم هەنگاو بنێت. ویستی  لە سەرۆك بەشێکەوە بۆ سەرۆکی زانکۆیەكو پێدەچێت بەرەو (بیریاری نەتەوە) بازبدات. بە مانای لە فەیلەسوفی ناو دارستانەوە بۆ فەیلەسوفی شارە گەورەو قەرەباڵغەکان، لە فەیلەسوفی بیرکردنەوەی ئارامەوە بۆ ناو مێگەلی پۆپۆلیستی  ناسیونال سۆسیالیزم بازی داوە. لەم بێ ئۆقرەییو بیرنەکردنەوەیەدا لە سروشتی نازیەت کە سروشتێکی تێکدەرو جینۆسایدکارە، پەلەکردنی ئەقڵی مۆدێرنی هایدگەریی بەرەو ناڕەسەنی ڕاپێچی کرد، ناڕەسەنیەکی ترسناك بێئەوەی بیر لە سروشتی جینۆسایدکاری نازیزمی ئەڵمانیو هاوپەیمانەکەی فاشیزمی ئیتاڵییە بکاتەوە. هەربۆیە کاتێك هێورییو ئارامی بەدەست دێنێتەوە، هایدگەر ئەم ئەزموونی (ڕووخانەی) دەخاتە ناو کایەکەی گەورەی بیرکردنەوە لە جیهانو مەترسیەکانی ئەقڵی مۆدێرن، ئەمەش بەڕای من دانپێدانانی هایدگەرە بە هەڵەی خۆی، نەك لەڕێگەی سیاسیو ڕیتۆریکەوە، بەڵکو لەڕێگەی تیژی فەلسەفی گەورەوە کە دەرئەنجامی ئەو ئەزموونە تاڵەی بوو.

هایدگەر لە ئەزموونی ساڵێکی خۆی لەناو ڕووخانو هەڵەدا، لەناو پەلەکردنو جێگیرنەبووندا، دەگاتە ئەو خاڵەی پەلەپەلی بیرکردنەوەی  ئەقڵی مۆدێرن،  خۆیشی لە بەریەکەوتنەکی سادەدا بەری کەوت کە ڕاکردن بوو لەدەستکەوتێك بۆ ئەویترو لە خاڵێکەوە بۆ ئەویتر. کۆی ئەم قەیرانە ڕۆحییە دەرئەنجامی ئەم بێئۆقرەییو دژە

جێگربوونەدا بوو. جێگیربوون Bodenständigkeit لەلای هایدگەر وەستانی مرۆڤە لەسەر زەوی خۆی، ماڵی خۆی، نیشتمانی خۆی، گوندی خۆی، زمانی خۆی، کولتوری خۆی، کێڵگەو شوانێتی خۆی، وەك خۆی گوتەنی "مرۆڤ شوانی بوونی خۆیەتی"... بە پێچەوانەشەوە پەلەپەلکردنو ڕاکردن لەم شوێن بۆ ئەویتر، لە گوندەوە بۆ شار، لە وڵاتێکەوە بۆ ئەویتر، لەشتێکەوە بۆ ئەویتر، لە سەرکەوتنێکەوە بۆ ئەویتر، نیشانەکانی بێ ئۆقرەییو ناجێگیریین، کە بێگومان ئەمە سیفەتی مرۆڤی ئێستای ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە کە لەپۆستێکەوە بۆ ئەویترو لەگرتە ڤیدیۆیەك بۆ ئەویترو لە کۆمێنتێکەوە بۆ ئەویتر ڕادەکات. بۆ نموونە، میدیای بینراو بۆتە مەکینەیەکی (بەرهەمهێنانی بێ ئۆقرەیی)، بەجۆرێك گەر مرۆڤ لەبەردەم کامێرادا خۆی بسوتێنێت ئەوەی بیری لێ دەکرێتەوە وێنەکەیە بۆ تێرکردنی بێ ئۆقرەیی تەماشاکار، بۆ هیچ نا، تەنها بۆ ئەوەی تەماشاکاران بۆ سەیرکردنی کەناڵەکێکی دیکە ڕانەکەن. بەمجۆرە ئینتەرنێت لە بواری گواستنەوەی زانیاری مەعریفیەوە دەبێتە کایەیەك بۆ شەپۆلی بێ ئۆقرەیی، ئیدی جریوەکانو پۆستەکانو فۆتۆو گرتە یوتوبییو ئینستگرامیەکان گوزارشی ئەو بێ ئۆقرەییە گەورەیەن کە لە ڕۆحی ئەم سەدەیەدا گەمەی خۆی دەکات. ئەم مرۆڤە مۆدێرنە پۆپۆلیستیە ڕۆحی نائارامو بێ ئۆقرەیەو ناتوانێت نە لەسەر خوێندنەوەیەك ئۆقرە بگرێت، نە لە گوندەکەی بمێنێتەوە، نە لەشارەکەی خۆیدا بژیو بەهێمنی لە شوێنو کارێکدا جێگیر بێت.

هایدگەر کاتێك باسی ئەم مەترسیە نا جێگیرییو بێ ئۆقرەییەی کردووە کە تەنها ڕادیۆو گۆڤارو تەلەفزیۆن بە شێوە سەرەتاییەکەی هەبووەو پێشبڕکێی ئەتۆمیش لەسەرەتادا بووە، هەربۆیە لە (میس کیرخ) لە شارۆچکە بچوکەکەی لە ساڵی ١٩٥٥داو لەوانە گرنگەکەیدا، هایدیگەر وەك دەریچەیەك بۆ ئەقڵی پڕ قەیرانو وێرانکاری مۆدێرن هێوریییو ئارامیی Gelassenheit پێشنیاز دەکات.

لەم پنتەوە ئێمە لە چەمکی (پێچکردنەوە)ی سلۆتەردایکی تێدەگەین کە لە هزری هایدگەردا شرۆڤەی بۆ دەکات، بەوەی ئەزموونی شکستو ڕووخانی هایدگەر لەخۆیدا، لە جوڵەیدا جارێکیتر لە تێگەیشتنی بۆ زەمەن لەناو بوونی یونڤێرسالیدا چەندەها تێزی گرنگی دیکە بەرهەمدێنێت. پێدەچێت سلۆتەردایك بیەوێت بڵێت، بەبێ (جوڵە) لە هزری هایدگەردا، دەشیا هایدگەر لەناو ئەزموونی ناسیۆنال سۆسیالیزمدا بچەقیبایە، بەڵام جوڵەو تێپەڕبوونی دوای (ڕووخان) ئەو (شارەزاییەی) هایدگەر دەخاتەوە سەر

شانۆیەك كە پێویستی بەڕوونكردنەوە نەبوو، هۆكاری ئەوەیە، كە هایدگەر دوای بەسەربردنی سزاكەی بۆ پێشەوە لە جوڵەدا بوو، ئاوڕی نەدایەوەو ڕوونكردنەوەی نەدا، بەڵكو لە كارە فەلسەفیەكانی بەردەوام بوو، ئەم ئەزموونەی بەرەو كایەكەی دیكەی هزری فەلسەفی جوڵاند. هایدگەر لەناو جوڵەدا كێشەی ئەنتۆلۆژی مرۆڤی مۆدێرنو بیركردنەوەی مۆدێرنی خستە بەردەم پرسیارە ڕژدەكانی مانای بوونو هێوربیی، دووبارە گرفتە گەورە بوونگەراییەكەی خستەوە بەرباس كە گرفتی دازاینو جیهانو فڕێدرانە بۆ جیهان، بەڵام ئەمجارە گرفتەكە فڕێدران نەبوو بۆ جیهان، بەڵكو فڕێدانی جیهان بوو لە لایەن دازاینەوە، بەجۆرێك دازاین بەرگەی جیهان ناگرێتو لە ڕێگەی بیركردنەوەی ژمێریارییەوە جیهان فڕێدادەتە ناو نا-بوون و نەبوونەوە.

لەم گفتوگۆیەی سەرەوە بۆماندەردەكەوێت كە چەندە (جوڵە-پێچكردنەوە) لە كۆنتێكستی گایستدا گرنگی خۆی هەیە، چ بە مانا هگێلیەكەی، دە ئەوەندەش بەمانا هایدگەرییكەی جوڵە گرنگیەكی سێنترالی هەیە. ئەوا لای هایدگەریش جوڵەی دازاین بۆ ناو جیهان، دۆزینەوەی مانای بوونە، جوڵەیە لەناو هەستكردن بە كاتێتی (Zeitlichkeit)و بەرەو جیهان چوونە، كە لە هەمانكاتیشدا جوڵەی دازاینە لەناو كاتو زەمەنو لەناو بووندا. بەهەمان شێوە (هەبوو Seinde) بۆ دۆزینەوەی مانای بوون یان جوڵەی دازاین لە ناو بوونو كایە ترانسێندێنتاڵەكانو باڵابوونەكاندا، یاخود بەرەو ڕەسەنی لە جوڵەكردن لەگەڵ (منبوونی-Jemeinigkeit) خۆیدا، یان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هایدگەرە كوردیەكەی دكتۆری ئازیزمان موحەمەد كەمال دەڵێین لەگەڵ (منێتی) خۆیدا بڕیاردەدات ئاخۆ براوە بێت یان دۆڕاو، ڕەسەن بێت یان ناڕەسەن. تەواو لێرەدا، لە منبووندا یان منێتیدا یەكگرتنەوەو دووركەتنەوە لەگەڵ خودی خۆمدا لەمنێتیدا Jemeinigkeit دازاین بەرەو جیهان بەرەو منێتی منبوونی خۆی لە جوڵەدایە.

ئەوەی بۆ ئەم باسەمان لەم خاڵەدا گرنگە، تێگەیشتنە لە سیفەتی جوڵەیە، گرنگی جوڵەو ڕەهەندە فراوانەكانی جوڵەیە، كە هەم لای هایدگەر گرنگی خۆی وەردەگرێتو هەم لای هێگلی سەدەی نۆزدەش لە فینۆمۆلۆژییەكەیدا جوڵە دەبێتە خەسڵەتەكی گایست. لەم خاڵەوە پێمانوایە كە وشەی (ڕۆح) تواناو ڕەهەندی قووڵی جوڵە وەردەگرێتو لەئامێزی دەنێتو بەرجەستەی دەكات، بەڵام وشەی هۆش بەو سیفەتەی تەنها بەیەك سوبژێكتو سوژەوە پابەندە ئەو هێزەی نییە ئەم گفتوگۆ قووڵەی لەسەر

بونیاد بنرێت. تەنانەت لە (هۆش) چونکە کردەی هۆش گەر لەڕووی فیزیکیشەوە سەیری بکەین لە (بێ هۆشی)دا جوڵەکەی دەوەستێت‌و ناچێتە دونیای شتەکان‌و هەبووەکانی وەك" جیهان، زەمەن‌و بوون‌و مێژوو..تاد. بەو مانایەی ئەو توانایەی نییەو زیاتر بە سەبژێکتەوە نوساوەو لێی نێزیکەو جوڵەی لە خودی جەستەو تاکێتیدا نەك لە کەسی سێهەمدا دیاریکراوە. هۆش هێزی لە جوڵەکردندا لاوازە، چونکە لە خستنە سەری بۆ سەر جیهان‌و بۆ ناو جیهان‌و یەکگرتنەوەو جودا بوونەوە لە گیان‌و خودو شتەکاندا، هۆش وشەیەك نییە لەگەڵ کۆی ئەمانەدا بەرجەستە بێت‌و پێوەگریان بێت. لێرەوە جوڵە بەمانا ئەنتۆلۆژییە فراوانەکەی‌و بەبازدانمان بۆ ناو مانا فینۆمۆلۆژییە هێگلیەکەی زیاتر لە وشەی (ڕۆح)وە نێزیکە وەك لە (هۆش).

**دەیەم:** بەڵام مادام باسی جوڵەمان کرد دەگەڕێینەوە سەر چەمکی گایست وەك جوڵەیەك، کە سلۆتەردایك لە تێگەیشتنی بۆ (کایەکان) لێی نێزیك دەبێتەوە، بەڵام گایست لێرەدا دەچێتە ناو بیرکردنەوەیەکی گیۆمیترییەوە، لەکردەی فووکردن‌و بلقە سابوونیەکان‌و تەنی خڕۆك‌و گۆزەسازیی‌و بازنەیی‌و کەفەکاندا، تێڕوانینی گیۆمێتری ڕەهەندێکی دیکەی جوڵە وەردەگرێت، ئەویش جوڵەی گایستە لەناو هەبووەکاندا. جوڵەیەکە کاتێك دەچێتە ناو جیهانی نێوان خۆی‌و شتەکانەوە. لەلای فەیلەسوفێکی وەك سلۆتەردایك لە سێینە گرنگەکەی (کایەکان، بلقەکان، گلۆبۆس، کەفەکان)دا بەرامبەر جوڵەی گایست دەبینەوە وەك تەنێکی گیۆمیتری کە تێدا لە کتێبی یەکەمدا (کایەکان-بلقەکان) باس لەجوڵەی گایست لەناو ڕاوم یان شوێن دەکەن، باشتر وایە بڵێین لە ناو چێوەدا (چێوە-ڕاوم- Raum) دەجوڵێتەوە.

لێرەوە پیتەر سلۆتەردایك لە سێینیە گرنگەکەیدا، ڕەدووی جوڵەی سوبژێکت، ڕۆح، گایست، دەکەوێت ڕۆح لەناو (چێوەو زەمەن- Raum und Zeit)داو لە جوڵە گیۆمیتریەکەدا دیاری دەکات کە بلقە وەك چێوەیەکی فووتێکراو بە هاڵاوی هەناسەکان، تێدا گایست، ئیندیڤیوم، سوژە، سیفەت‌و وێنەی خۆی دەخاتە ناو چێوەیەکی هالاوی‌و دیوارە تەنکەکانەوە. لێرەوە گەشتی گایست لای سلۆتەردایك لە هەناسەی خواوە دەستپێدەکات کە فوو دەکات بە قوڕداو لەقوڕوە مرۆڤ و بونەوەران دروستدەکات. وەك لە سفری خەڵقبووندا 28 ,27 ,24 ,20) ( Gensis هاتووە کە "خوا فووی کرد پێیاندا گوتی پڕ بەرهەم‌و بەرەکەت بن‌و ژمارەتان زۆر بێت" یاخود "خوا گوتی، مرۆڤ لەسەر وێنەو ئارەزووەکانی خۆمان دروستدەکەین، دەشێت دەسەڵاتدار بن

بەسەر ماسی لە دەریاداو باڵندەش لە ئاسماندا" Gensis 26 بەمجۆرە خوا مرۆڤ لە قوڕو ئاوو هەوا دروستدەکاتو فووی پێدادەکات، بەمەش خوا دەبێتە قوڕشێلو گۆزەسازێك لە جیاتی ئەوەی گۆزەکەی بخاتە کوورەی ئاگرەوە دێتو فووی پێدا دەکات، وەك سلۆتەردایك دەڵێت:"مرۆڤ وەك گۆزەو مەرکانەیەکی بوونە".

بەمجۆرە مرۆڤ دەبێتە مەرکانەیەكو گۆزەیەك کە ڕۆح Geist تێدا دەجوڵێت، (بۆ وەبیرهێنانەوە با بیر لە مەرکانەو چێوەکەی ئێمانوێل کانت بکەینەوە لە خاڵی پێنجەمی ئەم نوسینەماندا) بەوەی ئەم ڕۆحە پێشتر بەپێی بیرکردنەوەی میتافیزیکی بوونی هەیە، کە هەناسەی خودایە، بەڵام لە قاوغو چێوەو گۆزەیەکی جەستەدایە، کە مرۆڤە. لەم پنتەوە، هەناسە لە لاتینیدا سپیرتوس Spiritus ناوبراوەو مانای فووکردن، هاڵاو، شنەبا، ڕۆح، فووپێداکردن دێت. لەمەوە، هەناسە ئەو جوڵەیە کە خوا دەیبەخشێت بە مرۆڤ و زیندەگیبوون دەخولقێنێت، خوا فوو بە قاوغەکاندا دەکات، وەك چۆن ئێمە فووی ئێمە، ڕۆحی ئێمە، کاراکتەری ئێمە، ڕەمزو وێنەکانی ئێمە لەناو مۆبایلەکانماندایە. لێرەوە مرۆڤ لەگەڵ خۆیو چێوەی خۆیدایە، لە ناو بڵقە سابوونیەکەیو پفکەی خۆیدایە، لەگەڵ مۆبایلەکەیدایە، بەڵام لەم هەمانکاتیشدا لەگەڵ ئەویتردایە، چێوەکان، پۆستو کۆمێنتەکان بەشدەکات لەگەڵ ئەویتری ڤیزوالی بەشدەکات، ژووری چاتەکان بەشدەکاتو لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆشیدا ژوورەکان، هۆڵەکان بەشدەکات، پاسەکان، میترۆو فڕۆکەکان بەشدەکات. ئیدی لە کوێدا مرۆڤ هەبێت قاوغێك هەیە کە ڕۆحی تێدا ئارام دەگرێت، لەکوێدا مرۆڤ هەبێت بڵقێکی نەبینراو هەیە کە چێوەیەکی ڕۆحییە لەگەڵ خۆیو ئەویتردا بەشیدەکات. مرۆڤ ئەم چێوە نەبینراوە پڕدەکات لە فووی خۆی، لەهەناسەی بیرەوەریەکانی، لە گۆرانیەکانی، لە بیروڕاکانی، فۆتۆکانی، پۆستو هەڵوێستەکانیو ڤیدیۆکانی، لێرەوە مرۆڤ لە چێوەی خۆیەوە، لە پفکەو بڵقی خۆیەوە، ئەم چێوە ئیندیڤیدواڵە دەجوڵێنێت، ئەم دازاینە بەرەو جیهان دەجوڵێنێتو لە گەڵ ئەویتردا بەشیدەکات، لە ئەپەکانەوە، لە ڕێگەی ڤایبەر، وەتس ئەپ، فەیسبوك، تویتەر، یوتبو زۆریتر، لەگەڵ ئەویتردا چێوە بەشدەکات.

بە گەڕانەوە بۆ تیۆلۆژیاو لە ئاسۆگە میتافیزیکیەکەوە لەم فووە، لەم هەناسەیە بەناو قاوغەکاندا بڕوانین، خوا دەبینین فوو و هەڵاوی خۆی دەکاتە قاوغە قوڕینەکەوەو کردی بەمرۆڤ، بەمەش مرۆڤ وەك قاوغێکی خودایی لەڕێگەی هەناسەو فووی خواوەندەکانەوە، بەژیان لەناو چێوەکانو کایەکاندا مەحکومە، لەناو سفێرەکاندا. لە کایەوە، لەسفێرەوە،

تێروانینێکی فیزیکی هەیە بۆ چێوەیەك کە تێدا دەژیو لەوێوە شارستانیەتە گەورەکان لە ناو چێوەکاندا ژیاندەکەنو دەجولێن، هەر لە ژوورو خانوو باڵاخانەو گۆزەو دیزەو مەرکانەو ئۆتۆمبێلو فڕۆکەو هۆڵو بیناسازیەوە بیگرە تاوەکو تەلفیزۆنو کۆمپیوتەرو مۆبایلو کاتژمێری زیرەك. مرۆڤ زیاتر لە هەموو بونەرانی دیکە بەهۆی فووی ڕۆحە (سپیریتۆس) خوماری چێوەکانە، گۆڕینی چێوەی ژوورەکانە، گۆڕینی دیزاینی تەلفۆنو تەلەفزیۆنو شتەکانی چواردەورێتی، لێرەوە چێوەکان دەبنە کایەکان، سفێرەکان، Sphärenو بەردەوام لەناویدا داهێنانو ڕووخانو تەقین پراکتیزە دەکات. لەکوێدا بلقەکە سایکۆلۆژیەکە تەقی لەوێدا دەبینەوە بەکەف، ورد ورد دەبینەوە، دەبینە چەند پنتێکی دیکە کە سلۆتەردایك لە کتێبی سێهەمدا لە (کایەکان-سێهەم، کەفەکان)دا ئاماژە بەوەدەکات کاتێك بلقەکان، پفەکان دەتەقنو بە شێوە (خڕۆکیەکەی —گلۆبۆسیەکەی) نامێنێت، ئەوا دەبنەوە کەفەکان، ئیدی ئەم کەفە لەناویەکدا "کۆماری چێوەکان" پێکدێننو لەتەنیشت یەکەوە کار لە یەکتری دەکەن.

بەمجۆرە کەفەکان دوا قۆناغی تەقینی بلقە لە تەنە خڕۆکە دەسەڵاتخوازییەکەیدا، تەنی خڕۆکیش، گلۆبۆس، وەك لە (کایەکان— دووهەم، گلۆبۆس) ئاماژەی پێداوە، ڕۆحو دەسەڵاتو ژیریو هۆشە کە لەم تەنە خڕۆکیە گیۆمەترییە بەرجەستە دەبنو کۆدەبنەوە..بۆ ئەوەی لەبیرکردنەوەی بازنەییو گلۆبۆسی تێبگەین، دەبێت بیر لەو سیفەتەی ڕۆح بکەینەوە کە بازنەییە، لێرەوە ڕۆح، گایست، لەلاتینیدا بە (سپیریتوس — Spiritus) ناودەبرێت، ئەویش لە لاتیندا شێوەی بازنەییو خڕۆکی هەیە. ئاوەها فووی خودا دەکرێتە مرۆڤەوەو ڕۆحە Spiritus - Geist - Spirit بەدەوریدا گیان، سۆڵ، زێلە Seele-Soul دێتو بەدەوریدا جەستە قاوغەکەیەتی. لەم بیرکردنەوەی مرۆڤ لەناو چێوەدا، قاوغێکە کە پڕە لە فووی گایست، ڕۆح، سپریتوس. خۆیشی وەك قاوغێك لەناو بلقدا دەژیو کاتێك بلق بە هەناسەی دەسەڵات، ژیری، ئەقڵ، گیان، سۆز پڕ دەبێتو لەناو ئەم تەنە خڕۆکەی دەسەڵاتدا بەناو بۆشاییەکاندا دەسوڕێتەوە "بۆشاییە کۆمەڵایەتیەکان، ئایدیاکان، شێوەکارییەکان، ئاینیەکان...تاد". لەو کاتەدا ئەم چێوە هەلامیو نەرمە لە شوێنێکدا دەتەقێت، لەوێدا دەبێتەوە بە کەفەکانو لەناو کایەکاندا دەبێتە"مولتی فۆکال—فرەپنتیو دەبێتە فرەجیهانبینی" لێرەوە کەفەکان بە جیاوازی بلقو خڕۆکەکان نەدەچێتەناو پرسیاری ئەنتۆلۆژی مرۆڤەوەو نەیەك دەگرێتەوە لەسەر تەنێکی خڕۆك، بەڵکو پەرتبوونەوەیە لەناو بێکۆتایی شتەکان.

بەمجۆرە بیرکردنەوە گیۆمتیریکە، دەتوانین لە ڕەهەندێکی دیکەی چەمکی ڕۆح لە گایست Geist بڕوانین، ئەوا جوڵەیەی گایست بۆ ناو شتەکانە، بۆ ناو قاوغەکانە بۆ ناو مایکرۆسفێرەکانە Mircosphären یان بڵێین بۆ ناو (کایۆچکەکان) تێدا مرۆڤ و هاڵاوی خۆیو خواوەند، لەناو چێوەی شلدا دەدۆزێتەوەو دەچێتە سەر تەنە خڕۆکەکانی دەسەڵاتو ژیریو خڕۆکەیی بیردەکاتەوە.

لەوەتەی مرۆڤ هەیە بە تەنی خڕۆك سەرسامبووە، مرۆڤ چێوەی کۆمەڵایەتیو زانستی خۆیو دەسەڵاتی خۆی لە خڕۆکیدا بینیوتەوە، وەك چۆن بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا "لە ٣١ مای ٣٣٠دا قەیسەری ڕۆمی کونستانتین (ئەستنبولی ئێستا) لە کەژاوەکەیدا بەسەر شەقامەکاندا ڕۆیشتو تۆپێکی خڕی بەردینی لەدەستدا بوو، ئەمەش بۆ چەندەها سەدە بووە تایبەتمەندیەکی قەیسەرەکان" لەو ڕۆژەوە دەسەڵاتو تەنی خڕۆكو ژیریو تەنی خڕۆكو دەسەڵاتی ئاینیو هێزی خودا بووە بیرکردنەوەی مرۆڤ. ئەم تەنە خڕۆکەیە لەدوای ڕۆمای فرە خواوەندەکان لەناو نەچوو، بەڵکو کریستەکان هاتنو خاچێکیان خستە سەر ئەم تۆپە خڕە، تەنانەت نازیەکان لە سەدەی بیستدا هاتنو خاچی شکاوی نازیەتیان خستە سەری، کەواتە لەکوێدا تۆپی پڕ هەوا هەبێت، لەوێدا ڕۆحەکان لە یارگەکاندا یاری دەسەڵاتو بردنەوەو دۆڕان دەکەن. لە کوێدا مرۆڤ بیر لە چارەنوسی خۆی بکاتەوە، وەك بەرهەمی گوناهی ئادەمو حەواو فڕێدانی بۆ ناو سەر ئەم تەنە خڕۆکە، بیر لەو سێوە خڕە دەکاتەوە کە خڕێتی خۆی لەدەست دەداتو لەگەڵ یەکەمین قەپاڵدا مرۆڤ وەك گوناهەکارێك بەناو زەمەنی خوادا تێپەڕ دەبێت. لێرەوە (گوناهە میراتی) لە ئایندا بەڕای من جگە لە گەڕانەوەی شوێنای قەپاڵەکەی ئادەمو حەوایە هیچیتر نییە، لەکوێدا ئێمە مردینو ڕۆحمان چووە بەهەشتی خواوە، لەوێدا ئێمە سێوەکەمان بەساغی داوەتەوە بەخوداو ئەوەش کلیلی گێڕانەوەی ڕۆحە بۆ ئەبەدیەتی خواوەند و بەهەشتەکان... لێرەوە سلۆتەردایك دەڵێت:"دەبێت تۆپە خڕەکان، خڕۆکەکان بەبێ زەمەنی پاشاکان چارەنوسیان چی بێت؟ دەبێت لە زەمەنێکی تردا پاشاکان بەبێ تەنە خڕەکان چیان لێ بەسەر بێت؟"

لەم گۆشەنیگایەوە پرکردنەوەی خڕۆکیو گیۆمەتریی گایست بکەین، ئەوا گایست لەناو فۆرمەکاندایە، هەر وەك گووتمان لە لاتیندا ڕۆح بازنەییە، هەم بازنەیی بلقەو هەم بازنەیی خڕۆکەو ڕۆح خۆی بە بازنەیی بەرجەستەدەکات، ڕۆحی دەسەڵات، ڕۆحی ئاین، ڕۆحی ئایدۆلۆژیا، ڕۆحی شتەکان، ڕۆحی ڕەنگەکان...تاد. لەوەتەی مرۆڤ خڕۆکی

بیردەکاتەوە، ڕێك‌و پان بیرناکەتەوە، لە خاڵێکەوە بازنەیی چێوەی خۆی دیاری دەکات‌و بازنەکە تەواو دەکات، بیر لە خڕۆکی گەردوون‌و ئەستێرەو هەسارەکان دەکاتەوە، مرۆڤ بۆتە مەشقکارێك، بۆتە گەمارێك لە ناو چێوەکاندا، لەناو کایەکاندا بیر لە چێوەیەکی فیزیکی دەکاتەوە، ڕۆحی خۆی، فووی خۆی، هەناسەی خۆی، دەسەڵات‌و هەژموونی خۆی تێدا جێگیر بکات. هەرکاتێك بیرکردنەوە، گایست، ڕۆح، چووە تەنی خڕۆکەوە، یاخود بوو بەدەسەڵات‌و بەناو بۆشایی‌و کایە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ڕۆحیەکاندا تێپەڕی، ئەوا لە خاڵێکدا دەتەقێت، دەسەڵاتەکان دەتەقن، ئەستێرەکان دەتەقن، تۆپە شوشەییەکان دەشکێن، پفەکەکەش دەتەقێت‌و دەبێتەوە بە کەف‌و وردە کەف. ئیدی ژیان مایکرۆسفێرەکان، کایە بچوکەکان دەستپێدەکات‌و لە کایە بچوك‌و کایۆچکەکاندا سوژە خۆی پەرتدەکاتەوە. بەمجۆرە لە کوێدا چێوەیەك هەبوو کە تێدا دەژین، تەواو دەبێتە ئەو بڵقەی کە پڕدەبێت لە هەناسەو هاڵاوی ئێمە، پڕ دەبێت لە منەکان‌و بە ئاسماندا‌و لەناو بۆشاییدا دەسوڕێتەوە تاوەکو چرکەساتی تەقینی پفکە یان بلق، چرکەساتی تێڕوانینی ڕۆحە بۆ هەناسەکەی لەناو بۆشاییەکداو بوونێتی بە پەرتبوویی نێو کایەکان لەناو بۆشاییەکاندا، سلۆتەردایك گوتەنی "پفکەکە لەناو بلقەجادوویەکەدا پێسووڕەیەتی لەناو بۆشایداو لە چێوە دەرچێت" لەدواجاردا بەشکردنی چێوەکان لەگەڵ ئەویتردا بوونە بە جەمسەر (Pole) لە بلقەکانەوە چێوەبەشکردن‌و قاوغ بەشکردن‌و ژوورو دەسەڵات‌و کایە بەشکردن، دەستپێدەکات.

بەم بیرکردنەوە شیعرییە، گیۆمیتریی‌و خڕۆکی‌و پفکەییە، هەناسەکانمان، ڕۆحمان کە لە هاڵاوی ئێمەوە چۆتە ناو پفەکەکە، دەبێتە ڕیاڵیتی‌و ژیانی ڕاستەقینە. ئیدی لەکوێدا ڕۆحی ئێمە هەبێت لەوێدا لاپتۆپ‌و مۆبایل‌و کۆمپیوتەرەکانمان پڕ دەبن لە هەناسەی ئەم ڕۆحەو لە فۆرمێکی دیکەدا ژیانی ئێمە وردەبێتەوە بۆ داتای بچوك‌و ژمارەو بەناو هەوادا دێن‌و دەچن، وەك چۆن ژمارەی بانکیەکانمان جگە لەچەند ژمارەیەك نەبێت لەسەر ڕووغایەکی جیوەیی‌و پلاستیکی هیچیتر نین‌و لەوێوە بۆ ئەویتر ژیانی ئابووری بەو ژمارانەوە، بە هەڵکشانیان‌و بە داکشانیان پابەندن. بەمجۆرە بیرکردنەوەی فۆرمخوازو خڕۆکی بیرکردنەوە لەشێوەی فۆرمدا بەبێ هەناسەی ڕۆح‌و سپیترۆس بوونی نابێت. ئاوەها" چێوەکان، باڵاخانەکان، گۆزەکان، مۆبایلەکان، خانووەکان بەبێ فووی ڕۆح بوونیان لەناو زەمەندا هیچ مانایەکی نییە.

لێرەوە جوڵەی ڕۆح، هەناسەیە، سپیرتوسە، Spiritus کە لە گریکەوە بەرامبەر گایست، ڕۆح، سپریتوس دانراوە، جوڵەیەکە لەناو شتدا، نەك هۆشێکە لەناو شتێکدا، چونکە شتەکان ڕەمزی و هەبوویی هۆشیان نییە، بەڵام کاتێك دەچنەناو کایەکانەوەو میکرۆسڤێرەکان پێکدێنن، ڕۆحیان هەیە. لێرەوە هەناسە گەورەترە لە هۆش، هۆش هەرگیز سیفەتی هەناسە وەرناگرێت، بەڵکو ڕۆح خۆی لەخۆیدا هەناسەیەکە لەناو شتەکاندا. هۆش لەگەڵ بێ هۆشیدا کۆتایی دێت، بەڵام ڕۆح لەدوای مردنی سەبژێکت، سوژە، خود، ئیندیڤیدیوم، هەر دەمێنێتەوەو لەڕووی سمبولیشەوە بیگرین ڕۆحی سەدەیەك، ڕۆحی ئایدیایەك، شۆڕشێك، جوڵانەوەیەك، کولتوورێك، هەر دەمێنێتەوەو بەناو زەمەندا دەسوڕێتەوە، وەك ئەو هەناسەیەی خوا وایە کە دەیکاتە ناو بونەوەرانو مرۆڤەوەو لە جوڵەی بەردەوامدایە.

بەمجۆرە ئەم فووە، ئەم هەناسەی گۆزەکارە بەناو قاوغەکاندا لای سلۆتەردایك جگە لە گایست هیچیتر نییە کە تەنها گیان Soul Seele/ نییە، بەڵکو ڕۆحی ئەویترە کە خوایە لەناو تەنێکداو لەناو چێوەیەکی تایبەتدا. لێرەوە خوا لای سلۆتەردایك جگە لە گۆزەکارێك هیچیتر نییە کە گۆزەو کارە قوڕینەکان دروستدەکاتو لەجیاتی بیانکات بە فەخفوری، بە هەناسەکەی فوویان تێ دەکاتو دەیانکاتە گیانلەبەر. لێرەوە گایست، ڕۆح، سپیرتۆس، سپیریت، وێنەی خودایە لە کایە تیۆلۆژیەکاندا، وێنەیەکە لە ناو بڵقو تەنە خڕۆکو پاشان تەقینی ئەمانەیە لەناو فەزایەکداو بوونیەتی بە کەف.

لەم گەشتەدا بەڕای من (جوڵە) لە (گایست) نابێتەوە، کە پێموایە سلۆتەردایك گەڕاوەتەوە بۆ (جوڵە) هایدیگەرییەکە، کە جوڵەی دازاینە لەناو ماناکانی بوونی خۆیدا. جوڵەی دازاینە لەناو بوونو نەبووندا. لەم فۆرماڵە هایدگەرییە پەنهانەوە، چێوەکان زەمەنی مۆڕاڵیو تیۆلۆژیو میتافیزیکیو فیزیکی خۆیان دەخەنەناو ڕۆحی سەردەمەکانەوە. مرۆڤەکانو ژوورەکان، مرۆڤەکانو خانووەکان، مرۆڤەکانو تەنە خڕۆکەکان ئەو هەناسانەن کە گایستی سەردەمێك، سەدەیەك، چێوەیەکی ژینگەییو مۆڕاڵی دیاری دەکەن و شارستانیەکان دەجوڵێنن.

لەدواجاردا، وەك ئاماژەمان پێدا لە کتێبی یەکەمدا (کایەکان— یەکەم- بڵقەکان) باس لەو چێوەیە دەکات لەنێویدا مرۆڤ وەك ژوور ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. چۆن گایست، ڕۆح، فوو دەکات بە بڵقێکی سابوونیدا، ئاوەها ڕۆح یان گایست لەناو چێوە گیۆمەتریەکەدا، لەناو بڵقەکاندا خۆی نمایشدەکات. سوژەکان چێوەیەکی دیاریکراو

لەگەڵ ئەویتریدا بەشدەکەنو لەگەڵ یەکتریدا چێوەیی مرۆییو جۆرێك خۆپارێزی ئیمونیتێت، Immunität پێکدەهێنن. ئیدی لە وردەکاریەکانیاندا لەگەڵ یەکتریداو لەناو بلۆقەکانی خۆیانداو دابەشبوونی بلۆقە کۆمەڵایەتیو ئەفسانەییو زەمەنیەکانیدا، گایستی، یاخود ڕۆحی، سەردەمی خۆیان دەدۆزنەوەو تێدا دەسوڕینەوە. لێرەوە کایە جگە لەو گایستە، لەو ڕۆحە هیچیتر نییە کە لە زەمەنو چێوەدا دەسوڕێتەوەو دابەشدەبێتو بەشکردنێكو لەتبوونێکە کە سوژە بۆ پاراستنی خۆی لەناو چێوەو زەمەنی تایبەتدا پراکتیزەی بوونگەرایی خۆی لەناو جیهاندا دەکات. سلۆتەردایك لەکتێبی (کایەکان ٣– کەفەکان) لەلاپەڕە ١٤دا ئەم هاوکێشەیە بۆ ئۆنتۆلۆژیای هایدیگەر دەگەڕێنێتەوە کە لە وانەیەکیدا لە ١٩٣٥ بەناوی (ڕێبەری میتافیزیك) لە لاپەرە ١٣٨ دەڵێت:"دازاین کایە شیاوەکانی دراوسێیەتی، لەگەڵ خۆیدا دێنێت..."، لەم خاڵەوە دازاین لەناو کایەی شیاودا ئەزموونی خۆی لەناو جیهانو زەمەندا دەکات، بەمەش جوڵەیەکە لەناو چێوەیەکی فیزیکیدا، جوڵەیەکە لەناو شتەکاندا، ئەم جوڵەیەش جگە لەو هەناسەو فووە نەبێت کە سپیرتوسە، گایستە، ڕۆحە، هیچیتر نییە.

**یازدەیەم:** لێرەوە گایست زیاتر لە پڕۆسەی کۆتایی دایەو لەدوای ئەم گەشتە بەناو جوڵەی هایدگەرییو جوڵە بەناو کایە سلۆتەردایکیەکانو هەروەها ئەگەر هیگڵیانە وەك پرۆسێسو دیالەکتیکانە بیریان لێ بکەینەوە لە وشەی (ڕۆح) نێزیکدەبێتەوە وەك لەوشەی (هۆش) کە هۆشو هۆشمەندیو ئاگامەندی بەڕای بچوکی من دەشێت زیاتر لە خودی چرکەساتێکی ڕۆحی یان بڵێین گایست پێناسەبکرێت، کە بەر دیاردەکان دەکەوێتو ئاگامەندیو هۆشمەندی خۆی دەدۆزێتەوە کە چرکەساتێکی مەعریفیو زانینگەرایانەیە. لەهەمان کاتیشدا چرکەساتێکی ڕۆشنبیرانەیەو بە درکی بە دیاردەکان دەکا، چرکەساتێکی ڕۆشنگەرانەیە بەوەی وەك خودێك، یان سوبژێکتێکی مەعریفی هەوڵدەدات لە کۆی پرۆسەکە تێبگاتو لە سیستەمە ناوەکییەکانیو نەفیکردنی نەفی (نمونەی تۆو لاسكو گوڵ) شتەکان لێکبداتەوە، دیالیکتیکانە کۆی پرۆسەکە ببینێتو دیاردەکەی (فینۆمین) لەلا ڕۆشن ببێتەوە. لەم خاڵەوە تەواو ئەرکە ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆح لەوەدا دەردەکەوێت کەدوای ئەم چرکەساتە بەرەو ئازادیو ڕۆحی ئازادانەو ئازادی - فرایهایت Freiheit هەنگاو دەنێتو لێرەوە لای هێگل ڕۆح یان گایست هۆشمەندییەکی دیالیکتیکانەو مەعریفیانەی دیاردەکانە لە خودی پرسی ئازادی سوبژێکتو دونیادا. لێرەوە لای هێگل، ئازادی کارێکی هۆشیارانەیە، هۆشیاریش کرداری ڕۆحە، بەشێکە

نەك هەموو بێت. بەدیوێکی تردا لەو خاڵەوەی کە (ڕۆح) لە ئاینی ئیسلامدا، لەکریستانیو تەوراتدا بە (کاری خوا) لە قەڵمدەدرێتو پێناسەی نادیارە، هۆکاری ئەوەیە کە ڕۆح تەنها (گیانێك-Seele) نییە کرابێتە بەر مرۆڤەوە، بەڵکو ڕۆح مانای (زیندەگی) دەگەیەنێت کە ڕۆح زیندووەو لەجوڵەدایەو بەمەش ڕۆح لە مانا میتافیزیکیەکەی جودا دەبێتەوەو تەنها لە مانا میتافیزیکیەکەیدا دیاری ناکرێتو کورتناکرێتەوە. بەمەش ڕۆح وەك ئەرستۆ تالیس دەڵێت: گایست (ڕۆح) بەرهەمی کارە. لەمەوە بەرهەمێنانی کارێك نێزیکە لە ڕۆحەوەو بەرهەمی ئەوەو لە کارو بەرهەمەکەیەوە دەیناسینەوە. بە ئاڕاستەیەکی تردا، ڕۆحو گایست ئۆبژێکتو شت نین، بەڵام لەدواجاردا بەسەر شتو بەرهەمەکاندا پەرشدەبنەوە ، کە ئیمانۆیل کانت لێرەدا لەکاری داهێناندا (ڕۆح- گایست) وا دەبینێت. لەدواجاردا کاتێك لە ئەڵمانیدا بەرامبەر وشەی گایستلیشکایت Geistlichkeit دەبینەوە کە مانای گفتۆگۆ ڕۆحانیەکانو ڕۆحگەرایی دەگەیەنێت نەك ڕۆحانیەت، چونکە ڕۆحانیەت لێرەدا بە ئەڵمانی سپریتوالیتێت Spiritualität یان سپرچوالیتی Spirituality بە ئینگلیزی کە مانای، هاڵاوو هەناسەو دەروونو ڕۆح دەگەیەنێت.

لە دوای ئەم گفتوگۆیەوە هیوادارین خوێنەرمان لەو کێشەبەندییە هێگلییە نێزکردبێتەوە کە وشەی (گایست) لەگەڵ خۆیدا لەناو زمانو دیالۆگە فەلسەفی زمانەوانەیەکاندا لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. لێرەوەو لەم گفتوگۆیەوە دەربارەی چەمکی گایست Geist دەگەینە ئەوەی کە (ڕۆح) مانا فراوانەکەی گایستەو لەوەوە دەکرێت بۆ کۆی پڕۆسەکەش ڕۆح بەکاربهێنینو بڵێین"،فینۆمۆلۆژیای ڕۆح.

### پەراوێز و تێبینیەکان:

**یەکەم:** ئەم گوتارە لەپەراوێزی بەشێك لە کتێبی (هێگلو فەلسەفەی گایست) نوسراوە، کە هاوڕێی ئەزیزم(ڕێبین ڕەسوڵ) نوسەر ئەو بەشەی کتێبەکەی بۆ ناردم، تێدا، کێشەبەندی گایست شرۆڤە دەکات. هەروەها پەراوێزێکە لە تەنیشت وەرگێڕانە گەورەکەی دکتۆر موحەمەد کەمال ( فینۆمۆلۆجی هۆش).

**دووهەم:** دەمەوێت لێرەدا ڕوونکردنەوەیەکی بدەم، بەوەی من بە تێگەیشتنی هەژارانەی خۆم بۆ هایدگەر لە کۆنتێکستە کوردییەکەیداو لە خوێندنەوەمدا بۆ هایدیگەر جیاوازی لە نێوان دوو وشەو چەمکدا دەکەم ، یەکەمیان (کات)و دووهەمیان (زەمەن)ە. چونکە پێموایە چۆن (ڕۆح) وشەیەکی گشتییە، قووڵە، فرە ڕەهەندە وەك گایستی ئەڵمانیو کە هۆشو ئاگامەندییەو لەناو بازنەی ئەودا دەجولێنەوە، ئەوا کات بەدەوری خۆری زەمەندا دەسوڕێتەوە. کات بۆ چرکەساتی بەریەکەوتنە، کاتێك کردار ڕوودەدات، وەك کاتێتی Zeitlichkeit کە زۆر بەسادەیی لە جوڵەی دازایندا ڕووفمان کردۆتەوە. بەڵام (زەمەن) لە زمانی عەرەبیو کوردیدا ڕەهەندی قووڵی ئەنتۆلۆژییو مانایيو سایکۆلۆژی و مێژووگەرایی هەیە. لێرەوە (زەمەن Zeit – Time ) کاتیگۆرییە گەورەکەیەو کات لە وردەکارییەکاندا بەکاردێت وەك بەشێکی بچوكو ڕیالستی کە لەدواجاردا لەناو زەمەندا دەخولێتەوە.

سێهەم: کۆی ئەم هەوڵدانانە بۆئەوە نییە گایست بەرامبەر ڕۆح دابنێین، نەك وشەیەکی دیکە بۆ نموونە (هۆش) یاخود زەمەن بەرامبەر چەمکە ئەنتۆژییەکەی کات دابنێن نەك تەنها کات. نەخێر، بەڵکو ڕوونکردنەوەی ئەو ڕەنجە گەورەیەی مامۆستامان د.موحەمەد کەمالە، لە وەرگێڕانە گەورەکانی لە (فینۆمۆلۆژیای هۆش)و (بوون و کات). خوێنەری ئازیز وەك لەم گوتارەدا بینیتان، هەموو چەمکێك دونیایەك کێشەبەندی فەلسەفیو تیۆلۆژیو زمانەوانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. هەربۆیە ئاسان نییە بەیەك وشەوە ئۆقرە بگرینو بڵێن ئەمە ئەوەیە، هەموویی نێزکربوونەوەیە لە بیرو هزرە فەلسەفیە گەورەکان. بێگومان زۆر لە چەمکەکانی دیکە لەناو زمانی کوردیداو وەرگێڕان بۆ هەر زمانێکی دیکە، گرفتو کێشەی خۆی هەیە. من لەم هەوڵدانەو زۆریتر لە سیاقی نوسیندا هەوڵی وەرگێڕانیان بۆ دەکەم و هەوڵدەدەم وشە نێزیکەکەی بۆ بدۆزمەوە، کە بێگومان نەفیکردنو ڕەتکردنەوەی وەرگێڕانەکانی دیکە نییە لەم بوارەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەسۆنگەی داناںو ڕوونکردنەوەیە بۆ خوێنەری ئازیزو پێشەکردنی بەرچاوڕوونیو چەند ئەڵتەرناتیڤێکە بۆ فەرهەنگۆکێکی فەلسەفی گشتگیر ئەم کارە دەکەین، کە دەشێت لەداهاتوودا تایبەتمەندان دوای کەڵکەبوونی چەندەها وەرگێڕانی چەمکەکان وەك زەمەن، کات، ڕۆح ، گایست، هۆش، ئاگامەندی، هەبوو، لێرەبوون (دازاین) و بوون و هەیەتیبوونو زۆریتر. هەموویان یەکتری تەواو بکەن، چونکە هەتاوەکو وشەی ئەڵتەرناتیڤمان زۆرتربێت، بازنەی گفتوگۆ فەلسەفیەکان فراوانترو بەپێز تر دەبنو خوێنەری هزرو فەلسەفە سوودمەندتر دەبێت.

سەرچاوەکان:


1.Joachim Ritter, Gottfried Gabriel, Karlfried Gründer (Herausgeber), Historisches Wörterbuch der Philosophie , WBG Verlag .2019

2.Emmanuel Kant, Träume eines Geistersehers und andere .vorkritische Schriften, Bd I, Könemann Verlag

3.G.W. F. Hegel, Phänomenologie des Geistes, Reclam Verlag 1987

4.http://quran.ksu.edu.sa/tafseer/katheer/sura17-aya85.html

5.Gensis 20, 24, 27, 28

6.Martin Heidegger, Sein und Zeit, Max Niemyer Verlag Tübingen 2006.

7.Martin Heidegger, Einführung in die Metaphysik, gehalten 1935, .Tübingen 1953, Frankfurt 1983

.8.Martin Heidegger, Gelassenheit, Jahr 1955, Neske Verlag 1959

9.Peter Sloterdijk, Spähern III Schäume, Suhrkamp 2020

Peter Sloterdijk, Nicht gerettet, versuch nach Heidegger, Suhrkamp .2019

11.https://en.wikipedia.org/wiki/J._Robert_Oppenheimer

12.Peter Sloterdijk, die Sonne und der Tod, Suhrkamp 2001

13.Peter Sloterdijk, Spähern I Blasen, Suhrkamp 1998

14.Peter Sloterdijk, Spähern II Globus, Suhrkamp 1999

15.Immanuel Kant, Kritik der Urteilskraft, Reclam Verlag 2004

16.http://www.philolex.de/geist.htm

# کێشەی توێژینەوەی فەلسەفەیی



د.کاوە جەلال

دەمەوێت لە ئەزموونی فێرخوازیی خۆمەوە بێمە نێو پرسی ناونیشانی ئەم نووسینەوە. نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو فێرخوازی فەلسەفە بووم لە زانستگەی بامبێرگ. بێگومان فەلسەفە بەشی سەرەکی خوێندنەکەم بوو، دوو بەشە لاوەکییەکەشم بریتی بوون لە پسیکۆلۆژی و ڕامیاریناسی.

بەشەکەمان بچووک بوو، زۆرجار مامۆستاو پرۆفیسۆرەکان لە "کاتی گفتوگۆدا مامۆستا لەپاڵ فێرخوازان"دادەنیشتن، لێ لە دەرەوەی ئەو کاتانەش، دەرفەت دەڕەخسا لەسەر پرسی دیکەی دەرەوەی فەلسەفە بدوێین. بۆ نموونە ڕۆژێک پرۆفیسۆرێک، دوای

ئەوەی زانیی کە من کوردم، کەمێك بەماتی گۆتی:"گەلی ئێوە تۆپی پێی دەوڵەتانە، بەداخەوە، بەڵی زۆر بەداخەوە، ئاخر ئێوە شایانی لەوە زیاترن. لێ کێشەی سەرەکیی ئێوە خیانەتە. من باوەڕ ناکەم ئەوە تەنیا کێشەی سەرکردەکانتان بێت. من وای دەبینم خیانەت بە ئێوەی کورد توخمییە. ئاخر خیانەت هۆکاری ئەوەیە کە ئێوە دەوڵەتتان نییە. بێگومان ئێوە خۆتان دەبێت باشتر لە هۆکاری ئەوە تێبگەن. من ئەڵمانم و لە دەرەوە هەر ئەوەندە لێتان تێگەیشتووم."

بە هەرحاڵ مرۆڤ ئەوها ڕاشکاوانە ڕای خۆی دەردەبڕی. بێگومان ئەو جۆرە گفتوگۆیانە زۆر دەگمەنو لاوەکی بوون، هەندێك جار وەك تێبینییەك لە دانیشتنێکدا دەردەبڕرانو دەبوون بە بابەتی دانوستاندن، چونکە منیش بۆ نموونە لەسەر تێروانینی وەك ئەوەی سەرەوە وەڵامو ڕوونکردنەوەم هەبوو.

ڕۆژێك لەگەڵ مامۆستایەکدا کە کەمێك بوو ببوو بە ناسیارم، گفتوگۆمان دەکرد. لەو میانەیەدا لێی پرسیم: دەتەوێت توێژینەوەی ماجیستەرەکەت لەبارەی چ پرسێك بنووسیت؟"، لە وەڵامدا گۆتم:"خۆت دەزانیت ماوەیەکی زۆرە خەریکی پرسی "غوربەت"م لای سارتەر، ڕەنگە ئەمە پرسێك بێت، لێ هەنووکە کێشەی "ناسەرڕاستی" لە "بوون و نەبوون"ی سارتەر زۆر پێکاومی. ڕەنگە ئەمە بابەتێك بێت بۆ لێتوێژینەوە."ئەو تەماشای کردمو بەپوختی پرسیی:"فەرەنسی دەزانیت؟"، وەڵامم دایەوە: "نەخێر"، ئەویش سەرلەنوێ کورتو پوخت گۆتی:"کەواتە ناتوانیت لەبارەی سارتر بنووسیت."

زۆر سەرم لەو بڕیارەی ئەو سووڕما. هیچم نەگۆت، لێ ئەو قسەیەی هەر لە ناخمدا مایەوە، بۆیە لە دانیشتنێکی دیکەماندا ڕوومکردەوە ئەو کێشەیەو لێم پرسی:"بۆچی ناتوانم توێژینەوەیەکی ماجیستێر لەبارەی سارتەر بنووسم تەنیا لەبەر ئەوەی فەرەنسی نازانم؟".

لە وەڵامدا گۆتی:"ئاخر نابێت. چونکە فەرەنسی نازانیت. نوقتە. هەروەها لێت قبووڵناکرێت. ئەمیان سەرەنجامە. گرنگ ئەوەیە کە "تۆ" لە بنەڕەتی زمانەوە ناتوانیت توێژینەوەیەکی ئەکادیمیانەی ماگیستەر لەبارەی فەیلەسوفێکی فەرەنسی بنووسیت. تۆ دەتوانیت ئەوە وەك توێژینەوەی "کاری ماڵەوە" ئەنجام بدەیت، کە هەموو فێرخوازێك دەبێت لە میانەی فێربوونی زانستگەییدا بیکات، ئەمەش دەچێتە خانەی خەریك بوونەکانتە بە مێژووی فەلسەفە. لێ لە توێژینەوەی ماجیستەردا دەبێت ڕەچاوی نوێترین

ئاستی توێژینەوە لەو بوارە هەڵبژێرراوەدا بکرێت، ئەوجا توێژەر میتۆدییانە نوێیەتیی کارەکەی دەربخات. تۆ ئەو کاتە لەبارەی سارترەوە ئەو نوێیەت پێ بەدیدەهێنرێت ئەگەر لە سارتر بە زمانی خۆی بتوێژیتەوە، ئەوجا دەتوانیت بۆ سەرچاوەی لاوەکی ڕووبکەیتە توێژینەوەی ئەڵمانیو فەڕەنسی یان ئینگلیزی لەبارەی ئەو. خوێندنی ماجیستەر لای ئێمە ئامادەکارییە بۆ بوون بە توێژەر. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە یاسا ڕێ دەدات، ئەگەر فێرخوازێك بابەتێکی تایبەتی هەبێتو شیاوی توێژینەوەی دکتۆرا بێت، هاوکات پرۆفیسۆرێك ئەوەی لێ قبووڵ بکات، ئەوسا دەتوانێت یەکسەر نەك توێژینەوەی ماجیستەر، بەڵکو دکتۆرا بنووسێت. بەکورتی: کێشەی کرۆکییانەی فەلسەفە زمانی فەلسەفەیە کە توێژەر بەڕێیەوە دەچێتە نێو پرسەکان. تەماشا بکە، من هەموو پلاتۆنم لە وەرگێرانی شلایەرماخەر خوێندۆتەوە، پاوەجو ئەو لە وەرگێڕاندا هەڵەی زۆری کردووە، ئەوەش گرنگ نییە، چونکە هیچ وەرگێڕانێك نییە هەڵەی تێدا نەبێت. لێ من لە توێژینەوەمدا دەبێت پلاتۆن بە زمانی خۆی بخوێنمەوەو گەر لێوەرگرتنێکم پێویست بێت، خۆم وەریدەگێرم، لە زاری پلاتۆن خۆیەوە، کە هەردەم جیا دەکەوێتەوە لە هەر وەرگێڕانێکی دیکەی پلاتۆن، ئەوجا لە کۆنتێکستی نووسینەکەم جیانابێتەوە."

تێڕوانینەکانی ئەو زۆر پرسیاریان لام وروژاند: پرسیار لەبارەی توێژینەوەی فەلسەفەیی لە وڵاتە عەرەبییەکان، لەبارەی وەرگێڕانەکان بۆ عەرەبی، بە تایبەتی خەریکبوون بە فەلسەفەی ئەڵمانییەوە لە زمانانی دیکەی وەك فەڕەنسیو ئینگلیزییەوە، ئەوجا بۆ نموونە وەرگێرانی تێگەی "گایست/Geist"ی ئەڵمانی (یان هێگل) بۆ "الروح"، تەنیا لەبەر ئەوەی عەرەبەکان لە زمانی خۆیاندا "وشە"کەیان نییە، یان "بوون/ Sein" بۆ "الوجود" کە ئەمیش هەروەها بەهۆی نەبوونی وشەکەوەیە لە زمانی ئەواندا. لێ کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، کە هەر ئەوەندەی وجود لەبریی بوون کرا بە بنەڕەتو هەرچییەکی وەك نووسین لەسەر بنیاتنرا، هەڵە دەردەچێت. ئاخر "بوون"و "لێرەبوون" دوو تێگەی جیاوازنو مرۆڤ ناتوانێت ببێژێت، ڕاستییەکەی بۆی نییە ببێژێت: "من بوون دەکەم بە وجود"، یان بە پێچەوانەوە:"من وجود دەکەم بە بوون". مرۆڤ دەتوانێت ئۆنتۆلۆژیانە، واتا بوونناسییانە لە لێرەبوون بتوێژێتەوە، لێرەشدا ئاشکرایە دەبێت تێگەییانە جودا لە یەك دایانبنێت. یان گایست/هۆش بۆ نموونە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووحەوە نییە. ئاخر ڕووح خودایییە، خودا خۆی "دەیخاتە" نێو مرۆڤەوەو لێی وەردەگرێتەوە. کەواتە گەر مرۆڤ هێگلی بە زمانی خۆی بخوێندبایەوە، ئەوجا لێی

تێبگەیشتبایەو ببینیایە کە لە زمانەکەی خۆیدا واژەیەکی بەرانبەریی بۆ ئەو تێگەیەی هێگل نییە، ئەوسا واژە ئەڵمانییەکەی وەردەگرتو لە فەرهەنگۆکدا شرۆڤەییانە ڕوونی دەکردەوە، واتا دەینووسی "فینومینولوجیا الغایست"، یان "گایست"ی بەگوێرەی نووسینەکەی هێگل ناوەرۆکییانە بۆ "الوعی" وەردەگێڕا. ئاخر "فێنۆمێنۆلۆژیی هۆش" لە بنەڕەتدا خەریکبوونە بە ئاگاییەوە.

با زۆر لە بابەتی سەرەکیمان دوورنەکەوینەوە. مرۆڤ بۆ "برێك" تێگەیشتن لە هەر فەیلەسوفێك دەتوانێت لە زمانانی نائۆریژینالەوە کۆششی خۆی بکات، تەنانەت بە بەراوردی چەند سەرچاوەیەکی وەرگێڕراو "تا ڕادەیەك" توێژینەوە ئەنجام بدات. لێ با بگەڕێمەوە بۆ لای ئەو بەڕێزە. کە پێم گۆت عەرەبەکان "گایست"ی هێگلیان وەرگێڕاوە بۆ "ئەلڕووح"و واتای ئاییینیانەی ڕووحم بۆ ڕوونکردەوە، یان "بوونو نەبوون"ی سارتریان کردووە بە "الوجودو العدم"، خۆی پێنەگیراو دایە قاقای پێکەنین، لێ خێرا خۆی گرتەوەو ڕێزمەندانە گۆتی:

"ئەو جۆرە هەڵانە لە نێوان هەموو کولتوورەکان ڕوودەدەن، بۆیە من پێت دەبێژم، ڕاستییەکەی ئێمەی ئەڵمان دەبێژین، بۆ نموونە مەرجی توێژینەوەی ئەکادیمیانەی کۆتایی لەبارەی سارتەر شارەزاییە لە زمانی فەرەنسیو فەرەنسییەکەی سارتەردا. بڕوانە لە ئەمەریکای لاتینی چییان لە هزری هایدگەر کردووە. تەواو شێواندوویانە، کردوویانە بە ئەنترۆپۆلۆژی (مرۆڤناسی)! ئەوە چیدی هایدگەر نییە، ئەگەرچی ئەوان سەر بە هەمان بازنەی کولتووریی ئەوروپیانەن، کەواتە تەواو جیاوازن لە خۆرهەڵاتییەکان. ئێمە لە دێرزەمانەوە، لە چەرخی نێڤینەوە دەزانین کە لە زمانی عەرەبیدا ڤێربی "sein" نییە کە لێوەی ناوی "das Sein being" دروستدەکرێت.

(لەوێدا یەکسەر تێبینییەکم داو گوتم، بەڵێ ئەوەم لای تۆماس هۆبس خوێندۆتەوە کە هێرش دەکاتە سەر پرسی ئۆنتۆلۆژیانەی "esse"ی لاتینیو بە زیادەی دادەنێت، ئەوجا نموونەی عەرەبەکان دەهێنێتەوە کە گەرچی ئەو ڤێربە لە زمانەکەیاندا نییە، سەرباری ئەوە دەتوانن بیفەلسەفێنن. پاشان ئەو بەردەوام بوو:

"...بەڵێ، ئیدی بۆچیو چۆن خۆیان بە فەلسەفەکانی وجود، یان بە وجودگەرایی سارتەرەوە خەریکدەکەن؟ گەر پرسەکە لەڕووی فەلسەفەییانەوە لای ئەوان مانای خۆی بێت، ئەوسا دەبێت وشەیەك دروست بکەن کە شیاوی گەردانکردن بێت. ئاخر هەر ئەوەندەی لە نووسیندا "بوون"و "وجود" تێکەڵکران، ئیدی خوێنەر نازانێت مەبەستی

ئەوان لەچییە (کەواتە تازە دەست پێکردوویەکی بواری فەلسەفە یەکسەر فریودەخواتو بەسەهوودا دەبرێت، کەواتە خیانەتی لێدەکرێت— ك.ج.). من ئێستاش تێناگەم بۆچی خەڵکی وڵاتە ئیسلامییەکان خۆیان بە فەلسەفەکانی ئەوروپاوە خەریك دەکەن؟ ئاخر سەرەتا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەوان چییان لەو فەلسەفانە دەوێت؟ ئەمە سەرەتا پرسیارێکی پرنسیپییەو روبەڕووی هەموو کەسێكو ئەڵمانێکیش دەبێتەوە، ئەوجا پرسیارەکە ئاڵۆزتر دەبێت گەر کەسانی کولتوورێکی بە ئێمە نامۆ خەریکی فەلسەفەی ئێمە بن. ئایا بۆچی تۆ فەلسەفە دەخوێنیت؟ بێگومان گەر بتەوێت لە ئەڵمانیا بە ئەڵمانی لەسەری بەردەوام بیت، ئەوە بڕیارو ڕێگەی خۆتە، لێ ئەگەر تۆ بتەوێت بە کوردی کاری فەلسەفەیی بکەیت، ئەوسا دەبێت ڕوانگەی ئەڵمانیانەو کوردیانەی خۆت جیابکەیتەوەو مشتومالّیان بکەیت، خۆت زمانی فەلسەفەیی، بە هەردوو زمانەوە خەریك بکەیت. جگە لەوە ئێمە ئەمڕۆ لە خۆرئاوا بەر ئاڵنگاری "کۆتایی هاتنی فەلسەفە" کەوتووین. ئەی ئێوە لە خۆرهەڵات خۆتان لەکوێی کارکردنی فەلسەفەییدا دەبیننەوە؟ تۆ جارێك گۆتت کە بەدەگمەن نووسینی فەلسەفەیی بە کوردی هەیە، لێ ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندە. ئەمە لە بنەڕەتدا زەخیرەیەکی لەباری کارکردنە لە هزری کولتوورەکەی خۆتدا کە لەنێو ئەدەبەکەتانەوە دەربڕراوە. تۆ دەتوانیت مێتۆدی هزریانەی خۆی بگۆڕێت گەشەی پێبدەیتو لە ئەدەبی کولتوورەکەتدا کاربکەیت. یان یەکسەر لە ئەڵمانییەوە هەندێك بابەتی ئەڵمانی وەربگێریت، لێ من گومانم هەیە ئەم کارەیان سەربگرێت."

من بەسەر سووڕماوی پرسیارم لێکردو گوتم: "بۆ سەرناگرێت؟". لە وەڵامدا گۆتی: "نازانم. تەنیا گومانم هەیە. زمانی ئەڵمانی تێگەییە، زمانی ئێوە، کوردی، عەرەبی، پەخشانییە."

منیش گۆتم: "من ئەوە دەزانم، لێ دەتوانین لە کارکردنماندا خەریکی تێگەسازی بین. جگە لەوە زمانی کوردیش هاوشێوەی ئەڵمانی زمانێکی ناتورالیستییە و زۆر چاك دەرفەتی تێگەسازیی لەخۆگرتووە."

زۆر سەری لەم حوکمەی من سووڕماو پرسیی: "چیی؟"

منیش جەختم لێکردەوە: "ناتورالیستییە. ئێوە دەبێژن "Vorstellung" (فۆرشتێلونگ)، ئێمە دەبێژین "پێشبینی". فۆرشتێلونگ لە پێشدانراوەوە، واتا لە دانراوەوە لەڕووی هزریەوە ئەوەی کردووەو بەدیهێنراوە، کەواتە تێگەکە لە درککردنەوە

سازێنراوە" یان ئێوە دەبێژن "begreifen"، کە واتای تێگەیشتن دەگەیەنێت، لێ ئەوە لە کرداری دەستەوە هاتووە کە بۆ شتێکی دەباتو دەیخاتە نێو مشتی خۆیەوە، ئەوەشتان کردووە بە "Begriff"، واتا بە تێگە" یان "Auffassung"، کە گرتنی شتێکە بە دەست لە سەرەوەو لای ئێوە واتای "تێڕوانین، بیرورا" دەگەیەنێت". ئێوەی ئەڵمان بە پێشگرەکانی نێو زمانەکەتان بەردەوام واژەو دەستەواژەو تێگەی نوێ دەسازێننەوە، ئێمەی کوردیش پێشگرمان زۆرە لە زمانەکەماندا، هاوشێوەی ئەڵمانی."

بینیم ئەویش سەری سووڕماو بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "ئاخسۆۆۆ (ئاواا)، مەبەستت لە ناتورالیزم ئەوەیە!!".

ئەو گفتوگۆیە پرسیاری دیکەی لەگەڵ خۆیدا هێناو گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. ئاخر ئەویش فزوولی بوو، دەیوست لە ڕێگەی فێرخوازێکی ڕەچەڵەك خۆرهەڵاتیی خۆیەوە باشتر لە هەندێك پرس تێبگات.

***

کاتێك ئەمڕۆ ئەو جۆرە گفتوگۆیانەو ئەزموونی دیکەی فرە دەهێنمەوە یادو ئەوجا لە وەرگێڕانەکان دەهزرێم، پێکەنینم دێت. بۆ نموونە وەرگێڕانی هەڵەی "بوندسکانتسلەر/ Bundeskanzler" بۆ "المستشار الالمانی" کە وەرگێڕانێکی فەرهەنگییە نەك تێگەیی، هاوکات کوردیش ئەو هەڵە گەورەیان لە عەرەبەکان وەرگرتووەو کردویانە بە "ڕاوێژکار". ئاخر کانتلسەری ئەڵمانی بەگوێرەی دەستوور سەرۆکوەزیرانێکە کە "ئاڕاستەکانی سیاسەتی ئەڵمانی دیاریدەکات"، "دەچەسپێنێت"، ئەوان چۆن ئەو دەسەڵاتە دەبێت بە "ڕاوێژکار"؟ ئەمیش لە بنەڕەتدا ناوێکەو گەرەکە وەك خۆی، هاوشێوەی ناوی "بەرلین"و "مارتین"، بەبێ وەرگێڕان دەربڕرێت.

بەڵێ ئەو پرسیارە زۆر ڕەوایەخە کە دەڵێ: ئایا خۆرهەڵاتییەکان چییان لە فەلسەفەکانی خۆرئاوا دەوێت؟ گومانی تێدا نییە هەندێك هزرڤانی عەرەب مێتۆدی خۆییان گۆڕانپێداوەو کاری باشیان ئەنجام داوە، وەك ئارکون، یان نەسر حامد ئەبو زەید کە لە نووسینێکی قووڵ مەغزایدا داوا دەکات کە قورئان مێژووییانە بخوێنرێتەوە، لەسەر ئەوەش بە فەتوا لە ژنەکەی تەڵاق دراو ڕۆیشتە هۆڵەنداو هەر لەوێ سەرینایەوە.

ئێمە لەم جێیەدا لەنێو یەکێك لە پرسە کرۆکییەکانی ئەم کێشەیەداین. کاتێك دەخوێنینەوە کە عەرەبەکان، لایەنی کەم زۆر کەس لەوان، تێگەی "خودا" لای دێکارت بۆ "الله" وەردەگێڕن ئەگەرچی ئەو خودایە تەنیا ئیدێیەکەو "الله"یەکی ئافرێنەر نییە،

یان ڕوونتر ببێژین، ئیدی تەنیا خودایەکی گەرەنتیدەری مەعریفەی ڕوونو ئاشکرایە، لێرەدا بەر پرسیاری کەسی چالاکبووی هزری کەسیانی چالاکبوو دەکەوین کە چۆن لەنێو هۆشی خۆیەوە کارەکانی ئەنجام دەدات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، بۆچی کەسێکی پابەندی "الله"یەك خۆی بە دێکارتەوە خەریك دەکات؟ ئایا دژبێژیی دێکارت دەکات؟ ئەمە کارێکی ناڕەوا نییە، چونکە لێرەدا پرسی ڕوانگە فەلسەفەییەکان دێتەگۆڕێ، دەکەوینە یەکەم: بەردەم پرسیاری "نەقڵ و عەقڵ" لە لایەك کە کەسی دژبێژیکەر وەك بنەمای خۆی دایناوە، ئەوجا پرسیاری پێگەیاندنی سەبژێکتێکی ئاگامەند لای خودی دێکارت کە بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر سروشتدا فەلسەفەییانە کاردەکات. مەسیحیەکان چەندین دژبێژیی بەم چەشنەی دێکارتیان کردووە. لێ مەسەلەکە لە وەرگێڕانی خشکەیی "خودا"کەی دێکارتدا بۆ "الله" ئەوەیە کە وەرگێڕەکان هەڵەیەکی گەورە قبوڵ دەکەنو پێیانوایە بۆ خاتری ئاوەزگەرییەك (!) دەیکەن بە نووسین، لێرەشدا کێشەکە بە هیچ شێوەیەك ئەوە نییە کە ئەوان لە دێکارت تێنەگەیشتبن. ئەمە نەشیاوە. ئاخر ئەوانیش دەرهەستێکی سەلیمیان هەیەو کار دەکات، دەخوێنێتەوەو دەسەنگێنێت، کەواتە دەبینێت کە خوداکەی دێکارت ئافرێنەر نییە. نەخێر، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەوان ئامادەییان بۆ درۆکردن تێدایە! کەواتە لە کرۆکەوە ئەلکەززابن! ئایا ئەوە لە ترسدا کە ئیدی بڕێك هزری دێکارتیان تا ڕادەی قبوولکردن داوەتەوە؟ ئایا لە نائاگییەوە لەوە دەترسن کە بە دانوستانکردنی خودا وەك ئیدیۆ الله وەك ئافرێنەر جیهان بەسەریاندا وێران ببێت؟ لێ ئەمە کێشە کرۆکییەکەی دێکارتە کە دەبێژێت، خۆت سەرەتا لە دابی سوننەتی ڕزگار بکەو ببە بە هزرڤانێکی ئازاد، ئەوجا ئازادانە خەریکی توێژینەوەکانت بە، لێرەشدا خودای چاك گەرەنتیدەری مەعریفە ڕوونو ئاشکراکانی تۆیە. یان ئایا ئەوان دەرەکییانە لە ترسی تاقمی ئەلئەزهەرو شێخەکانی دیکەی دین ئەوە دەکەن تا نەبینن ئەوان چییان دەوێت؟ گەر وا بێت، ئەوا پێویست ناکات لەبارەی دێکارت بنووسن! گەر فەلسەفەیەك لە بونیادا لە ئۆرژینالەوە بە زمانی خۆ دیارنەهێنرابنو بنەڕەتییانە لە کولتووری خۆدا نەکەوێتەوە کار، ئیدی هەر کارێکی لەسەر بکرێت، خۆفریودانەو فەلسەفە نییە، چونکە فەلسەفە لە ڕاستیو ڕاستبێژی جیانابێتەوە، نەخێر ئەوە تەنیا ڕستەسازییە بە زمانی نەریتییانەی فەلسەفە.

پرسیارێکی دی ئەوەیە کە: ئایا خۆرهەڵاتییەك دەتوانێت بە ئینگلیزی لە هزری هێگل تێبگات، جا نەخوازە لە عەرەبیو فارسییەوە؟ یەکەمیان زەحمەتە، دووەمیان

نزیکەی نەشیاوە. بۆچی؟ چونکە ئەو هزرە لە زمانی هێگل جیانابێتەوە. بۆ ئەمە نموونەیەك دەهێنمەوە.

هێگل لە دەستپێکی فینۆمینۆ-لۆژییەکەی خۆیدا، واتا خەریکبوونی فەلسەفەییدا، بە پرسی ئاوەڵابوونی هزرینی دیالێکتیکییەوە، لە درککردنەوە دەردەچێتو شرۆڤەی دەکات. "دەرککردن"ی کوردی بە ئەڵمانی بریتییە لە "Wahrnehmung" (ڤارنێمونگ) کە وشەیەکی ئاوێتەیە، لە "wahr"و "nehmen"ەوە بەناوکراوەو واتای "ڕاست"و "وەرگرتن" دەگەیەنن. ئەوە هیچ کێشە نابێت گەر ئێمە بەگشتی ئەو واژە فەرهەنگییانە بۆ درککردن وەربگێڕین. ئاخر ڤارنێمونگ وشە بەرانبەرییە ئەڵمانییەکەی درککردنی کوردییە. لێ ئەم وشەیە وەك تێگەی هێگل لە کوردیدا دەبێت بە "ڕاست-گری". بۆچی؟ چونکە هێگل یەکسەر بەگەڕی ناخاتو بەدوویدا لەسەر نووسین بەردەوام دەبێت، کەواتە وەك چەسپیوێکی زمانەوانی گریمانەی ناکات، بەڵکو بۆ پێشاندانی هزری خۆی، سەرەتا شرۆڤەی دەکاتو واژە لێکدراوەکە بەسەر کەرتە سادەکانیدا بەش دەکات تاکو مەبەستی خۆی لە "ڤارنێمونگ"و واتاکەی لەنێو فەلسەفەی خۆیدا دیاربهێنێت. ئەو دەبێژێت: ئەوە کە من وەریدەگرم (لای خۆم بە سێنسەکانم/حەواسەکانم دەیگرمو درکی دەکەم) ڕاستە، کەواتە گومانی لێناکرێت، بۆیە هزرینم دەشێت لەو ڕاستە (وەر)گیراوەوە بەرەو ژوور ئاوەڵابێت. هێگل لە ڕەوتی خەریکبوونی فەلسەفەیی خۆیدا بە دیاردەی ئاگاییەوەو ئەوجا بۆ ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنی خۆی لە درککردنی (ئەڵمانی)، گەڕاوەتەوە بۆ واتای وشەکانو ڕەچاوی چاوگە ئەڵمانییەکەی کردووە، ئەوجا تێگەیەکی "نوێ"ی لە واتاکانی هەر یەکەی "ڤار" (ڕاست)و "نێمن" (وەرگرتن)ەوە سازاندووەو کردوویەتییەوە بە ڤارنێمونگ. گەر ئێمە هێگل بە زمانی خۆی بخوێنینەوە، ئەوسا لە هزرینو کارکردنی ئەو تێدەگەین، ئەوجا ناچار دەبین هەوڵی بێژتنی ئەوە بە کوردی بدەین کە ئەو بە ئەڵمانی بێژتوویەتی، لێرەشدا پێش هەموو شتێك بەر واژەی "ڤار/ڕاست" دەکەوین، لەم ڕوانگەیەشەوە دەبینین کە گونجاو نییە تێگەی "درککردن" بۆ "ڤارنێمونگ"ی ئەو دابنێین، بەڵکو گونجاوترە "ڕاستگری" بەکوردی دابنێین کە هەموو خوێنەرێکی فەلسەفەکار بە کوردی لێی تێدەگات، لێرەشدا گومانی تێدا نییە کە هێشتا هەر دانوستانکردنی وەك درککردن لە لایەن وەرگێڕ لە پەراوێزدایە کە لە لایەن توێژەر لە میانەی نووسینەکەیدا، پێویستە.

ئەمە بە هەمان شێوە، تێگەی "زمان" لای هایدگەر دەگرێتەوە. سەرەتا گەرەکە پەیوەند بەم پرسەوە ببێژین، ئەو دیاردەیەی کە ئەڵمانەکان ناوی دەنێن "Sprache/ شپراخە"، عەرەبەکان ناوی دەنێن "لوغە"و کوردەکان ناوی دەنێن "زمان". ئەمە دروستە. لێ پەیوەند بە هایدگەرەوە کێشەیەکی زمانی دەکەوێتەوە، ئەوەش لە ڕووی بەناوکردنی چاوگی "sprechen" (پەیڤین) بۆ "Sprache" (پەیڤە) کە بە ئەڵمانیی گشتیو زانستی یان فەلسەفەییش واتای "زمان" دەگەیەنێت. بۆچی ئەمە پەیوەند بە هزری هایدگەرەوە پڕکێشەیە؟ ئێمە سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ دەستپێکی بیبل کە دەبێژێت: "Und Gott sprach"، واتا: "خودا پەیڤی". بۆچی؟ چونکە بەگوێرەی بیبل: سەرەتا پەیڤ هەبوو، پەیڤ لای خودا بوو، خودا خۆی پەیڤ بوو. ئێمە گەرەکە بۆ تێگەیشتن لە هایدگەر ڕەچاوی ئەم واتایە بکەین، ئەگەرچی ئەو لە نووسینی "پەیڤە"دا ڕەتی ئەوە دەکاتەوە بنەڕەتی پەیڤە خودایی بێت. ئێمە دەمانەوێت سەرەتا بەمە ببێژین کە "sprechen" لای هایدگەر "ئاخافتن" نییە، بەڵکو "پەیڤین"ە، لە بەناوکردنیشیدا دەبێت بە "پەیڤە" کە مەبەستی ئەوە. کەواتە تاکو مرۆڤ دروست لە هزری هایدگەردا لێی تێبگات، گەرەکە ئەم واژەیە بهێنرێتە نێو زمانی/کارکردنی فەلسەفەیی کوردییەوە. بۆچێ گەرەکە ئەمە بکەین؟ چونکە ئەو خۆی دەبێژێت: "مرۆڤ دەپەیڤێت. ئێمە لە بێداریو لە خەوندا دەپەیڤێین. ئێمە بەردەوام دەپەیڤێین، لەو کاتەشدا کە ئێمە هیچ وشەیەك دەرنابڕین، بەڵکو تەنیا گوێدەگرین یان دەخوێنینەوە، تەنانەت لەو کاتەشدا کە ئێمە نە گوێدەگرینو نە دەخوێنینەوە، بەڵکو لەبریی ئەوە کارێك ئەنجام دەدەین، یان لەنێو کات بەسەربردندا قاڵ دەبین. ئێمە بەردەوام بە هەر شێوازێك دەپەیڤێین. ئێمە دەپەیڤێین، چونکە پەیڤین بە ئێمە سروشتییە". "ئایا پەیڤین چ واتایەك دەگەیەنێت؟ بۆچوونی باو لەبارەی ئەوە دەبێژێت: پەیڤین چالاککردنی ئامرازەکانی دەنگدەربڕینو بیستنە، پەیڤین دەربڕینی دەنگیو ڕاگەیاندنی بزاوتە مرۆڤییەکانی هەستکردنە". "لە لایەکی دی پەیڤین بە چالاکییەکی مرۆڤ دادەنرێت. ئێمە دەبێت بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە ببێژین: مرۆڤ، تەنیا زمانێك دەپەیڤێت". "ئەوجا بەرانبەر دیاریکردنی پەیڤین وەك بەدیهێنانێکی مرۆڤیی، کەسانی دی هەنو جەخت دەکەنو دەڵێن کە وشەی پەیڤە سەرچاوەیەکی خودایی هەیە. بەگوێرەی پێشگۆتنی ئینجیلی یۆهانس، پەیڤ سەرەتا لای خودا بوو، لێرەشدا مرۆڤ نەك تەنیا دەیەوێت پرسیاری سەرچاوە لە کۆتەکانی

ڕوونکردنەوەی ڕاسیۆنال-لۆژیکی ڕزگار بکات، بەڵکو لەمپەرەکانی وەسفکردنی لۆژیکیانەی زمانیش لادەبات".

لێ هایدگەر ڕەچاوی ڕۆڵی ئەو پێشبینییانەی زمان ناکات. ئەو بەردەوام دەبێت: "پەیڤە دەپەیڤێت. ئایا پەیڤینی ئەو چۆنە؟ ئایا لەکوێ پەیڤینێکی ئەوها دەبینینەوە؟ بەباشترین شێوە لەنێو پەیڤراودا. لە ئەودا پەیڤین تەکامولی کردووە. پەیڤین لە پەیڤراودا داڵدەدراو دەمێنێتەوە."



پەیڤراویش بۆ هایدگەر بریتییە لە هۆزان (شیعر). کەواتە هەر ئەوەندەی تێگەیشتنی هایدگەرمان بۆ زمان بە واژەی زمان وەرگرت، ئیدی لە مەبەستی ئەو دووردەکەوینەوە.

لێ با بگەڕێمەوە بۆ پرسی تێگەسازی لە ئەڵمانییەوە کە بۆ من گرنگە. لێرەشدا سەرلەنوێ نموونەی تێگەیەکی زۆر کرۆکیانەی دیالیکتیکی هێگل دەهێنمەوە، کە بریتییە لە تێگەی "هەڵگرتن"، بە ئەڵمانی "Aufhebung" / ئاوفهێبونگ.

ئەم تێگەیە لای هێگل سێ واتای هەیە کە بە هەمان شێوە لە وشەی "هەڵگرتن"ی کوردیشدا هەنو بریتین لە: ١) نێگاسیۆن/تۆلەرە (tolere): ڕەوشێك، کارێك، کۆتایی پێدەهێنرێتو هەڵدەگیرێت بۆ ئاستێکی دیکە تا لەوێ بەردەوامیی پێبدرێتو ڕەوشێکی گونجاوتر بدۆزرێتەوە (یان دەشێت کەسێك لە پەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەیەوە ببێژێت: "با ئەم مەسەلەیە هەڵبگرین بۆ سبەینێ."" ٢) پاراستن (conservare): من بۆ نموونە ئامانەتی کەسێك لای خۆم هەڵدەگرم، بۆی دەپارێزم" ٣) بەرزکردنەوە (elevare): من شتێك، ڕەوشێك، هەڵدەزنێنم بۆ ئاستێکی باڵاتر، وەك چۆن من جانتایەك لەسەر زەوییەوە بە دەست بەرزدەکەمەوەو هەڵیدەگرم.

کەواتە ئەگەرچی وشەی "هەڵگرتن" بەگشتی لە کاروباری ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، سەرەڕای ئەوە لای خەڵکیش هەر سێ واتاکەی لەخۆگرتووە، هاوکات دەشێت ببێت بە تێگەیەکی فەلسەفەیی، کە ئیدی هەر ئەوەندەی فەلسەفەکار تێگەکەی لە نووسینێکدا

بینی، یەکسەر دەزانێت لە دیالێکتیکی هێگلەوە هاتۆتە نێو فەلسەفەوەو ئەویش وەك تێگەیەکی فەلسەفەیی کاری پێدەکات. پاوەجو هێگل دەیگۆت، تێگەکان لە هۆشی گەلدا هەن، ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە بیاندۆزێتەوەو لە یەکدییان جیابکاتەوە، تایبەتمەندیان پێبداتو ڕێکیان بخات. هێگل لە زمانی ئاخافتنی ڕۆژانەی خەڵکەوە دیالێکتیکەکەی خۆی ئاوەڵا کرد — واتا لە ئەڵمانییەوە فەلسەفەیەکی ئەڵمانی بەرهەم هێنا.

جارێك لەگەڵ ڕامیار مەحمود دانوستانێکمان لەبارەی تێگەی "مەعریفە" کرد کە داخۆ بە کوردی چی بۆی گونجاو بێت. سەرەتا گەرەکە ببێژم، کە مەعریفە واژەیەکی گونجاوەو دەربڕینی لەسەر زار خۆشە، بەکارهێنانی ئاساییە، لێ بەکوردیش واتای هەیە کە بریتییە لە "ناسیاری". ئێمە لە ڕەوتی دانوستاندنەکەدا بەوە گەیشتین کە لە کوردیدا واژەیەك تایبەتدەکرێت بە ڕەوشێك، کرۆکێك، پەیوەندییەكو..تاد، بوارەکە "دەگرێت"و ئیدی دەرفەت نادرێت لە واتای دیکەدا بەکاربهێنرێتەوە. واتا "ناسیاری" (ناسیاوی) تەرخانکراوە بۆ پەیوەندیی یەکدیناسینی دوو یان چەند کەسێك، بۆیە دەشێت گەر خوێنەر ئەوەی لە نووسینێکدا بینی، یەکسەر بۆ ئەو پەیوەندییە یان کرۆکە دیاریکراوە بڕوات! لێ ئەوە بەڕاستی شێوە هزرینێکی چەوتە. هەموو زمانە پێشخراوەکان واژە یان تێگەیان هەیە کە لە چەندین واتای جیاوازو لە بوارو زانستی جیاوازدا بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە واژەی لاتینیی ڕێپرەزەنتاسیۆن. ئەم واژەیە لە ڕامیارناسیدا واتای نوێنەرایەتیکردن دەگەیەنێت، لە هونەرناسیدا واتای پێشاندان دەگەیەنێت، لە هەندێك فەلسەفە یان فەلسەفەی هونەردا واتای وێنەدانەوە دەگەیەنێت. لێرەدا ئاشکرایە کە پسپۆری هەر بوارێکیان دەزانێت مەبەستی ئەو تێگەیە لە بوارەکەی خۆیدا چییە.

بە هەر حاڵ مەبەستی من ئەوەیە کە ئەو جۆرە کارانە گەرەکە بوێرانە ئەنجام بدرێنو ئەوەش ئەرکی بەشەکانی فەلسەفەیە، بەدووی ئەوانیشدا ئەرکی بەشەکانی زمانی کوردییە. ئاخر بەشەکانی فەلسەفە دەبێت ڕێبەری تێگەسازی بن، بەشەکانی زمانی کوردیش دەبێت خۆیان بە ئەوانەوە پابەند بکەن، یان هیچ نەبێت لەنێو خۆیاندا وانەی فەلسەفەی زمان بچەسپێنن، ئەوەش بێگومان نەك وەك زانیاری، بەڵکو وەك بزوێنەرێك بۆ کارکردنی ڕەخنەیی لە سەرجەم واژەو دەستەواژەکانی زمانی کوریدا پێوەی خەریك بن، کەواتە نەك هەردوو لا سوننەتگەرایانە خەریکی "درێژەپێدان" یان "درك پێکردن"

بن، یان تەنانەت لاسایی هاوییەکان بکەنەوە کە خۆیان بە هزرەوە هەڵواسیوەو بە زمانی هۆزانڤانی یان سەقەت پتر هزرین دەشێوێنن. بەرانبەر ئەوە زۆر ئەکادیمی دەبێژن، گۆیا "تازە مەسەلەکە ئەوها هاتووە!!"و دەشێت ڕۆژێك لە ڕۆژان هەڵەکان ڕاستبکرێنەوە، واژەی گونجاو بۆ واژە هەڵەکان دابنرێن. لێ ئەمە ڕاکردنە لە بەرپرسیاری، درێژەپێدانی ئەوەیە کە نەریتگەرییانە هاتووە. لە بنەڕەتدا پێویستە ئەوەی کە نەریتییانە هاتووە، بەری پێبگیرێت‌و بە ئەرگومێنتی زمانفەلسەفەیی دەرفەتی فرێدان یان سڕینەوەی بۆ بڕەخسێنرێت، ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی ئەواندایە. ئاخر بەرپێگرتن لەبنچینەدا سەر بە کارکردنی ئەکادیمیی ئەوانە. لێ ئەوە کاتێك دەبێت بە ئەرك، گەر هاتوو مرۆ لەتەك خۆیدا ڕاستگۆ بێت‌و هەڵەی پێقبوولٚ نەکرێت، جددی بێت، نەریتگەرایەکی درێژەپێدەر نەبێت، یان لە ڕووی نێگەتیڤەوە ببێژین کە ئەمیش کەم یان زۆر لەگۆڕێیە، مرۆڤ داماوێکی بڕوانامەخوازو ئەوداڵی ناساندنی پێگەکەی نەبێت. هزرینی ناوەرۆکگر ناچارە بەرەنگاری چەوتی‌و تێکدانەکانی هۆشی فێرخوازان بێتەوە. ئاخر گەر بەشەکانی فەلسەفەو کوردی نەریتگەرایانە گەنجان بەچەوتی‌و بەپێی سەرجەم هەڵە زمانی-هزرییەکان پێبگەیەنن، ئەوسا ئەوانیش وەك مامۆستا، شاگردەکانیان بەچەوتی‌و ڕواڵەتی بەنێو خوێندندا "تێدەپەڕێنن".

کاتی خۆی ئەم کێشەیە لە پێش چاوی پلاتۆن بوو، بۆیە لە دیالۆگی "کراتیلۆس"دا دەیکات بە بابەتی پێوەخەریکبوون. پلاتۆن لە سەرەنجامی دانوستاندنەکانی نێو دیالۆگەکەدا ئەو ڕوانگەیە ڕادەگەیەنێت، کە چۆن دارتاش لەسەر ڕێنومای کەشتیوان سەوڵ دروستدەکات (ڕاستییەکەی دەبێت لە ڕوانگەی پلاتۆنەوە ببێژین: "سەوڵ دەسازێنێت"، چونکە "دارتاش/وەستا" لای پلاتۆن ئەو پێگەیە وەردەگرێت کە بە هونەرمەندان دەدرێت)، بە هەمان شێوە دانانی واژە ئەرکی یاسادانەرە کە ئەویش گەرەکە ئەرکەکانی لەژێر چاودێرییە دیالیکتیکییەکاندا (واتا فەیلەسوفەکاندا) ئەنجام بدات. ئەمڕۆ بەشەکانی فەلسەفە لە زانستگەکاندا (زانکۆکاندا) ئەرکێکی بەم چەشنەیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەوجا دەبێت هەموو ئەوانی دی لە بەش‌و نێوەندە کولتوورییەکاندا پابەندیان بن. لێ بەشەکانی فەلسەفە ئەو ئەرکەیان پێڕادەپەڕێنرێت، گەر مەبەستمەندانە لیژنەی توێژەرییانەی زمانفەلسەفەیی پێکبهێنن‌و لە کۆبوونەوەی بەردەوامدا واژە بسازێنن‌و لەسەریان بە کۆنسێنس بگەن، ئەوجا دوای ئەوەی خۆیان بەگەڕیان دەخەن، هاوکات وەك ڕێنوما بیاندەن بە ئەوانی دی، کە بێگومان ئەوانیش

دەبێت پابەندیان بن— گەر ڕاستگۆ بن، گەر کەللەڕەقی چروك نەبن، کەواتە دەروونەخۆش نەبن و وەرگرتن لایان مایەی شەرمەزاری یان شکاندنی شکۆی کەسێتیی ڕواڵەتییان بێت!! بەڵێ دەتوانین بەگشتی ببێژین، خۆهەڵواسین بە دەرەوە، یان بە هەر زمانێکی دیکەوە لەوانەش بە فەلسەفەی ئەڵمانی، فەڕەنسی یان ئینگلیزییەوەو وەرگێڕانی هەر بابەتێك لەو زمانە دەرەکییەوە، پڕکێشەیە، چونکە وەرگێڕراوەکە تەنیاو تەنیا بۆ دیراسەکەرانی فەلسەفەیی کولتووری خۆیان ئەنجامدراوە، ئەوەش دەرفەت نادات بە خوێنەران/ فێرخوازانی کورد بەو ڕێیەوە بچنە نێو هەر هزرێکی دەربڕراوی بئەڵمانی، فەڕەنسی یان ئینگلیزیەوە. بەڵێ ئەوە لە بنەڕەتدا نیشانەی ڕژدیەتی خۆیە لە هزریندا، نیشانەی نەریتگەرییە کە بەلایەوە ئاساییە لە هەر پێشدانراوێکی وەك ڕاستی یان وەك کامڵ گریمانەکراوەوە کارێکی وەرگێڕان ئەنجام بدات. هاوکات گومانی تێدا نییە کە ئەو جۆرە کارکردنە لە سەرئەنجامدا پرسیاری ئەخلاقیی لێدەکەوێتەوە. ئاخر بەو جۆرە کارانە کەسانی سادەی تازە هاتوو بۆ نێو فەلسەفە فریودەدرێن، چونکە وا باوەڕ دەکەن، کە گۆیا ئەوان لەو وەرگێڕراوانەدا کانت، هێگل، سارتر یان هوسرل و هایدگەر دەخوێننەوە، کە بێگومان هەرگیز بەو ڕێیەوە هیچ کامیان ناخوێننەوە. لە بنەڕەتداو هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەو تێڕوانینەی سەرەوەش هەڵدەوەشێتەوە کە دەبێژێت "ئەو کتێبانە هەبن باشترە لەوەی کە نەبن"، کەواتە: لە ڕاستیدا نەبن باشترە لەوەی بەو شێوەیە هەبن، چونکە خوێنەرانیان، یان خوێندکاران/فێرخوازان کرۆکییانە لە هزری فەیلەسوفەکان دووردەخەنەوە. جگە لەوە گەر کەسێك بۆ نموونە ناڕاستەوخۆ بە خوێندنەوەی هێگل یان هایدگەر بهەنگێورێت و بەو ڕێیەوە پرسیار لە ناخیدا سەرهەڵبدات، ئەوا پێویستەو ناچارە، سەرەتا هەوڵ بدات خۆی فێری ئەڵمانی بکات، ئەوجا خۆی دەست بە دیراسەی فەلسەفەکە بکات کە پاشان دەشێت لێوەی بە کوردی تێڕوانین بۆ دانوستاندن یان تەنانەت ڕاڤەی خۆیی هەڵبهێنجێت—یان بۆ کوردی وەریبگێڕێت. ئەوە لە پرنسیپدا شێوازی فێربوون و کارکردنی فەلسەفەییە. بۆ نموونە ئێرانییەکان بەشێکی زۆری فەلسەفەکانی ئەڵمانییان لە زمانی ئۆرژینالەوە بۆ فارسی وەرگێڕاوە. لێ ئەو کارەیان بۆ خۆیان کردووە. تەنیاو تەنیا بۆ خۆیان. ئیدی ئایا بۆچی کوردیش کە بەگشتی چاولێکەرانە دەژین، خانوو دروست دەکەن یان خۆیان دەپۆشن و.. تاد، لێرەشدا چاو لەو شێوازە کارکردنەی ئێرانییەکان ناکەن؟




* شەپۆلی رومماننووسی، جیهانێك بەبێ خوێندنەوە.....ن: سمکو محەمەد...........١٥٠
*ئەزموونی تازەگەری، خوێندنەوەی "ئەزموون"ەکانی دڵشاد عەبدوڵڵا
لە ڕوانگەی ستراکچراڵیزمەوە"...........................ن: چنور فەتحی.........١٦٦
*قەندیل................................................د.ئەحمەدی مەلا.......١٨٧
*گابریێل ئۆکارا...................................... ......ئا: جەمال پیرە........١٩٦
* مانگی شوومی من "حوزەیران"........................ نیگار رەشید..........٢٠٠
*کچانی دووکەڵ و ئاگر بوونە هاوڕێم....................کنێر عەبدوڵڵا..........٢٠٢
*پانۆڕامای ژانی گەلێك.................................مەجید هەرشەمی.... ٢٠٥

# شەپۆلی ڕۆماننووسی
# جیهانێک بەبێ خوێندنەوە



سمکۆ محەمەد

داتایەکی سەرەتایی هەیە کە لەدوای ئەوەی شیعرو شانۆو چیرۆك بەتەواوی لە ڕۆژئاواو لە دوای سەدەی ١٦و ١٧ەوە جێگەی خۆیان گرت، ئیدی هەم بیانوویەك هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی سایەیەکی سەربەخۆی دیکە هەبێت تاکو هەموو ژانرەکان لەخۆیدا کۆبکاتەوە، هەم شار لەسایەی سیستمی سەرمایەداریدا گەشەی کردو بوو بە ئەلتەرناتیڤی ستایلێکی دیکەی نووسینەوەی مێژوو، هەم گێڕانەوەی یادەوەریو چیرۆکە درێژەکان زیاتر لە پاڵەوانێکیان خولقاند، لێرەوە ڕۆمان وەکو ژانرێکی سەربەخۆو تەکنیکێکی جیاواز لە چیرۆك، بەرەبەرە چەکەرەی کردو جێگەی بە ژانرەکانی دیکە لەق کرد، چونکە شیعرو چیرۆك بە تەواوی ڕاڤەی فەزای کۆمەڵایەتیو زەمەنە جیاوازەکانی

پێنەدەکرا، هەروەها نەخشەی فراوانیان نەبوو بۆ رووداوو گرێچنو تەکنیکی نوێی ئەدەبی، جگە لەوانەش رۆمان ژانرێکی نوێ بوو بۆ جێگەکردنەوەی هەموو کایەکانی دیکە لەنێو یەك دەقدا، بۆیە رۆمان راستەوخۆ سەربەخۆیی وەرگرتو خۆی جودا کردەوە.

لە کورتترین پێناسەدا رۆمان بەپێی ئۆکسفۆرد بێت، دەقێکی فرە رەهەندی مەعریفییەو بریتییە لە گێڕانەوەی خەیاڵێك بە زمانی پەخشان ئامێز، هەروەها تاك دەنگیو فرەدەنگیو گرێچنو گێڕانەوەو مەغزاو دیمەنو دیالۆگو بابەت. ئینجا با رۆمانەکە مێژوویی یان واقیعیو واقیعی ئەفسوناویو پۆلیسیو خەیاڵیو...تاد بێت، لە هەموو حاڵەتێکدا رۆمان پێویستی بەو کەرەستەو رەگەزانە هەیە کە پانتایی دەقەکە پێکدەهێنن.

بەپێی تیۆرە ئەدەبیەکان بێت، شیعریەتی نووسین بۆ رۆمان یەکێکە لەمەرجەکانی سەرکەوتنی دەقەکە، هەروەها سەردی خەیاڵی دەشێ وەکو هەقیقەتێکی مێژوویی بێتو بە ئێستاوە گرێبدرێت، تەنانەت ئەو پاڵەوانانەش کە ئەفسانەیین، وەکو سیزیفو هەرقلو رۆبنهودو پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی نێو دەقی ئایینیو تادەگاتە شەیتان کە پێشتر بیستوومانە، هەروەها بەرکارکردنی ئاژەڵو باڵدارە ئەفسانەییەکانیش هەروایە، بۆ نموونە رۆماننوس دەتوانێ سیمبولە ئەفسوناویەکانی وەکو لاماسۆ واتە قیسارە یان بوڕاق یان سیمرخ یان ئەسپەکەی تەروادەو..تاد. وەکو بەرهەمهێنانی خەیاڵی بەکاربهێنێت.

کاتێك رۆماننوس دەنووسێت، کەواتە ئامانجێکی تایبەتی هەیەو گەرەکیەتی جیهانێکی نوێ دابهێنێت، گەرەکیەتی کەشێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان سیستمێك دروست بکات، کە هەندێکجار نووسینەوەی ریالێتییەو هەندێکجاریش خەیاڵەو دوورە لە ریالەوە. (ئارنۆڵد کیتل) رەخنەگرێکی ئەدەبی ئینگلیزییەو دەڵێ:"هەندێکجار رۆماننوس گەرەکیەتی لەرێگەی نووسینەوە پەردە لەسەر هەموو شتێك هەڵبماڵێتو بیخاتە خانەی گاڵتەجاڕییەوە، ئامانجەکەش بەخشینی ئومێدە بەژیانێکی خۆشو خەیاڵی کە هەم خەیاڵەکەو هەم پاڵەوانەکە درووستکراون". خوێنەریش دەتوانێ کەڵك لەو تێکستە دەوڵەمەندانە وەربگرێتو ببێت بەشێك لە رۆمانەکە.

بەم پێیە رۆمانووس لەسەریەتی پلانی هەبێت بۆ داڕشتنی نەخشەی دەقێکی نوێ، لەسەریەتی ئاگاییەکی نوێ بدات بەخوێنەر کە پێشتر لەدەقی دیکەدا ئاشنا نەبووە بەو رووداوانە کە مێژووش فلتەری کردووە، یان ئاشنا نەبووە بەخوێندنەوەی ئەو فەزا خەیاڵییە، یان ئەو چیرۆکەی کە تائەوکات نەیبیستووە.

بەلای (میشیل فۆکۆ)وە گرینگترین پرسیار ئەوەیە، خودی دانەر چییەو بۆچی دەنووسێ، بۆیە زۆرترین گفتوگۆکانی لەسەر ئەم بابەتە درێژەپێداوەو لە سیمینارەکاندا باسی لێوە کردووە، کەواتە بەر لەوەی قسە لەسەر دەق بکرێت کێ دانەرەکەیەتی، لەنێو ئەدەبیاتو ئەدیبی کورددا تائێستاشی لەگەڵدابێ کێشەیەکی یەکلاکەرەوە نییە، چونکە خوێنەری کورد ڕەوایەتی بە هەموو تێکستێك دەداتو باسی نووسەرکە ناکات، ئەم دیاردەیە لەدونیای ئەدەبی عەرەبییەوە وەرگیراوە کە ڕەخنەو پرسیار بەرامبەر بەدەقنووس قەدەغەیە بکرێت.

ئێمە بۆیە لێرەدا هەردوو بۆچوونی باختینو فۆکۆ بەگرینگ وەردەگرین، چونکە دەمانەوێ لەسەر هەردوو کارێکتەری دانەرو خوێنەرو ڕەخنەگری کورد ئەگەر بەمانا تیۆرییەکەی هەبێ، جێبەجێی بکەینو وەکو کێشەیەکی هەڵواسراو نەمێنێتەوە، بەو پێیەی نووسەری کورد هێندەی کارەکەی خوێنەری کوشندەیە، هێندە دروستکەری خوێنەر نییە بەرەو کرانەوە، واتە ئەو خوێنەرە بەرهەمناهێنێت کە هێمای پرسیار لە بەرامبەر دەق دابنێت، چونکە بەپێی ڕای فۆکۆ بێت کە واتایەکی نوێی لە ئەدەبیاتی فانتازیکی بۆ دەقەکانی هەریەك لە مالارمێو کافکاو بۆرخیسو جیمس جۆیسو فلۆبێر بەرهەمهێناوەو لەژێر ئەو تایتڵەدا باسی ئەوەیان کردووە کە خەیاڵ نابێ پێچەوانەی واقیع بڕوات، واتە بەرکارکردنی دیمەنی واقیعی لەخەیاڵدا، تاکو ئەو کەشە تێپەڕێنێت، ئەوەندەی بەسە کە بچێتە نێو کۆدو سیمبولەکانەوە، واتە لەکتێبێکەوە بچێتە نێو کتێبێکی دیکە، لە مێژوویەکەوە بچێتە نێو مێژوویەکی دیکە، بەو مانایەی خوێنەر لە مەودای راڤەکردنەوە بچێتە نێو دەقەوە. ئەدەبیاتی خەیاڵی گومانی ریالێتی شاش بکات، چونکە ئەگەر خەیاڵی نووسین نەبوایە لە چنینەوەی چیرۆکدا، خوێنەر سەرنجی بەلای ئەو هێماو پرسیارە فانتازیەدا نەدەچوو کە مەرجی داهێنانی دەقە، لێرەوە گرەوی دەقی رۆمان، یان چیرۆك تەنها لە کارێکتەری پاڵەوانو هەموو شتزانی چیرۆکدا کۆنابێتەوە، بەڵکو لەگرەوی ئەوەدایە خوێنەر نغرۆی فانتازیای گێڕانەوە بێت یان نەخێر.

پرسیارە سەرەکیەکان ئەوەن کە ئایا ئێمە بۆچی باسی رۆمان دەکەین؟. بۆچی دەمانەوێ خۆمان ئەزموون بکەین لەرێگەی رۆمانەوەو خۆمان بنووسینەوە، یان خۆمان لە کارێکتەری رۆمانێکدا ببینینەوە؟. بۆچی دەمانەوێ دەستوپەنجە لەگەڵ قورسترین ژانری ئەدەبیدا نەرم بکەین؟. ئایا کوردی ئەم بەشەی کوردستان کە هێشتا خاوەنی شارو

کەسایەتی شارو فەزای کۆمەڵایەتی شارو فەرهەنگی شاری نییە، چۆن دەبێ ئەدەبە باڵاکەی کە ڕۆمانە پێناسەی شار بکاتو فەرهەنگی خوێنەری شار دروست بکات.

بە بڕوای من چونکە دەزانین ڕۆمان ژانرێکە هەموو ژانرەکانی دیکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە بە شیعرو چیرۆكو فۆتۆگرافو شێوەکاریو بیناسازیو مێژوو و ئابوریو سیاسەتو سایکۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیاو..تاد، بۆیە دەمانەوێ ئەو دونیایە یان ئەو جوگرافیایە درووست بکەین کە یۆتۆپیایە، ئەو فەزایە بخولقێنین کە بۆ گەنجان هەم بەهەشتێکی وەهمیە ئەگەر بە مەعریفە ڕۆمان بخوێننەوە، هەمیش دۆزەخە ئەگەر بێ ئاگاییو بەبێ مەعریفەی گشتگیر دەق بخوێننەوە؟، مەبەستم ئەوەیە کە هەروەك ئەوەی چۆن کامۆ یان سالینجەر یان مارکیز یان فۆرستەرو تەنانەت ئۆرهان پامۆکیش لە کتێبەکەی بەناونیشانی ڕۆماننوسی سادەو ڕۆمانووسی بیرکەرەوە هاتووەو هانی خوێنەر دەدات چۆن زەمەنی خۆی بەدەقی کراوە بدات، چونکە ڕۆمانووسانی ناوداری وەکو ئەوانەی لەسەرەوە ناومان هێنان، لە دەقەکانیاندا باسی ئامانجی کارەکانی خۆیان دەکەن، دەبوو خوێنەر پرسیاری ئەوە لە ڕۆماننوسی کورد بکات بۆچی دەنووسێتو ئامانجی چییەو ئەو شەپۆلە ڕۆماننووسیەی سەریهەڵداوە چییە؟ وەکو چۆن لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو شیعر نووسین باو بوو، دواتر بەشی زۆری ئەوانەی وەکو شاعیر دەرکەوتن ڕووبەرەکەیان جێهێشتو توانایان نەبوو بەردەوام بن، چونکە خوێنەواری جددی نەبوون.

من لەم باسەدا بەراوردی ئەدەبی کوردیو جیهانی ناکەم، بەڵام کە باسی ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی بەسەرچووی) مارسیل برۆست دەکەین کە درێژترین ڕۆمانەو لە ٧ بەرگ پێکهاتووە، باس لەکارێکتەرێکی جوو دەکات بەناوی (سوان) کە لەچینی ئەرستۆکراتییەو خێزانەکەیان روخاوە، کارێکتەرەکە کەوتۆتە نێوان جەنگو بەزۆر خزمەتی سەربازی وڵاتو سەری لێشێواوە، کەواتە ئامانجی ڕۆمانەکە پرسیارکردنە لەو دۆخانەی کە مرۆڤ بەناچار تووشیان دەبێتو چۆن هەوڵی رزگار بوون دەداتو بۆچی نائومێد دەبێ، کە باسی دۆنکیشۆتی سێرڤانتس دەکەین، کەواتە باس لەپاڵەوانێکی وەهمی دەکەین بە شمشێرێکی دارینو ئەسپێکی لاوازەوە، گەرەکیەتی دەسەڵاتو حوکمڕانی بڕوخێنێت کە ئەمە لایەنە گاڵتەجاڕییەکەیەتیو لایەنە ڕژدییەکەی ئەوەیە کە شۆڕشگێری وەهمی لە هەموو سەردەمێکدا هەبووە کە بەخیاڵی ئەوەوەیە دەوڵەت بڕوخێنێتو سیستمێکی یەکسانیخوازیو ئارام دروست بکات، کە باسی تاوانو سزای دیستۆفیسکی دەکەین، کەواتە باسی فەزایەکی چینایەتی دەکەینو ئەم فەزایە کەشێکی

سایکۆلۆژیو کۆمەڵایەتی ناجۆری بۆ پاڵەوانەکە دروست کردووە، بیر لەو نادادپەروەرییە دەکاتەوە، بۆیە تاوان ئەنجام دەدات، کە باسی سەد ساڵ تەنیایی مارکیز دەکەین، کەواتە باسی ریالیزمی ئەفسوناوی دەکەین، چونکە پاڵەوانەکە دوای شکستی لەجەنگو بەرەنگاری، ئومێدێکی هەر ماوە بەژیان، بۆیە بەکورتی باسی کەشی ئەو دەقە کراوانە دەکەم، چونکە بەگشتی ئاگاییەکمان پێدەدەن کە بریتین لەخوێندنەوەی سایکۆلۆژیو دواتر ئەم تێفکرینە لەخوێنەری دووهەمیشدا رەنگدەداتەوە، بەو مانایەی کاریگەری دەبێت بۆ هاندانی خوێنەر، کێشەی ئەم شەپۆلە لە رۆمانووسی ئەوەیە کە شیکارو خوێندنەوە بۆ دەق ناخوێننەوە، تەنها ئەوە نەبێت لاسایی ستایلی جیهانی دەکەنەوەو پاڵەوانێك وەردەگرنو حیکایەتی ئاست نزم بەزمانێکی سادەی دوور لە تەکنیك دەگێڕنەوە.

لە هەموو شتێك گرینگتر ئەوەیە کە دەقنووس واتە رۆماننووس بۆ ئەوەی بونیادی دەقەکەی پتەو بخاتە بەردیدی خوێنەر، شارەزایی لە شێوازی گێڕانەوەو مێژوو و ئابوریو بازاڕو ئیدیۆمی نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکەو.. تاد، هەبێت. بۆچی دەڵێم مێژوو، چونکە یەکەمین وەزیفەی ئەدەبی رۆمان، پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بوو کە مێژوو نەیدەتوانی بینوسێتەوە، نووسینەوەی مێژووش وەکو خۆی هێڵی سوور بوو، هەروەها دەوری کاریگەری ئەو خەڵکەی زیندوو کردەوە کە لە مێژوودا بوونیان هەبوو، بەڵام مێژوونووس پشتگوێی دەخستن، کە دەڵێم رۆماننوس شارەزایی هەبێت لەئابوری و بازاڕ، مەبەستم ئەوەیە کە هەموو سەردەمێك پوڵو دراوو سەرچاوەی ئابوری خۆی هەبووە، بۆ نموونە لیرەو دیناری کۆن جیاوازی هەیە لەگەڵ دراوی ئێستا، دراوەکانی ئەوروپای بەر لەیەکبوون کە هەریەکەیان ناوێکی هەبوو، جیاوازیان هەیە لەگەڵ یۆرۆ، سەرچاوەکانی ئابوریش بۆ نموونە لۆکەو خوریو خواردەمەنیو خەڵوزو...تاد. لە بازاڕدا واژەی تایبەتی خۆی هەبوو کە بەکاردەهات، بۆ نموونە پارە واژەیەکی ئابوری نوێیە، پێشتر پێیان دەگوت ئەسکەنناس، ناکرێ رۆماننوس دوچاری هەڵە بێت لەبەکارهێنانی گوفتو واژەی بازاڕ، یان لەبری ئیزرەم کیلۆ بەکار بهێنێ، یان لەبری رببە فەردەو تەن بەکاربهێنێ، ئەمە جگە لە واژەو وتراوی ناوبازاڕ کە دوکاندارو کڕیارو پیاوانی دەوڵەت بەکاریان دەهێنا، شارەزابوون لە کەشو هەواو ژینگە، نابێ رۆمانوس ئەوانە لەبیر بکات کە راوچی کەی دەتوانێ راوی ماسی یان کەو یان باسی گوڵێك یان بەری درەختێك یان رووەکێك بکات کە وەرزی نەبووە، یان باسی زاوزێی ئاژەڵ یان پەلەوەرو پشیلەو

سەگو...تاد. بکات کە وەرزەکەی جودا بێت، رۆمانوسی ئەم سەردەمە کە بەشەپۆلێکیان درووست کردووە، بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەوە، خوێنەریشیان ناچارکردووە نەخوێنێتەوە، من ئەم شەپۆلە بەمەرامێکی سیاسی دەزانمو لەخۆڕا نییە.

## حیکایەتخوان

حیکایەتخوان زۆرترین پەیوەندی بەخوێنەرەوە هەیە، چونکە هەموو شتێك لەرێگەی ئەم کارێکتەرەوە دەگوترێت، بۆیە گرینگی ئەم کارێکتەر یان پاڵەوانە کە هەندێکجار کۆنترۆڵی هەموو کایەکانی دەقەکەی کردووە، بەشێکی سەرەکییە لە داڕشتنی نەخشەی رۆمانەکە، چونکە گێڕانەوە لە گۆشەنیگای کەسی یەکەمەوە ئەوکات بەکاردێت کە حیکایەتخوان، بە زمانی کەسی یەکەم ڕاناوی من بەکار دینێ، هەندێکجاریش دەشێ راناوی ئێمەش بەکاربهێنێ، چونکە حیکایەتخوانەو ئەو دەتوانێ بەرەو کۆتایی حیکاتەکە ئاراستەمان بکات، ئەو ڕوانگەی بینینی زەمەنەکەیە، بۆیە رۆمانووس ئەو پاڵەوانە بە سەنتەر وەردەگرێتو هەندێکجار هەموو روداواکان رادەستی ئەو دەکات، ئەم جۆرە حیکایەتخوانە یان پاڵەوانە پێی دەگوترێت هەموو شتزان، واتە هەموو رووداوەکانو ئاراستە دەرهەستیەکان لە دەسەڵاتی ئەو پاڵەوانەیە، ئەویش خودی رۆماننوسەکەیە.



هەر حیکایەتێکی بزرکراو یان پشتگوێ خراو کە سەرنجراکێشن، هەر یەکێك لەو کارێکتەرانەی کە دەوریان هەبوو لە دروستکردنی مێژوو، ناویان هەبووەو خاوەنی چیرۆکی تایبەت بوونە، هەر یەکێك لەو نەتەوەو مەزهەبو ئاینو تایەفەو...تاد، لەرێگەی گێڕەرەوە، یان حیکایەت خوانەوە دەنووسرێنەوە، هەر قۆناغێك کە خاوەنی

یەك دەنگ یان فرە دەنگی بووە، دەکرێت ببن بە هەوێنی سەرهەڵدانی رۆمان، بەمەرجێك رۆماننوسەکە زەمەنو دونیابینیەکە دوور نەخاتەوە لەخیاڵی خۆیو وەکو خۆی بۆمان بنووسێتەوە، چونکە خوێنەرەکانی دەقو رەخنەگرە ئەدەبیەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دیکۆمێنتانەی کە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە، جەخت لەسەر چەند رەگەزێك دەکەنەوەو لەسەرووی هەمووشیانەوە زمانە، پاشان پشت بەستن بەتەکنیكو ستایلو شیعریەتو یادەوەریو روداوە جۆراوجۆرەکان، ئەمانە هەمووی فەزای دەقەکە پێکدەهێننو ئامانجێکمان پێشکەش دەکەن، چونکە نابێت ئەوەمان بیربچێت کە ئەدەب ئامانجی خۆی هەیە، ئەمەش جۆرێك بوو لە نارەزایی نووسەر بەرامبەر بەسیستمو حوکمرانی دەوڵەت، ئەم شەپۆلەی هاتووەی رۆمانووسی کوردی کە دەقی باشیشی لەگەڵ خۆیدا سوتاندووەو خوێنەری بێئومێد کردووە، بەبڕوای من زەمینەی ئەوەی سازکردووە کە لە بەرامبەریاندا نیشانەی پرسیار دابنێینو دەقەکانیان لەرێگەی دوورخستنەوەی خوێنەری رژدەوە سزا بدەین.

زیندانیکردنی پاڵەوان یان کارێکتەر، کێشەیەکی دیکەی رۆماننووسە، چونکە بڕوایەك هەیە کە پێیوایە رۆماننوس نابێ ئەوەندە دیکتاتۆر بێتو هەموو پاڵەوانەکان بە ئارەزووی خۆی ئاراستە بکات، تەنها ئەوە نەبێت ئەرکی کارێکتەرەکە ماوە، یان فەرزە دەبێ وابێت، بۆیە بەشێکی زۆر لە رۆماننوسە ناودارو لۆکاڵیەکانیش ئەو رەخنەیەیان لەسەرە کە بەبێ ئاگا دکتاتۆری نوسینو کارێکتەر، یان پاڵەوانی دەقەکە دەکوژن یان دەیکەن بە پاڵەوانی وەهمی کە ئەمە خوێنەر بێزار دەکاتو توشی مەلەل، بۆ نموونە رۆمانی حەمەدۆکی یەشار کەمال، ئەم فەزایەی بەسەردا زاڵە.

بەر لەوەی ئەدەبی کوردی سەربەخۆیی وەربگرێتو خۆی لە ئایدیۆلۆژیای وشك رزگار بکات، مەبەستم  لە ئایدیۆلۆژیای پیرۆزی وەکو سیاسەتو ئاینو نەتەوە نییە، بەقەد ئەوەی مەبەستم لە پیرۆزکردنی دەقنووسە لەلایەن خوێنەری نەشارەزا، ئەو چەمکەش (تیری ئیگلتۆن) بەکاری هێناوە بۆ ئایدیۆلۆژیاو پێیوایە دانەر واتە نووسەری دەق، خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکە بەبێ ئەوەی پێی بزانێ، ئەو لەکتێبی (رەخنە لە ئایدیۆلۆژیا) باسی لەوە کردووە کە نووسەر وەختێك حیکایەتێك دەگێڕێتەوە، یان دەیەوێ خەیاڵێك لە دەقێکی شیعری یان چیرۆك، یان رۆمان لە دەرهەستی خوێنەردا رەنگبداتەوە، هەڵگری جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکە، هێشتا ئاشکرا نەبووە ئاخۆ ئەم ئایدیۆلۆژیایە مەرامی چییەو چۆن مامەڵە لەتەك دەقدا دەکات.

سەبارەت بە خوێندنەوەی سایکۆلۆژیش بۆ دەقی کوردی، من پێم وایە خوێندنەوەکانی ئەو رۆمانانەی لەسەدەی رابردوودا کران لاوازن، چونکە لایەنی کەمی شارەزایی لە بارەی سایکۆلۆژی دانەری دەق تێدا نییە، هەروەك ئەوەی دانەرێك هیچی لەسەر نەنووسراوەو مردووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە لەگەڵ دانەر مامەڵەمان کردووە، بەقەد ئەوەی لەگەڵ ئەو دەقە مامەڵەمان نەکردووە کە لەسەر وەختی خۆیدا نووسیویەتی، زۆربەی ئەو دەقانەی کە بەناوی رۆمانەوە چاپ کراون، کێشەگەلێکی زۆریان لەنێو خۆیاندا هەڵگرتووە، لەوانەش تێکەڵکردنی تەکنیکی زمان، هەروەها بەکارهێنانی کارێکتەری وێنەیی‌و کارێکتەری واقیعی، یان وەهمی فرە کارێکتەری لە دەقێکداو نمایشکردنیان لە فەزایەکدا، جارێکی تر بزرکردنیان‌و بەدیارخستنی کارێکتەرێك کە دەقنووس خۆی مەبەستی بووە، بەبڕوای من ئەمە داهێنان نییە، بەڵکو ئاستێکی نزمی گونجاندنی تاك پاڵەوانی‌و فرە پاڵەوانییە، ئەمە بە پارادۆکسی نووسین هەژمار دەکرێ، لەحاڵێکدا تائێستا نەخوێنەرو نەرەخنەگری کوردی پرسیاری ئەوەیان لە چیرۆکنووس‌و رۆماننوسی کورد نەکردووە، بۆچی ناتوانن کەڵك لە فولکلۆرو ئەفسانە کوردییەکان وەربگرن، بۆچی ناتوانن نموونەیەکی نوێی ئەدەبی پۆست مۆدێرنە پێشکەش بەخوێنەر بکەن، لەکاتێکدا رۆماننوسی عەرەب‌و رۆژئاوایی نییە کە وەکو سەرچاوەی ئەدەب کەڵکی لە هەزارو یەکشەوەو کەلیلەو دیمنەو بەسەرهاتی ئالمانی وەکو نەتەوەیەکی رەسەن نەبینیبێت.

ئەگەر چی ئێمە دەقێکمان نییە ئەرکی خوێنەری ڕژد دیاری بکات‌و چی گوتن‌و چۆن گوتن لەیەکتر جودا بکاتەوە، پابەندیشی بۆ خوێنەریش نەهێشتۆتەوە تاکو پرسیار لە دەقنووس بەگشتی‌و رۆماننوس بکرێ، بەتایبەتی کە بۆچی فەزای دەقەکە بە ئاراستەیەکی نەشیاو لەواقیعی یان خەیاڵێکی ناباو دەبات کە کۆمەڵگە بە کولتوورەکەشییەوە نامۆیە پێی، نەبوونی ئەم پرسیارە لەلای خوێنەر یان ئەوەی پێی دەگوترێت وەرگر، ئەو ئاراستەیە وەردەگرێت کە خوێنەری کوردی لە دەرەوەی میتۆد دەقەکان دەخوێنێتەوەو پرچەك نییە تاکو رەسەنێتی دەق ساغبکاتەوەو بە دیمەنی دزراو یان وەرگیراو هەڵنەخەڵەتێت، بۆیە ئاراستەی بیرکردنەوەشی ناجێگیرەو ناتوانێ دەق بشکێنێت، یان بەمانایەکی تر خوێنەری کورد بیرناکاتەوە لەوەی نووسەر بۆچی ئەم ئاراستەیە دەدات بە خوێنەر، لێرەوە دووپاتی دەکەمەوە مەبەستم لە خوێنەر ئەو کەسەیە کە خوێندنەوە بۆ دەق دەکات، نەك ئەوەی تەنها بۆ کات بەسەر بردن، یان تەنها

بۆ شاهێدی دەقێك بخوێنێتەوە، چونکە ئەو دوو خوێنەرە جیاوازییەکەیان ئەوەیە، یەکێکیان پابەندییە، واتە بەرپرسیارێتی هەیەو ئەویتر هیچ بەرپرسیارێتیەکی نییە.

ئەو خوێندنەوە دەروونیانەشی بۆ دەقی کوردی کراوە، جگە لە وەرگرتنی دەقێکی رەخنەیی بیانیو تەنها وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیو هیچی تر، یان عەرەبی بۆ سەر دەقێکی کوردی هیچی تر نییە، لەڕاستیدا ئەمە درمە ئەدەبییەکەیە، هەروەك ئەوەی کە ئێستا لەدونیای ئەدەبی کوردیدا رەخنە، یان خوێندنەوەی دەق، لەحاڵەتێکی نائامادەییدا دەژیو نووسەر زۆرنو رەخنەگر نائامادەیی، بەوپێیەی کە رەخنە لە دونیای ئەدەبی کوردیدا، وەکو سیستم لەبەرچاو نەگیراوە، رەخنە وەکو فکرو پارێزەری خوێنەر وەرنەگیراوە، بەڵکو بەدیاردەیەکی نیگەتیف تەماشاکراوە، بۆیە بەهۆی ئەم تێڕوانینە دۆگماییەوە کەس ناتوانێ لەکایەکانی دیکەشدا ئازاد بێت، بەپێچەوانەشەوە نووسەر رەخنەیەك ناخاتەڕوو کە لە دەرەوەی لۆژیکی بیرکردنەوەو ئاڕاستەی دەقێك بێت کە لەچوارچێوەی رەخنەدا بکەوێتە بەر میکرسکۆبی خوێندنەوەی تیۆرییەوە، باشترین حاڵەت بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، ئەوەیە کە خوێنەرێك کۆڵینکاری بۆ دەقێك بکاتو بەدوای مانادا بگەڕێ، ئینجا ئەو دەقە شیعر بێت یان چیرۆك، تاکو پشێویو ئاڵۆزی دەروونی دروست دەکاتو مانای دیکەی پێ دەبەخشرێت.

## رۆمانو ناسیونالیزم

داگیرکاری لە سەدەی پێش زاییندا لە ئیمپراتۆرییەتێکەوە بۆ سەر وڵاتانی بچووكو خاوەن کولتوورو فەرهەنگ، تەنها داگیرکاری جوگرافیاو ئیکۆنۆمی نەبووە، بەڵکو داگیرکاریو بەتاڵان بردنی فکرو ئەدەبو دیکۆمێنتو فەرهەنگەکانیشیان بووە، بۆ نموونە کە ئیمبراتۆریەتی رۆما، یۆنان داگیردەکات، جگە لە داگیرکردنی جوگرافیاو کۆمەڵگەو فەرهەنگەکەیان، داوا لە نووسەرانیش دەکەن وەکو جەنگاوەرو مافناسو سیاسییەکانیان کەڵك لە ئەدەبو فەلسەفەکەیان وەربگرن، بۆیە ئەدەب بە تایبەتی ژانری رۆمان بوو بە یەکێك لە هۆکارەکانی بەرگری کردن لەنەتەوەو زمان، چونکە رۆمان هەموو جومگەو لایەنە شاراوەکانی مێژوو و کەلتوورو کەلەپوورو ئیدیۆمی نەتەوەیی لەنێو خۆیدا هەڵگرتوو بوو، ئەمەش یەکێکە لە لایەنەکانی گوتاری ناسیونالیزم.

لێرەدا تێگەیشتنە نیگەتیڤەکە سەبارەت بە کاریگەری سیاسەت بەسەر ئەدەبەوە دەردەکەوێت، پرسیارەکەش ئەوەیە بۆچی ئەم کاریگەرییەی سیاسەت، تەنها لەنێو

ئەدیبانی کورددا تابۆیە، لەکاتێکدا جگە لەوانەی دەبن بەکارێکتەری بەرگری جەنگی نادادپەروەرانە دوو گروپ کە ستەمکارن، بەئاشکرا شوناسی خۆیان دیاریدەکەنو بەرگریدەکەن، بەڵام ئەگەر ئەدیبێك بەرگری لە نیشتیمانو کۆمەڵگە ستەملێکراوەکەی بکات شەرعییە، لەنێوان (ماریۆ فارگۆس‌و ڤاسلاف هاڤڵدا) کە دوو نووسەری بەناوبانگی دنیانو خاوەن دوو بۆچوونی زۆر دژن، ماریۆ فارگۆس بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتەکەی کردووەو لەرێگەی ئەدەبەوە رووناکی کەوتۆتە سەرو ناسراوەو دەنگی پێدراوە، بەپێچەوانەوە هاڤڵ لەرێگەی ئەدەبەوە بەگژ ستەمکاریدا چۆتەوەو خۆی لە هەموو جۆرە تێوەگلانێك بە سیاسەتەوە دوور گرتووە."هەمیشە سیاسەت تێکەڵ بەو دەقە ئەدەبییانە بووە کە یۆسا نووسیونی، رۆمان ئەو پانتاییە ئەندێشەکراوە بووە بۆ نووسەر، کە دەسەڵاتی خوی تێدا پیادە کردووەو هەر لەوێشەوە سەرنجی کۆمەڵگەی داوەو چاودێری ئەو پێکدادانو بەریەککەوتنە حەتمیانەی کردووە، کە بە بەردەوامی لە واقیعی ژیانی رۆژانەدا روو دەدەن".

واڵتەر سکوت لەبارەی سکۆتلەندا نووسیویەتی‌و هەوڵیداوە نەریتە باوەکان لە رۆمانی هاوچەرخدا روونبکاتەوە، بەو کارەشی زەمەنێکی مێژوویی کردە هەوێنی کارەکانی‌و بەرکاریکردن، ئەمە جگە لەکەڵك وەرگرتن لەداستانو رووداوە فەرامۆشکراوەکانو ململانێی نێوان چینەکانو خێڵەکانو نەتەوەکانو...تاد. لەحاڵێکدا هیچ یەکێك لەو رووداوانە خاڵی نەبوونە لە رۆمانسیەت، بۆیە بەدڵنیاییەوە دیمەنی رۆماننووسی کچو کورێك، یان خۆشەویستی جۆراوجۆری لە زیندوکردنەوەی مێژووەکەدا بەرکارکردووە.

خەیاڵی نووسەر فراوانتر دەڕوات بۆ ئەوەی پنتە مێژووییەکانی نەتەوە بنووسێتەوە، نووسینیش بەمانای پیشەسازی دێت بەتایبەتی بۆ ژانری رۆمان، لەکاتێکدا نووسەر لەبەردەم ئەگەرێکی سەختدایە کە ئەویش پلەی سفرە بۆ نووسین، رۆلان بارت جگە لەم بابەتە کە بۆ هەموو ئەدیبێك بەبێ جیاوازی رەگەزو نەتەوە دەگرێتەوە، باسی پلەی سفری نووسین دەکات، لێرە (پلەی سفر) کە تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکی رەهای وەرنەگرتووە، تەنها وێناکردنی سنووری نێوان مانای وشەیی‌و مانای خوازەیی نەبێ، یان ئەو نووسینانەی کە تێڕامانن بەسەر دەقێکی تر، هیچ مانایەکی دیکەی نییە تا خوێنەر ئاشنای بێت، ئەوانەش کە پێیانوایە "پلەی سفری نووسین پەیوەندیی بەکۆنتێکستەوە هەیە، رۆمانیش تژییە لە کۆنتێکستی سەرنجڕاکێش، بەتایبەتی ئەو کۆنتێکستانەی کە

خوێنەر بیری ناچنەوەو هەندێکجار لەزمانی ڕۆژانەدا بەکاردێن، ڕەنگە ئەم ستایلە لە نووسین بەتایبەتی لە دەقی ڕۆمان، بەمانای بونیادنانێکی پیشەسازی بێت بۆ نووسین، کەوابوو لەگەڵ دەستاودەست کردنی ماناو کۆنتێکستی هونەرکاری، دیاری ناکرێتو بەکارێکی قورس تەماشا دەکرێت، هەموو ماناکەش لە (چاوە ڕۆشنکەرەوەکان)دا دەردەکەون، لەکاتێکدا لەرووی زانستییەوە، ئەندازیارو کارەباییو تەلارسازیو زانستکارەکانی دیکە، وشەی ڕۆشنکەرەوە بەو جەستەیە دەڵێن کە لەگەڵ خۆیدا ڕۆشنایی بەرهەم دێنێت، خۆ ئەگەر ڕەهەندی ئەم زاراوەیە، یان ئەم وشەیە زمانێکەو کاری پێدەکرێت، ئەوە دەکەوینە بەردەم مانایەکی تری دژی مانای پێشوو، ئەویش ناوازەییە، ناوازەیی سایکۆلۆژیی دەلالیەو هیچی تر، بارت لێرەدا بۆ سەلماندنی باسەکەیو بەکارهێنانی وشەکە، شیعرێکی پۆڵ ڤالیری بەنموونە دەهێنێتەوە.

(ئەو بانە لازوردیە هێمنیەی کە کۆترەکان لەسەری دەڕۆن

لەنێوان دار سنەوبەرو گۆڕەکاندا دەلەرزێ

دەریا، دەریا، هەمیشە دەریا)

پۆل ڤالیری لێرەدا لەدێری یەکەمدا تۆنێکی بەفری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کە لە مامەڵەی وشەییدا بەکاریدەهێنێت، بەهۆی نەبوونی ناوازەیی، سیفەتی ڕۆیشتنی بەسەر کۆترەکانەوەیە". جگە لەو بەکارهێنانەی رابردوو، ئێستاش ڕۆمانووس هەیە خەیاڵی ئیمبرتۆ ئیکۆی بەکارهێناوەتەوە، جان دۆست ڕۆماننووسێکی کوردی سوریایە، لەرۆمانی میرنامەدا هەمان ئەو دیمەنەی نووسیوەتەوە کە ئیمبێرتۆ ئیکۆ لە ڕۆمانی گوڵی سووردا نووسیویەتی، لەپاژێکدا کتێبی میر ژەهراوی دەکرێت. ڕۆماننووسی کورد هەیە شارەزایی تەواوی مێژووی نییەو مێژووی نووسیوەتەوە، شارەزای ئابوری نییەو باسی دۆخێکی تایبەتی ئابوری دەکاتو لە بەکارهێنانی واژەی ئابووریو بازاڕ هەڵەی کردووە، ڕۆماننوس هەیە بە زمانی لۆکاڵیو گوندی دەنووسێت، لەکاتێکدا زمانی ڕۆمان زمانێکی گشتگیرەو بۆ هەموو نەتەوەکانە، چونکە کە دەقەکە وەردەگێردرێتە سەر زمانی دیکە، خوێنەر نابێ هەست بکات بۆ یەك نەتەوە نووسراوە، ئەم حاڵەتانە بەکاریگەری هەژمار ناکرێت، چونکە خوێنەری دونیای دوای پۆست مۆدێرن، ئەم ستایلەی دەرباز کردووەو لە دونیای مۆدێرنی ڕابردوو هۆشیارترە، بۆیە ئەم دیاردەیە بەوەرگرتن و جۆرێك لەگزی ئەدەبی هەژمار دەکاتو پێی دەگوترێت پابەندبوونی خوێنەر.

رۆلان بارت چەندین جۆری شفرەی بۆ تێکستی ئەدەبی داناوە، کۆدی ڕووداوەکانو کۆدی شیکەرەوەو لوغزو کۆدی ڕۆشنبیریو کۆدی تێکەڵاو و کۆدی سیمبولی. بارت بۆ هەر یەکێك لەو کۆدانەی کە دانەر دایدەنێت لە تێکستێکی ئەدەبیدا، مانایەکی تایبەتو ئارگۆمێنتی هەیە، یەکێك لەوانە پرسیارە، ئەویتر کلیلی تێکستەو یەکێکیان حیکمەتی نووسینەو دواهەمینیان سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە، بۆ نووسەر یان دەقنووس هەیە چەند کۆدێك لەوانە لە ڕۆمان یان چیرۆکدا بەکاربهێنێ، بەڵام دەبێ ئامانجی کۆدەکە یەکلاییکردنەوەی مانای دەق بێ کە ئەمە سیستمە، چونکە تێکستی ئەدەبی پێشنیازی بابەتی زانستیو سیاسیو کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی واقیع بەرەو خەیاڵ.

کۆکردنەوەی زمانو کولتوورو جوگرافیا لە دەقێکدا، هەوڵێکی ناسیونالیستییە بۆ ئەویتری خوێنەر، وەختێك دەقێك وەردەگێردرێتە سەر زمانێکی تر، ئامانجی یەکەمی ناساندنی نەتەوەیەکە بۆ نەتەوەیەکی تر بە هەموو جیاوازییە کولتووریو زمانەوانیەکانیەوە، بەڵام مەترسی ڕۆمانی کوردی ئەوەیە کە ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی تر، دوورنییە هەموو گرێو دیمەنو فەزاکەی ئاشکرا نەبێت کە لەدەقێکی دیکەوە وەرگیراوە، ئەمە دەڵێم چونکە ئەزموونمان هەیەو چەندین نموونەی نیگەتیڤی وا هەیەو بەش زۆریشیان لە سەریان نووسراوە.

هۆکارێکی دیکەی نەبوونی خوێندنەوەی ڕژدی بۆ دەقی کوردی، ئەوەیە کە لەنێوان ئیرۆسی ئازاد بوون و لۆگۆسی کۆنترۆڵدا پنتێك هەیە، ئەویش ئازادی بیرکردنەوەیە، چونکە تێگەیشتنێکی پێشوەختە لەم نێوانەدا بۆ ئیرۆسو لۆگۆس هەیە، چ جای ئەوەی کە کۆنترۆڵ لەسایەی کۆمەڵگەی کوردیدا کە دەسەڵاتێکی نادیارە، لە زۆربەی ڕۆمانە کوردیەکاندا، هەست بەوە دەکرێ دەقنووسەکە لە نێوان خوێندنەوەو بیرکردنەوەدا، ئەو پنتەی وەرنەگرتووە کە بیرکردنەوەیە، بۆ ئەمە دەتوانم تارادەیەکی باش بڵێم هەناسەیەکی نەهیشتۆتەوە بۆ ئازادی نووسینو دەقی نوێ، تاکو ڕەخنە ئامادەیی ئەوەی هەبێت دەق شیتەڵ بکاتەوەو ئەو مانایە بەرهەمبێنێ کە هەم دانەر مەبەستێتی، هەم بەئاسانی دەگاتە خوێنەرو لاسایی کردنەوە نییە، ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوەیە کە ڕەنگە قەیرانی خوێنەریش هۆکارەکەی هەر ئەمە بێت، بەڵام ناتوانین بە تێکستی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، یان چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار بەگی جاف، ناوی دەقی خۆماڵی لێنەنێین، یان ڕۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەلوود مەم، چونکە دەقەکان

بریتین لەو خەونانەی کورد بۆ ژیانێکی شایستە هەیەتی، بەوپێیەی کە وازانراوە دەقی خۆماڵی بریتییە لەو تایبەتمەندییانەی کە موڵکی نەتەوەیەکە، یان دابڕانێکە لە نێوان تێکستی پێش خۆیو واقیعی خۆی کە دواجار دەبێتە ستایلو لەڕێگەی لاساییکردنەوەوە دەناسرێتەوە، بەڵام کە دەبینین هیچ دەقێکی کوردی توانای ئەو بەرگرییە ناسیونالیستیە بەرامبەر بەدەقێکی بیانی بکات، واتە جودا ناکرێتەوە، کەواتە ئەدیبی کوردی لە هەوڵی ئەوەدا نەبووە ئەدەبیاتی کوردی بگەیێنێتە ئەوانی تری بیانی، ئەگەرچی ئەدەب هیومانیستییە، بەڵام زمان یەکێکە لە کۆڵگەکانی نەتەوە، ئەدی بۆچی ئەدیبی کورد بەزمانی کوردی دەنووسن؟، بۆچی مەبەستیان نییە بیگەیێنە کتێبخانە جیهانییەکان؟. ئەمانە ئەو پرسیارە بێ وەڵامانەن کە لەپەراوێزی ناسیونالیزمو ئەدەبدا هەمیشە بوونی هەیە.

## شەپۆلی رۆماننووسی

ئەو جۆرە دەقانەی ئێستا هەڵگری شوناسی رۆمانن، بەپێی هەڵسەنگاندنی نوێ، خەمێکی دیکەی هەڵگرتووە کە جودایە لەو خەمەی رۆماننووسی سەدەکانی رابردوو هەڵیان گرتبوو، بۆچی، چونکە بەپێی تێگەیشتنی، (ماڵکام برادبری) کە رەخنەگری رۆمانە، جیهانی ئەمڕۆ بە هەموو واژەو کەرەستەکانییەوە ستایلی ژیانی گۆڕی، ئەوەی تاکو دوێنێ بە ولاخو پەیتونو ماشینی خاو پێویستییەکانی ژیانی پێ بەڕێدەخرا، ئەمڕۆ هەموو کەس خاوەنی ماشینی زۆر خێرایەو پەڕەو هەموو کەس دەتوانێ بەهرەمەند بێت لەبەکارهێنانی شەمەنەفەرو فرۆکەو زەمینەی گەشت لەسەدەکانی رابردوو فراوانترە، کەرەستەکانی وەکو تەلەفۆنو تەلەفزیۆنو فۆتۆگرافو ریکۆردکردن، هەموو بەئامێرێك دەکرێت کە خوێندەوارو نەخوێندەوار هەیانەو دەتوانن رۆژنامەنووس بنو دەرهێنەری کورتە فیلمی ژیانی خۆیان بنو یادەوەریەکانی خۆیان بەئاسانی تۆمار بکەن، بۆیە ئەو شەپۆلە رۆماننووسەی ئێستا هاتوونو یەك ئاڕاستەیان داوە بەخوێنەر، رۆماننوسی بیرکەرەوە نین، ئامانجەکەشیان ئەوەیە لەڕێگەی ئەو دەقە ناکامڵانەوە خوێنەر بیر نەکاتەوە، یان لانیکەم لە تێکستی فکری دوور بکەوێتەوە.

(بۆلیس کزۆیز) بیرمەندێکی ئەدەبیەو لە بارەی پرسی گۆڕینی جیهانو بەهۆکاربوونی هونەر وەك میکانیزمێك بۆ ئەم گۆڕینەوەیە لە بەهایەکەوە بۆ بەهایەکی دیکەی جیاواز، ئارگۆمێنتی بەهاداری بەیان کردووە، بۆ نموونە ئەوەی لەنێوان هونەرو سیاسەتە، هێشتا

وەڵامی ڕژدی وەرنەگرتووە کە ئایا پەیوەندییان هەیە پێکەوە، یان نا؟. ئەو لە توێژینەوەیەکدا باس لەوە دەکات، گوایە لەدوای هاتنە ئاراوەی دەست شکاندنەوە لەنێوان نازیزمو بەناو سۆسیالیزم، هێزێکی دیکەی کۆلۆنیالیزمو داگیرکەری هێزە گەورەکانی وەکو بەریتانیاو فەرەنساو تورك هاتنە ئاراوەو ململانێیان هەبوو، تاوەکو زیاتر وڵاتو خاکی گەلان داگیر بکەن، ئەمە بووە هۆی ئەوەی هونەر بخزێتە نێو سیاسەتەوەو بکەوێتە خزمەت هێزە بەناو شۆڕشگێڕەکانەوە، تاکو لەو ڕێگەیەوە وڵاتو خاكو شەرەفو ئەخلاقو کولتوورو زمان وەکو واژەو وتراوی بەردەست، وەکو بەرگریکارێك لەدەستی داگیرکەر رزگار بکەن، یان هەستی بەرگری زیندوو بکەنەوە.

ژینگە هۆکارێکی دیکەی درووستکردنی کارێکتەرە، بەدەستهێنانی زانیاری ئاسانترە لەجاران، ئەمانە هەموو حاڵەتی سایکۆلۆژی مرۆڤی ئەم سەردەمەن کە لەگەڵ مرۆڤی رابردوو جودای کردۆتەوە. بۆیە رۆماننوس ناتوانێ وەکو بالزاك پاڵەوانێکی وەکو باوکە گۆریۆیەکی تر بخوڵقێنێ. کەواتە ئاسان نییە رۆماننوسی بتوانێ خوێنەری ئێستا رازی بکات، ناتوانێ ناچاری بکات خۆی لەدەقەکەدا ببینێتەوە، ناتوانێ زەمینەی بۆ سازبکات بیربکاتەوە، چونکە رۆماننوسەکە خۆی کەسێکی بیرکەرەوە نییە.

"ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر بەلای رۆماندا رادەکێشێت، ئەوەیە، گوایە رۆمان ئەو ژانرەیە کە شێوازێکی دیاریکراوی نییە، لەراستیدا پێچەوانەکەی راستە، رۆمان پێویستی بەدژوارترین شێوازە، شێوازێك کە بەتەواوەتی خۆی دەکاتە پەیڕەوی بابەت، هەر لەبەر ئەمەش دەتوانین بیر لەنووسەرێك بکەینەوە کە هەریەك لە رۆمانەکانی بە شێوەو شێوازێکی جیاواز دەنووسێت". لەسەرەتای هەزارەی سێهەمەوە شێوە نووسینێك پەیدابوو لەنێو ئەدەبیاتو بەتایبەتیش بەناو رەخنەی ئەدەبی، گوایە زمانی بونیادگەراکانەو نووسینەکانیان بەتەواوی لەسەر نووسەری نوێ رەنگیدابۆوەو ببوو بە جۆرە نەخۆشییەکی نووسین کە گوایە پڕ لەمەعریفەی نوێ یە، بەڵام ستایلەکە تەمەنی کورت بوو، چونکە هەم بەسەر دەقی کوردییەوە جێبەجێ نەدەکرا، هەم نەیانتوانی هیچی نوێ لەبارەی دەقو ئەدەبی کلاسیکی کوردی بدرکێننو مۆرکی فکری کوردی، وەکو بونیادو زمانی گەشەسەندووی کوردی وەربگرێت، لەحاڵێکدا بیرمەندێکی وەکو (میخاییل باختین) خۆی ئەم جۆرە زمانە بۆ قسەکردن لەسەر ئەدەب رەتدەکاتەوە، "باختین بانگەشەی ئەوە دەکات کە (فێردیناند دی سۆسێر) جۆرەکانی قسەی فەرامۆش کردووە.

له هەموو ئەمانە گرینگتر ئەوەیە کە گوتەیەك هەیە دەڵێ " رۆمان لە چاپخانە لە دایك بووەو سوودەکەشی هەر بۆ چاپخانەیە". سۆسیۆلۆژیستە ئابورییەکان پێیانوایە پەیوەندی بازاڕ بە دانەرەوە، پەیوەندی بەو جۆرە خوێنەرەوە هەیە کە کەمتر لەگەڵ خوێنەری فکر، بیر دەکەنەوە، یان جیاوازیان لەگەڵ خوێنەری سیاسەت یان یاساو زانست هەیە، هەر ئەم تێگەیشتنەشە کە بازاڕی بۆ نووسەرو خوێنەر درووست کردووەو هەرچی زیاتر نووسەرەکان بەلای ژانری رۆمانەوە بچن، لەوێشەوە شانی خۆیان لەبیرکردنەوە خاڵی بکەنەوە، بەو پێیەی نەرۆمانووس کۆنتاکتی بە خوێنەرەوە هەیەو نە خوێنەریش دەتوانێ نووسەر ببینێ‌و لەسەر دیمەنێك یان هەڵەیەکی مێژوویی یان هەر کێشەیەك نووسەر دادگایی بکات، مەبەستم لەدادگایی ئەوەیە پشت لەو نووسەرانە بکەن‌و نەیانخوێننەوە، مەگەر خوێنەری دەق یان رەخنەگر بێت‌و دەقەکە دادگایی بکات، یان ئاشکرای بکات وەرگێراوە لەدەقێکی تر یان هەر شتێکی تربێت، بۆ ئەمەش خوێنەری رۆمان ناتوانێ رەخنەی ئەدەبی بخوێنێتەوە، تاکو نەبێتە کڕیاری کالایەکی بێ کەڵك لەبازاڕی وەهمی ئەدەبیدا، بەبڕوای (میلان کۆندیرا) هەر کردەیەك‌و حوکمێك کە دەخرێتەڕوو، ئەگەر رەخنەی لێنەگیرێت‌و تەتەڵە نەکرێت، دیفاکتۆ وەردەگرێت‌و جێکەوتە دەبێت‌و رەخنەگرتنیش دەبێتە هێڵی سوور، هەروەها چاکەو خراپەش تێکەڵ دەبن، ئەدەبیش بەبێ رەخنەو تیۆری رەخنەیی، نەوەك بابەتێکی جۆری دەمێنێتەوە، نەبەهای دەبێت، لەکاتێکدا ئەدەب راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سۆسیۆلۆژیاو سایکۆلۆژیاو زانست‌و مێژوو هەیە، کەواتە ئەدەب فەزایەکە سنوورەکان دابەشدەکات، کەوابوو رەخنە پێوەرێکە هەم لەناو زمان کارایەو هەم بەردەوامی‌و ڕەوایەتیدانە بە جیاوازی مەعریفی.

له بنەمادا رەخنە جۆرێك لە چێژوەگرتنی خوێنەری تێکستە لەنێو فەزای خوێندنەوەدا، بەتایبەتی ئەوکاتەی جیاوازی یان لێکچوون لەنێوان تێکستێك‌و تێکستێکی دیکە ئاشکرا دەبێت، یان جیاوازی لەنێوان تێکست‌و ماناو مەبەستی ئیستاتیکیدا روون دەبێتەوە کە رەخنەگر، یان خوێنەری تێکستە ئەدەبیەکە، وەکو باوکی دەقەکەو داهێنەرێکی ناوەوەی دەقەکە دەبینرێ. دواجار دەڵێم لەم سەردەمەدا ئەو شەپۆلە رۆماننووسییە رێگەی لە رەخنەش گرتووە، چونکە دەقەکان هێند لاوازن، بوارێکیان بۆ رەخنە نەهێشتووەتەوە.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١: امبيرتو ايكو. التاؤيل بين سيميائيات و التفكيكية. ترجمة و تقديم. سعيد بنكراه. دار المركز الثقافي العربي. بيروت. ٢٠٠٤. ص١٤٧

٢: عەلی عوسمان یاقوب. رۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکانو رەگەزە فرە رەهەندەکان. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. ٢٠١٩. ل٢٩٤

٣:فولفغانغ ايزو،افاق نقد استجابة القارىء. ترجمة.احمد بوحسن. الثقافة الاجنبية.العدد الاول. ١٩٩٤

٤: ئۆرهان پامۆك. رۆماننوسی سادەو رۆمانووسی بیرکەرەوە. وەرگێڕانی. بەکر شوانی. ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە. ٢٠١٦. ل٣٥

٥:بول ويست.الرواية الحديثة. ترجمة.عبدالواحد محمد. منشورات وزارت الثقافة والاعلام. سنة ١٩٨١.

٦:جيريمی هولون.مدخل لدراسة الرواية. ترجمة.غازي درويش عطية.دارالشؤن الثقافية العامة. ١٩٩٦.

٧: ئەلبێر کامۆ. یاداشتەکان. وەرگێڕانی بۆ کوردی. پێشڕەو حسێن. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی.٢٠١٤. ل١٢٦

٨: نزار ئاگری. ئەفسونی ئەدەب. وەرگێڕانی بۆ کوردی. شوان ئەحمەد. ناوەندی ئەندێشە بۆ فکرو هونەر. ساڵی ٢٠١٦. ل٦٢

# ئەزموونی تازەگەری

# خوێندنەوەی "ئەزموون"ەکانی دڵشاد عەبدوڵڵا

# لە ڕوانگەی ستراکچراڵیزمەوە"



چنوور فەتحی

## پوختە

هەر جۆرێك لە جۆرە جیاجیاكانی هونەر- شیعر، چیرۆك، ڕۆمانو پەخشان- لە ژێر ناوو ناونیشانی میتۆدێكی تایبەتو سەربەخۆ، بە سیستەمێكی نقیساریی دەێتە ئەژمار كە پشتی بە پێوەندیو چاوەڕوانیی بونیادیو ڕێكخستنی زمانیو بە گشتی بە پێشینەی تیۆرییە ئەدەبییە سەربەخۆو تایبەتەكان بەستووە. دیارە داهێنەریی لە میتۆدێكی دیاریكراودا، قەرزداری سەربەخۆییو تازەیی تیۆرییە پێش بونیادییەكانە كە واقیعی ئەو میتۆدە وەك ڕەوتێكی تایبەتو بە كەپاسیتیی پێشەنگبوونو بەردەوامی، گەرەنتیی دەكات. گەڵاڵەی بونیادیی سەربەخۆ وێڕای شێوەو شێوازی زمانیی شیاوو نوێباو، هاوڕێ لەگەڵ جیهانبینی ڕەهەندهەڵگر، لە بنەڕەتدا پێش گریمانەو لانیكەمی مەرجێكە كە هەر میتۆدێكی تازەو نوێ بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆییو پێناسەی پتەو پێویستی پێیەتی. "ئەزموون"ەكانی شاعیر دڵشاد عەبدوڵلا سێ كتێبن كە لەم وتارەدا لە ڕوانگەی ستراكچراڵیزمەوە لێكدانەوەیان بۆ دەكرێتو ئەنجامەكانی توێژینەوەكە پێمان دەڵێین كە ئەو بەرهەمانە لەبەر ئەوەی خاوەنی چەند تایبەتمەندییەكی وەك بەرجەستەسازی (ئاشنایی بێزی)، دەرچوون لە نۆرمو ڕێسای باوی نووسین، زمانی ئەدەبیو كورتو پوخت بوونن، وەك داهێنانێكی نوێباویش لە بواری نووسیندا بە كەڵك وەرگرتن لە بیرو بۆچوونی فۆرمالیستیو ستراكچرالیستی دێنە ناساندنو باسكردن.

## پێشەكی

لە سەردەمی فێردیناند دی سۆسێرەوە Ferdinand de Saussure پەرژانە سەر بونیادەكان بوو بە گرنگترین ئەركو كاری توێژەران لە ئاقاری زانستە جیاجیاكان بە ئەدەبیاتیشەوە. گریمانەی سیستەماتیك بوونی زمان، بوو بە هۆی ئەوەی ڕەخنەگران ئەدەبیاتیش بە سیستەمێكی سیستەماتیك وەربگرنو هەر ئەو جیاوازییەی ساوسوور لە نێوان زمانو ئاخاوتن، میحوەری جێنشینیو هاونشینی پێی قایل بوو، لە نێوان زمانی ئەدەبیو زمانی نائەدەبیدا ببینینەوە. ڕووكردی زماننناسە بونیادگەراو ستراكچراڵیستەكان، بەرامبەر بە دەركەوتەو لایەنە جۆراوجۆرەكانی زمانە. لەم تیۆرییەدا ڕەخنەگر هەوڵ دەدات دەركەوتەو لایەنە فرەچەشنەكانی ئەدەبیات" واتا ژانرە جیاجیاكانو چۆنێتیی پێشوێن كردن یاخود دەرچوون لە نۆرمەكان لێكبداتەوە. ئەم

وتارەی بەردەستتان، هەر وەك لە ناونیشانەكەیەوە دیارە، بەنیازە لێكدانەوە بۆ ئەپرووچ یان ڕووكردێكی بونیادگەرایانە بە پشتبەستن بە "ئەزموون"ەكانی مامۆستا دڵشاد عەبوڵڵا بكاتو دوای ناساندنێكی زانستییانەی ئەم ڕێبازە، ئەم كارانە وەك كۆمەڵێك دەقی ئەدەبی پێناسە بكات كە بە پێی تیۆرییەكانی بونیادگەرایی، ئامانجیان هێنانە ئارای فۆرمێكی نوێیە بە زمانو ئاوازو میتۆدێكی تازەوە.

بونیادگەرایی ستراكچراڵیزم Structuralism یەك لە تیۆرییە باوو ناسراوەكانی زانستە كۆمەڵایەتییەكانە. بە پێی ئەم میتۆدە فیكرییە، ژمارەیەك بونیادی نادیارو نابەرهەست، چوارچێوەی سەرەكیی دیاردە بێ ناوەكانی كۆمەڵگا پێك دێنن. میتۆدی بونیادگەرایی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم لە لایەن شرۆڤەكارانی زمان، كولتوور، فەلسەفەی بیركاریو كۆمەڵگاوە بە شێوەیەكی بەربڵاو كەڵكی لێ وەردەگیرا.

تا سەرەتاكانی سەدەی بیستەم، زۆربەی ئەو توێژینەوانەی دەكەوتنە ئاقارو سنووری ڕەخنەی ئەدەبییەوە، ڕوانین، شێوەو شێوازی لێكدانەوەو ڕاڤە خۆیان لە دەردەوەی دەقدا دەبینییەوە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستكەوتەكانی ساوسوور لە بواری زمانناسی، جۆرێك لە كەوڵاوكەوڵیی میتۆدۆلۆژیكی لە بوارەكەدا هێنایە ئاراوە كە هەر چەشنە لێكدانەوەیەكی دەرەوەی دەقی بەرپەرچ دەدایەوە. ساوسوور بە پێداگریی لە سەر گرێبەست بوونی زمان، سەلماندی كە فاكتەرەكانی دەرەوەی زمان هیچ كاریگەرییەكیان لەسەر زمان نییە.(١) لە دوای ئەویش یاكووبسن Jacobsen، ترۆبتزكۆی Trubetzkoi، هالیدی Halliday، زۆرێك لە فۆرمالیستەكان زۆر قووڵ ئەم تیۆرییەیان هەڵسەنگاندو بەرەو ئاقاری ئەدەبیاتیان ڕاكێشا. فۆرمالیستەكان لە سەر ئەو باوەڕە بوون كە فۆرمو شێوە كەرستەیەك نین بۆ دەربڕینی ناوەڕۆك، بەڵكوو ئەوە ناوەڕۆكە كە یارمەتیی بیچمگرتنی شێوەو فۆرم دەدات. بە بڕوای ئەوان ناوەڕۆك بە بەستێنو بواری گونجاو بۆ شێوە دێتە ئەژمار.(٢) ئەوان هۆگری دۆزینەوەی ئەو ڕێساو پرەنسیپانە بوون كە بەرهەمی ئەدەبیی بە هۆیانەوە دروست دەبێت، بەوەی ئەم ڕێساو پرەنسیپانە چۆن بەرهەمێكی ئەدەبی لە نائەدەبیی جیا دەكەنەوە. ئەم ڕەخنەگرانە بەم ڕوانگەی خۆیانەوە تەنها دەقیان دەكردە بناغەی كاری خۆیانو بەدەر لە دەقەكان گرنگییان بە ژیان، كەسایەتیو فاكتەرە دەرەكییەكانو نەدەدا.

ئەم گۆڕانكارییە زۆرانەش لە بواری ئەدەبیاتو ڕەخنەی ئەدەبیدا بوو بە هۆی بیچمگرتنی قوتابخانەی بونیادگەرایی یان ستراكچراڵیزم. ئەم قوتابخانەیە "دەیەوێ

سەرنموونەیەك لە خودی سیستەمی ئەدەبیات وەك سەرچاوەی دەرەكیی ئەو بەرهەمانەی لێكیان دەداتەوە، بەدەستەوە بدات."[٣] ڕەخنەگرانی بونیادگەرا بە كاری كەسانێكی وەك یاكوبسن، شتراوس Strauss، ڕۆلان بارت Barthes و... بە جەختكردنەوە لە سەر پێوەندیی نێوان توخمە پێكهێنەرەكانی نێو ستراكتۆرێكو پێوەندیی ناوخۆیی نێوانیان لە دیاردە جۆراوجۆرە ئەدەبی، كۆمەڵایەتیو كولتوورییەكانی كۆمەڵگاكان دەكۆڵنەوە بۆ ئەوەی كە توخمو بەشو پاژە سەرەكییەكانیانو پێوەندییان لەگەڵ بونیادێك، یان ستراكتۆرێكی گشتیدا بدۆزنەوە. بۆ نموونە لوویی شتراوس تیۆرییەك لە ئەنترۆپۆلۆژیادا گەڵاڵە دەكات كە بە پێی ئەو ناسینی هەر كولتوورو كۆمەڵگایەك تەنها لە ڕێگەی ناسینی بونیادی كولتوریی ئەو كۆمەڵگایەو پێوەندیی ناڤۆكییان مانای دەبێتو گەر بڕیار بێت ئەم چەمكانە لێكبدرێنەوە، تەنها لە ڕێگەی بەراورد كردنی بونیادە جیاجیاكانەوە مسۆگەر دەبێت.[٤] یان، هالیدیو حەسەن Hassan بۆ لێكدانەوەی یەكگرتوویی لە دەقێكدا، بونیادی گشتیی دەقەكە لە سێ بەشی پێوەندیی مانایی، لەفزی و نەحویدا شی دەكەنەوە. تۆدۆرۆڤ Todorow بە شێوەیەكی تر بۆ لێكدانەوەی گشتیی بەرهەمێكی ئەدەبی بۆ چەند بەش دابەشی دەكاتو دواتر هاوپێوەند پێكەوە ڕاڤەیان دەكات. ئەم بیرپارە پرسەكانی پێوەندیدار بە بەرهەمە ئەدەبییەكە بۆ سێ بەش" لایەنی ئاخاوتنی دەق، لایەنی نەحویو لایەنی مانایی دابەش دەكاتو دەنووسێت: ئێمە بۆ ڕاڤەو شیكردنەوەی بەرهەمێكی ئەدەبی دەبێ ئەم بەشو پاژانە بەرامبەر بە یەكدیی تاوتوێ بكەین.[٥] كەوابوو ڕاڤەی بونیادو ستراكتۆری بەرهەمێكی ئەدەبی بەو مانایە كە بەشو پاژەكانی ئەو بەرهەمە لە پێوەندیی لەگەڵ یەكدیو هاوپێوەند بە گشتێتیی بەرهەمەكە لێكبدرێنەوە. هەر دیاردەیەك بەشێكە لە گشتێك و تەنها لە هەناوی ئەو گشتەدا دەكرێ ئەو دیاردە بە شێوەی ڕاستو تەواو بێتە فامكردن. ئەم بابەتە تا ئەو ئاستە گرنگیی هەیە كە لە پێناسەی بونیاددا هاتووە: "لە بەرهەمی ئەدەبیدا بونیاد بە هەموو ئەو پاژو توخمانە دەگوترێ كە لە پێوەندیی بەرامبەركێیدان، تاوەكوو گشتێتیی ئەو بەرهەمە بهێننە ئاراوە.[٦]

بونیادگەراكان دەیانویست بەم میتۆدەوە كۆمەڵێك پرەنسیپو یاسای نەگۆڕو جێگیر بدۆزنەوە كە بونیادەكان بەپێی ئەوان بیچمیان گرتووە. گەر بڕیار بێت لە كۆكردنەوەیەكی كۆتاییدا، قۆناغەكانی ڕەخنەی بونیادیی بەیان بكرێت دەكرێ بڵێین ڕووكردی ڕەخنەی بونیادی لە سێ قۆناغ پێك هاتووە" ١-دەرهاویشتنی بەشو پاژە

پێکهێنەرەکانی بونیادی بەرهەمەکە ٢-لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان بەش‌و پاژەکان ٣-دەستنیشان کردنی دەلالەتێك کە لە گشتێتیی بونیادی بەرهەمەکەدا هەیەو ئامادەیی مانای تێدا مسۆگەر دەکات.(٧)

لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە، پێوەندیی مانایی، وشەیی‌و چۆنێتیی داڕشتنی بابەتەکان‌و بە گشتی توخمە زمانی‌و بونیادییەکانی پێکهێنەری بونیادی ئەو کتێبانەی بەناوی "ئەزموون"ەوە بڵاو بوونەتەوە، بۆیە دەبێ بە لە بەر چاوگرتنی سێ ڕێسای بەرجەستەسازی، زمانی ئەدەبی‌و دەرچوون لە نۆڕم لێکبدرێتەوەو بە دەسنیشانکردنی خاڵە جیاکەرەوەکانی دەق‌و زمانی ئاسایی لە دەق‌و زمانێکی ئەدەبی، بونیادو تانوپۆی ئەو کتێبانە تاوتوێ بکرێن.

## سنوورەکانی توێژینەوە




سێ کتێب بە ناوەکانی بەفرەلۆك (دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، نوخبی خواوەندێك (دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم ٢٠١٠)و کێڵگەی گەنم (دەزگای چاپ‌و بڵاکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم ٢٠١٨) ئەو کۆمەڵە کارەن کە شاعیر بەناوی "ئەزموون" چاپ‌و بڵاوی کردونەتەوەو بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکەی ئێمەش پێك دێنن. لەم سێ کتێبەدا خوێنەر بەرەو ڕووی کۆمەڵێك تەوەری سەیرو ناوازە دەبێتەوە. زمانی نووسینیان هاوکات کە شیعرئاسا و ئەدەبیە ئەوەندەش کورت‌و پوختە گوایە دەیەوێ بە کەمترین ڕستە زیاترین پەیامان بە گوێدا بچرپێنێ. ئەو تەوەرو بابەتانەی لە بارەیانەوە نووسراون هێند بەرین‌و بەربڵاون، خوێنەری نازیرەکی تێدا ون دەبێت‌و سەیر لەوەدایە کە خوێنەری زیرەکیش عەوداڵ و ون دەکات. ئەمیان عەوداڵی تێگەیشتن لەو هەموو سەرەداوەی لەو نووسینە کورتانەدا بەدەستەوە دراون‌و ئەویان ونبووی ناو دەریایەکی قووڵی بێبەری لە ڕزگاریکەری نوقمبوون. ئەم کتێبانە پێکهاتوون لە کۆمەڵێك بابەتی ڕەنگاڵەی بەپێز کە خۆیان لە چەندین لقی وەك مێژوو، گێڕانەوەو ڕەوایەتگەری، ئەفسانە، ڕاڤەو لێکدانەوەی قووڵ، پێناسەی ورد، کە

هەم دیاردەکانو هەم کەسایەتیو شوێنەکانیش دەگرێتەوە، بیروبۆچوونی تاکەکەسیو بیرەوەریو تاد..دا دەبیننەوە. ناوهێنانێکی زۆر لەم کارانەدا بەدی دەکرێت، ناوی زۆر نووسەر و بیرمەندو مێژووسازی جیهانیو لۆکاڵییان تیدا دەبرێت. باسی چڕوپڕ لە سەر بەسەرهاتی شاعیرە گەورەکانی کورد دەکرێت، نووسەر بە چەندین جار باسی بیرەوەرییەکانی خۆی دەکات، بەتایبەت ئەو بیرەوەرییانەی بەستێنی هزری هەنووکەییان بیچم داوە. خوێنەر لەگەڵ خۆی بۆ چەند سەفەرێکی پڕ دەستکەوتی ئەدەبی و هونەری دەباتو چۆنێتیی بوونی ئەو سەفەرانە بە هەوێنی شیعرو بەرهەمێکی دەگمەنی دیکە دەگێڕێتەوە. ئەمانە هەموو لە حاڵێکدایە کە وەك خۆی لە پێشەکیی کتێبی "کێڵگەی گەنم"دا ئاماژەی پێداوە بەشێکیان ئەو وتارو نووسینانەن کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەتەوەو بە پێی دەستکەتنەوەیان هەندێکیان لە کتێبەکەدا دانراونو لێرەوە بەردەنگو خوێنەر بەمانەوە ئاشنای هەڵوێستو بۆچوونی نووسەرو شاعیری ئەم کتێبانە دەبێت. "چوونە ژوانی شیعر" وەك خۆی دەڵێ و بە گشتی چۆنێتیی نوسینی بەرهەمە شیعرییەکانو تەنانەت ئەوەی کە هەندێ شیعری تایبەت لە چ باردۆخێکدا هاتوونەتە نووسینو ئەفراندن، یەکێکی دی لەو بابەتە سەرنجڕاکێشانەیە کە لەم کارانەدا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە چەند خاڵێك هەیە دەبێ ئاماژەیان پێ بدرێت. کتێبەکان، پێڕستیان نییە، کتێبی یەکەم، واتا بەفرەلۆك، بێ بەشو پاژو بە شێوەی یەکپارچە نووسراوە. ئەوانی دیکەش لە فۆڕمی کۆمەڵە وتارێکدان کە بە ناونانێکی تەواو ئەدەبییەوە هیچ لە ناوەڕۆکیان ناخەنەڕوو. یەکگرتوویی دەق یان ئەوەی پێی دەگوترێ (گونجان) یاخود Coherien لە نووسینەکاندا لاوازە. لەپڕ دەبینی لە باسی شاعیرانی کوردەوە کە دوایین پەرەگرافی لە سەر شێرکۆیە دەچێتە سەر باسی عەنکاوەو مێژووی ئەو شارۆچکەیە! جۆرێك لە شپرزەیی بە ڕەوتی کارەکانەوە دیارە، لە سەفەر بۆ فلۆرانسدا بە خێرایی لە حاڵێکدا کە خوێنەر چاوەڕێی بەردەوامیی گێڕانەوەی ئەو سەفەرنامەیەیە، باسی هونەری ئیسلامی دێنێتە کایەوە بێ ئەوەی کە پێناسەیەکی هونەری ئیسلامیو تەنانەت ڕۆژئاوایی بەدەستەوە بدات. لە زۆر جێگەدا باسەکان ئێجگار کورتو پچڕ پچڕنو دەکرێ بگوترێ تەنانەت خوارتر لە ئاستی ئاماژەدانێکی سەرپێینو لە تەوەرو باسەکاندا چڵاوچڵییەکی پڕ ئەژمارمان بەرچاو دەکەوێت. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە دەکرێ بڵێین ئەم ئەزموونانە، لای من ئەزموونی سەفەرێکن بە کەرستەیەکی نوێوەو بەرەو جیهانێکی نوێتر. سەفەرێکە بە ناو جیهانبینی یەك لە گەورە

شاعیرانی بە بیرو هزری کورد. سەفەرێکە کە بۆ بەردەوام بوون لەگەڵی دەبێ لە چەندین وێستگەدا دابەزیتو خۆت بە مەعریفە و ماناکان تەیارو ئامادە بکەیتەوە ئەگینا تا گەیشتنو کۆتایی توانای ڕێکردنت نابێ.

ئەوەی کە نووسەر خۆی ناوی ئەزموونی لەو کتێبانە ناوە، لە چەند ڕوانگەیەکەوە دەکرێ هەڵسەنگێندرێت. یەکەم ئەوەی کە ئاخۆ شاعیر نەیدەتوانی ناوی بیرەوەری یان کۆمەڵە وتار یاخود سەربوردەو یان هەر شتێکی دیکە لەم کارانە بنێت؟ ئاخۆ مەبەستی لەو جۆرە ناونانە چی بووە؟ ئەوەی کە شاعیرێك لە قەبارەو دوو تویی چەند کتێبێکدا ئەو هەموو باسو تەوەرو زانیارییەت بە سەردا دەبارێنێ، شاعیرێك کە بێ دەست پێوەگرتنو چاوچنۆکی بەرەو ناسینو مەعریفە ڕێنماییت دەکاتو بە شێوەی ئاماژەیی یان پاڵەکی دەیەوێ پاڵنەرێك بێت بۆ بەدواداچوونو تێگەیشتنی زیاتری خوێنەری جیددیی، هەم لە ڕووی ناوەڕۆكو هەمیش وەك فۆڕمو شێوازی نووسینو لە کۆتاییدا بڕیار دەدات بە ناوی "ئەزموون"ەوە پێشکەشیان بکات، خۆی لە دوو حاڵەتدا دەبینێتەوە. نووسەر لەم کارانەدا هەم باسی ئەزموونەکانی خۆیمان بۆ دەکاتو هەم ناڕاستەوخۆ تەجروبەیەکی دیکەی لە ستراکتۆرو قەبارەی نووسیندا ئاراستە کردووەو ئەمەش لەوانەیە خۆی سەلمێنەری ئەو ئەنجامە بێت کە توێژینەوەکەی ئێمەشی لە سەر دامەزراوەو بریتیە لەوەی کە ئەمە خۆی ئەزموونی ڕووداوێکی نوێیە لە زمانو ئەدەبی کوردیدا.

سەرەتا کە ویستم دەست بەم لێکۆڵینەوەیە بکەم بیرم لەوە کردبووەوە کە بۆ ئەوەی کارێکی تازەو داهێنەرانەم کردبێت باشتر وایە توێژینەوەیەك لە سەر ئەو بەرهەمانە بکەم کە مامۆستا دڵشاد لە بارەی شیعرەوە بڵاوی کردوونەتەوەو ئەوەی ڕاستیی بێت نازانم بە چ هۆیەکەوە لای من زیاتر وەك تیۆریی شیعرو پێناسەکانی شاعیر خۆی بۆ شیعرو جیهانی شاعیریی دەهاتنە پێش چاو. بەڵام دواتر کە داوام لە خۆیان کردو بەڕێزیان بە دڵفراوانییەوە کتێبەکانیان بۆ ناردم، یەکەم ڕوانین هیچ چاوەڕوانییەکی منی جێبەجێ نەکرد. من بە دوای دەقێکی تیۆریکی ئەدەبییەوە بوومو ئەو کتێبانەی کە ئێستا دەمدیتو بە ناوی "ئەزموون"ەوە بڵاو ببوونەوە بە هیچ شێوەیەك ئەوە نەبوون. من دەمویست باسی شاعیرێك بکەم کە نووسەریشەو لە سەر تیۆریی شیعر دەنووسێت. بەنیاز بووم توێژینەوەیەکی نێوان دەقی ئەنجام بدەم کە چاوێکی لە سەر دەقە شیعرییەکانەو بە چاوەکەی دیکەی لەو تیۆرییانە دەڕوانێو دەیەوێ کاریگەرییان لەسەر بەرهەمە شیعرییەکان دیاریو دەستنشان بکات. مەبەستم ئەوە بوو بە دیاریکراوی لە

سەر سنووری نێوان زمانی ئەو تێکستانەی شاعیرێك نووسیویەتیو زمانی شیعریی شاعیر لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا بدوێم.

لەو "ئەزموون"انەدا نەك تیۆریی نابینی بەڵکوو شێوازێك لەو نووسینە باوە چوارچیوە بۆ دارێژراوە باوو ئاساییەش بەدی ناکەی کە زۆربەی هەرە زۆری هۆگرانی نووسینو چاپو بڵاوکردنەوەی کتێب پێی دەنووسن. هەر بۆیە ڕەوتی نووسینی وتارەکەی منیش گۆڕانی بەسەردا هات. ئەوەی پێشتر بێ خوێندنەوەی ڕژدیانەی کارەکان بە نیازی جێبەجێ کردنی بووم، بە تەواویی هەڵوەشایەوەو ڕووکردێکی دیکەم، هەڵبەت دوای وردبینییەکی زۆر لەبارەی هەر سێ "ئەزموون"ەکەوە، دەستنیشان کرد. ئەمجارەیان دوای خوێندنەوەیەکی وردتری ئەو سێ کتێبەو بەو ڕوانگە توێژەرانەوە کە میتۆدی کاریی خۆمە وەك نووسەری ئەم وتارەی بەردەستتان، گەیشتمە ئەو ئەنجامە کە دەتوانم بە لەبەرچاوگرتنی سکلێتی کتێبەکانو دیاریکردنی فۆرمو بونیادیانو هاوکات دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی بواریان بۆ ناساندنی ئەو کارانە وەك سێ تێکستی ئەدەبیو هونەریی نوێباو دەستەبەر کردووە، توێژینەوەیەکی شیاوی ئەو "ئەزموون"انە بەدەستەوە بدەم.

## پێشینەی توێژینەوە

باسکردن لە ستراکتۆرو فۆرم لە ڕەوتی سەرهەڵدانی میتۆد یان شێوازێکی نووسین، کە لە کۆتاییدا دەبێتە دەرهاویشتەی باسەکە، یان بە شێوەی جیاوازو دەسنیشانکراو لە سەر ئەم نووسەرەو بەرهەمەکانی یان تا ئێستا لێکدانەوەو توێژینەوەی بۆ نەکراوەو یاخود بەرچاوی منی نووسەری وتارەکە نەکەوتووە.

بەڵام ئاماژەدان بەو ڕاستییەش لێرەدا بێجێگە نابێت گەر بڵێم وەك شێوازی باوی ئەم جۆرە کارانەیەو پێویستە بگەڕێی بۆ نموونەی هاوچەشنی ئەو وتارەی دەینووسی یاخود ئامادەت کردووە، گەڕان لێرەداو بۆ ئێمە هیچ دادێك نادات. ئێمە بەداخەوە پێگەو بەستەرێکی ئەوتۆمان نییە بە پێی ناوەرۆكو سەردێڕو یان هەر فاکتەرێکی دیکە کە گونجاوە بۆ ئەو جۆرە پێگانە، وتارە زانستیو تۆکمەکانی یەکدی تێدا ببینینو سوودی لێوەربگرین. منی توێژەر کاتی نووسینی وتارێك کە هەموو مەرجەکانی وتارێکی زانستی بیگرێتەوە، تووشی چەندین کێشەو گرفت دەبم. هەر لە دۆزینەوەی سەرچاوەو ڕێفرێنسی پێوەندیدارەوە، هەڵبەت بە زمانی کوردی، تاوەکوو لە بەکارهێنانی چەمكو دەستەواژەکاندا خوێنەر تووشی سەرلێشێوان نەکەین، بۆ بینینەوەی ئەو توێژینەوانەی

پێشتر له سەر هەمان مژار ئەنجام دراون‌و هەروەها بوونی تریبوونێکی شیاو که ئەرك‌و ماندووبوونت به هەند بگرێت‌و ئەڵقەیەك بێت له زنجیرەیەکی باوەڕپێکراوو جێ متمانه. تا هەموو ئەم مەرجانەش جێبەجێ نەبن بێگومان له بازنەیەکی باتڵدا دەسووڕێینەوە.

ئەم وتاره بانگەشەی ئەوە ناکات که یەکەم کاره لەم بوارەدا، بەڵام بێ ئاگادارییی له هەر بەرهەمێکی شیمانەکراوی هاوشێوەی دیکەش ڕێگەی خۆی بڕیوەو هاتۆته نووسین‌و چاپ بوون. که باسی چاپ بونیش هاته ئاراوه با ئەوەشی لێ زیاد بکەم که بۆ زیاتر له هەشت یان نۆ ژمارەیه لوتف‌و گەورەیی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری "نما"م بەرکەوتووەو هەر ئەوەش ئەرکداری کردووم جار له دوای جار زەحمەتێکی زیاتر به کارەکانەوە بکێشم‌و شتێك ئاماده بکەم، تا ڕووی ئەوەی هەبێت داوای پۆرتاڵێکی گشتی بۆ نەتەوەکەی بکات.

نازانم دەبێ بڵێم بەداخەوە یان به خۆشحاڵییەوە من لەو کەسانەم که نامەوێ وتارێك که به زەحمەت‌و ماندووبوونێکی زۆرەوە دەینووسم له تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان‌و له پەیجی تایبەتیی خۆم دایبنێم که زیاتر له سێسەد کەس نایبینێت‌و لەوانەیە زیاتر له ده بۆ بیست کەسیش نەیخوێنێتەوە. بۆیه لەم بڕگه زەمەنی‌و لەم پێگه جوگرافیاییه هەنووکەییەمدا (نما) بۆ من بۆته ماڵ‌و پەناگەیەکی دڵنیا.

## چوارچێوەی تیۆریك

### ١-ستاکچراڵیزم وەك ڕووکردێکی تیۆریك

بانگەشەکەران‌و پێشەنگەکانی ستراکچراڵیزم له دوای ڕێبازی فۆرماڵیزمی ڕووس بۆ ڕەخنەگرتن له تێکستەکان‌و ڕەوته ئەدەبییەکانی جیهان، بانگەوازی پێگەیەکی تایبەت بۆ خۆیان هەڵدەدەن. بونیادگەرایی به بزووتن له لێکدانەوەی زمانیی بەرهەمه ئەدەبییەکانەوە، هەوڵی خۆی بۆ دۆزینەوەو پێناسەکردنی یاساو ڕێسا بونیادییەکان نەك هەر له بەرهەمه دیاره تاقانەکاندا، بەڵکو لەبارەی هەموو ڕەوته ئەدەبییه گشتییەکانەوە خسته گەڕ. ئەم ڕێبازه به جووڵەی ڕوو له گەشەی خۆ بەنیاز بووەو هەیه تاوەکوو وردترین‌و لۆژیکیترین بنەماکان بۆ هەڵسەنگاندن‌و دادوەریکردنی ڕەوته ئەدەبییەکان دەستەبەر بکات. ئەوان له سەر ئەو باوەڕەن که ئەو بونیاده یەکگرتووەو پتەوە که ڕەوته ئەدەبییەکان‌و تەنانەت زانسته جیاجیاکان بەرەو یەکگرتوویی ببات.




قوتابخانەی ستراکچراڵیزم بە دوورخستنەوەی کەمو کورییەکانی ڕیبازی فۆرمالیزم لەوانە "گرنگی نەدان بە ماناو ناوەرۆك"ی[٨] بەرهەمە ئەدەبییەکان دەستی بە وەسفی شێوەیی بەرهەمە دیارەکانو سیستەمی ئەدەبی کرد، بە جۆرێك لەم ڕێبازەدا پرژانە سەر ئەدەبیات لە پاڵ پرژانە سەر مانادا جێگیر کراوە. ستراکچراڵیزم گەر بە باشی دەرك بکرێت نەك هەر بە شێوەی قەتیسماو لە زیندانی فۆرمدا پێوەندیی لەگەڵ ڕەوتە ئەدەبییەکاندا ناپچرێت، بەڵکوو بە وردبینی لە ئاستە جۆراوجۆرەکانو هەندێجار دژبەریشدا بەرەو ڕووی دەبێتەوە. بونیادگەرایی یان ستراکچراڵیزم لەو توخمو مۆدێلە نەگۆڕو گشتگیرانە دەگەڕی کە بکرێ بە هۆیەوە دیاردەو شۆڕشە ئەدەبییەکانی پێ وەسف بکرێت.[٩] بە لەبەرچاو گرتنی تەوەرە فیکرییەکانی ئەم قوتابخانە، دەکرێ ڕەوتی ئەدەبیی ئەو ئاقارەی شاعیر دڵشاد عەبدوڵڵا بە ناوی "ئەزموون"ەوە بڵاوی کردوونەتەوە لە ڕوانگەی بونیادیو ماناناسییەوە تاوتوێ بکرێت. جگە لە هەندێ بابەتی وەك سەمبۆلیزمی کۆمەڵایەتی، ئەفسانەگەرایی، مێژووزانی، ڕەوایەتگەراییو... کە لەو کتێبانەدا زۆر بەچاو دەکەون، دەکرێ دژە نەریتیی بونیاد، کەتوارگەرایی داهێنەرانە، ئاوازو دەربڕینی شاعیرانەو ...بە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەم کارانە لە قەڵەم بدرێت کە لەم وتارەدا هەوڵ دراوە میتۆدیكو بە هێنانەوەی نموونە ئاماژەیان پێ بدرێت.

ستراکچراڵیزم ڕێبازێکی فیکریی گرنگەو نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم لە پانتایی فەلسەفەو زانستە مرۆییەکاندا هاتە ئاراوەو بوو بە سەرچاوەی گەلێك کاریگەریو تازەگەریی ڕاڤەیی. ئەم ڕێبازە، لە دەیەی ١٩٥٠وە بە گشتی لە فەڕەنسا پەرەی سەندو تا دوو دەهەی دواتر لە نێو توێژەرو ئەکادیمیستەکانی ئەورووپاو ئەمریکا پێگەی زۆری بەدەستهێناو لە ئەنترۆپۆلۆژیا، فەلسەفە، جوانیناسی، ڕەخنەی ئەدەبی، دەروونشیکاریو تەنانەت توێژینەوە سیاسییەکانیشدا بە ڕێگەچارەیەکی شیاو دەهاتە ئەژمار. ستراکچراڵیزم لە لێکۆڵینەوە کولتوورییەکانیشدا وەك ڕووکردێکی گرنگ وەرگیراوە. بەرهەمەکانی ڕۆلان بارتیش بە لێکدانەوەی وتەزا کولتوورییەکان لەم بوارەدا پێشەنگ

بووه. هەنووکە بونیادگەراکان بەو هزرەوە دەستیان بەکار کردووە کە دیاردە کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکان، خاوەنو هەڵگری مانانو ئەنجام دەبێ دەلالەتەکانیان بکەوێتە ناوەندی توێژینەوەکانەوە. لەم ڕووەوە لە ڕاڤەی بونیادیدا جەخت لە کۆی پێوەندییەکانی نێوان بەشو پاژەکانی پێکهێنەری بونیادەکە دەکرێتەوەو بە ناسینو دیاریکردنی ئەم پێوەندییانەیە کە دیاردەیەك مانا وەردەگرێت.

دەرککردنی هزرو ڕامانی بونیادگەرا زۆر قورس نییە. گەر سەیری ماڵەکەی خۆمان بکەین ئەو بەشو پاژانەمان بەرچاو دەکەوێت کە لە پاڵ یەکدی دانراونو ئەم بەشانە بەو حاڵەتەیانەوە، گشتێتییەکی مانادار بە ناوی ماڵ یان خانوویان درووست کردووە. ڕیزی ژوورەکانو جۆری دێکۆرەیشنی کەرستەکان بۆ نموونە مێزو کورسیی نانخوادنو مۆبلو کەنتۆرەکانو ڕەنگی پەردە دەتوانێ لە ماڵێکدا شێوەو شێوازی جۆراوجۆر بەدی بێنێت، بەڵام ئەوەی بەردەوام نەگۆڕە خودی بونیادی ماڵەکەیە کە ماناو واتای خۆی دەپارێزێت. گەر سەیری پەیجێك لە یەك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بکەین کۆمەڵێك توخمی وەك لاپەڕەی سەرەکی، نووسینەکان، بەشی ڕاوبۆچوونەکانو وێنەکانی خاوەنی ئەکاونت یان پەیجەکە دەبینین کە پێکەوە بونیادێك بە ناوی پەیجیان بیچم داوە. لەوانەیە ئەم توخمانە لە پەیجەکانی دیکەدا بە هەمان شێوە نەبن، هەندێ شتی دیکەیان لێ زیاد بکرێتو یان بڕی شتی لێ بسڕدرێتەوەو ڕیزێکی جیاوازی هەبێت، بەڵام بەم حاڵەشەوە بە هەموو ئەو بزۆزییانەوە بنچینەو بنەڕەتی بونیادیی پەیجێکی تۆڕی کۆمەڵایەتیی دەمێنێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئەو ڕوانینەی ئێمە بۆ ماڵ یان ئاقاری پەیجێك هەمانە، ڕوانینو هزرێکی بونیادگەرایە.

### ٢-زماناسی و ڕەخنەی ئەدەبی

ڕەخنەگرانی ئەدەبو زماننا سان بەردەوام لە سەر ئەم بابەتە مشتومڕیان بووە کە ئایا دروستە لە لێکدانەوەی ئەدەبیاتدا کەڵك لە شێوازەکانی زماناسیی وەربگرین یان نا؟ کەم تا زۆر هەموو زمانناسەکان بە دڵنیاییەوە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەم کارە بە تەواویی دروستە، بەڵام دەتوانین بڵێین ڕەخنەگرانی ئەدەبی بە هیچ شێوەیەك پێی قایل نەبوونو بە گرژی بەرەو ڕووی ئەم تەوەرە دەبوونەوە. بیتسن (F.W. Bateson) لەو ڕەخنەگرە ئەدەبییانە بوو کە لای وابوو زمانناسی خاوەنی شوناسێکی زانستییە، لە حاڵێکدا کە ئەدەبیات وەك خۆی دەڵێ هەڵگری "شوناسی بە شێوەی خودی زەینی"یە

که ناکرێ لە ڕێگەی زانستەوە هەڵبسەنگێندرێ. ئەو هەروەها لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە لێکدانەوەی زمانناسانە، تەنهاو تەنها دەروازەی کاردانەوەی ئەدەبییە. دەیڤید لۆج David Lodg بەشێوەیەکی تر دەلێ تایبەتمەندیی خۆدی زمانناسیی نوێ، بانگەشەکانیەتی سەربارەت بە زانستبوونی. ئەمە لە حالێکدایە کە تایبەتمەندیی خودی ئەدەبیات ئەوەیە کە لەگەڵ بەهاکاندا بەرەو ڕووەو ناکرێ بە شێوەی زانستی هەڵسەنگاندن بۆ بەها بکرێت.[10] هەروەك چۆمسکی باوەڕی وایە، زمانناسی شێوازی دۆزینەوەو ئاشکراکردن نییە. ڕاڤەو شیکاریی زمانناسانە، کردەیەکی ڕێنماییکراوو نەرمو لخێزە. بەم چەشنە هەموو ئەو ناڕەزاییانەی بەرامبەر بە زمانناسیی وەك میتۆدو شێوازێکی میکانیکی دەخرێتە بەرباس، ڕەت دەکرێتەوەو نابەجێیە.[11] هەڵبەت فۆرمالیستی سەرەتایی وێڕای تایبەتمەندیی ماشینی یان مێکانیکی بوونی خۆی، بەدیهێنەری ئەم کەشە تەمو مژاوییەیە. ئەم وتەیەی یاکوبسن دەکرێ بکرێتە چرای ڕێگاو لە ناکۆکیی نێوان زمانناسانو ڕەخنەگرانی ئەدەبیی کەم بکاتەوە:

زمانناسێك کە گرنگیی بە کارکردی شیعریی زمان نەدات و توێژەرێکی ئەدەبی کە ئاوڕی ئەوتۆ لە پرسە زمانییەکان نەداتەوەو بە شێوازەکانی زمانناسی نائاشنا بێت، هەردووکیان بە جۆرێکی شەرمهێن، دواکەوتوون.[12]

### ٣-فۆرمالیزم و بونیادگەرایی

لە قۆناغی پازدە ساڵەی نێوان ١٩١٤ بۆ ١٩٢٩، تیۆریی ئەدەبیی ڕوسی بە فرێکۆنسێکی خێراوە بە چەندین قۆناغدا تێپەڕی. یەکەم قۆناغیش بیچمگەرایی (فۆرمالیزم)ی ڕووسی بوو. زمان یەك لە گرنگترین توخمەکانی ئەدەبو نووسینە لە قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕوسیاو لەلای کۆرپەکەشی کە بونیادگەراییە، لێکدانەوەی زمان گرنگیی زۆری هەیە. بنەڕەتی فیکریی ئەم ڕێبازانە زیاتر لە سەر دەرکەوتوویی تێکستە ئەدەبییەکانو نامۆییو دوورکەوتنەوەی لە زمانی ئاساییەو یەك لە ڕێگاکانی دەرخستنو زەقکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکانیش دەرچوونە لە نۆرمەکان.

لە نێو شاعیرانی کورددا دڵشاد عەبدوڵڵا لام وایە تەنها شاعیرێکە کە جگە لە بەرهەمە شیعرییەکانی خاوەنی نووسینی تۆکمەو پڕ ئەژماریشە سەبارەت بە شیعرو نووسینو ئەزموونە تاکەکەسییەکانی خۆی لە مەڕ شیعرو ژیانو جیهانی شاعیری. گرنگیدان بە بیرەوەرییەکانی ڕابردووی یەك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەوە لەم

جۆره کارانەیدا. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت لایەنو تایبەتمەندییەکانی ئەو بابەتانە بە کەڵك وەرگرتن لە بیرو بۆچوونی فۆرمالیستو سترەکچراڵیستەکان لێك بدرێتەوە.

فۆرمالیستەکان هیوادار بوون بتوانن ڕەخنەی ئەدەبیی بۆ زانستێك بگۆڕن کە خۆی بۆ خۆی خاوەنی تەوەرێکی توێژینەوەیی تاكو تاقانە بێت. بابەتی شیاوو گونجاو بۆ ڕەخنەی ئەدەبی لای ئەوان، تەوەرێك بوو کە لە ڕوانگەی یاکوبسنەوە بە ناوی "ئەدەبی بوون"ی دەقەوە ناوی دەبرا. واتا ئەو شتەی ئەدەبیاتی لە هەموو دیاردەکانی دیکە جیا دەکردەوە.

بونیادگەرایی بە هۆی پێشینەی خۆیەوەو هاوشێوەییو وێکچوویی گشتیی بەتایبەت لەگەل فۆرمالیزمی قۆناغەکانی ناوەڕاستدا هەیەو بە ڕادەیەکی زۆر ئاوێتەی تیۆرییەکانی فۆرمالیزم دەبێتو هەندێجار جیاکردنەوەیان لە یەکدی ئەستەم دەبێت. بە هەر شێوەیەك پرسیاری سەرەکیی دەرهەستی فۆرمالیستەکان ئەوە بوو کە ئەو شتە چییە دەقە ئەدەبییەکان لە بەڵگەی دەوڵەتی یان وتارەکانی ڕۆژنامە جیا دەکاتەوە؟ ئەوان لە هەوڵەکانیاندا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو  پرسیارە کە ئەدەبیات چییە؟ لە سەر لایەنە فۆرماڵەکانو فۆرمە تایبەتییەکانی ئەدەبیاتو هەروەها ئەو زمانەی ئەدەبیات بەکاری دەهێنا، چڕ بوونەوە" فۆرماڵیستە ڕووسییەکان لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەدەبیات لە ڕێگەی بەکارهێنانی پانتاییەکی بەرین لە "ئاسانکاریی" ئاشنایی‌بیز، زمانی خۆی لە زمانی نائەدەبیی جیا دەکاتەوە. ئەوان هەنگاوی دوایی تەوەری ئاشنایی‌بیزییان وەك هێزی پاڵنەرو مۆتیڤی ئەدەبیات ڕەچاو دەکردو باسیان لەوە دەکرد کاتێك کە فۆرمە باوەکانی ئەدەبیات ئاشنا بنو جۆرێك لە ئۆتۆمێکانیك یان وەك دەگوترێ خۆبزێوی تێیاندا سەرهەڵبدات، ئەدەبیات بە خۆ دوورخستنەوە لەو فۆرمانەی کە بە تەواویی ئاشناو ناسراوو دووبارەن، دیسان خۆی نوێ دەکاتەوە. میراتگرانی فۆرماڵیستەکان واتا بونیادگەراکانی پراگ، بنەڕەتی کاری خۆیان لە سەر جیاوازییەکان دامەزراندووەو بەڵگاندنیان کردووە کە تێکستی ئەدەبی بونیادێکە لە جیاوازییەکان پێکهاتوو. جگە لەمانە ئەو بوارو بەستێنەی توخمی ئاشنایی‌بیز پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی بتوانێ بەرجەستەیی بوونی خۆی تێدا بخاتەڕوو، بە ڕاستی بارتەقای خودی ئەو توخمە گرنگە. بەرجەستەسازی کاتێك ڕوودەدات کە بوار یان بەستێنێکیش بوونی ببێت. هەموو ئەمانە لە نێو  بونیاد یان ستراکتۆرێکی یەکەدا کار دەکەنو پێکەوە

دەرکەوتەکانی تێکستی ئەدەبی بەدی دێنن‌و لە کۆتاییشدا دەقی ئەدەبی لە دەقەکانی دیکە جیاواز دەبێت.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، دەستکەوتەکانی بونیادگەرایی لە بواری بەرهەمی ئەدەبیدا بۆ دوو بەش دابەش دەکرێت:

١.ئەو باسانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بیچمیان گرتبوو لەوانەش، بەرهەمی فۆڕمالێستە ڕووسەکان، مە گرنگترین خاڵیش تێیدا فۆڕم‌و شێوەی بەرهەمی ئەدەبی بوو.

٢.ئەو باسانەی لە دەیەی ١٩٥٠بەدواوە، زیاتر لە فەڕەنسا، بە شێوەیەکی وردو ڕێك‌و پێك گەڵاڵە کراون‌و بە شێوازێکی تازە بە لێکدانەوەی دەقەکان گەیشتووە، کە ڕۆلان بارت ناوی "لێکدانەوەی بونیادیی دەق"ی لێناوە.

دەوری گرنگی پێشەنگەکانی بونیادگەرایی بە تایبەت فۆڕمالێستەکان لەم پۆلێنبەندییەدا دیارە.(١٣)

## زمانی ئەدەبی

میتۆدی یاکوبسن لە سیستەماتیك کردنی پرۆسێسی پێوەندیی بە ناوکۆی زمان، ڕووکردێکی زماناسانە بۆ لێکدانەوەی چۆنێتیی دەوری شاعیرانەی زمان بەدەستەوە دەدات. یاکوبسن گرنگیی زیاتری بە دەورو ڕۆڵی ئەدەبیی زمان دەداو جەختی لەسەر ئەو خاڵە دەکردەوە کە بەرجەستەسازی کاتێك دێتە ئاراوە کە کاتی درووستبونی پێوەندی، ڕووگەی پەیام بەرەو خودی پەیامەکە بێت.(١٤) "کاتێك کە توخمە زمانییەکان، تەنها کەرستەی گەیاندنی پەیام بن، یان بە دەربڕینی دی بۆ دروستکردنی پێوەندیی کەڵکیان لێوەربگیریەت‌و بەس، لەگەڵ زمانی ئاخاوتن سەروکارمان هەیە. بەڵام ئەگەر پەیامەکە بە شێوەیەك بەیان بکرێت کە بەهای زمانیی زیاتر لە بەهای زانیاریی بێت، ئەوا لە "زمانی ئەدەبی" نزیك بووینەتەوە".(١٥) ڕاجر فاڵر باس لەوە دەکات کە ئەوەی یاکوبسن بە ناوی "کارکردی شیعری"یەوە ناوزەدی



دەکات، گرنگیی ئەدەبیات لەوەدا دەبینێت کە ستراکتۆری دەق چۆناوچۆن بە مەبەستی بەرجەستەکردنەوەی توخمە جەوهەرییەکانی ڕێك دەخرێت.[١٦]

لە ئەزموونەکانی دلشاد عەبدوڵڵادا گەر نەڵێین بەردەوامو لە هەموو لاپەڕەو ڕستەیەکیدا، لانیکەم بۆمان هەیە بڵێین لە هەموو باسو تەوەرەکاندا بە حەتمی تووشی زمانی ئەدەبیو واژەو دەربڕینی شاعیرانە دەبینەوە. چما شاعیر لەم شێوازە لە نووسینیدا نە وازی لەو زمانە شیعرئاساو ئەدەبییە هێناوەو نە ئەو وازی لە ئەم هێناوە. هەر وەك نووسەر خۆی لە پێشەکیی ئەزموونی نوخبی خواوەندێکدا دەڵێ: "ئەم جۆرە نووسینە بۆ شاعیر وەك ئەوە وایە کە لە ماڵی خۆتەوە بگوازیتەوە بۆ ئوتێلو لەوێ لەگەڵ جێنشینەکانی سێ ژەمە نان بخۆن و... شیعر ماڵی ڕاستەقینەی شاعیرەو ئەوەی تر کە دەینووسێ دەبێتە یەدەگو ماڵی کاتی." خوێندنەوەیەکی وردی ئەو بەرهەمانە دەریدەخات کە نووسەری شاعیر بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری ئەو شێوازی دەربڕینی شاعیرانە نەبووەو لە پەسا بیرت دێنێتەوە کە نووسەری ئەم تێکستەی دەیخوێنیتەوە شاعیرەو بەو زمانو هەستە تایبەتییەی خۆی لەگەڵت دەدوێ:

دیمەنەکان وەك بزمار دەچەقن لە گلێنە. (کێڵگەی گەنم، لاپەڕە٦ )

هەموو زاتێك باجی خۆی هەیە، ئەو باجە هەر دەبێ بدرێ، ئەمەش جۆرێکە لە قەدەر. (نوخبی خواوەندێك، لاپەڕە١٤)

منداڵی دیوێکی تری پەنهانی گەورەیە لە بووندا. وەکو کۆڵانێکە درێژ بۆتەوە لە هەناوی شاردا، ئەویش درێژ بۆتەوە لە گەردووندا، بۆ هەر کوێ بچی هەر بۆنی ئەوە، هەر ڕەنگو دەنگی ئەوە، سێبەرێکە تا ناو گۆڕ دێژ بۆتەوە. (بەفرەلۆك، لاپەڕە ١٢)

## بەرجەستەسازی (ئاشنایی بێزی)

"زمان کاتێك "ئەدەبی"یە کە وشەکانی بە پێی میحوەری جێنشینی هەڵبژێردرێنو لە سەر میحوەری هاونشینی، بە شێوەیەکی تایبەت جێگیر بن. کەوابوو، لە بە ئەدەبی بوونی زماندا دوو فاکتەری "هەڵبژاردن"و "شێوازی سەریەکخستنی وشەکان" گرنگیی زۆریان هەیە. ئەنجامو بەرهەمی ئەم دوو فاکتەرە، هەر ئەو شتەیە کە بە پێی زاراوەی

زماننا‌سەکان بە ناوی "بەرجەستەکردنەوە"ەوە ناو دەنرێت.(١٧) توێژەرانێکیش باوەڕیان وایە کە“ کاری سەرەکیی ئەدەبیات ئاشناییبێزی یان بە دەبڕینێکی دی دەستدرێژیی ڕێکخراو دژ بە زمانی هەواڵییە(١٨) چەمکی ئاشناییبێزی کە یەکەمجار ساڵی ١٩٦٧شکلۆفسکی گەڵاڵەی کردووەو دواتر لە لایەن دیترانەوە بە ناوی بیانیسازیو نەریتبێزیشەوە ناو نراوە، لە ڕاستیدا بریتییە لە هەموو ئەو تەکنیكو هونەرانەی کە زمانی شێعر و ئەدەبی لە بەردەنگەکان نامۆو بیانی دەکردو بە ئاشناییبێزی لە زمان، دژایەتیی ڕاهاتنە زمانییەکانی بەردەنگی دەکرد. ئەم تەکنیکە سەرجەم تایبەتمەندیەکانی زمانی ئەدەبیی لە هەموو جۆرەکانی کێشو مۆسیقاو گونجاندنە واژەییو مینۆکییەکانو خەیاڵی شاعیرانەو تایبەتمەندیی زمانیی پێچەوانەی زمانی سروشتی و ئاسایی دەگرتەوە.[١٩] گرنگیی بەرجەستەسازی و کارکردە تایبەتیەکانی لە زماندا، ڕوونە“ بەڵام کێشەیەك کە




لێرەدا هەیە ئەوەیە زەحمەتە سنووری نێوان نۆڕمو نانۆڕم دیاریی بکرێت، تا دواتر بکرێ زمانی بەرجەستەکراو بە ڕەچاوکردنی لادان لە نۆڕمەکان بدۆزرێتەوە. هەروەها پێویستە بڵێین نۆرم دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە. دیسان دەبێ بڵێین ماناو واتای ڕێسا خۆی بگۆڕە. ژمارەیەکی زۆر لە زماننا‌سەکان ویستیان پێناسەیەك بۆ زمانی نۆڕمەتیڤو ئاسایی ئاراستە بکەن. کریستاڵو دیوی

واسۆ گفتوگۆی نافەرمی وەك زمانی نۆڕمەتیڤو ئاسایی ناو دەبەن. كۆهن زمانێك بە زمانی ئاسایی‌و نۆرمەتیڤ دەزانێت كە كاتی باسكردن لە تەوەرێكی زانستیدا كاری پێدەكرێت. بەڵام بەرەیەكی دیكە لە زماناسەكان نیشانیان داوە كە لە بارەی پێوەندیی ڕێزمانی— وشەییدا، دیاریكردنی بنەبڕانەی ڕێساكانی نۆڕمەتیڤبوون نەكردەیە.[٢٠] هەروەها دەگوترێ:"دەبێ بەرهەمەكانی هەر خولو قۆناغێك بە وردی لێكبدرێتەوەو چوارچێوەی زمانی ( فیكری‌و ئەدەبی)ی بە وردی بێنە ناسین‌و ئەمەش كارێكی سانا نییە. گەر بێت‌و نۆڕمی زمانیی هەر قۆناغێك دیاریی بكرێت، ئەوەش ڕوون دەبێتەوە كە هەر شاعیر یان نووسەرێك لە چاو قۆناغی خۆی چ لادانێكی هێناوەتە ئاراوە. بەڵام ئێستا كە شێوازی وردو تەواوی ئەو زانیارییانەمان لە بەردەستدا نییە، باشتر وایە لە لێكدانەوەكانی میتۆدناسیدا، زمانی كوردیی هەنووكەیی بە نۆڕم وەربگرین‌و هەر لادان‌و هەموارێك بەرامبەر بەو هەڵسەنگێنین. دەكرێ ئەوە ش بڵێین ئەگەر زمانی ئەدەبی بە نۆڕم وەربگرین بە تەواویی لە مەبەستەكەمان دوور كەوتووینەتەوە، چونكە یەك لە تایبەتمەندییە سەرەكیەكانی زمانی ئەدەبی هەمان دەرچوون یان لادانە لە نۆڕم“ بەڵام گەر زمانی ڕەسمی بە نۆڕم بگرین ڕێگا تا ڕادەیەك ڕووناكتر دەبێتەوە.

لام وایە "ئەزموون"ەكانی دڵشاد عەبدوڵڵا بە گشتی دەكرێ وەك سێ كتێب كە توانیویانە لە زۆر شوێندا بەمەبەست‌و ئەنقەست لادانێك لە زمانی ئاسایی‌و خووپێكراو بەدی بێنن، بێنە ئەژمار. نووسەر لە ستراكتۆری ئەم كارانەدا چەند تەكنیكێكی بۆ ڕەخساندنی جیاوازی‌و ناهاوشێوەیی لەگەڵ زمانی هەواڵی‌و باودا هێناوەتە ئاراوە كە لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەكیان دەدەین“

شەوەهای شەو خەیاڵم ئەو دیمەنەی هەڵگێڕو وەرگێڕ دەكرد....(بەفرەلۆك، ل.٥٢)

شێوازی نووسینێكی ئاشنا لە كتێبێك كە باس لە تەوەرێكی مێژوویی دەكات ئەوەیە كە بە زمانی ئاسایی‌و ئەوەی تایبەتە بە میتۆدی نووسینێكی لەم چەشنە بگوترێ: بۆ نموونە، "بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ لە زین‌و خەیاڵی خۆمدا دیمەنی ئەو ڕووداوەم دەهێنایە پێش چاو و تاووتوێم دەكرد". هەرچەند دەبێ بگوترێ ئەوەش كە من وەك جێنشینی ئەو ڕستەیە لێرەدا هێناومە بە هیچ شێوەیەك بنەبڕو تەواو نییەو وەك

دەزانین هەر ئەم ڕستە بە چەندینو چەند شێوەی دیکەش دەنووسرێت، چونکە زمان خۆی بنەبڕو دیترمەین نییەو جێنشینەکانیشی قەت ناتوانن دیترمەین بن. بەڵام ئەوەی لە کتێبی ئەزموونی نووسەردا بەو شێوەیە باسکراوە ئاشنایی بێزیو ئاراستەکردنی زمانێکی جیاوازە.

ئەو خەیاڵەیە وام لێدەکات، خولیای شوێن لە شیعرەکانمدا بە دوای خۆیدا بمخولێنێتەوە.(نوخبی خواوەندێك، ل.١٨)

هەڵەکان ئەگەرچی چەهرەی مەردمیان پڕ کردووە لە لۆچو دەمار، بەڵام مەردم بە هەڵەوە مەردمەو باخچەش بە گوڵو دڕکەوە باخچەیە، چوون دڕك هەڵەش دەمانپارێزێ لە ئافات.(کێڵگەی گەنم، ل.١١٤)

## دەرچوون لە نۆڕم

لە بەشی بەرجەستەسازیدا باسمان لەوە کرد کە دەرچوون لە نۆڕم، لادانە لە ڕێساکانی زمانی نۆڕمەتیڤو ئاسایی. شەفیعی کەدکەنی لە "مۆسیقای شیعر"دا بڕوای خۆی لە سەر شیعر بەم چەشنە بەیان دەکات: یەك لە فۆڕماڵیستە ڕووسییەکان، شیعر بە "زیندووبوونەوەی وشەکان" ناو دەباتو ئەمەش ڕێك دڵی حەقیقەتە" چون لە زمانی ڕۆژانەدا، وشەکان بە شێوەیەك بەکار دەهێنرێن کە ئاساییو خووپێکراوو مردوونو بە هیچ شێوەیەك سەرنجمان ڕاناکێشن" بەڵام لە دەقی ئەدەبیدا، بە تۆزێ بەرەو دوا خستن، ئەم مردووانە دەژیەنەوەو وشەیەکی تایبەت کە دەکەوێتە ڕستەیەکەوە، دەبێتە هۆی ژیانەوەی سەرپاکی وشەکانی دیکە.(٢١) ئەم دەربڕینە بە جوانی ڕوانگەیەك دیاریی دەکات کە وەك خەسڵەتێکی بنچینەیی دەقی ئەدەبیی، داکۆکیی لە دەرچوون لە نۆڕمو ڕانەهاتوویی یان خوو پێنەگرتن لە زماندا دەکات.

هەڵبەت مەبەست لە دەرچوون لە نۆڕم هەرچەشنە لادانێك لە ڕێساکانی زمان نییە" لەبەر ئەوەی کە هەندێ لە لادانەکان دەبنە داڕێژەری بونیادێکی ناڕێزمانیو بە نوێگەریو تازەگەریی نایەنە ئەژمار. بە هەر جۆرە ئاماژەدانێکیش بەم خاڵە پێویستە قایل بین بەوەی کە هەندێ دەق هەروەك شەفیعی کەدکەنی دەڵێ: ڕووداوێکن کە لە زماندا ڕوویان داوە" کەواتە بەناچاری دەبێ ئەو تەوەرەش پەسەند بکەین کە نابێو ناکرێ بەهۆی دەرچوون لە نۆڕمەکان لە بازنەی زمان دەرچین، واتا دەرچوون لە نۆڕم لە بازنەی بونیادی زماندا دەبێتە هۆی بەرجەستەسازیی هونەری.

له وتار یان بەشی "عەجەب دڵدار" له ئەزموونی "کێڵگەی گەنم"دا بابەتی دەرچوون له نۆرمی زمانی بۆ چەندین جار دووباره دەبێتەوه"

زیاتر له شەست ساڵ دوای مردنی، تەرمی یونس دڵدار له هەولێرەوه گواسترایەوه بۆ کۆیەی زێدی له دایکبوونی.

مردوو دوای ئەو هەموو ساڵه بێدەنگی، دوای شەست ساڵ نەبینین، له پڕ خۆڵی له سەر لا ببەی‌و له ژێر تیشکی خۆر دایبنێی، وەك ئەوه وایه تامەزرۆی چشتێکی خۆشی منداڵی پیێ بدەیت‌و چشتەکەشی نەدەیتێ....(کێڵگەی گەنم، ل.٣٣)

لەوانیه لێرەدا دەستنیشانکردنی هەندێ لەو لادانانه بەکەڵك بێت" له ڕستەی دووهەمدا ڕیزی دەربڕینەکان له چاو حاڵەتی ئاساییان له زمانی کوردیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووه. به گشتی له کوردیدا کردار له کۆتایی ڕستەدا دادەنرێت‌و ناوی شوێن پێش کردار دەکەوێت. وەك پێشتریش باسمان کردووه ئەم جۆره گۆڕان‌و دەرچوونه له نۆرمه ئاساییەکان که خەسارێکیش له ڕێزمانی زمانەکه نادەن، دەچنه خانەی ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ دەقێکی پێناسەکراوی ئەدەبی باسمان کردووه. ئەمه هاوکاته لەگەڵ ئەوەی که ئەم خەسڵەته که خۆی تایبەتمەندییەکی سەرەکییه لەو پێناسەو ناونانەماندا، حاڵەتی شاعیرانەی نووسینەکەشی دەکەوێته سەرو جوانی‌و تایبەتمەندییەکەی دوو ئەوەنده دەکات.

... قەدری گۆڕ هەر لای کەسوکاره

دەوڵەت هێشتا کەمتەرخەمه. ئێمه بۆ ناتوانین ببین به کەسوکار؟

ئایا دڵدار شاعیرێکی غەدرلێکراوه؟

پرسیارێکه له شێوەی بۆمبی چێنراو. سووژنێکه به زماندا کراو! (هەمان سەرچاوه)

لام وایه ڕوونکردنەوەکان‌و دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ ئامانجی سەرەکیی وتارەکه ئاماژەیان پێدراوه ئەوەنده چڕوپڕ بوون که پێویست به لێکدانەوەی یەك به یەکی نموونەکان ناکات‌و هۆکاری دواییشم سەبارەت بەوەی له زۆر جێگادا تەنها به نووسینەوەی نموونەکانەوه وەستاوین ئەوەیه که قەبارەی وتارەکه له تاقەتی خوێندنەوەی خوێنەردا بمێنێتەوەو بەو هەموو درێژدادڕیەش ، دووربێ، بێ ڕێزیمان به خوێنەرەکەمان نەکردبێت.

یان نموونەیەکی دیکه"

کتێبەك هەمەڕەنگه له شیعرو چیرۆکی کورت‌و نووسین‌و نامەو ئەزموون، هەمووشیان تیوریزەکردنی تیمەی لەبیرچوونەوەن له هەموو ئاستەکاندا.(کێڵگەی گەنم، ل.١٣٥).

## ئەنجام

لێکدانەوەی سێ کتێبی "بەفرەلۆك"، "کێڵگەی گەنم"و "نوخبی خواوەندێك" لە ڕوانگەی ستراکچراڵیزمەوە ئەنجام دراوەو دەرکەوتووە کە ئەم کارانە لە بەر ئەوەی چەند فاکتەرێکی وەك ئاشنایی بێژیو بەرجەستەسازی، دەرچوون لە نۆرمو جێبەجێ کردنی دەوری پەیامەکانی زمانناسی دەیانگرێتەوە، بە زمانێکی ئەدەبیی یەکە هاتوونەتە نووسین. نووسەر بە هۆی ئەو پرەنسیپو میتۆدانەوە زمانی نووسینی خۆی لە زمانی ئاساییو نۆرمەتیڤ جیا کردووەتەوەو بە کەڵك وەرگرتن لەو ڕێکارانەی کە تایبەتن بە جوانیناسیی دەق، دەستی داوەتە ئاشنایی بێژیو بەرجەستەسازی. لەم وتارەدا نیشانمان داوە کە ئەم ئەزموونانە دەقی ئەدەبینو لە ڕوانگەی دەوری پەیامەکانی زمانناسییەوە، زمانی نووسەر لەم کتێبانەدا، خۆی لە زمانی ئەدەبی نزیك خستووەتەوە. ئەم تێکستە ئەدەبییە بە پێی تیۆرییەکانی ستراکچراڵیزم ئامانجی تازەگەریو ئاراستەکردنی دەقێکی دەگمەنی نوێباوەو ئەم کارەی لە ڕێگەی فراوانی بازنەی وشەکان، هێنانەوەی فەکتو ئیرجاعی خوێنەر بۆ گەلێك بەرهەمی ئەدەبیو پێوەندیداری دیکە، ئاوازی شاعیرانەو بە گشتی دەرخستنی کەپاسیتییەکانی زمانی کوردیی بۆ ئەو چەشنە تێکستانە ئەنجام داوە.

هەرچەندە یەکەم سەرنجو ڕوانین وا دەردەکەوێت کە نووسەر گرنگیی ئەوتۆی بە بونیادو فۆرمی کارەکان نەداوەو چارتو چوارچێوەو یەکگرتوویی‌یەکی وەها لە نێوان بەشو پاژەکانو تەنانەت پاراگرافەکاندا بەدی ناکرێت، بەڵام بە پێی ئەو بەڵگەو بینینە مانادارانەی لە وتارەکەماندا ئاماژەیان پێدراوە، دەتوانین بڵێین نووسەر لەم کتێبانەدا شێوەو ڕەوایەتێکی پێکهێناوە کە هەم لە ڕوانگەی شایستەیی هەڵبژاردنی تەوەرەکان و پێوەندیی نێوانیان لە پێگەی هاونشینیو جێنشینداو هەم لە ڕووی ئەو ڕۆحو ژیانە تازەیەی پێشکەش بە دەقەکە بە گشتیو وشەکان بە تایبەتی کردووە، بانگەشەی فۆرمێکی نوێو شێوازێکی پەسنی "ئەزموون"ێك دەکات.


سەرچاوەکان:

1. Hawkes. N. H(1970) Structuralism and Semiotic. London: Clays Ltd.

٢.ایگلتون، تری (١٣٨٨) پیش درێمدی بر نظریة ادبی، ترجمه عباس مخبر، تهران: مرکز.

٣.اسکولز،رابرت(١٣٨٣) درێمدی بر ساختارگرایی درادبیات، ترجمه فرزانه طاهري، چاپ دوم، تهران: ێگە.

٤.ليچ، ادموند(١٣٥٨) لويي استراوس، ترجمه حميد عنايت، چاپ دوم، تهران:خوارزمی

٥. تودوروف، تزوتان(١٣٧٩)بوطيقاي ساختارگرا، ترجمه محمد نبوی، تهران:ئاگه

.Abrams. Trance(1997)A Glossary of Literary Terms. Holt :Richart and Winston Inc-٦

٧.گلدمن، لوسين(١٣٨٢) نقد تكوينی، ترجمه محمد تقی غياثي، تهران: نشر نگاه.

٨. هەمان سەرچاوەی ﴿٣﴾

٩. Propper Valadimir; (1986) Morphology of the Russian Folk Tales. Trans Laurence Scott, (Austin: University of texas)).

١٠.فالز، راجر و ديگران(١٣٨٦) زبانشانسی و نقد ادبی. ترجمه مريم خوزان و حسين پاينده. چاپ سوم، تهران: نشر نی.

١١.گرين، كيت" لبيهان، جيل.(١٣٨٣) درسنامەی نقری و نقد ادبی. ترجمه ليلا بهرانی محمدی و همكاران، تهران: روزنگار.

١٢. هەمان سەرچاوەی ﴿١١﴾

١٣. احمدی، بابك (١٣٨٩) ساختار و تأويل متن، تهران: نشر مركز.

١٤. صفوی، كورش(١٣٨٣) از زبانشناسی به ادبيات. جلد١. چاپ ٢. تهران: سورەی مهر.

١٥. غلامرچايی، محمد(١٣٨١). سبك شناسی شعر پارسی از رودكی تا شاملو. چاپ ١. ويرايش ٢. تهران: نشر نی.

١٦. هەمان سەرچاوەی ﴿١٠﴾،١٧. هەمان سەرچاوەی ﴿١٥﴾

١٨. وحيديان كاميار، نقی(١٣٨٣) بديع از نگاه زيبايی شناسی. چاپ١. ويرايش٢. تهران: انتشارات سمت.

١٩. پورنامداريان، تقی(١٣٨١). سفر در مه. تهران: مؤسسەی انتشارات نگاه.

٢٠. هەمان سەرچاوەی ﴿١٤﴾

٢١. شفيعی دكنی، محمدرچا(١٣٧٦). موسيقی شعر. چاپ٥. تهران: ئاگه.

# قــەنديـــل



د.ئەحمەدی مەلا

**ديمەنی يەكەم:**

تاقە مەڵبەند
تاكو ئێستا ئاوی سازگار
يادەوەرييەكانی گوم نەكردبێ،
پەلكەگيای سەير تاكو ئێستا

له "ناشنالّ جیوگرافی" ناونووس نەکرابیّ،
ئینجا پەڵەی هەوریش بە گەوەکانیدا
هۆن هۆن گوزەریان کردبیّ،
وەك دوا کاروانیّ
سەدای پاوانەکانی بە گوێی عەجەما
زرنگابێتەوە
تاقە مەڵبەند
تاکو ئێستا هیچ پەیامێك
بەرەو ئاسمانەکەی نەچووبیّ
پاکیزەتر لە رێواس ..
ئینجا گابەرد و کەرتەشاخ و تاوێرەکان
لە پشتی مێژووەوە سەنگی خۆیان داکوتی بیّ.
رەگی چیا ئاو دەخۆنەوە
دڵی چیا تەرتەڕ لێدەدات
سینەی چیا ئێستا و ئەوسا پەرژینە.

بەڵام
چیا ریّ ناکات
جێگیرتر لە مرۆڤ...

حەیرانیّ
یا.. ئەسرینیّ
ئەستێرەیەك
یا گوڵە نەسرینیّ
خۆڕسکانە چوزەرە دەکەن...

مژێك وەك مەندیلەکەی حاجی قادر
بادێك وەك رۆندکە وشکەکانی نالی

ئاهێکی کوردیی
لەگەڵ نزگرەیەکی نەوەستاوی "ئەلویداع"
تەنانەت
تەیرێکیش بەجێنامێنێ
تا دەگەنە "سیمورغ" و
رووناکیی چاوانی دەخۆنەوە.

"عەتار" دەمێکە بێ گڵکۆیە
کەچی لەبەردەم هەر ئەشکەوتێ
دەیان تەرحە گوڵاو
بە دۆڵەکاندا لێژ دەبنەوە...

هەر بە پەلاپیتکە
ئاو وەك دومەڵان هەڵدەتۆقێ
ئاسکەکێوی
گیا رەشی بەهار
وەك نارنجۆکێکی سروشتی
هەپڕوون بە هەپڕوون دەبێ...

"کیژان ناچنەوە ناو مێرگوزار"
بەڵکو،
دوا سترانی سپی دەچڕن بۆ خاك...

سروشت  حەیرانە
حەیرانە سروشت
لەوێ ڕا
تا چاو بڕ دەکا
دەوروبەر وێران

ڕەشماڵێك نابینرێ
غەمێکی چوست
لە سەر پێی خۆی وەستابێ
بڕوانێتە دۆند و لوتکەکان...

ئا لێرەوە ئاو لەدایکبوو
خۆڵ زاکیرەی خۆی نووسییەوە
مرۆڤ زمانی پژا
چرا
ئەنگوستەچاوی بوراندەوە...

ئا لێرەوە،
هەموو رۆژێ
رۆژێکی نوێیە
هەموو شەوێ
ئەستێرەیەك دەزێ
هەموو زێیەك
دەڕژێتەوە سەرچاوەکانی ئەزەلەوە...

ئا لێرەوە،
تۆ دەڵێی هەم
گیا دەڵێ هەم
ئاو زوڵاڵە

ئا لێرەوە،
هەور دەڵێ هەم
بەرد دەڵێ هەم
خاك وەکو ناڵە

گومان سەری دەسووتێنێ و
هاوار دەکا و
دەڵێ هەم

تاقە مەڵبەند
تاکو ئێستا
غوباری کەون
تانە و تەونی لەسەر چاوانی
دروست نەکردبێ

تاقە مەڵبەند
دەنگی کوێری حەبەلوول
بینایی کوێر نەکردبێ
دەنگێك هەم دەنگە هەم سەدا
بەرزدەبێتەوە لەمەو دوا
لە لەوحی بەرزی ئاسمان
لە پەیکەری بێدەنگیی دەدا ...

***

**دیمەنی دووەم:**

تۆش بە پێوە راوەستاوی
خوێنی برینی ئاسکێك
بە لاجانگدا
دادەچۆڕێ
شەوقی ئاوێنەیەك
گیاشینبووەکانی سەر پشتت
دەدرەوشێنێتەوە "

راوەستاوی وەکو چیا
دەڕوانی و نەبینراو دەبینی.
کوشتارێك لە دەرسیما
ئاوەکان لێخن دەکا،
پەپوولەیەك نانیشێتەوە،
لێخنیی دەتخواتەوە،
زمانت لە بنەوە هەڵدەکێشیٚ،
زاکیرەت داخ دەکات،
هۆرەیەك هەڵدەستێتەوە و
لەسەر لەوحی ئەبەدی دەتنووسێتەوە.

راوەستاوی
قەتارەیەك مێژوو تێدەپەڕیٚ،
سوارەکانی حەمیدییە
لەبەردەم خانەقاکانت
زیکری کوژانەوە دادەبەستن "
راوەستاوی
قوتەی چیاکان سەیرت دەکەن
دەچەمێنەوە
هەر ئەوان و ئەوان دوا کەستن.

**دیمەنی سێیەم:**

دۆند دەبیٚ بە تۆ
تۆ دەبی بە دۆند
قێرەقیڕی داڵێکیش لە دۆڵەوە
گیردەبیٚ
بە شینایی گیاوگوڵەوە

تەنها دۆند دەمینێ
زەردەی خۆرەتاو
هێدی هێدی دەیخواتەوە
ئەنگوستەچاوێ دەمێنێ
تێکڕای دنیا نغرۆی تاریکیی دەکا
وەك دوو ماری ئاشقە و باشقە
لێکدئالێن، تێکدەئالێن
دنیا لەسەر ئەم تەرزە سەما دەکا.

**دوا دیمەن:**

دۆند و زێد و
زاد و زەمین و زایانگە
ئاوێکی رژاوی بەردەم ئەشکەوت
ناوێکی رژاوی نێو دۆڵەکان
تەڕایی قووڵایی ناخێکی پڕ ئاخ
زەمەنێکی لارەوە بوو
بەسەریا دێت و دەچێ
پەڵە هەورێ
پانتاییەکی بەرین
دەکاتە سەرین
عەرز و ئاسمان
تێکەڵ دەبن
ئەبەدییەت هەناسە دەدا
نیگا لەدایك دەبێ .
قەند و قەندیل
دادەگیرسێن
ژنان قژ تا پاژنەی پێ



لەسەرپێ
دادەگیرسێن
عەرز و ئاسمان
دەبن بە یەك
ئەبەدییەت هەناسە دەدا
دنیا لەدایكدەبێ.

ئاسمان سپییتر و
ئەستێرە تیژتر و
خۆرێكی ئەرخەوانی
لە كانیاوێ دەخواتەوە
چیا لەدایكدەبێ
تۆش هەڵدەستیتەوە
نیگا دەبێتە ئاسمان
وەك ئاوێنەیەكی بەرین
قامكەكانی بە نێو شەپۆلاوەكاندا دەشوا
دەچەمێتەوە
وەك شیرازەكانی خوا
لە دڕك و داڵ گیر دەبێ ئەوجا.

چیا لەدایكدەبێ
تۆش هەڵدەستیتەوە
ڕێ دەكەی
ڕۆژگار دەدەیتە دوای خۆت
ئاگر لە پاژنەكانت بەردەبێ
دنیا دەبێتە نیگا
هەر وەكو با
لەبەر پەنجەرەكان دەڕوێنێ گیا

نیگا
ئاسمان
زەریا
خۆیان لە کانیاوەکان هەڵدەکێشن
تەم و مژی دەوری سەرت دەڕەوێنەوە
لە نێو تراوێلکەکانەوە
وەکو خەونێ
وەك پێغەمبەرێکی رەدووکەوتوو
بریندار بە دەیان پینەی مێژوو
لەسەر لەوحێکی ئەبەدی
ئەبجەدییەتی گیا دەنووسیتەوە

لەم ترۆپکەوە بۆ ئەو ترۆپك
هەودای ئەستێرەکان
لەم دۆندەوە بۆ ئەو دۆند
خشەخشی هەسارەکان
پێکڕا گرێ دەدەی
دەکەویتە رێ
بە ناو شەو و چاوی رووناکییدا
هەنگاو دەنێی
تا لە چاوان ون دەبێ نیگا.

بەهاری ٢٠٢١

# گابرییێل ئۆکارا



ئا: جەمال پیرە

گابرییێل ئۆکارا شاعیرو رۆماننوسی نایجیریی (۱۹۲۱-۲۰۱۹) لە شاری لاگۆس لەدایکبووە، لە جەنگی دووەمی جیهان لەسەردەمی داگیرکاریی بەریتانیدا پەیوەندی بە هێزی ئاسمانییەوە کردووە، بەڵام وەك فڕۆکەوانێکی جەنگی کاری نەکردووەو لە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی بەریتانی بووە بە فڕۆکەوانێکی مەدەنی، دواتر لە خانەیەکی چاپو بڵاوکردنەوە کاری کردووە، ساڵی ۱۹٤۹ رۆژنامەوانی لە زانکۆی "نۆرپ وێسترن"ی ئەمریکی تەواوکردووە.

لەو کاتەدا دەستی بەنووسین کردووەو شیعری لە زمانی لۆکاڵی ئیگواوە بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە، هەروەها بۆ ئیستگەی حکومی نووسیوەو ژمارەیەك دەقی شانۆیی نووسیوە، ساڵی ۱۹٥۳ یەکێك لە قەسیدەکانی خەڵاتی فێستیڤاڵی هونەریی نایجیریای

وەرگرتووە، دوای بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك قەسیدەی خۆی کە تێیدا هێماو سیمۆڵی کەلتوورو رۆشنبیریی ئەفەریقایی لەخۆگرتبوو، ناوی دەرکرد.

ئۆکارا سەر بە نەوەی دووەمی نووسەرانی نایجیریایە، بەرهەمەکانی لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا دەرکەوتن، هاوشانی نووسەرانی دیکەی وەك سیبیریان ئیکۆنزیو جاگوا ناناو تیمۆپی ئالوکۆو فلۆریا نواباو کریستۆڤەر ئۆکیگبۆ، بابەتی نووسینەکانی هەمەرەنگن لە نێوان گەڕان بەدوای شوناسی راستەقینەی ئەفریقیو رەخنەگرتن لە ستەمکاریو بەسێرەگرتنی ململانێی کۆنو نوێ لەناو کۆمەڵگاکەیو چەندین قەیرانی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو سیاسی دوای دەرچوونی ئیستیعمار لە وڵاتەکەیدا.

ساڵی ١٩٦٤ رۆمانێکی بە ناوی "دەنگ" چاپکردو لەوێدا وتوویەتی " نووسەر کە بەزمانێکی دیکە دەنووسێت زەحمەتە بتوانێت گوزارشت لە هەموو ئەو بیرۆکانە بکات کە لە خەیاڵیدا هەن، هەرکاتێك دەگۆڕێن بۆ وشە شتێکیان لێ کەمدەبێتەوە".



ئۆکارا کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی وڵاتەکەی بووە، لە ٢٥ی ئاداری ساڵی ٢٠١٩ لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا لەماڵەکەی خۆی لە ناوچەی یانگۆگای باشووری نایجیریا کۆچی دوایی کرد.

بەرهەمە چاپکراوەکانی بریتین لە رۆمانی "دەنگ" (١٩٦٤)، کۆمەڵە شیعرەکانیشی بریتین لە :"نزای ماسیگرەکە" (١٩٧٨)و "خەوبینەکەی دیدگای خۆی" (٢٠٠٥)، "وەك کە دەیبینم" (٢٠٠٦)و کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ساڵی ٢٠١٦ چاپکراوە. لەگەڵ چەند کتێبێك بۆ منداڵان وەك "ماری بچووكو بۆقی بچووك" (١٩٨١) هەروەها "سەرکێشییەك لە دوورگەی جوجو" (١٩٩٢).

# ڕۆژێک لە ڕۆژان

ڕۆژێك لە ڕۆژان، ڕۆڵەکەم
خەڵك بەدڵ پێدەکەنین‌و
بە چاو پێدەکەنین
بەڵام ئێستا تەنها بە ددان پێدەکەنن
لە کاتێکدا چاوە ساردەکانیان وەك تابلۆیەکی بەستووە
لە پشتی سێبەرەکەمەوە دەگەڕێن.
بە کردار زەمانێك بوو،
خەڵك لە دڵەوە تەوقەیان دەکرد
بەڵام ڕۆڵە، ئەوە بەسەرچوو
ئێستا ئەوان بە بێ دڵ تەوقە دەکەن،
لەکاتێکدا بە دەستی چەپیان،
گیرفانی بەتاڵی من دەپشکنن.
"وا هەست بکە لە ماڵەوەیت". "جارێکی تر وەرەوە"
ئەوان ئەمە دەڵێن، بەڵام کە جارێکی تر دەچم‌و
هەستدەکەم لە ماڵی خۆمدام
جارێك، دوو جار
نابێت بە سێ جار!
چونکە دەرگاکان دەبینم بەڕوومدا دادەخرێن.

بۆیە ڕۆڵە، من فێری زۆر شت بووم،
فێربووم چەندین ڕوو بپۆشم،
وەك جلوبەرگ، ڕووی ماڵ،
ڕووی نووسینگە، ڕووی شەقام، ڕووێك بۆ میوان،

رووێکی تێکەڵ، گونجاو لەگەڵ هەموو خەندەکانیان
وەك زەردەخەنەی پۆرترێتێکی هەڵواسراو.

هەروەها فێربووم تەنها بە ددانەکانم پێبکەنمو
بە نا بەدڵیی تەوقە بکەم
بە هەمان شێوە فێربووم بڵێم "ماڵئاوا"
کاتێك مەبەستم ئەوەیە بڵێم "ئۆخەی رزگارمان بوو"
ئەگەر بڵێم "خۆشحاڵم بە دیدارت"
خۆشحاڵ نەبووم!
کاتێکیش دەڵێم "جوانە لەگەڵ تۆدا بدوێم"
مەبەستم ئەوەیە بێزاردەبم،
بەڵام باوەڕم پێ بکە، رۆڵە،
دەمەوێ ئەوەبم وەك ئەوەی راهاتم وابم،
کاتێك وەکو تۆ بووم
دەمویست فێری هەموو ئەو شتە لاڵو بێدەنگانە نەبم
بە گشتی دەمەوێ جارێکی تر فێربم،
چۆن پێبکەنم،
چونکە پێکەنینەکەم لە ئاوێنەدا تەنها ددانەکانم دەردەخەن،
وەك کەلبە دەرکەوتووەکانی مار
لەبەرئەوە، رۆڵەکەم
نیشانم بدە چۆن پێبکەنم، نیشانم بدە چۆن
چۆن پێدەکەنیمو زەردەخەنەم دەکرد،
لەو سەردەمەی کە وەکو تۆ بووم.

سەرچاوە: ویکیپیدیاو چەند سەرچاوەیەکی دیکە لە ئینتەرنێتەوە.

# مانگی شووەی من "حوزەیران"



نیگار رەشید

له بەشی کراوەی کافێکه دانیشتبووم، هەشتی ئێواره بوو مێشووله دەردەکەوت، پانتۆڵەکەم بایی ئەوه کورت بوو هەست به گازی مێشوولەکان بکەم له پووزمدا، شەشی حوزەیران بوو، بۆ دوایین جار چاوەڕێم دەکرد.

له پەڕەسێلکەیەکی دایك مردوو دەچووم، چاولەڕێی دایکی بێت تا نەمرێت، چاوم بڕیبووه هەردوو دەروازەی هاتنه ژوورەوەی کافێکه، گۆرانیەکی عەباسی کەمەندی به کزی دەنگی ئەهات "بەسەن های بەسەن سزام کافییه" لەگەڵ هەر جووڵەیەك چاوم

ئەداو ئەمووت هاکا خۆی کرد بە ژوردا، جارێكو دووانو دە بێ ئومێد نەبووم، بەڵام فرمێسکەکان بەسەر گۆنامەوە دەخلیسکانە خوارێ، ئەو کاتەی سەرم بە پشتا بە دیوارەکەوەم نوساندبوو، لە مێزەکەی تەنیشتمەوە دوو کەس خەریکی ڕاڤەکردنی شیعری کلاسیکی بوون بەدەم جگەرەکێشانەوە دەنگیان بەرز دەکردەوە، دەمزانی سەیرم دەکەن بەڵام من لام نەدەکردەوە، کوڕێکی گەنجیش لە مێزەکەی بەرامبەرم چاوی تێبڕیبووم‌و ئاگای لە تاوڵەکەی بەردەستی نەمابوو، بە چاوەکانی هەزار پرسیاری لێدەکردم، منیش زوو زوو چاوم دادەخستو خۆم ون دەکرد لەپرسیار، کاژمێرو نیوێك تێپەڕیو چاوەڕێبووم تا دەرکەوی، وتم موحیبەتێك لە ئارادا بێت، ئێستا هەست بە دڵم‌و بارانی چاوم دەکات، هەست بەو بێ نازیو ئەسیرییەم دەکاتو دڵی تا لای من نایوەستێنێ..

تەنیا کەس زوو زوو ئەهاتو دڵنەوایی دەکردم، گارسۆنە خۆین شیرینە مناڵکارەکە بوو، تاوناتاوێك بە زەردەخەنەیەکەوە دەهاتو دەیگوت:

خاتوون گیان ئاوت بۆ بێنم؟ نا سوپاس

خاتوون پێویستت بە هیچ نییە؟

خاتوون سەرەوە کتێبخانەی لێیەو فێنکە ئەتوانی جێگەکەت بگۆڕیت..

سوپاس

خاتوون هیچ داوا ناکەیت؟

پیتزایەك

ئەی ئاو؟ بیبسی؟ چا؟

بیپسییەکیش

بوو بە دوو سەعات، خواردنەکەم نیوە کرد، شوێنەکەم گۆڕی، هیچ کتێبێك ڕاینەکێشام، چاوم لەسەر مۆبایلەکەم بوو، نامەیەكو دووانو سیان، وتم چاوەڕێتم

نە نامەکانو نە دڵم‌و نە فرمێسکە بێنازەکانم تۆیان نەهێنا..

کافێکە بوو بە زیندان، دووکەڵ دەیخنکاندم، کاژمێر بوو بە دە ، وەکو سووتوی سەر مێزەکەی تەنیشتم جێماوو بێ نازو بێ مانا مامەوە، خۆم کۆکردەوە چاوەکانم سڕیو سوراوێکی سوورم لە لێوم دا، هەنگاوم بەسەر دڵمدا هەڵگرتو بۆ مەراسیمی مردنەکەت لە دڵمدا دوو هەزار مەتر پیادە ڕۆشتم، هەستم بە چۆڕەی خوێنی دڵم دەکرد..

# لە ڕۆژانی جەژندا

# کچانی دووکەڵو ئاگر بوونە هاوڕێم





کنێر عەبدوڵا

هەندێ جار مانەوەی مرۆڤ لە ماڵەوە" جا ئەگەر بەهۆی مۆڵەت وەرگرتن بێت لە کارەکەی یان پشووی ڕەسمی یاخود پێدانی کات بێت بەخۆیو یا هەر هۆیەکی دیکە" پێویستەو بێگومان سوودمەندو بە بەرهەمتر دەبێت" ئەگەر مرۆڤ بتوانێ سوود لە کاتەکانی وەربگرێتو ڕێکیبخاتو ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت. لەماوەی ئەم چوار ڕۆژەی جەژنی قورباندا وێڕای سەرقاڵی زۆرو کەمی کات، کە بەهۆی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانو جەژنەوە هەن، بەڵام خۆشبەختانە توانیم ڕۆمانی (کچانی دووکەڵو ئاگر) تەواو بکەم" ئەگەرچی مانەوەم لەماڵ بەدرێژایی ئەو ماوەیە بە هیچ کام لەو

هۆکارانەی سەرەوە نەبوون" بەڵکو بەداخەوە گرێدراوی نەخۆشی کاکە (دەوەن)ی کوڕم بوو کە بەهۆی عەزێتبوونی لەکاتی یاری دووگۆڵێدا قاچێکی درزی بردو بە درێژایی هەفتەیەکە لە ماڵەوەیەو منیش رۆڵی دایکایەتیو چاودێریم دەبینی" بۆیە لەپاڵ ئەو کاتەی بەوم بەخشیبوو، توانیم بەشێکی کاتەکەم بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ببەخشم. رۆمانەکە کە لە نوسینی ژنە نوسەری کوردی سنەیی (ئاڤا هوما)یە کە لە ئێستادا دانیشتووی ئەمریکایەو رۆمانەکەی بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوەو دواتر لە وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی لە لایەن نوسەرو وەرگێڕی بەتوانا (شەفیقی حاجی خدر)ە کە لە گوندی گرتك-ناوچەی باڵەکایەتی لەدایکبووە، کتێبەکە لە ٥٩٨ لاپەڕە پێکدێت. ئەم رۆمانە براوەی خەڵاتی (ناتلیس)ە کە خەڵاتێکە لە ساڵی ١٩٨٨وە لە ئەمریکا هەیەو دەدرێتە ئەو کتێبانەی بۆ پرسی دادپەروەریی ژینگەو کۆمەڵایەتی تەرخانکراوە. بەڕای من بەگشتی گرنگی رۆمان لە ئەدەبیاتی هەر وڵاتێکدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەیەك کاتداو لە وێناکردنی یەك کەیس یان یەك پاڵەوانو یەك رووداوەوە لە خستنەڕووی رۆمانەکەدا" دەتوانێت گوزارشت لە وێناکردنو خوێندنەوەی واقعی رەگەزێك، گەلێك یان وڵاتێك یاخود خستنەڕووی کێشەگەلێکی کەلتوری ناوچەیەکی دیاریکراو بکات" بە واتایەکی دیکە خودی یەك رۆمان بە مانای ناسنامەو ناساندنی کەلتوری وڵاتێك دێت کە لەرێگەیەوە ئاشنا دەبیت بە ژیانو سیاسەتو شێوازی مامەڵکردنو ئاستی رۆشنبیریی‌و دەرونیو کۆمەڵایەتییان. هەروەك نوسەر نوسیوێتی ئەم رۆمانە هەمووی لە ئەندێشەوە وەرگیراوە کە ئەندێشە لاساییکردنەوەی ژیانەو دواتر دەڵێ: ئەم کتێبە مشتێکە لە خەروارێك. ئەمە جگە لەوەی دەشێت ئەم رۆمانە کاتێك دەیخوێنیتەوە رووداوو بەسەرهاتەکانی بۆ خوێنەرێکی کورد نامۆ نەبوو بێتو وتراو یان بیستراو یاخود بینراو بێت لەو روانگەیەی تاکی کوردو دۆخەکانی گەلی کورد لەرووی ژیانکردنو داگیرکاریو ستەمکارییەوە هاوشێوەی یەکتر بوون، بەڵام بێگومان لایەنێکی گرنگی ئەم رۆمانە ئەوەیە کە نوسەر ئەو واقعو کێشانەی تاكو گەلی کوردی بە زمانی ئینگلیزی گەیاندۆتە جیهانو لەئاستی وڵاتی ئەمریکا رەنگدانەوەو کاریگەری هەبووەو خەڵاتی بەدەستهێناوە" هەر لەو سۆنگەیەوە ئەركو بگرە گرنگە نوسەرەکانمان بتوانن بایەخ بە وەرگێڕانی زمانی کوردی بدەن بۆ زمانە بیانییەکان، یان بە زمانەکانی دیکە بەرهەمەکانیان لەو وڵاتانەدا بڵاوبکەنەوە. سەرەتای دەستپێکم" خوێندنەوەی رۆمانەکە" راکێشیدەکردم تا بزانم رووداوەکانی دواترو دواتر بەچی دەگات، ئەمەش

دەشێت خاڵێکی ئەرێنی بێت، هەم گرێدانەوەی رووداوەکان بێت پێکەوەو لە هەمانکاتیشدا بە سەلیقەیی‌و زمانەوانی‌و توانای وەرگێڕ بێ لە گەیاندنی واتاو ماناکان بە خوێنەر. بەگشتی رۆمانەکە گشتگیرانە لە چەندین رووەوە تیشك دەخاتەسەر رووداوەکان" چ لە ئاست جیاوازی ناوچەکانی کوردستان‌و چ لە رووی کێشە هاوشێوەکانی بوونیان هەیە لە رووی کەلتوریی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی. واتە بەگشتی باسی لە ژیان‌و واقعی کورد کردووە لە هەرچوارپارچەی کوردستان ، کە ژیانکردنیان لەرووی ستەم‌و داگیرکارییەوە لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا هاوشێوەی یەکن" وێڕای خستنەڕووی جیاوازیی باشوری کوردستان لە ئێستادا لە رووی سیاسییەوە، هەروەها بەدەر لە باسکردن‌و چڕکردنەوەی لە چیرۆکێکی تایبەت بە ژیانکردن لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە پەیوەندییەکی تایبەتی دەربارەی خوشك‌و برایەك، یان چیرۆکێکی خۆشەویستی نێوان لەیلاو کارۆ" ئەمە وێڕای باسکردن لە کێشە لێکچووەکانی ژنان کە لەرووی جێندەرییەوە جیاکاری‌و جیاوازیی‌و نادادپەروەرییان لەگەڵدا دەکرێ. واتە بەگشتی رۆمانەکە چەند مەودایەکی جیاواز وێنا دەکات‌و باسی لێوە دەکات‌و لە هەمانکاتدا رێگەچارە دەخاتەڕوو بۆ هەریەکەیان کە گرنگترینیان لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە: چەوساندنەوەو جیاکاری جێندەری، ستەم‌و زۆرداری دەوڵەتی ئێران‌و ستەمکارییەکانی دەرهەق کوردو ژن‌و مرۆڤەکان، ژیانی ژنان‌و خێزان‌و توندوتیژییەکانی روبەڕووی ژنان‌و هاوڵاتیانی کورد دەبێتەوە، ژیانی تاراوگەو دەربەدەریی‌و پەناهەندەیی‌و گرتووخانەکان‌و بەندکراوانی سیاسی. خەبات‌و جەنگان لەپێناو مانەوە ژیان‌و خەونبینین‌و تێکۆشان لەپێناو ئازادیداو تێگەیشتن لە ژیانێکی ئازادو بێ ئازادی مرۆڤەکاندا. یەکێکی تر لە لایەنە جوانییەکانی ئەم رۆمانە لە وێناکردندا خۆی دەبینێتەوە" واتە راکێشانی خوێنەر بەو لایەنە وەسفکردنەی کە واتلێدەکات بەناچاری دەتخاتە نێو رووداوەکانەوەو وەك ئەوەی لەگەڵ سات بەسات‌و وێنە بەوێنەیدا بژیت، بە نموونە نوسەر بوێرانە باس لە خۆشەویستی‌و سێکس دەکات لە کاتی وەسفکردن‌و وێناکردنی ئەو واقع‌و ئاڵۆگۆڕکردنە خۆشەویستی‌و هەستکردنەی لەیلاو کارۆ کاتێك لە ساتەوەخت‌و دەربڕینەکانی خۆشەویستیدا بۆ یەکتری وێنای دەکات‌و وەك ئەوەی لە نزیکەوە بینەری شانۆیەك بیت‌و ئەکتەرەکان لەبەردەمتدا نمایش بکەن‌و هەندێ جاریش گەر زیاتر قووڵ ببیتەوە هەستدەکەیت خۆت ئەکتەرەکەیت‌و نمایش دەکەیت، ئیدی دەرئەنجام لەو چیرۆکە خۆشەویستییەوە لەیلا دەگاتە ئەو راستییەی دەتوانێت

# پانۆڕامای ژانی گەلێک

# گشتاندنی لە دەمی ژنێکەوە بۆ هەمو گەلێک...




**مەجید هەرشەمی**

(کچانی دووکەڵو ئاگر) نۆبەرە ڕۆمانی خاتوو (ئاڤا هوما)ەو لە وەرگێڕانی (شەفیقی حاجی خدر)ە. ڕۆمانێکی سەرگوزشتەئامێزی ڕووداوە پڕ لە ناسۆرو ئازارەکانی مرۆڤگەلێکە، کە زیرەکانە پاڵەوانەکانی هەڵبژاردوونو دەربارەی کەسیەتیانو ئاقاری بیرکردنەوەو جموجۆڵەکانیان دەدوێتو هەستە ورشەدارەکەی پڕ لە خۆشەویستیە دیارو نادیارەکانی ئەوان دەنێتە بەر ڕامان، گەرچی ڕۆمانەکە لەماڵباتێکی بچوکی نێو

شارێکی کوردەواری سەردەردەکات، بەڵام وێنای گەلێك دەکێشیۆ گۆمەڵگەیەك بەگشتی دەخاتە ناو باسەکەو سەرهاتەکەی. لەنێو ململانێیەکی کۆمەڵایەتی بەرتەسکی خانەوادەیەك دەرگای ڕوانینە کۆمەڵایەتیەکانی گەلێکی بن دەستەو بێ ناسنامە ئاوەڵادەکاتو دەخزێتە ناو کارەساتە پڕ لە تراژیدیایەکانی کەسانی هەڵگری ناسنامەی کوردایەتیو چالاکوانانی ڕەوتی خەباتو تێکۆشان. ڕوانینی سیاسەتی کوردیو پێگەی ژنان لەو بارە ناهەموارە دەخاتەبەر زومی باسەکانیو ژنانیش وەك تێنوی ئازادی کەسیو ئازادی وڵات دەخاتە بەرباس. ڕۆمانی کچانی دووکەڵو ئاگری ئاڤا هۆما دوور لە ڕۆمانە کلاسیکیەکان نوسراوەتەوە، یان ڕاستتر بڵێین لەنێوان چەندان تەکنیکی نوسینو فۆڕمی جیاواز شێوازێکی داستانئامێزی پڕ لە وەسفو شیعرئامێز لە دەربڕینی بەخۆ گرتووە. ئاڤا هوما پێش ئەوەی ڕۆمانێك بنوسێ، ویستویەتی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل دەربارەی سوتماكو کوشتوبڕی گەلێکی دابڕاوو بێ ناسنامەی خاك دابەشکراو لەنێوان چوار دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی دواکەوتوو وەبەر دیدی خەڵكو خوێنەرانی ڕۆژئاوا بدات. دەکرێ ئەمە بە یەکەمین ڕۆمان لە ئەدەبیاتی کوردی ئەژمار بکرێ، کە نوسەر خۆی خەمە جەوهەریەکەی کە بارگاوییە بە خەباتی ئازادی ژیانو ژن لە کوردستانی گەورە بۆ خوێنەری غەیرە کورد نمایش بکات، واتا کێشەی کورد لە دیدگای کەسێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی دەگوازێتەوە بۆ خوێنەری ڕۆژئاوایی، کە دەزانین باری تێفکرینو ڕامانو سەرنجی ڕۆژئاواییەکان لە هزرو بۆچونیان لەبەر پێگەی ژیانو ژیارو شارستانیەتی جیاوازیان گۆشە نیگاکانیان جیاوازو زۆر جاریش نادروستە. کچە غەریبەیەکی کورد لەو ڕۆمانە داستانێکی کوردی پڕ لە سوێی لە ناخدا بە کوردی زمان ئەزبەر کردوەو دواتر بە زمانی ئینگلیزی وەریگێڕاوەو داینڕشتۆتەوە. چۆن ئەمەش لەو وەسفانەی ناو ماڵو جلو بەرگو خواردنو شێوازی ژیانکردنی کەسەکان لەو ژینگەیەی کە پڕن لە کەلەپورو شتگەلێکی کوردەواریانە، کە دەبوایە یان وەك خۆی نێویان ببات یان بەدوای ماناکانی بە زمانی نوسینی ڕۆمانەکەی بگەڕێت. زەمەنی بڵاو بونەوەی ڕۆمانەکە خۆی لەخۆیدا جێگەیەکی جوانی وەرگرتوە، لە ئێستادا بە هۆی دەرکەوتنی ژنانی کورد لە ڕەوتی ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینو دەرکەوتنیان وەك سمبولێکی فیمینیستیو جیهانی بەدواداچونو ئارەزووی ناسینو شارەزا بوون لە کچانی دووکەڵو ئاگر بەواتا دروستەکەی ژنانی شۆرشڤانو چالاکوانانی کورد دەرگایەکی تر دەبێت بۆ خوێنەرو عەودالانی ڕاستی

ویست. کچانی دووکەڵو ئاگر، بۆ ئێمەی خوێنەر گەڕانەوەیە بۆ کارەساتە پڕ سوێیەکانی سەردەمانێکی زوو، پرسگەلێکی پڕ ئازار بۆ داهاتوو. دەبێ ڕۆڵی وەرگێر شەفیقی حاجی خدریش نادیدە نەگرین، کە بە ئەمانەتێکی



وردەوە ئەو ڕۆمانەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی دیالێکتی سۆرانی، لە کاتی خوێندنەوەمدا تا ئەوپەڕی چێژم لە قوڵی هەناسە بردنەکانی دەبینیو لە دەربڕینو دانانی وشەگەلێکو ئیدیومی کوردی، گەر وەرگێر نەختێ بەلای بن دیالێکتی باڵەکایەتیو شێوەزاری باوی سلێمانی خۆی دەرباز بکردایەو توانیبوای بن لکە دیالێکتی سنەیی تێبخزاندایە هەر وا دەکەوتمە گومان دەمگوت ئاڤا هوما خۆی بە کوردی ڕۆمانەکەی نوسیوەو دواتر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، کوردیەکی ڕەوانو بێ گرێو گۆڵو زیندوکردنەوەی چەندان وشەی ناوچەکەی جارێکی تر خستەوەوە بەردیدو گوێچکەمان کە خەریکە لە ئاخاوتنەکانمان بن ئاو دەبن. دەخوازم ئەوانەی تایبەتمەندیان لە بواری ڕەخنەو زماندا هەیە زیاتر لەسەر ئەم ڕۆمانەو وەرگێڕانەکەی لەڕووی گەیاندنی هزرو ڕوانینی ژنە ڕۆژهەڵاتیەکی کورد دەربارەی کێشەکانی کوردو کوردستانو خەباتی سیاسیان بۆ ڕۆژئاواییەکان هەڵوێستە بکەن، هەروەها لە ڕووی زمانیشەوە دەرخستنی وشەگەلێکی باشی لەبیرچوو بخزێتەوە نێو فەرهەنگو ئاخاوتنی خەڵکو لە جیاتی ئەو وشانەی خواستراون لە زمانانی تر جێگیر بکرێن.

**An Intellectual & Literatuey Quarterly Magazine**
**published in Arbil**
**NO−52**

**Concessioner**
**Ismail Kurda**

**Editor-in-chief**
**Rebin Rasul Esmail**

**Editor staff**
**Jamal Pira Masoud Babay**

**Director of Administration and Distribution**
**Umed Shakir Majrum**
ۆ
**2021**

Address: Kurdstan-Erbil
Tel: 0750 4481577. 07504786489